# یولییەس کەیسەر

ولیام شێکسپیر

# یولیەس کەیسەر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

دکتۆر سەڵاح بابان

پێداچوونەوەی:

مامۆستا کەمال مەحموود فەرەج

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ولیام شێکسپیر
یولییەس کەیسەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: دکتۆر سەلاح بابان
پێداچوونەوەی: مامۆستا کەمال مەحموود فەرەج
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٥٤
چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٠٣ – ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

## وتەی وەرگێڕ

لە دوای ئەوەی ساڵی رابوردوو ٢٠١٢ ، لە وەرگێڕانی پێنج تراجیدییە مەزنەکانی شێکسپیر بوومەوە، کە "ماکبێس" و "هاملێت" و "شا لییەر" و "ئۆتێللۆ" و "رۆمیۆ و جولییەت" دەگرێتەوە، دەستم کرد بە وەرگێڕانی یولییەس کەیسەر.

ئەم شانۆگەرییەی شێکسپیر، لەسەر رووداوی مێژوویی راستی دانراوە. لەبەر ئەوە هەموو کەسایەتییەکانی، کەسایەتی مێژوویی راستین.

ناوی یولییەس کەیسەر، بە ئینگلیزی بووە بە "جولییەس سیزەر Julius Caesar" بە رووسی "یولی تسێزەر" بە عەرەبی "یۆلیۆس قەیسەر" من، بە لاتینییە رەسەنەکەی چۆنە، ئاوا هێشتوومەتەوە؛ ناوی شانۆگەرییەکەم بە کوردی کردووە بە "یولییەس کەیسەر".

***

یولییەس کەیسەر، یەکێکە لە هەرە شانۆگەرییە کورتەکانی شێکسپیر. لە دەوراندەوری ساڵی ١٥٩٩دا، نووسیویێتی. یەک دوو ساڵێک دوای ئەوە، بۆ یەکەمین جار، لە شانۆی "گلۆب Globe" لە لەندەن پێشکەش کراوە. لەوساوە بە گەلێک زمان، لە شانۆ هەرە ناسراوەکانی جیهان، بگرە بەردەوام، پیشان دراوە.

بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز ئەم شانۆگەرییە باش تێبگات، بە پێویستم زانی کە هەندێک لەبارەی باری رامیاری و مێژووی ئەوسای ئیمپڕاتۆرییەی رۆمانی بنووسم. ئەوانەم، زۆر بە کورتی، لە پێشەکیی کتێبەکەدا، لەژێر ناونیشانی "یولییەس کەیسەر و ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە"دا، نووسیوە.

***

لەبەرئەوەی من، جگە لە زمانی ئینگلیزی، عەرەبی و "رووسی"یش دەزانم، ئەم بەرهەمەم، وەکو ئەوانەی ترم، بەراورد کردووە لەگەڵ وەرگێڕانی عەرەبی و "رووسی"یەکانیدا. لەو وەرگێڕانە، بێگومان، زۆر سوودم وەرگرتووە. بەڵام، "هەڵە"شم

تیایاندا دۆزیوەتەوە. شتێکی ئاسان نییە پیاو بتوانێت کارێکی ئاوا بکات بەبێ ئەوەی هیچ هەڵە و کەموکورتیی تێدا هەبێت. لەم بەرهەمەی منیشدا، بێگومان، هەر دەبێت هەندێک لەو جۆرە هەڵانە هەبن کە من خۆم نەمبینیون. لەبەر ئەوە زۆرم پێ خۆش دەبێت رەخنەی خوێنەری بەڕێزم پێ بگات. بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرم بۆ جاری داهاتووم.

وەرگێڕانی پێنج تراجیدییە مەزنەکانی شێکسپیر، زیاد لە نۆ ساڵیان بەدەستمەوە خایاند. بەڵام ئێستا، لەبەرئەوەی کە بە وەرگێڕانی نووسینەکانی شێکسپیر راهاتووم، ئەم وەرگێڕانەی "یولییەس کەیسەر"م ، بە هەشت مانگێک تەواو کرد. هەمدیسانەوە، وەکو جارانی پێشوو، کە بە وەرگێڕانی تراجیدییە مەزنەکانی شێکسپیرەوە خەریک بووم، بە درێژاییی کارکردنەکەم، مامۆستا (کەمال مەحموود فەرەج) یارمەتیی داوم، بە تایبەتی لە زمانە کوردییەکەیدا؛ هەموو ئەو کاتە، وەکو مامۆستایەکی دڵسۆز، دێر بە دێر، چەند جارێک هەمووی خوێندۆتەوە و بەراوردی کردووە لەگەڵ ئینگلیزییە رەسەنەکەی و وەرگێڕانە عەرەبییەکانیاندا. لە زۆر جێگادا رەخنەی لێ گرتووە و زۆریشمان پێکەوە چاک کردووەتەوە. پێویستە دان بەو راستییەشدا بهێنم کە لە چەند جێگەیەکدا، هەندێک دێر هەن، کە داڕشتنی مامۆستا کەمال خۆیەتی. ئەمە ئەرکێکی ئاسان نییە. بێگومان، زۆر زۆر سوپاسی دەکەم.

لەم کارە و لە کارەکانی پێشوومدا، سوودێکی زۆرم لە چەند فەرهەنگێکی کوردی وەرگرتووە، کە بە پێویستی دەزانم، سوپاسی دانەرەکانیان بکەم. بە تایبەتی سوپاسی مامۆستا شەفیق قەزاز دەکەم بۆ فەرهەنگی "شارەزوور" و مامۆستا شەوکەت مەلا ئیسماعیل بۆ فەرهەنگی "مامۆستا" و دوکتۆر رەشید قەرەداغی بۆ فەرهەنگی "ئازادی". بەڕاستی کارێکی گرنگ و گەلێک باشیان کردووە لە پێناوی زمان و ئەدەبی کوردیدا.

***

شێکسپیر، بگرە هەموو "یولییەس کەیسەر"ی، وەکو شانۆگەرییەکانی تری، بە شیعر نووسیوە. منیش، بە پێی توانام، هەوڵم داوە کە دەستەواژەکانم هۆنینەوە و سەروایان بدەمێ.

ئومێدم وایە ئەم بەرهەمەم، سوودێکی هەبێت بۆ بزووتنەوەی هونەر و رۆشنبیری لە کوردستاندا و هەروەها بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانە و ئەدەبی کوردی. هیواداریشم کە خوێنەری بەرێز پەسەندی بکات.

دوکتۆر سەلاح بابان،
بێرمنگهام، بەریتانیا
کانوونی دووەمی ٢٠١٣
E-mail: sbaban2000@yahoo.co.uk

## لەبارەی شێکسپیرەوە

هەرچەندە گەلی ئینگلیزی شاعیری باشی زۆرە، بەڵام ولیام شێکسپیر، بە بڕوای زۆر کەس، لە شیعردا، باڵای لە هەموویان بەرزتر و بەناوبانگترە. سەرەڕای ئەوەی کە شێکسپیر شاعیر بووە، شانۆگەریی نووسیوە و ئەکتەریش بووە. هەروەها بەڕێوەبەری تیپێکی شانۆگەری بووە و خاوەند بەشێکیش بووە لە شانۆی " گلۆب Globe"، کە یەکێک بووە و ئێستاش یەکێکە لە شانۆ هەرە باش و بەناوبانگەکانی لەندەن.

***

شێکسپیر، لە نیسانی ساڵی ١٥٦٤دا، لە شاری ستراتفورد، لە دایک بووە. ستراتفورد، شارێکی پچووکە لەسەر رووباری "ئەیڤۆن Avon". نزیکەی سەدوپەنجا کیلۆمەترێک لە باکووری رۆژهەلاتی لەندەنەوەیە. رۆژی لەدایکبوونی بەتەواوی کەس نایزانێت. بەڵام، دەزانین کە لە ٢٦ی نیسانی ساڵی ١٥٦٤دا، لە کلێسەی ستراتفورد، ناوی بە مەسیحی تۆمارکراوە (تەعمید کراوە). ئەوسا، نەریت وا بووە کە سێ رۆژ دوای لەدایکبوون منداڵ لە کلێسەدا تۆمار بکرێت. لە بەر ئەوە بە لای زۆرەوە لە ٢٣ی نیسانی ساڵی ١٥٦٤دا لە دایک بووە. وا ڕێک کەوت کە هەر لەو رۆژەشدا، لە یادی رۆژی لەدایکبوونیدا، ساڵی ١٦١٦، بمرێت و لەو کلێسەیەشدا، لەوەی کە بە منداڵی ناوی بە مەسیحی تۆمار کرابوو، دوای ٥٢ ساڵ بنێژرێت.

ولیام، کوڕە گەورەی "جۆن شێکسپیر" بووە. دوو خوشکی هەبووە لە خۆی گەورەتر، سێ برا و دوو خوشکیش، لە خۆی مناڵتر. "جۆن"ی باوکی، بە پیشە، دەستکێش درووو بووە. بەڵام، لە هەمان کاتدا کشتوکاڵی کردووە و بازرگانیشی لە خوری و پێستەدا کردووە. جارجار، لە گەنم و جۆشدا.

جۆن، نە لە دەوڵەمەندەکان، نە لە هەژارەکان بووە؛ لە چینی ناوەند بووە. بەڵام ژنەکەی، کە ناوی "مێری"بووە، لە بنەماڵەیەکی خاوەند زەویوزار بووە؛ جۆن، کاتی خۆی لەوان زەویی بەکرێ گرتووە بۆ کشتوکاڵکردن. سەرەڕای ئەوانە، جۆن،

چالاکییەکی زۆریشی لە کار و کردەوەی کۆمەڵگاییدا هەبووە، تا هەڵبژێرراوە بە سەرۆکی شارەوانیی"میر Mayer" ی شاری ستراتفۆرد. بۆ ماوەیەکیش هەڵبژێرراوە ببێت بە دادوەری ئاشتیی شارەکە.

***

یەکێک لە خوێندنگا[١] هەرە باشەکانی ئەوسای ئینگلتەرە، لە شاری ستراتفورد بووە. ئەو خوێندنگایە، بۆ منداڵانی کاربەدەستە بەرزەکانی شارەکە، بە خۆڕایی بووە. ولیام شێکسپیر، زۆر لەوە دەچێت، لەوێ خوێندبێتی. چونکە لەو خوێندنگایەدا، بایەخیان زۆر بە زمان و ئەدەبی گریکی و لاتینی دەدا. "شێکسپیر"یش بە نووسینەکانیدا دیارە کە "پلینی و ئۆڤید و سێنێکا و هۆمیرۆس و پلووتارخ"ی خوێندبێتەوە و کاریان تێ کردبێت.[٢]

ستراتفورد، هەرچەندە، وەکو باسمان کرد، شارێکی گەورە نەبووە و ئێستاش گەورە نییە، بەڵام لەوە دەچێت و دوورنییە بە هۆی ئەوخوێندنگایەی کە باسی کرا، بایەخیان زۆر بە هونەر و شانۆگەری دابووبێت؛ هەر لەوساوە شانۆی باشی تێدا

---

١. خوێندنگا؛ مەکتەب، قوتابخانە.

٢. پلینی، ئۆڤید، سێنێکا، هۆمیرۆس، پلووتارخ: سەیری پەراوێزی لاپەڕەی دوای ئەمە بکە.

- پلینی (Pliny) (Gaius Plinius 62-113): نووسەرێکی بەناوبەنگی رۆمانییە. هەر لە تەمەنی ١٤ ساڵییەوە تراجیدیی نووسیوە.
- ئۆڤید (Ovid) (Publius Ovidius Naso 43BC-43AD): شاعیرێکی رۆمانییە، تراجیدی (میدیا) یەکێکە لە کارە بەناوبانگەکانی.
- سێنێکا (Seneca) (Lucius Annaeus 4BC-65AD): نووسەر و رامیار و فەیلەسووفێکی رۆمانییە. لە ئیسپانیادا لەدایک بووە، مامۆستای نیرۆن بووە. نیرۆن لە دواییدا کە دەبێت بە قەیسەری رۆما، چەند کەسێک، بۆ ئەوەی رۆما لە دەست ئەو نیرۆنە ستەمکارە، رزگار بکەن، پیلانێک دادەنێن بۆ کوشتنی. کە نیرۆن پێی دەزانێت، بۆی دەرکەوت کە یەکێک لەو پیلانگێڕانە "سێنێکا"یە. بەڵام لەبەرئەوەی سێنێکا کاتی خۆی مامۆستای بووە، حەزی نەدەکرد لە خاچی بدات. لەبەر ئەوە رێی دایە کە بەدەستی خۆی، خۆی بکوژێت. ئەویش ناچار دەبێت خۆی دەکوژێت.
- هۆمیرۆس (Homer): شاعیرێکی یۆنانیی زۆر کۆنە. لە سەدەی هەشتەمی پێش زایندا، ژیاوە. داستانی "ئیلیادە Iliad" کە باسی جەنگی تەروادە دەکات و "ئۆدیسەی Odyssey "، کە باسی گەشتەکانی شای "ئیتاکا Ithaca " دەکات، لە نووسینە بەناوبانگەکانێتی.
- پلووتارخ (Plutarch 46-120) : مێژوونووس و فەیلەسووفێکی یۆنانییە.

هەبووە و شێکسپیر کاتی خۆی پێش چوارسەد ساڵ زیاتر، لە یەکێکیاندا کاری کردووە.

***

نزیکەی ساڵی ١٥٧٧، جۆن، باوکی ولیام شێکسپیر، لە بازرگانییەکەیدا نابووت دەبێت. بە ناچاری هەر چییەکی دەبێت دەیفرۆشێت یان دەیدات بە رەهن. لەبەر ئەوە پارەی نابێت کوڕەکەی بنێرێت بۆ زانکۆ بۆ ئەوەی خوێندنەکەی تەواو بکات.

ساڵی ١٥٨٢، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا، شێکسپیر ژن دەهێنێت. ژنەکەی کە ناوی "ئان هاتەوەی" دەبێت، هەشت ساڵ لە خۆی گەورەتر دەبێت. کاتی مارەکردن، سکی سێ مانگان دەبێت بە یەکەم منداڵی شێکسپیر. دوای شەش مانگ کچێکیان دەبێت ناوی دەنێن "سووزان". ساڵی ١٥٨٥ ژنەکەی، کوڕ و کچێکی بە سکێک دەبێت. کوڕەکە ناودەنێن "هامنێت" و کچەکە "جوودێت". لەبەرئەوەی شێکسپیر کەم پارەی دەبێت، بە ناچاری، خۆی و ژن و ماڵەکەی لەگەڵ ماڵی دایک و باوکی خۆیدا دەژیان.

لە ساڵی ١٥٨٦ دا، باوکی بێ ئیش دەمێنێتەوە. بە هۆی ئەو شانۆیەی کە لە شاری "ستراتفورد"دا هەبووە، ساڵی سێ چوار جار، لە لەندەنەوە تیپی شانۆگەری دەهات و لەوێ تەمسیلیان پێشکەش دەکرد. هەر لەو ساڵەدا، شێکسپیر توانی، لەگەڵ یەکێک لەو تیپانەدا، ئیشێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ئیتر لەوەوە وردە بە وردە ئیشی بەرەو باشی دەڕوات. لە دواییدا لەگەڵ یەکێک لەو تیپانەدا دەچێت بۆ لەندەن. بۆ ئەوەی لەوێ، لە شانۆکانیدا ئیش بکات و شانۆگەرییان بۆ بنووسێت. تا بەرەو ساڵی ١٥٩٢، پێی دەکرێت ئەوەندە پارە کۆ بکاتەوە، کە باوکی خۆی لە نابووتی ڕزگار بکات.

ساڵی ١٥٩٦ "هامنێت"، ئەو تاکە کوڕەی کە هەیبوو، نەخۆش دەکەوێت و بە یانزە ساڵی دەمرێت. بۆ ساڵی دوایی شێکسپیر، شانۆگەریی "شا جۆن" دەنووسێت. لەوێدا، باسی پەژارەی یەکێک دەکات کە جەرگی بە مردنی ڕۆڵەکەی سووتاوە. ئینجا لە زمانی ئەوەوە، شێکسپیر، باسی سوێداری دڵی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

پەژارە، ژووری
ڕۆڵەکەی منی داگیر کردووە؛
لە نوێنەکەیدا، لەوێ خەوتووە.

دەڕۆم بۆ هەرچ کوێ؛ بۆ سەرەوە بێت،
یان بۆ خوارەوە، لەگەڵمدا دێت.[1]
دیمەی شیرینی
ئەو، لە روو دەکات.[2]
وتەکانی ئەو، دووبارە دەکات.
هەموو ئەندامە جوانەکانی ئەو،
دەهێنێتەوە بەر دیدەی بیرم؛
لە خۆی، پەیکەری
ئەو، دروست دەکات،
جلوبەرگەکەی دەکاتە بەری.
کەوابێت بۆنەم هەیە ئەگەر من،
شەیدای سوێداری و پەژارەی خۆم بم.

بۆ ساڵی ١٥٩٢ شێکسپیر دەبێت بە شاعیر و ئەکتەرێکی تەواو بەناوبانگ. لەو کاتەدا سەرلەنوێ لە لەندەن تاعوون بڵاو دەبێتەوە. بۆ ئەوەی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە کەم بکرێتەوە یان کۆنترۆڵ بکرێت، بۆ دوو ساڵ هەموو شانۆکانی لەندەن دادەخرێن. لەو دوو ساڵەدا شێکسپیر، دوو چیرۆکی درێژ بە شیعر دەنووسێت؛

– ڤینۆس و ئەدۆنیس "Venus and Adonis"

– ئەو زۆردارییەی کە لە ناموسی لوکرێشیا کرا[3] "The rape of Lucrece"

***

١. مەبەستی لە پەژارەیە.

٢. ئەو؛ مەبەستی لە رۆڵەکەی خۆیەتی.

٣. تارکوین، کوڕی حەوتەمین شای رۆما دەبێت، لە سەدەی شەشەم پێش لەدایکبوونی مەسیح، شەوێک بە دزییەوە دەڕوات بۆ ژووری نووستنی لوکرێشیا ("لوکریس"یشی پێ دەڵێن)، ژنی ئامۆزاکەی خۆی و دەستدرێژی لە ناموسی دەکات. لوکرێشیا، پێش ئەوەی، لە داخا خۆی بکوژێت، بە مێردەکەی و باوکی خۆی دەڵێت. ئەم رووداوە جەنگێکی گەورە دەنێتەوە لەنێوان ئەندامانی بنەماڵەی "شا"دا. گەلەکە، سوود لەو ئاژاوەیە وەردەگرێت و رادەپەڕێت دژی رژێمی شا. شا، رادەکات. ئیتر گەلەکە، خۆی پەرلەمانێک هەڵدەبژێرێت حوکمی وڵاتەکە بکات. ئیتر بەم جۆرە، ئەو رووداوە دەبێت بە هۆی دامەزراندنی یەکەم رژێمی کۆماری لە رۆمادا.

کە شانۆکان، لە ساڵی ١٥٩٤دا، دەکرێنەوە، شێکسپیر دەبێت بە یەکێک لە خاوەندەکانی تیپێک بە ناوی "چێمبەرلەین". لە ماوەی چوار یان پێنج ساڵی دواییدا، شێکسپیر فریا دەکەوێت ئەم هەموو شتە، بۆ تیپەکەی خۆیان، بنووسێت:

– بازرگانی ڤێنیس "The merchant of Venice"
– خەونی شەوێک لە ناوەڕاستی هاویندا "Midsummer Nights Dream"
– ژنە شادمانەکانی وندزەر "The merry wives of Windsor"
– هەرا و هوریایەکی زۆر دەربارەی هیچ "Much ado about nothing"
– وەک چۆن پێت خۆشە "As you like it"
– "ریچارد"ی دووەم "Richard the second"
– "هێنری"ی چوارەم "Henry the fourth"
– رۆمیۆ و جولیەت "Romeo and Juliet"

لە ساڵی ١٥٩٩دا تیپی "چێمبەرلەین" شانۆیەکی تایبەت بۆ خۆی دروست دەکات لەسەر کەناری رووباری تێمس لە لەندەن. بە ناوی شانۆی " گلۆب". ئەو شانۆیە، ئەوەندە گەورە بووە؛ سێ هەزار کەسی گرتووە. ئینجا، خوێنەری بەڕێز، بزانە تا چ رادەیەک، هەر لەوساوە، شانۆگەری لە ئینگلتەرەدا باوی هەبووە. شابانوو "ئەلیزابێس" یەکێک بووە لەوانەی کە حەزیان لە شانۆ کردووە و بەشێکی زۆری لە شانۆگەرییەکانی شێکسپیر بینیبوو. لە ساڵی ١٦٠٣دا، کە ئەلیزابێس دەمرێت، "جێمس"ی یەکەم جێگەی دەگرێت. جێمس، لەویش زیاتر حەزی لە هونەر دەکرد؛ هونەرمەندەکانی، بە تایبەتی شێکسپیر، زۆر لە خۆی نزیک کردبوویەوە. تا داوای لە تیپی "چێمبەرلەین" کرد کە ناوی تیپەکەی خۆیان بگۆڕن و بیکەن بە تیپی "شا". ئەوانیش، بێگومان، پێیان خۆش دەبێت؛ ئیتر بە پێی ئارەزووی شا، ناوی تیپەکەی خۆیان گۆڕی. زۆر جار شا، بانگی دەکردن کە لە کۆشکەکەی خۆیدا بەرهەمەکانی خۆیان پێشکەش بکەن.

***

لە ساڵی ١٦١١دا لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا، شێکسپیر واز لە شانۆگەری دەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی "ستراتفورد". لەو کاتەدا شێکسپیر خاوەن سامانێکی زۆر دەبێت. ئەو خانووەی تیایدا دەژیا لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیدا بە

تایبەتی بۆ خۆیانی دروست کردبوو.

لە شانۆی " گلۆب"، "فلێچەر"ی هاوڕێی جێگاکەی دەگرێت بۆ بەڕێوەبردنی شانۆ و تیپەکە. چیرۆکی "هێنریی هەشتەم" کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٦١٣دا تەمسیل کراوە لە شانۆی " گلۆب"، زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە خۆی و "فلێچەر" پێکەوە نووسیبێتیان.

لە کاتی یەکەم تەمسیلکردنی ئەم چیرۆکە، شانۆکە گڕ دەگرێت. سەرتاپا هەمووی دەسووتێت. بەڵام خۆشبەختانە کەس ئازاری پێ ناگات. هەر وا بەو سووتاوییە دەمێنێتەوە تا دوای ٣٨٤ ساڵ، لە ساڵی ١٩٩٧دا سەرلەنوێ بینا دەکرێتەوە. ئێستا، دیسانەوە، یەکێکە لە شانۆ هەرە باش و بەناوبانگەکانی لەندەن.

ساڵی ١٦٠٧ "سووزان"ی کچی، شوو دەکات بە پزیشکێک بە ناوی "جۆن هۆڵ". خانووەکەیان هێشتا لە ستراتفورد ماوەتەوە و بە یەکێک لە میراتییەکانی شێکسپیر دادەنرێت. لە ساڵی ١٦١٦دا، چەند مانگێک لە دوای شووکردنی "جوودێت"ی کچی، شێکسپیر دەمرێت.

زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە دواهەمین شیعری شێکسپیر، ئەمە بووبێت، ئەمەی کە لەسەر کێلی گۆڕەکەی نووسراوە:

هەر لە ڕێی مەسیح، دۆستە باشەکان،
نەکەن دەستکاریی ئەم خۆڵەم بکەن.
ڕەحمەت بێ لەوەی کە ئاگاداریی
جێ و بەردەکانی گۆڕەکەم دەبێت.
وە هەزار لەعنەت
لەوەی دەستکاری
ئێسکوپروسکی من لێرە دەکات.

***

کەس بە تەواوی هۆی مردنەکەی نازانێت. بەڵام، بنەماڵەی شێکسپیر، هیچیان زۆر نەژیاون؛ هەر سێ براکەی، کە لە خۆی گەنجتر بوون لە پێش خۆیدا مردوون: "گلبێرت" بە ٤٦ ساڵی، "ریچارد" بە ٣٩ ساڵی، "ئێدمەند" بە ٢٧ ساڵی.

شێکسپیر، لە پێش مردنی، هەموو موڵک و سامانەکانی خۆی دەکات بە وەقف بۆ

ئەوەی کەس نەتوانێت بیانفرۆشێت و هەر بە ناوی بنەماڵەکەی خۆیەوە، بۆ نەوەکانی، بمێننەوە. بەڵام، "ئەلیزابێس" کە تاقانە کچی "سووزان"ی کچی دەبێت، بە داخەوە لە ساڵی ١٦٧٠دا بەبێ منالّ دەمرێت. "جوودێت"ی کچی، سێ منالّی دەبێت، هەر سێکیان بە گەنجی دەمرن. لەبەر ئەوە لە بنەماڵەی ولیام شێکسپیر، کەس نەمایەوە لەو سامانانە سوود وەربگرێت.

***

جگە لە نووسینەکانی تری، شێکسپیر سی و هەشت شانۆگەریی نووسیوە. هەژدەیان، لە کاتی ژیانیدا بڵاو کراونەتەوە. لە ساڵی ١٦٢٣دا، حەوت ساڵ لە دوای مردنی، دوو لە دۆستە نزیکەکانی، هەموو شانۆگەرییەکانی ئەویان لە یەک کتێبدا بڵاو کردۆتەوە. پێش ئەوەش، بە چەند مانگێک، لە هەمان ساڵدا، لەو کڵێسەیەی کە تێیدا نێژراوە پەیکەرێکی بۆ دروست دەکرێت.

## یولییەس کەیسەر و ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە

لە رۆمـادا، پێش ئەوەی "یولیـیـەس کـەیسـەر[1]"Julius Caesar، بگاتە سـەر حـوکم، پەرلەمـان حوکمی ولاتەکەی دەکرد. رژێمـەکەیان کۆمـاری بووە؛ هەموو سـاڵێک، دوو کەسـیان هەڵدەبژارد، پێیان دەگوتن "کۆنسولْ Consul" ئەو دووانە پێکەوە بۆ سـاڵێک حوکمی ولاتەکەیان دەکرد.

سـاڵی شەسـتی پ ز، کەیسـەر و دوو ژەنەڕاڵی دیکە، پۆمپەی و کراسەس، بە زۆری خۆیان، دەکرێن بە کۆنسولْ، کە بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو فەرمانڕەوایی ولاتەکە بکەن. دوای ئەوە، کەیسەر بە لەشکرێکەوە دەچێت بۆ جەنگ بۆ ناوچەی "گۆل Gaul"، کە فرەنسا و بەلجیکا و بەشێکی هۆڵەندەی ئێستە دەگرێتەوە. زۆربەی ئەو ناوچانە دەگـرێت و لەشکرەکـەی رۆژ بە رۆژ گـەورەتر و بەهێـزتر دەبێت. بەڵام، لەبەرئەوەی کـەیسـەر زۆر بەرزخـواز دەبێت و بەشـێکی زۆری گەلەکەش، بەتایبەتی هەژارەکانی، خۆشـیان دەوێت، خـانەدانەکانی رۆما، بەتایبەتی دەوڵەمـەندەکانیـان، دەترسـان کە رۆژێک ئەو هێـزە، لە دژی پەرلەمـان بەکار بهێنێت و خـۆی بکات بە دیکتـاتۆر. لەبەر ئەوە پـەرلەمــان، بەســەرۆکــایەتیی "پـۆمــپــەی Pompey"، داوای لێ کـرد کـە واز لە سەرۆکایەتیی لەشکرەکە بهێنێت و بگەڕێتەوە بۆ رۆما.

کە کەیسـەر ئەوە قبـوولْ ناکات، پەرلەمان بڕیار دەدات لایبەرێت لە سـەرۆکـایەتیی لەشکر و نەشـهـێـڵـێت بۆ سـاڵی داهـاتوو خـۆی پێـشکـەش بکات بۆ هەڵـبـژاردن بۆ کۆنسـولْ. کە ئەو فـەرمـانەی پێ دەگـات، کـەیسـەر خـۆی و لەشکرەکـەی لە رووباری

١. وەکو لە وتەی وەرگێڕدا باسی کراوە ناوی یولییەس کـەیسـەر، بە ئینگلیـزییـەکەی کـراوە بە "جولییـەس سیزەر Julius Caesar"، بە رووسیی "یولی تسـێزەر"، بە عەرەبی "یۆلیۆس قـەیسـەر". بەڵام من، بە لاتینییـە رەسـەنەکـەی چۆنە، ئاوا هێـشـتوومـەتەوە؛ ناوی شـانۆگـەرییـەکـەم ناوە "یولییـەس کـەیسـەر". وشـەی کـەیسـەر، لێرەدا بە مـانای ئیـمپـراتۆر نایەت. ئەمـە تەنیا ناوێکە. بەڵام، دوای ئەوەی کـە کـەیسـەر دەکوژرێت، ئیـتر بە هـەمـوو ئیـمـپـراتۆرێکی رۆمـایـان دەگوت "کەیسـەر". عەرەبەکان کردوویانە بە "قەیسـەر"، رووسەکان، "تسار" ، ئەڵمانەکان "کەیسەر".

رووبیکۆن[1] دەپەڕینەوە و دەڕۆن بەرەو رۆما، بۆ داگیرکردنی. ئیتر ئەوە دەبێت بە هۆی دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ.

لە شەڕەکەدا پۆمپەی، دەشکێت و دەرباز دەبێت بۆ یۆنان و لەوێوە دەچێت بەرەو میسر بۆ ئەوەی پەنا بە فیرئەونی میسر بەرێت. کەیسەر، دوای دەکەوێت بۆ ئەوێ.

بۆ ئەوەی مێژوو و بارودۆخی ئەو ماوەیە روون ببێتەوە، بە پێویستی دەزانم، کە هەندێک باسی کلیۆپاترە و باری رامیاری ئەوسای میسر، لێرەدا بکرێت.

## کلیۆپاترە

لە دوای مردنی ئەسکەندەری مەکیدۆنی،[2] ساڵی ٣٢٣ پ ز، ئیمپراتۆرییەتی مەکیدۆنی دەکرێت بە چوار کەرتەوە. هەر ژەنەراڵێک لە ژەنەراڵە مەزنەکانی ئەسکەندەر، کەرتێکی دەبات بۆ خۆی و خۆی دەکات بە شای ئەو ناوچەیە. یەکێک لەو ژەنەرالانە، ناوی پتۆلێمی دەبێت. ئەو خۆی دەکات بە فیرئەونی میسر. کلیۆپاترە، یەکێکە لە نەوەکانی ئەو ژەنەڕاڵە.

کە پتۆلۆمی دوانزەهەم[3]، ساڵی ٥١ پ ز، دەمرێت، "کلیۆپاترە"ی کچی، کە لە

١. رووبیکۆن (Rubicon)؛ ناوی رووبارێکە لە رۆژهەلاتی باکووری ئیتالیادایە. لەو رووبارە هیچ سوپایەک نەدەبوایە بپەڕێتەوە بەرەو رۆما، بە بریاری پەرلەمان نەبێت. لەوساوەی کە کەیسەر پەڕیوەتەوە، ئەو کەسەی لە جەسارەتدا لە رادەی ئاسایی دەربچێت، دەڵێن "لە رووبیکۆن پەڕیوەتەوە He crossed the Rubicon".

٢. ئەسکەندەری مەکیدۆنی (Alexander the Great)، دوای ئەوەی میسر و ئێران و ئەفغانستان و بەشێکی زۆر لە هیند داگیر دەکات، لە رێگا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، بۆ مەکیدۆنیا. لە رێگا، بۆ ماوەیەک بۆ حەسانەوە لە عێراقدا، لە شاری بابل دەمێنێتەوە. شەوێکیان زۆر مەی دەخواتەوە. بۆ بەیانییەکەی نەخۆش دەکەوێت و تای لێ دێت. لە دوای چەند رۆژێک، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٣٢٣ پ ز ، لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا، دەمرێت. لەوە دەچێت کە تووشی مەلاریا بووبێت. دووریش نییە بە ژەهر کوژرابێت. بۆ ناشتنی، دەیبەن بۆ میسر بۆ شاری ئەسکەندەریە. بۆ ئەوەی تەرمەکەی لە رێگا بۆگەن نەکات، ناوسکەکەی دەردەهێنن و لاشەکەی دەخەنە ناو بەرمیلێک هەنگوینەوە. ئەسکەندەر، هەرچ ولاتێکی داگیر بکردایە، لەوێدا شارێکی دروست دەکرد و بە ناوی خۆیەوە ناوی دەنا. شاری ئەسکەندەریەی میسر یەکێکە لەو شارانە. هەروەها شاری ئەسکەندەریەی عێراق و ئەسکەندەرۆنەی تورکیا.

٣. پتۆلێمی (Ptolemy)؛ لە دوای مردنی پتۆلێمیی یەکەم، هەموو فیرئەونێکی میسر ناوی خۆی دەنا پتۆلێمی.

تەمەنی ١٨ ساڵیدا دەبێت، بە هاوبەشی لەگەڵ برا مناڵەکەیدا، پتۆلێمی سیانزەهەم، کە لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا دەبێت، دەبن بە "فیرئەون"ی میسر. بە پێی یاسای ئەوسای میسر، ژن ئەگەر مێردی نەبێت نەدەبوایە ببێت بە فیرئەون. لەبەر ئەوە کلیۆپاترە، شوو دەکات بە پتۆلێمیی برای. شووکردن بە باوک یان بە برا، ئەوساکە لە میسر، شتێکی ئاسایی بووە.

کلیۆپاترە، جگە لەوەی کە ژنێکی جوان دەبێت، رامیارێکی گەلێک زیرەکیش دەبێت. رێگای نەدەدا بە برا پچووکەکەی حوکم بکات. لەبەر ئەوە، زۆری پێ ناچێت، دوشمنایەتی دەکەوێتە ناویانەوە. لە دواییدا بە یارمەتی چەند ژنەڕاڵێک بە سەرۆکایەتی "پۆسینەسی خەسێنراو The eunuch Pothinus"، براکەی پێی دەکرێت، کلیۆپاترە لە حوکم لابەرێت و خۆی ببێت بە فیرئەون. کلیۆپاترە، دەرباز دەبێت بۆ سووریا.

ئا لەو کاتەدا، پۆمپەی، دەگاتە ئەسکەندەریە بۆ پەنا بردنە بەر پتۆلێمی. بەڵام پتۆلێمی، بۆ ئەوەی کەیسەر لێی رازی بێت، هەر کە پۆمپەی دەگات، یەکسەر دەیکوژێت و سەرەکەی بە دیاری دەنێرێتەوە بۆ کەیسەر. کەیسەر، ئەو کردەوەیەی زۆر پێ ناخۆش دەبێت. تاکو دەڵێن کە گوایە دەستی کردووە بە گریان بۆ پۆمپەی. کەیسەر، هەرچەندە دیکتاتۆر دەبێت، بەڵام پیاوێکی بە بەزەیی و زۆر نەجیب دەبێت.

چوار رۆژ دوای ئەوە، کەیسەر، بە لەشکرێکەوە، دێت بۆ ئەسکەندەریە. پتۆلێمی، لەو کاتەدا، لەوێ نابێت. کەیسەر، خۆی یەکسەر دەچێت بۆ کۆشکی فیرئەونی هەر وەکو بچێت بۆ ماڵی خۆی.

بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بداتە پتۆلێمی (ئێمە دەبێت بزانین کە لەو کاتەدا میسر، وەکو پارچەیەک بێت لە ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی وابوو). لەوێوە دەست دەکات بە فەرمان دەرکردن. پۆسینەسی خەسێنراو، پتۆڵێمی دەهێنێتەوە بۆ ئەسکەندەریە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ "کەیسەر"دا.

بێگومان، کلیۆپاترە دەیویست خۆیشی لەو گفووگۆیەدا ئامادە بێت و بەشداری تێدا بکات. بەڵام، لەبەرئەوەی سەربازەکانی براکەی دەوری کۆشکەکەیان دابوو، نەیدەتوانی بگاتە کەیسەر. بڕیار دەدات کە لەناو بەڕەیەکدا بیپێچنەوە و وەکو

دیارییەک بیبەن بۆ لای. بۆ رۆژی دوایی کەیسەر، هەردووکیان، کلیۆپاترە و پتۆلێمی برای، بانگ دەکات بۆ گفتوگۆکردن. بەڵام، لە ماوەی رۆژی رابوردوودا، کلیۆپاترە، بە جوانێتی و زیرەکیی خۆی، فریا دەکەوێت خۆی بکات بە بانوویاری[1] کەیسەر و شەوەکەی لەگەڵدا راببوێرێت. پتۆلێمی، کە دێت بۆ کۆبوونەوەکە، زوو هەست بەو پەیوەندییە دەکات. بە تووڕەیی و هاوارەوە دەڕواتە دەرێ و دەڵێت؛ خیانەتم لێ کراوە.

پۆسینەس، بە لەشکرەکانی پتۆلێمی، کە ژمارەیان نزیکەی بیست هەزار سەربازێک دەبێت، گەمارۆی کۆشکەکە دەدات و دەبێت بە شەڕ. لە شەڕەکەدا، کەیسەر سەردەکەوێت.

پۆسینەس دەگرێت و لەناوی دەبات. "پتۆلێمی"یش، لە کاتی دەربازبوونیدا، لە رووباری "نیل"دا دەخنکێت. ئیتر کەیسەر، کلیۆپاترە دەکات بە فیرئەونی میسر و بانوویاری خۆی.

کلیۆپاترە، لە دوای ماوەیەک، کوڕێکی لە کەیسەر دەبێت، ناوی دەنێت "کەیسەریۆن Caesarion". لە تەمووزی ساڵی ٤٦ پ ز، کەیسەر دەگەڕێتەوە بۆ رۆما. پەرلەمان، زوو بڕیار دەدات کە بیکات بە دیکتاتۆر بۆ ماوەی دە ساڵ. بە بۆنەی ئەوەوە لە مانگی ئەیلوولەوە بۆ دوو مانگ لە رۆمادا، ئاهەنگ دەکرێت. هەموو ئەو کاتە کلیۆپاترە لە ماڵی کەیسەردا دەبێت و پێکەوە لە ئاهەنگەکاندا دەردەکەون. کلیۆپاترە، ناوی خۆی دەنێت "ئیسیس Isis"ی[2] نوێ و پەیکەرێکی ئاڵتوونی لە تەنیشت پەیکەری کەیسەرەوە، لە پەرستگای "ڤێنەس Venus" بۆ دادەنرێت. خەڵکی رۆما ئەوەیان زۆر پێ ناخۆش دەبێت؛ یەکەم، لەبەرئەوەی کە کەیسەر ژنی خۆی هەیە و بە پێی یاسای رۆمانی، پیاو، نابێت ژنێکی زیاتر هەبێت. دووهەم، لەبەرئەوەی کە کلیۆپاترە ژنێکی بێگانەیە، رۆمانی نییە.

---

١. بانوویار؛ عەشیقە

٢. ئیسیس؛ بە پێی بیروباوەڕی میسرییەکان، بانووخوای "بەرداری Goddess of Fertility "یە.

## کوشتنی کەیسەر

گەلێک مێژوونووس، کوشتنی کەیسەر، بە گرنگترین و بەناوبانگترین پیاوکوشتنی مێژوویی دادەنێن؛ یەکەم، چونکە بە هۆی ئەو کوشتنەوە، رژێمی کۆماری لە رۆمادا کۆتایی پێ دێت و رژێمی مەلیکی دەست پێ دەکاتەوە[١]. دووەم، لەبەرئەوەی کە بەو جۆرە سەیر و نامۆیە، بەهێزترین پیاوی ئەوسای سەرزەمین دەکوژرێت و دەبێت بە هۆی نانەوەی شەڕی ناوخۆ. وەکو لەسەرەوە باسی کراوە، کەیسەر، بە زۆری خۆی بوو بە حاکمی رۆما؛ هەڵنەبژێررا وەکو "کۆنسوڵ"ەکانی پێش خۆی. دیسانەوە بە زۆری خۆی کرا بە دیکتاتۆر و لەوەش دەچوو کە بیەوێت بکرێت بە مەلیک. هەندێکی زۆر لە ئەندامانی پەڕلەمان زۆر لەو بەرزخوازییەی دەترسان. لەبەر ئەوە نزیکەی شەست ئەندامێک، بەڵکو زیاتریش، بە سەرۆکایەتی "کاسیەس "Cassius و "بروتەس Brutus"ەوە، بڕیار دەدن؛ کە بە کوشتنی ئەو نەبێت، بە هیچ جۆرێکی تر ناتوانن رۆما لە دیکتاتۆرییەت رزگار بکەن. لە ناو خۆیاندا رێک دەکەون کە لە ناوەڕاستی مارتدا، بە ئاشکرا لە خانووی پەڕلەماندا بیکوژن و هەموویان لە کوشتنەکەیدا بەشداری بکەن، بۆ ئەوەی لە دواییدا، کەس نەڵێت؛ من نەمدەویست بیکوژم.

لەبەرئەوەی کە زۆر کەس لەو پیلانەدا بەشدارییان کردبوو، "دەمگۆ"یەکی[٢] ئاوا لەناو گەلەکەدا بڵاو دەبێتەوە؛ کە هەندێک کەس بەتەمان لە ناوەڕاستی مارتدا، کەیسەر بکوژن. بەڵام کەس بەتەواوی بڕوای بەوە نەدەکرد، تا کەیسەر خۆیشی.

رۆژێکیان پیرەمێردێکی فاڵچی، لە سەر رێگای کەیسەردا دەوەستێت. لە دوورەوە کە دەیبینێت، بەدەنگێکی بەرز هاوار دەکات کە رێگای بدەنێ لەگەڵ کەیسەردا بدوێت. رێگای دەدەنێ. کە لێی نزیک دەبێتەوە، پێی دەڵێت: "کەیسەر، لە ناوەڕاستی مارتدا، ئاگاداری خۆتبە". کەیسەر، گوێی ناداتێ، پێدەکەنێت و دەڕوات.

---

١. پێش ساڵی ٥١٠ پ ز، رژێمی حوکم لە "رۆما"دا مەلیکی بوو. لەو ساڵەدا "تارکوینییەس "Tarquinius حوکمی دەکرد. تارکوینییەس، دیکتاتۆرێکی زۆر بێویژدان بوو. گەلەکەی ناچار کرد لە دژی هەڵسێت و یەکەمین رژێمی کۆماری لە "رۆما"دا دابمەزرێنێت. لە پەڕاوێزی دێری (٢,١,٥٤) دا لەبارەی ئەو شۆڕشەوە بە درێژایی نووسراوە.

٢. دەمگۆ؛ ئەوەی کە بە دەم دەگوترێت، قسەوقسەڵۆک.

## پیلانی کوشتنەکەی

لە شـــوباتی ٤٤ ی پ ز، پـەڕلـەمــان بـڕیار دەدات کــە کــەیســەر هـەتا مــاوە هـێــزی دیکتاتۆریی بدرێتێ. ١٨ی مـارت، کەیسەر دەبوایە بچێت بۆ جـەنگ لە دژی فارس. لە بەر ئەوە بـڕیار دەدات ١٥ی مـارت پەڕلـەمـان کـۆببـێـتـەوە بۆ مـاڵـئـاوایی لێکردنی. پیـلانگێـڕەکـان، بڕیـار دەدەن کــە لەو ڕۆژەدا، لە کـاتی کـۆبـوونەوەکـەدا، بیکوژن. لەبەرئـەوەی بۆ ناو خـانووی پەڕلـەمـان، ئەوەی ئەندام نەبێت ڕێگای نـادرێت بچـێـتـە ژوورەوە، کـەیسـەر پاسـەوانی لەگـەڵدا نابێت. ڕێکیش دەکـەون کــە هـەر کـەسـێک خـەنجـەرەکەی لەژێر جلەکانی خۆیدا بشـارێتـەوە و هـەمـووشـیـان بەشـداری بکەن لە کوشتنەکەیدا.

وەکــو لەســـەرەوە بـاس کــراوە، دەمگۆ دەربارەی ئەم کــوشــتـنە لـە ڕۆمــادا بڵاو بووبۆوەوە، بەڵام کـەس نەیدەزانی ئەوانەی دەیکوژن کێن و بۆچی دەیانەوێت بیکوژن. لەبەر ئەوە کەسـوکارەکانی کەیسـەر، لـە مەراقێکی زۆردا بوون. ئامـۆژگارییـان دەکرد کە ئەو ڕۆژە نەچێتە دەرەوە. "کالپورنیا Calpurnia"ی ژنیشـی، ئەو شـەوە خەوێکی زۆر سـامناک دەبینێت؛ پەیکەری مێردەکەی دەبینێت کونکون کراوە و لە کونەکانییـەوە وەکـو فـوارە خـوێن دەردەچێت و خـانەدانەکـانی ڕۆمـا دەسـتـیـانی تێدا دەشـۆنەوە. لەبەرئەوە بەیانییەکەی، خۆی بە مێردەکـەیەوە هـەڵدەواسـێت و لێی دەپاڕێتەوە کـە بۆ هیچ شوێنێک نەچێت. کەیسـەر، ناچـار دەبێت بڵێت باشە. بەڵام "بروتەس"ی دۆستی، کە یەکێک دەبێت لە پیلانگێڕەکان، دێت بۆ ماڵەوە بۆ لای و پێی دەڵێت؛ ئەندامـەکانی پەڕلـەمـان هـەمـوو چاوەڕوانت دەکـەن. ئاخـر چۆن دەبێت جـوامـێـرێکی وەکـو تۆ لەو جـۆرە دەمگۆیـانە بتـرسـێت، یاخـود بڕوا بە وتەی دەروێش و بەربێـژ[١] بکات. وەرە پێکەوە دەچین. ئیتر کەیسـەر دەچێت.

کە بە ڕێگاوە دەبێت، کابرایەکی مـامـۆسـتـا،[٢] لێوەی نزیک دەبێـتـەوە و نامـەیەکی دەداتێ و پێی دەڵێت؛ گەورەم، تکات لێ دەکەم، بۆ هیچ کـوێ نەڕۆیت تا ئەم نامــەیە نەخوێنیتەوە. کەیسـەر، نامەکەی لێ وەردەگرێت بەڵام کاتی نابێت بیخوێنێتەوە. واش ڕێک دەکەوێت، کە لە دوای تۆزێک کەیسـەر، ئەو فاڵچییـە ببـینێتـەوە کە ئەوسـا پێی

١. بەربێژ؛ ئەو کەسەی دەبێژێت (دەڵێت) چی لە ئایندەدا ڕوودەدات بەر لەوەی ڕووبدات. (فاڵچی)
٢. ئەو مامۆستایە ناوی "ئارتێمیدۆرەس Artemidorus" دەبێت. مامۆستای مەکتەب دەبێت.

گوتبوو "لە ناوەڕاستی مارتدا، ئاگاداری خۆتبە". خۆی، لە فاڵچییەکە نزیک دەبێتەوە و پێی دەڵێت؛ "ها، خۆ ئەمڕۆ پانزەی مارتە، هیچیش رووی نەدا." فاڵچییەکە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت؛ بەڵێ، گەورەم، راستە. بەڵام پانزەی مارت، هێشتا نەبڕاوەتەوە. دیسانەوە کەیسەر، گوێی ناداتێت و دەڕوات.

لەبەرئەوەی بینا ئەسڵییەکەی پەڕلەمان لە کاتی شەڕی ناوخۆدا سووتابوو، لەو رۆژەدا، پەڕلەمان، لە هۆڵێکدا کۆدەبێتەوە، پێیان دەگوت هۆڵی "پۆمپەی". کاتی خۆی پۆمپەی، لەسەر حسابی خۆی دروستی کردبوو. لەناویدا، پەیکەرێکی زۆر گەورەی پۆمپەی هەبوو. دوای ئەوەی کۆبوونەوەکە تەواو دەبێت، کەیسەر، بەرێوە دەبێت بڕواتە دەرێ و نامەی کابرا مامۆستاکەی بەدەستەوە دەبێت و خەریک دەبێت بیخوێنێتەوە. لەو کاتەی کە دەگاتە نزیک پەیکەرەکەی پۆمپەی، پیلانگێڕەکان، هێرش دەبەنە سەری؛ وەکو بڕیاردرابوو، هەر یەکەی خەنجەرێکی لێ دەدات. بەڵام کەیسەر، پیاوێکی ئازا و زۆر بەدەسەڵات دەبێت، لەگەڵیاندا هەر جەنگ دەکات و بەرگری لە خۆی دەکات. تا بروتەس، دەبینێت بە خەنجەرێکی رووتەوە بەرەو رووی دێت. کەیسەر، وا دەزانێت هاتووە لەسەری بکاتەوە. بەڵام کە ئەویش خەنجەرێکی لێ دەدات، کەیسەر زۆر دەحەپەسێت و دەڵێت؛ "ئای برووتەس، ئەرێ تۆش؟ کەوابێت کەیسەر، بەسە بکەوە" ئیتر کەیسەر دەکەوێت و بەرگری لە خۆی ناکات تا دەمرێت. کە دەمرێت نامەی مامۆستاکە، لەناو چنگیدا دەبێت. وا دیارە بەختیش، بۆی نووسیبوو، کە لەو کاتەدا، سەری بکەوێتە بەر پێی پەیکەری "پۆمپەی"ی دوژمنی.

کەیسەر و بروتەس، یەکترییان زۆر خۆشدەویست. تا دەوترێت کە گوایە برووتەس، کوڕی کەیسەر دەبێت؛ بەرهەمی پەیوەندییەکی نایاسایی دەبێت، کاتی گەنجێتیی، لەگەڵ دایکی بروتەسدا. دەشڵێن گوایە برووتەس، کە خەنجەرەکەی لێ دەدات، کەیسەر، دەڵێت "ئای، بروتەس، کوڕم، ئەرێ تۆش" ئینجا دەڵێت؛ "کەوابێت کەیسەر، بەسە بکەوە."

بێگومان، بروتەس، نەیدەزانی کە کەیسەر باوکێتی. هەرچەندە بروتەس، وەکو گوتمان، کەیسەری خۆشدەویست، لەگەڵ ئەوەشدا کوشتی. چونکە دەیویست رۆما، لەدەستی دیکتاتۆر رزگار بکات. بەڵام، رۆما، رزگاری نابێت؛ لە دوای کوشتنی، کەیسەر، دیسانەوە شەڕی ناوخۆ دەست پێ دەکاتەوە؛ ئەمجارە لە نێوان "مارک ئەنتۆنی Mark Antony" و "ئۆکتاڤییەس Octavius"، لە لایەکەوە و برووتەس و

کاسیەس (کاسیەس مێردی خوشکی بروتەس دەبێت) لە لایەکی ترەوە. شەڕەکە بە سەرکەوتنی مارک ئەنتۆنی (ئەنتۆنیۆ) و ئۆکتاڤییەس کۆتایی پێ دێت.

ئەنتۆنیۆ، ژەنەڕاڵێکی زۆر بەناوبانگ دەبێت و پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ کەیسەردا دەبێت. تا وای دەزانی کە خۆی جێگەی ئەو دەگرێتەوە. بەڵام لە دواییدا بۆی دەرکەوت کە کەیسەر، لە وەسێتنامەکەیدا، "ئۆکتاڤییەس"ی[1] کردووە بە کوڕ و جێگری خۆی. لەبەر ئەوە، لەدوای چەند ساڵێک، دیسانەوە شەڕی ناوخۆ دەست پێدەکاتەوە؛ ئەمجارە، ئۆکتاڤییەس لە دژی ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە.

وەکو دەبینین کلیۆپاترە، دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر شانۆی مێژووی ئەو کاتە. لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانم کە ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە، بە کورتی لێرەدا باس بکرێت.

هەر لە دوای کوشتنی کەیسەر، کلیۆپاترە زوو لە رۆما دەرباز دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئەسکەندەریە. بۆ ئەوەی هیچ هاوچاوێکی[2] نەمێنێت، لەپێش هەموو شتێکدا، کوشتنی برا هەرە پچووکەکەی، پتۆلۆمی چواردەهەم، تەرتیب دەکات و "کەیسەریۆن"ی کوڕی، کە کوڕی "کەیسەر"یش دەبێت، لە تەمەنی چوار ساڵیدا، دەکات بە جێگری خۆی.

لە دوای سەرکەوتنی ئەنتۆنیۆ و ئۆکتاڤیەس و کوشتنی بروتەس و کاسییەس، پەرلەمان بڕیار دەدات کە یولییەس کەیسەر بکرێت بە خوا (یەزدان)[3]

---

١. ئۆکتاڤیەس، کوڕەزای برای کەیسەر دەبێت. واتە کەیسەر مامی باوکی ئەو دەبێت. کەیسەر، لە وەسێتنامەکەیدا، کردوویەتی بە کوڕی خۆی. لە دوای کۆتایی شەڕی ناوخۆ و سەرکەوتنی بەسەر "ئەنتۆنیۆ"دا، ساڵی ٣١ پ ز، ئۆکتاڤیەس دەبێت بە یەکەم ئیمپراتۆری رۆما و حوکمی کۆماری بەتەواوی کۆتایی پێ دێت. ئۆکتاڤیەس، ئیمپراتۆرێکی زۆر سەرکەوتووی لێ دەردەچێت. ٤٥ ساڵ حوکم دەکات. حەزرەتی عیسا لە کاتی ئەودا لە دایک دەبێت. ساڵی ٢٧ پ ز، پەرلەمان ناوی دەنێت ئۆگەستەس Augustus بە مانای بەرێز، یاخود پایە بەرز، یان خاوەن شکۆ. وەکو چۆن مانگی حەوتەمی ساڵ (یولیۆ) بەناوی یولییەس کەیسەرەوە ناو نراوە، مانگی هەشتەم (ئۆگەستەس) بە ناوی "ئۆگەستەس"ەوە، ناو نراوە.

٢. هاوچاو؛ مونافس.

٣. لە کاتی حوکمی رۆمانییەکاندا، هەندێک لە ئیمپراتۆرە بە دەسەڵاتەکانیان، لە دوای مردنیان، ناوی (خوا) یان لێ دەنان و دەیانپەرستن. تا پەرستگای تایبەتیشیان بۆ دروست دەکرد و قەشە و مجێوریان بۆ دادەنان. ئەو نەریتە لە "یولییەس کەیسەر"ەوە دەست پێدەکات.

بەو بۆنەیەوە لە ڕۆما ئاهەنگێکی گەورە دەکرێت. لەبەرئەوەی لە کاتی شەڕەکەدا کلیۆپاترە، یارمەتی دەدان، ئەنتۆنیۆ، بانگی دەکات بۆ بەشداریکردن لەو ئاهەنگەدا. هەر لەوێدا، لە ڕۆمادا، ئەڤینێکی زۆر گەرم و گوڕ دەکەوێتە بەینیانەوە. ئەنتۆنیۆ، زستانی ساڵی ٤١/٤٠ پ ز، لەگەڵ کلیۆپاترە، لە ئەسکەندەریەدا ڕادەبوێرێت. دوای ئەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆما، کلیۆپاترە، بە سکێک، کوڕ و کچێکی لێی دەبێت. لە دوای ئەو جیابوونەوەیە، بۆ چوار ساڵ یەکتری نابیننەوە. زۆری پێ ناچێت، "فولڤیا"ی ژنی ئەنتۆنیۆ نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت. ئەنتۆنیۆ، بۆ ئەوەی ئەو ناکۆکییەی هەیەتی لەگەڵ "ئۆکتاڤیەس"دا، چارەسەر بکات، "ئۆکتاڤیا"ی خوشکی دەهێنێت. ئۆکتاڤیا، ژنێکی زیرەک و زۆر جوان دەبێت، تازە بە سێ منداڵەوە بێوەژن بووبوو. یەکەم منداڵی ئۆکتاڤیا لە ئەنتۆنیۆ، کچ دەبێت. دوای ئەوەی کچی دووهەمیان دەبێت، ساڵی ٣٦ پ ز، ئەنتۆنیۆ، دەچێت بۆ جەنگ دژی فارس. ژنەکەی لەگەڵیدا دەچێت. بەڵام کە دەگەن بە جزیرەی "کۆرسیرا"، ئەوەی کە ئێستا پێی دەڵێن "کۆرفوو"، لە ژنەکەی دەخوازێت بگەڕێتەوە. بە بیانووی ئەوەی کە نەوەکو لە کاتی شەڕەکەدا تووشی ناخۆشی ببێت. ئەویش دەگەڕێتەوە.

هەر کە ئەو دەگەڕێتەوە، ئەنتۆنیۆ، بە شوێن "کلیۆپاترە"دا دەنێرێت بێت بۆ لای. لەوێدا پێکەوە ناو لە دوو منداڵەکانیان دەنێن؛ کوڕەکە "ئەسکەندەر هیلیەس" و کچەکە "کلیۆپاترە سێلینی". هەر لەوێشدا ئەنتۆنیۆ، خاکێکی زۆر؛ قبرس، سقلیە، سووریا، فەلەستین و بەشێکی زۆر لە جزیرەی عەرەبی، دەدات بە میسر، واتە بە کلیۆپاترە بە دیاری.

لە شەڕەکەدا، هێزەکانی ئەنتۆنیۆ، بەتەواوی دەشکێن. ئۆکتاڤیای ژنی، بە خواردن و جلوبەرگەوە دەچێت بۆ یۆنان بە پیری مێردەکەی و ئەوانەی کە ماونەتەوە لە سەربازەکانی. "کلیۆپاترە"ش هەر بەو جۆرە، لە سووریا، چاوەڕوانی دەکات. ئەنتۆنیۆ، دەچێت بۆ سووریا بۆ لای کلیۆپاترە. لەوێشەوە پێکەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەسکەندەریە. لە ساڵی ٣١ ی پ ز، ئۆکتاڤیا، تەڵاق دەدات و کلیۆپاترە دەهێنێت.

ئۆکتاڤییەس، بیردەکاتەوە؛ ئەگەر ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە پێکەوە هاوکاری بکەن لە دژی، بەو هەموو وڵات و سامانەی کە لەژێر دەستیاندا هەیە، پاش ماوەیەک زۆر بە دەسەڵات دەبن. لەبەر ئەوە ساڵی ٣٠ ی پ ز، هێزێکی گەورەی دەریایی دەنێرێت

دژی کلیـۆپـاتره. ئەنتـۆنیـۆ هەوڵ دەدات ڕێگای لێ بگرێت، بەڵام، لەشکرەکـانی زۆر بەرگە ناگرن، دەشکێن. ئەنتۆنیۆ، بۆ ئەوەی نەکەوێتـە دەسـتی ئۆکتاڤیـەس، خۆی دەکوژێت.

کلیـۆپـاتره، بە دیلـی دەبرێت بـۆ لای ئۆکـتـاڤـیـیـەس. لەوێ پێی دەگـوترێت، کـە ئۆکتاڤییەس، بەتەما نییە هیچ جۆرە گفتوگۆیەک لەگەڵ فیرئەونی میسـردا بکات؛ هەر وەکو بەندەیەک لەناو شارەکانی خۆیدا لە میسر دەگێڕڕێت، لەدواییشدا وەکو کـۆیلەیەک لە بازاڕدا دەفرۆشـرێت. کلیـۆپاتره، کـە بیـر لەوە دەکـاتەوە، بڕیاردەدات خۆی بکوژێت.

مـارێکـی کـۆبرای دەبێت، بەتـایبـەتی بەخـێـوی کـردبوو بۆ ڕۆژێکـی ئاوا ڕەش. لە ژنێک لە خـزمـەتچـیـیـەکـانی خـۆی دەخـوازێت کـە بـۆی بهـێنێت. ئەویش لەناو سـەبەتـەیەکی هەنجـیـردا دەیشـارێتـەوە و بۆی دەهـێنێت. مـارەکـە پێـوەی دەدات و دەمرێت.

بە پێی بیروباوەڕی کۆنی میسرییەکان، ئەوەی بە پێوەدانی مار بمرێت، گیانی ئەو کەسـە تا هەتاهەتا بە نەمری دەمێنێتەوە. بۆیە کلیۆپاتره، ویستی بەو جۆرە کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت.

کە کلیـۆپاتره دەمرێت، زوو "کەیسەریۆن"ی کوڕی، کە کوڕی "کەیسەر"یش دەبێت، دەکوژن. کـوڕ و کـچـەکـەی تری، کـە ئەنتـۆنیـۆ بـاوکـیـان دەبێت، ئۆکـتـاڤـیـا، ژنە ناونجییەکەی، خوشکەکەی ئۆکتاڤییەس، دەیانبات لەگەڵ دوو کچەکەی تری ئەنتۆنیۆ و منداڵەکانی خۆیدا، بەخێویان دەکات.

کەیسەرۆن، دەکوژن، چونکە کوڕی کەیسەر دەبێت. دەترسان ڕۆژێک داوای تەختی باوکی بکاتەوە. بەڵام لە کوڕ و کچەکەی ئەنتۆنیۆ، نەدەترسان.

چیرۆکی یۆلییـەس کەیسەر و ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاتره یەکێکە لە هەرە بەناوبانگەکانی مـێـژووی دێرینی مـرۆڤـایەتیـدا. زۆر شـاعـیـر و نووسـەری بەناوبانگ دەربارەی ئەم سیانەیان نووسیوه:

– شـێکسـپیر، دوو درامـای نووسـیـوە؛ یەکێکیـان بە ناوی "یولییـەس کـەیسـەر" و ئەوەکەی تریان بە ناوی "ئەنتۆنیو و کلیۆپاتره".

– جۆرج بێرنارد شۆ (George Bernard Shaw 1856-1950) شانۆنووسی بەناوبانگی

ئیرلەندە، شانۆگەرییەکی نووسیوە بە ناوی "کەیسەر و کلیۆپاترە".

– ئەحمەد شەوقی، شاعیری بەناوبانگی میسر، شیعرێکی نووسیوە لەسەر ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە. گۆرانیبێژی بەناوبانگیان؛ محەممەد ئەبدولوەهاب کردوویەتی بە گۆرانی و ناوی لێ ناوە "انا ئەنتۆنیۆ"

# یولییەس کەیسەر

## کەسایەتییەکانی شانۆگەرییەکە

یولییەس کەیسەر (Julius Caesar): سەرۆک سوپا و دکتاتۆری رۆما.

مارک ئەنتۆنی (Mark Antony): یەکێکە لە سێ فەرمانڕەواکانی رۆما لە دوای کوشتنی یولییەس کەیسەر.

ئۆکتاڤییەس (Octavius): یەکێکە لە سێ فەرمانڕەواکانی رۆما لە دوای کوشتنی یولییەس کەیسەر.

لێپیدەس (Lepidus): یەکێکە لە سێ فەرمانڕەواکانی رۆما لە دوای کوشتنی یولییەس کەیسەر.

مارکەس بروتەس (Marcus Brutus): یەکێکە لە پیلانگێڕەکان لە دژی یولییەس کەیسەر

کایەس کاسییەس (Caius Cassius): یەکێکە لە پیلانگێڕەکان لە دژی یولییەس کەیسەر

کاسکا (Casca): یەکێکە لە پیلانگێڕەکان لە دژی یولییەس کەیسەر

دێسییەس بروتەس (Decius Brutus): یەکێکە لە پیلانگێڕەکان لە دژی یولییەس کەیسەر

سینا(Cinna): یەکێکە لە پیلانگێڕەکان لە دژی یولییەس کەیسەر

مێتێللەس سیمبێر (Metellus Cimber): یەکێکە لە پیلانگێڕەکان لە دژی یولییەس کەیسەر

ترێبۆنییەس (Trebonius): یەکێکە لە پیلانگێڕەکان لە دژی یولییەس کەیسەر

کاسییەس (Caius Ligarius): یەکێکە لە پیلانگێڕەکان لە دژی یولییەس کەیسەر

پۆرشیا (Portia): هاوسەری بروتەس

کالپورنیا (Calpurnia): هاوسەری کەیسەر

فلاڤییەس (Flavius): نوێنەری خەڵکەکەیە

مورێللەس (Murellus): نوێنەری خەڵکەکەیە
سیسێرۆ (Cicero): سیناتۆرە
پەبلییەس (Publius): سیناتۆرە
پۆپیللییەس لێنا (Popillius Lena): سیناتۆرە
فاڵچی (Soothsayer): پێشبینە (بەربێژە)
ئارتێمیدۆرییەس (Artemidorius): مامۆستای مەکتەبە
سیینا (Cinna): شاعیرە
شاعیرێکی تر (Another poet): شاعیرێکی ترە
لوسییەس (Lucius): دۆست و لایەنگری بروتەس و " کاسییەس"ە
لوسیلییەس (Lucilus): دۆست و لایەنگری بروتەس و " کاسییەس"ە
تیتینییەس (Titinius): دۆست و لایەنگری بروتەس و " کاسییەس"ە
مێسسالا (Messala): دۆست و لایەنگری بروتەس و " کاسییەس"ە
" کاتۆ"ی گەنج (Young Cato): دۆست و لایەنگری بروتەس و " کاسییەس"ە
ڤۆلومنییەس (Voluminus): دۆست و لایەنگری بروتەس و " کاسییەس"ە
ستراتۆ (Strato): دۆست و لایەنگری بروتەس و " کاسییەس"ە
ڤاررۆ (Varro): دۆست و لایەنگری بروتەس و " کاسییەس"ە
کلۆدییەس (Claudius): دۆست و لایەنگری بروتەس و " کاسییەس"ە
کلیتەس (Clitus): دۆست و لایەنگری بروتەس و " کاسییەس"ە
نۆکەری کەیسەر (Caesars servant)
نۆکەری ئەنتۆنی (Antonys servant)
نۆکەری ئۆکتاڤیەس (Octaviuss servant)
پیندارەس (Pindarus): کۆیلەیەکی ئازادکراوی " کاسییەس"ە
داردانییەس (Dardanius): نۆکەرێکی "بروتەس"ە لە سوپادا
دارتاش (Carpenter): کابرایەکی دارتاشی ساکارە
پینەچی (Cobbler): کابرایەکی پینەچی ساکارە
یەکەم، دووەم، سێیەم و چوارەم پیاوی ساکار
(First, Second, Third and Fourth plebeians)

یەکەم، دووەم، سێیەم سەرباز لە سوپای بروتەس

(First, Second and Third soldiers in the army of Brutus)

یەکەم و دووەم سەرباز لە سوپای ئەنتۆنی

(First and Second soldiers in army of Antony)

پەیامبەر(Massenger): کابرایەکی پەیامبەرە

لابیۆ (Labio): سەربازە لە سوپای بروتەس

فلاڤییەس (Flavius): سەربازە لە سوپای بروتەس

## پەردەی یەکەم

## دیمەنی ١,١

لەسەر جادەیەکی رۆما فلاڤییەس و مورێللەس دەردەکەون و خەڵکێکی زۆر دەورەیان داون[1].

فلاڤییەس:

دەی ئیتر بڕۆن،
دەی بۆ ماڵەوە، بڵاوبنەوە!
بێ ئیش و کارە خاو و خلیچکەکان،
بڕۆنە ماڵێ.
چییە! بۆ جەژنە؟
بۆچی نازانن پیشەسازەکان،
کە لە رۆژانی کارکردن نابێت
بسووڕێنەوە لەسەر جادەکان،
بە بێ ئاماژە و بەرگی پیشەتان؟[2] (روو دەکاتە یەکێکیان)
ئەرێ پێم بڵێ، پیشەی تۆ چییە؟

دارتاش:

بەگم، دارتاشم.

مورێللەس:

ئەی کوانێ راستە و بەروانکەی چەرمت؟[3]
بەتەمای چی بکەیت،

١. فلاڤییەس و مورێللەس، لایەنگری رژێمی کۆمارین؛ دژی " کەیسەر"ن.

٢. ئەو کاتە لە رۆما، جگە لە رۆژانی هەینی و جەژنان، هەموو پیشەسازێک دەبوایە جۆرە جلێک لەبەر بکات کە پەیوەندیی هەبێت بەو پیشەیەی کە دەیکات.

٣. وا دیارە دارتاش دەبوایە بەروانکەیەکی چەرمی لەبەر بکردایە.

لەناو باشترین پۆشاکی بەرت؟[1] (روو دەکاتە یەکێکی تریان)
پیشەی تۆ ئەرێ چییە سەروەرم؟

پینەچی:
بەڕاستی بەگم، بەراوردبکرێم،
ئەگەر من لەگەڵ پیشەسازانی
زانا و هونەرمەند،
بەگم، دەتوانیت
بڵێیت هەر تەنیا پینەچییەکم.[2]

مورێللەس:
پیشەکەت چییە؟ بە راستەوخۆیی
ئاخر پێم بڵێ.

پینەچی:
پیشەیەکە بەگ، من هیوادارم
بیکەم و پاکی
دڵ و دەروونی خۆم بپارێزم.
ئەمن، سەروەرم،
بنپێڵاوی بەد، چاک دەکەمەوە.[3]

فلاڤییەس:
ناکەس، دە بڵێ چییە پیشەکەت؟

---

١. پۆشاک؛ جلوبەرگ. مەبەستی ئەوەیە بڵێت، بۆچی جلی جوانت لەبەر کردووە. ئەمڕۆ جەژنە، چییە؟

٢. پینەچی؛ ئەوەی شتومەک چاک دەکاتەوە یان باش دەکاتەوە. ئیتر ئەو شتە هەرچییەک بێت؛ جل، پێڵاو، خانوو، مەکینە، یان دەروونی مرۆڤ.

٣. بنپێڵاوی بەد؛ بنپێڵاوی سواو یان دڕاو. لێرەدا شێکسپیر، بۆ بنپێڵاو، وشەی "سۆڵ" بەکار دەهێنێت. ئینجا وشەی سۆڵ، بە ئینگلیزی، بە دوو جۆر دەنووسرێت؛ "Sole" واتە بنپێڵاو و "Soul" واتە گیان یاخود دەروون. کە دەڵێت بنپێڵاوی بەد، دوورنییە مەبەستی لە دەروونی بەد بێت (دەروونی خراپ، یاخود ناقۆڵا)

بێنامووس، دەدەی
ئاخر پیشەکەت، چییە پێم بڵێ؟
پینەچی:
گەورەم، ئاخر نا، تکات لێ دەکەم،
وا بە تووڕەیی مەیە بەگژما.
بەڵام گەر ئاوا، تۆ بێیت بەگژما،
بەگم، دەتوانم چاکت بکەمەوە.
مورێللەس:
مەبەستت چییە، بەوەی کە دەیڵێیت؟
بێنامووس، تۆ من چاک دەکەیتەوە؟
پینەچی:
ئا بەڵێ، گەورەم، تیمارت دەکەم.
فلاڤییەس:
دیارە پینەچیت. ئەرێ وا نییە؟
پینەچی:
بەڕاستی بەگم،
"درەوش"ە ئەوەی هەموو ژیانم[١]
پێی بەندە و دەژیم.
من دەست ناخەمە
نە کاروباری پیشەسازەوە،
نە هی ژنەوە.
بەڵام دەتوانم، سەروەرم، بڵێم؛
من نەشتەرگەری کەوش و پێڵاوم؛
کە دەکەونە مەترسییەکی
راستی و گەورەوە، رزگاریان دەکەم.

١. درەوش؛ ئامێرێکی نووک تیژە، پینەچی بەکاری دەهێنێت بۆ کونکردنی پێست یان شتی تر.

لەبەرئەوەی کە
پیاوی خانەدان، کاتی رۆیشتنی،
هەمیشە پێستی گا لە پێی دەکات،[1]
بەهۆی هونەری منەوە دەڕوات.

فلاڤییەس:

بۆ کاروبار و کارگەکەی خۆتت
بەجێ هێشتووە و هاتووی سەرداری[2]
ئا ئەم پیاوانە، لەسەر رێ و بانی
رۆمادا دەکەیت؟[3]

پینەچی:

ئەوەی راستی بێت،
گەورەم، بۆ ئەوەی پێڵاوەکانیان،
بسوێن و ئیشم زۆرتر دەسکەوێت.
بەڵام، بەڕاستی
هاتووین کە سەیری
کەیسەر بکەین و
بەشداری جەژنی زاڵبوونی بکەین.

مورێللەس:

کەوابێت هاتوویت ئاهەنگ بگێڕی؟
پێم بڵێ رۆما،
چ وڵاتێکی داگیرکردووە؟
چەند باجدەری نوێ

---

١. پێستی گا؛ پێڵاو. چونکە پێڵاوی ئەوسا، هەر لە پێستی گا دروست دەکرا.

٢. سەرداری؛ سەرۆکایەتی.

٣. فلاڤییەس و مورێللەس لایەنگری پۆمپەی و حوکمی کۆمارین. پێیان ناخۆشە کە خەڵکەکە هاتوون بە پیری دیکتاتۆرەوە و ئاهەنگ بە بۆنەی سەرکەوتنەکەی ئەو بەسەر پۆمپەی و لایەنگرانی حوکمی کۆماری دەکەن.

بۆ رۆما ئەرێ دوای ئەو کەوتووە،
تا گالیسکەکەی بە کۆتی بەندە
بڕازێتەوە؟[1]
بێ مێشکانە، ئاخ، دڵبەردانە،
ئێوە، لە بێهەست، بەخوا، بەدترن!
ئاخ، رۆمانییەکان، ئای چەند بێ وەفان!
بۆچی "پۆمپەی"تان هیچ نەدەناسی؟
بە جارەهای جار، سەردەکەوتنە
سەر شوورە و دیوار،
یان سەر پەنجەرە، یاخود منارە،
یاخود دووکەڵکێش.
مناڵەکانتان بە باوەشەوە،
دانیشتوون لێرە بە ئارامەوە،
هەموو رۆژەکە،
ئەوەی کە هێندەی عومرێک درێژبوو،
تەنیا بۆ ئەوەی، "پۆمپەی"ی گەورە،
بەسەر ئەم رێگە و
بانەی رۆمادا،
بەڵکو تێپەڕبێ و چاوتان پێی کەوێت.
وە گالیسکەکەی،
هەر کە دەردەکەوت، هەموو بە گشتی،
بە دەنگێکی بەرز نەتان دەقیژان،

١. داگیرکردنی وڵاتی نوێ، سوودی دەبوو بۆ رۆمانییەکان. چونکە باجیان لێ دەسەندن و دیلەکانیان، دوای ئەوەی بۆ پیشاندان، لە کاتی ئاهەنگگێڕاندا، بە دەست و پێی کۆتکراوەوە، بە گالیسکەی سەرۆک سوپاکانەوە دەبەستەوە و بەسەر جادەکانی رۆمادا دەیانگەڕاندن و لەدواییدا وەکو کۆیلە لە بازاڕدا بە پارە دەیانفرۆشتن.

تاکو "تایبەر"تان،[١]
لەبن " کۆڕنیش"ی خۆیدا دەلەرزان،
بە دەنگدانەوەی هاوارەکانتان،
لە نێو دیواری ئەملاوئەولایدا؟[٢]
ئێستاکەش ئێوە
باشترین جلتان لەبەرکردووە؟
وە ئەم ڕۆژەتان هەڵبژاردووە
بۆ ئاهەنگگێڕان؟
وە هاتوون گوڵ و نەسرین هەڵبدەن
بۆ بەر پێی ئەوەی
زاڵ بووە بەسەر خوێنی "پۆمپەی"دا؟[٣]
دە دەی بڕۆن، دەی!
هەرکەس بۆ ماڵی خۆی و لەوێدا،
لەسەر ئەژنۆی خۆی بوەستێ و لە خوا
بپاڕێتەوە؛ تا ئەو تاعوونەی
کە بەتەمایە،
بۆ بەدنمەک و سپڵەی بنێرێت،
ڕایبوەستێنێت.

فلاڤییەس:

هاووڵاتییە باشەکان بڕۆن،

---

١. تایبەر؛ شاری ڕۆما، لەسەر ڕووباری "تایبەر"ە. مەبەستی ئەوەیە؛ سەرکەوتنی کەیسەر دەبوایە ئێوەی بگریانایە.

٢. ڕووباری تایبەر، چونکە کۆڕنیش کراوە، تەنیشتەکانی لە هەردوولاوە دیواریان هەیە. ئاوی ڕووبارەکە چەند مەترێک لە جادەی کۆڕنیشەکە نزمترە. لەبەر ئەوە هاوار لەوێدا دەنگ دەداتەوە.

٣. خوێنی پۆمپەی؛ کوڕەکانی پۆمپەی، لە ناوچەی موندا (Munda)دا، لە ئیسپانیا، سەرداری لەشکرەکانی کۆماریان دەکرد لە دژی کەیسەر و جەنگەکەیان دۆڕان. دوای ئەوە، کەیسەر بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە بۆ ڕۆما.

بۆ ئەم کردەوە نارەوایەتان،
کۆببنەوە
لەگەڵ ئەوانەی کە وەکو خۆتان،
ژار و هەژارن، بیانبەن بۆ گوێی[1]
تایبەر لەوێدا، بگرین و ئەسرین[2]
رۆبکەنە ئاوەکە،
تا نزمترین ئاوی چەمەکە،[3]
ماچی بەرزترین پێڵاوتان دەکا.[4] (خەڵکەکە بڵاودەبێتەوە)
سەیربکەن دەبینن ریسواترینیان، ١,١,٦٠
تاوان، دەروونی دەجوێ و زمانی
لەناو دەمیدا، سڕ و بەند دەکا. (روو دەکاتە مورێللەس)
تۆ، لەو رێیەوە،
ئێستاکە بەرەو کاپیتۆڵ برۆ،[5]
من، لەم رێیەوە.
هەرچ "بت"ێکت دی، نەخش و نیگاری[6]
جەژنی ئایینی لەبەرکراوە،
دایان بکەنە.[7]

١. ژار؛ زوار، دەروون لاواز، یاخود دەروون مردوو.
٢. ئەسرین؛ فرمێسک
٣. بانی ئاوی رووبار و چەم بەرز و نزم دەبێتەوە بە پێی زۆری و کەمی بەفر و باران. بە ئاسایی لە هاویندا بانی ئاوەکە نزم دەبێتەوە.
٤. ئەوانەی وەستاون و دەگرین، هەندێکیان جێگەی وەستانیان لەوانەی تر بەرزترە. تاکو ئاوی رووبارەکە دەگاتە بەرزترین پێڵاو.
٥. کاپیتۆڵ؛ مەزنترین پەرستگەی یوپیتەر، گەورەی خوایەکان، لەسەر لووتکەی گردی کاپیتۆلین بوو لە "رۆما"ی کۆن. لەوێدا ئاهەنگی گەورەی سەرکەوتنی سوپا دەگێڕڕا و قوربانی بۆ یوپیتەر پێشکەش دەکرا.
٦. بت؛ بتی خوایەکان یاخود بتی کەیسەر خۆی.
٧. ئاهەنگ گرتن بە بۆنەی سەرکەوتنی سوپای رۆمانی بە جەژنێکی ئایینی دادەنرا و قوربانییان دەبرد بۆ یوپیتەر بۆ ئەوەی سوپاسی بکەن بۆ سەرکەوتنی سوپاکانیان.

مورێللەس:

بۆ دەشێت ئێمە شتی وا بکەین؟
وەکو دەزانی
ئەمڕۆ ئاهەنگی "لوپێریکال"ە[١]

فلاڤییەس:

گوێشی مەدەرێ؛ بڕۆ، نەیەڵی
ئاماژەیەکی زاڵبوونی کەیسەر،
بە "بت"ێکەوە هەڵواسرابێ.
دەسووڕێمەوە و ساکارەکانی[٢]
سەر جادە لە رێی دووردەخەمەوە.[٣]
تۆش ئاوابکە،
گەر دیت گەلێکیان کۆبوونەتەوە.[٤]
هەر کە ئەم پەڕە گەورانەی باڵی
ئا ئەم کەیسەرە، هەڵبکەنرێن،[٥]
بەرزیی فڕینی، ئاسایی دەبێت.[٦]
ئەگینا هەندە بەرز دەبێتەوە،
چاو هەر نایبینێت؛ هەموومان ئێمە،
وەک کۆیلە، لەژێر ترسدا رادەگرێت.

---

١. لوپێریکال؛ ئاهەنگێکە، هەموو ساڵێک لە پانزەی مانگی "شوبات"دا دەگێڕرا لەسەر شەرەفی "پان" Pan. ئەو خوایەی کە ئاژەڵ دەپارێزێت، بە پێی ئەفسانەی رۆمانی.

٢. ساکارەکان؛ خەڵکە ساکارەکان.

٣. لە رێی؛ لە رێی کەیسەر.

٤. گەلێکیان؛ گەلێک لە ساکارەکان.

٥. کەی خەڵکە ساکارەکانمان لێ دوور کردەوە، وەکو پەڕە گەورەکانی باڵەکانیمان هەڵکەندبێت وایە؛ ئیتر ناتوانێت زۆر بەرز بفڕێت.

٦. بەرزی فڕینی زۆر بڵند نابێت.

## دیمەنی ١,٢

لە مەیدانێکی گەورەدا لە رۆما. کەیسەر، ئەنتۆنی، کالپورنیا، پۆرشیا. دێسییەس بروتەس، سیسێرۆ، مارکەس بروتەس، کاسییەس، کاسکا و فاڵچییەک و خەڵکێکی زۆر، لە دواشیانەوە، مورێللەس و فلاڤییەس، دەردەکەون.

کەیسەر:

کالپورنیا!

کاسکا

بێ دەنگ بن کەیسەر، ئەوەتا دەدوێت.

کەیسەر:

کالپورنیا!

کالپورنیا

من لێرەم، گەورەم.

کەیسەر:

دە تۆ، راستەوخۆ

بوەستە لەسەر رێگای ئەنتۆنیۆ[1]

لەو کاتەی کە ئەو

راکردنەکەی لێرەدا دەکات.[2]

١. ئەنتۆنی و ئەنتۆنییەس و ئەنتۆنیۆ، هەرسێکیان یەک ناون. هەروەها ئۆکتاڤیەس و ئۆکتاڤیۆ، و فلاڤییەس و فلاڤیۆ.

٢. ئەنتۆنی (ئەنتۆنیۆ)، یەکێکە لەو پیاوانەی کە بەشداری لە پێشبڕکێکەدا دەکات و بە رووتی لەبەردەمی خەڵکەکەدا رادەکات. ژنەکەی کەیسەر، منداڵی نەدەبوو. پیرێژن و پیرەمێردەکانی رۆما، بە پێی نەریتی کۆن، لەو باوەڕەدابوون، ئەگەر یەکێک لەو پیاوانە دەستی بەر ژنی نەزۆک (ئەو ژنەی کە منداڵی نابێت) بکەوێت ئیتر بە نەزۆکی نامێنێتەوە. بۆ (لوپێریکال)، سەیری پەراوێزی دێڕی ١,١,٦٦ بکە.

ئەری ئەنتۆنیۆ!

ئەنتۆنی:

بەڵێ، سەروەرم.

کەیسەر:

ئەمڕۆ لە کاتی راکردنەکەت،
لە بیرت نەچێت،
کە دەستێک بدەیت لە کالپورنیا.[1]
هەر لەبەرئەوەی کە پیرەکانی
ئێمە دەبێژن؛
ئەوەی "نەزۆک"ە، بە بەرکەوتنی،[2]
لەم پێشبڕکێیە پیرۆزەماندا،
لەعنەتی زڕی، لێ هەڵدەتەکێت.[3]

ئەنتۆنی:

لەبیرم ناچێت؛
ئەوەی کە کەیسەر بیڵێت دەکرێت.

کەیسەر:

دە بڕۆ نەهێڵیت،
لە ئاهەنگەکە، هیچت لەکیس چێت.

فاڵچی:

کەیسەر! کەیسەر!

کەیسەر:

ها؟

---

١. کەیسەر، دەیەوێت ژنەکەی زوو سکی پڕبێت. بۆ ئەوەی نەوە لەدوای خۆی بەجێ بهێڵێت. چونکە پێش چەند رۆژێک فاڵچییەک پێی گوتووە لە ناوەڕاستی مانگی مارتی داهاتوودا ئەگەر ئاگادار نەبیت، دەکوژرێیت. ئەمیش لەوە دەترسێت کە وتەی فاڵچییەکە راست دەربچێت.

٢. نەزۆک؛ زڕ، ئەو ژنەی منداڵی نابێت.

٣. وەکو چۆن تۆز، هەڵدەتەکێت و دەڕوات نامێنێت.

کێ بانگم دەکا؟

کاسکا:

بە "قیژن"ەکان بڵێن با دەنگیان،[1]

ئیتر دەرنەچێت.

ئەوا سەرلەنوێ من پێتان دەڵێم.

کەیسەر:

ئەرێ ئەوە کێ، لەم پەستەیەدا،[2]

بانگی من دەکا؟

گوێم لە دەنگێکە، لە مۆسیقاکە

بەرز و تیژترە. بە دەنگی بەرزی

هەر بانگم دەکا و دەبێژێت؛ کەیسەر.

فەرموو ببێژە، کەیسەر گوێی لێتە.

فاڵچی:

لە ناوەڕاستی

مارت، ئاگاداربە.

کەیسەر:

کێیە ئەو پیاوەی ئەوەم پێ دەڵێت؟

بروتەس:

بەگ، فاڵچییەکە، پێت دەڵێت دەبێت،

لە ناوەڕاستی مارت، ئاگاداربی.

کەیسەر:

بینێرە، با بێت.

بێتە بەردەمم، دیمەی ببینم.

---

١. قیژن؛ ئەوەی قیژەی لێ دێت. ئەمە "ئاوازژەن"ەکانیش دەگرێتەوە.

٢. پەستە؛ پاڵوپەستە، قەڵەباڵغی.

کاسییەس:

دە تۆ، کابراکە، لەناو پەستەکە

وەرە دەرەوە و رووبکەرە کەیسەر.

کەیسەر:

چی بوو ئەوەی تۆ، ئێستاکە گوتت؟

سەرلەنوێ بیڵێ.

فاڵچی:

لە ناوەڕاستی مارت، ئاگاداربە.

کەیسەر (روو دەکاتە هاوڕێیەکانی)

خەون دەبینێت. دە دەی با بڕۆین.

(هەموویان دەڕۆن. هەر بروتەس و کاسییەس دەمێننەوە)

کاسییەس:

ها، دەڕۆیت سەیری گەمەکان بکەین؟

بروتەس:

نا، نا، من ناچم.

کاسییەس:

تکات لێ دەکەم، وەرە با بڕۆین.

بروتەس:

ئارەزووی گەمە و گەڕانم نییە.

نا،

من ئەو گیانە

بە وزە و چالاکەی "ئەنتۆنی"م نییە.

من لە ئارەزووت

با نەخەم کاسییەس؛ بەجێت دەهێڵم.

کاسییەس:

بروتەس، ئێستا، لەم دواییەدا،

که من تێبینی دیمەی تۆ دەکەم،
ئەو رووانندنە
گەرم و ناسکە و پڕ بە ئەڤینەی،
ئەوەی کە هەندە گەرەکی دەکەم،
تێیدا نایبینم.
زۆر کۆڵنەدەر و گەلێک رووگرژی
تۆ لەگەڵ دۆستی
خۆت، ئەوەی هەردەم،
تۆی خۆشویستووە.
بروتەس:
کاسییەس، ئاخر تۆ، بە هەڵە مەچۆ.
گەر رووانندنی نەرمی جارانم
شاردبێتەوە، لەبەر ئەوەیە؛
پەژارە و پەستی رووی ورووژاوم،
رۆدەکەمە ناو دڵی شێواوم.
لەم دواییەدا توورە و داماوم
بە چەند سۆزێکی جیاواز کە تەنیا
هەر بەخۆمەوە پەیوەندیی هەیە.
دیارە ئەوەیە کە رەوشتمی
هەندێک گۆڕیوە. ئاخ، لەبەر ئەوە،
دۆست و هاوڕێیە شیرینەکانم-
کاسییەس، ئازیزم، تۆ یەکێکیانی-
با پێی پەست نەبن. وە گوێ نەدەنە
گرژی تەوێڵ و رووانینەکانم،
تەنیا ئەوەیە کە "بروتەس"ی
هەژار لە کاتی

جەنگکردن لەگەڵ دەروونی خۆیدا،
بیرناکاتەوە لە پیشاندانی
رووی خۆش بۆ دۆست و هاوڕێیەکانی.

کاسییەس:

ئەگەر ئاوابێت، بروتەس، ئەمن
بەهەڵە چووٚوم
لەبارەی سۆزی دڵ و رەفتارت.
وە لەبەر ئەوە، ئا لەم دڵەمدا،
بیرێکی گەلێک گرنگ و هێژا،
دەشارمەوە،
پێویستی دەکا بە لێکدانەوە و
لێکۆڵینەوە. ئەرێ بروتەس،
کوڕی باش، رووی خۆت،
تۆ قەت دەبینی؟

بروتەس:

نا، کاسییەس، چونکە
چاو، خۆی نابینێت.
هەر مەگەر بەهۆی وێنەدانەوە،
لە شتێکەوە.[1]

کاسییەس:

راستە، ئاوایە. زۆر بەداخەوە،
ئاوێنەیەکی
ئاوات تۆ نییە، هێژای نادیارت،
بۆ چاوەکانت، عەکس بکاتەوە

---

١. وێنەدانەوە؛ وەکو دەنگدانەوە. دیواری بەرز دەنگ دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوەی دەنگەکە (دەنگ دەداتەوە). ئاوێنەش، وێنە دەگەڕێنێتەوە (وێنە دەداتەوە).

تا لەناویدا نرخت ببینی.
بیستوومە گەلێک
لە پایە بەرز و خانەدانانی
رۆما، لەبارەی بروتەس دەدوێن–
جگە لە کەیسەر، کەیسەری نەمر–
ئەوانەی لەژێر کەڵەمە و نەیری
ئەم چەرخە بەدە[١]
دەناڵێنن و دەڵێن؛ ئاخ، خۆزگە
ئەم "بروتەس"ە، چاوی هەبوایە.

بروتەس:

بۆ چ شوێنێکی پڕ لە مەترسی،
کاسییەس، بەتەمای تۆ من بنێری؟
لە من دەخوازی، لەناو دەروونی
خۆمدا، بگەڕێم بۆ ئەو شتانەی
کە لە ناویدا، نییە و نەبووە.

کاسییەس:

باشە گەر وابێت، ئەی "بروتەس"ی
باش، ئامادەبە،
گوێ لە من بگری؛ مادام ناتوانی
تۆ خۆت هێژایی و نرخت ببینی،
بێ ئەوەی شتێک وەکو ئاوێنە
عەکسیان بکاتەوە،
وا من بۆت دەبم بەو ئاوێنەیە؛[٢]

---

١. کەڵەمە؛ دوو بازنەن دەکرێنە ملی گاجووتەوە. بەو دوو بازنەوە نیلە (نەیر) دەبەسترێتەوە.
چەرخ؛ زەمان، یاخود چەرخی زەمان.
٢. بەو ئاوێنەیە؛ ئەو ئاوێنەیەی کە تۆ دەتوانیت نرخی خۆتی تێدا ببینیت.

بەبێ پێوەنان، ئەوەی تێتدایە و
خۆت ئاگادارنیت لێی و نایبینی،
بۆتی دەردەخەم. ها، "بروتەس"ی
خانەدان، نەکەی تۆ وابزانی
کە من یەکێکم خەڵک پێکەنینی
بە رەوشتم بێت. یان خۆشەویستیی
خۆم بێ نرخ بکەم بە دەربڕینی
بۆ هەموو کەسێک؛
گەر منت بینی ئەمن مەرایی
دەکەم بۆ کەسێ و
بە سنگمەوە لەشی دەگوشم،
ئەمجا لە دوایی ناوی دەشکێنم؛
یان خۆشەویستی زیاد لە پێویستی،
من دەردەبڕم
بۆ گشت ئەوانەی لە دەوراندەوری
خۆم دەیانبینم،
ئەوساکە دەبێت لە من بترسی. (دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و هاواری خەڵکەکە دێت)

بروتەس:

ئەم هاوارانە چین؟ من دەترسم،
گەلەکە کەیسەر
هەڵبژێرێت و بیکات بە مەلیک.

کاسییەس:

لەوە دەترسی؟ کەوابێت دەبێت
من وابزانم کە تۆ پەسندی
ئا ئەوە ناکەیت.

بروتەس:

نا، کاسییەس، نایکەم،
هەرچەندە ئەوم گەلێک خۆشدەوێت.
بەڵام تۆ بۆچی بۆ ماوەیەکی
ئەوەندە درێژ،
ئەمن لێرەدا گل دەدیتەوە؟
چییە ئەوەی تۆ
ئارەزووی دەکەی رامبگەیێنی؟
ئەگەر سوودێکی کەمیشی هەبێت
بۆ گەل بە گشتی، دەیکەم ناترسم.
چاوێکم شەرەف، دابنێی لەبەری
چاوەکەی ترم، مردن. من سەیری
هەردووکیان دەکەم بەبێ جیاوازی.
خوا ئاگادارە؛
ئەوەندەی نرخی شەرەفم دەگرم،
ئەوەندە لە مەرگ ئەمن ناترسم.

کاسییەس:

بروتەس ئەمن، بە دیمەتەوە،
جوانی دەروونی پاکت دەبینم.
ئابڕووە ئەوەی لەبارەی دەدوێین؛[1]
ناتوانم بڵێم ئایا چۆن ئێوە و
چۆن کەسانی تر، بیردەکەنەوە
لەم ژیانەمان.
بەڵام لەبارەی خۆم، ئەمە دەڵێم؛

---

١. بۆ بروتەس، ئابڕوو (شەرەف) ئەوەیە کە بەرگری لە بەرژەوەندیی هەموو کەسێک بکات. بەڵام بۆ کەیسەر، ئەوەیە کە بەرگری لە دەسەڵات و بەرژەوەندیی تەنیا خۆی بکات.

ئەمن نەبوونم پێ خۆشتر دەبێت
لەوەی بژیم و هەردەم بترسم،
لە یەکێک وەک خۆم.
منیش وەک کەیسەر،
سەربەرز و ئازاد هاتمە دنیاوە،
وە هەروەها تۆ؛ ئێمە هەردووکمان
لە بنەماڵەی
باش، وەکو کەیسەر، پەروەردە کراین.
ئێمەش، وەکو ئەو،
دەتوانین بەرگەی ساردی زستانان
بگرین و بژین.
تاکو جارێکیان،
وا لە رۆژێکی رەشەبا و باران،
تایبەر تووڕە بوو؛ شەپۆلی بەرزی
هەڵدەدا و دەیدا لە کەنارەکان.
کەیسەر، پێی گوتم؛ کاسییەس، دەوێری
ئا لەم ئاستەدا، تۆ لەگەڵ مندا
خۆت هەڵبدەیتە
ئا ئەم لافاوە هەڵچووە و بچی، (ئامـاژەی شـوێنێک لەوپەڕی رووبارەکـە دەکات)
بە مەلە، بۆ ئەو شوێنەی ئەوبەری؟
هەر لە وتاری بۆوە من یەکسەر،
بەجل و بەرگ و
ئەو زرێپۆشەی کە لەبەرما بوو،
خۆم هەڵدایە ناو ئاوەکە و گوتم؛
دەی دوام بکەوە.
ئەویش ئەوەی کرد؛ بەدوامەوە هات.

"لێزماو"ەکە هەر نەڕەنەڕی بوو[1]

ئێمەش بە زەبری ماسوولکەکانمان،

دژی تەوژمی هاژاوی خوڕی

بەرەو مەبەستمان ڕێمان دەبڕی.

بەڵام پێش ئەوەی بگەینە شوێنی

دیاریکراومان،[2] ١,٢,١١٠

کەیسەر هاواری لێ هەڵسا و گوتی

یارمەتیم بدە، ئەگینا کاسییەس،[3]

ها، من دەخنکێم! منیش چون ئێنیەس،[4]

---

١. لێزماو؛ ئاوێکی خوڕ، لافاو.

٢. دیاریکراو؛ نیشانەکراو.

٣. شێکسپیر، ئەم رووداوەی هەڵچنیوە بۆ ئەوەی تێمان بگەیێنێت کە کاسییەس خۆی لە کەیسەر بەهێزتر دەزانێت. بەڵام لە راستیدا، بە پێی پلۆتارخ، کەیسەر جگە لەوەی کە پیاوێکی زۆر بە دەسەڵات بووە، مەلەوانێکی زۆر باشیش بووە.

٤. باوکی ئێنیەس ناوی "ئەنخیسێس Anchises" دەبێت، یەکێک دەبێت لە بنەماڵەی شای تەروادە. گەنجێکی ئەوەندە کەشخە و جوان دەبێت کە ئەفرۆدیت، بانووخوای جوانی و خۆشەویستی، خۆی حەزی لێ بکات. رۆژێکیان لەو کاتەی کە ئەنخیسێس شوانی دەکرد لەسەر گردی "ئیدا Ida"دا، ئەفرۆدیت دێت بۆلای لە شێوەی کچێکی گەنجی زۆر جواندا. ئەنخیسێس حەزی لێ دەکات؛ ئەو شەوە پێکەوە لە جێگادا رادەبوێرن. بۆ بەیانییەکەی، ئەفرۆدیت، راستییەکە بە ئەنخیسێس دەڵێت؛ پێی دەڵێت کە بانووخوایە. ئەنخیسێس، زۆر دەورووژێت؛ دەترسێت بیکوژێت. بەڵام، ئەفرۆدیت، پێی دەڵێت؛ مەترسە، من ئێستا سکم پڕە بە کوڕی تۆوە. کەی لە دایک بوو، لێرەدا، لەسەر گردی ئیدادا، فریشتەکانم بەخێوی دەکەن تا تەمەنی پێنج ساڵی. لە دوای ئەوە دەیهێننەوە بۆ لای خۆت. بەڵام، ها، نەکەیت رۆژێک باسی ئەوەی کە ئەم شەو لە نێوان ئێمەدا رووی دا بگێڕیتەوە بۆ کەس.

رۆژێکیان، دوای ئەوەی کوڕەکەی بە پێج ساڵی دەهێننەوە بۆ لای، ئەنخیسێس، بە سەرخۆشییەوە، بۆ خۆهەڵکێشان باسی ئەو رووداوە دەگێڕیتەوە بۆ برادەرەکانی. زیوس، کە بە پێی ئەفسانەی یۆنانی، گەورەی هەموو خوایەکانە، یەکسەر برووسکەیەکی بۆ دەنێرێت شەلی دەکات. لەبەر ئەوە کە شەڕەکەی تەروادە دەست پێ دەکات، ئەو ناچێت بۆ جەنگ، لە ماڵەوە دەمێنێتەوە. "ئێنیەس"ی کوڕی، کە ئێستا مێردی کچی شای تەروادەیە، لەباتی ئەو دەچێت. لە دوایشدا کە تەروادە دەسووتێنرێت، "ئەخنیسێس"ی باوکی، لە ئاگرەکە=

باپیرە گەورەی باووباپیرمان،
لەناو ئاگری "تەروادە"ی سووتاو،
ئەو "ئەنخیسێس"ە
پیرەی دەرهێنا و خستییە سەر شانی؛
بەو جۆرە گیانی لە گڕ رزگار کرد.
ئاواش، "کەیسەر"ی ماندوو و داماوم،
من لە شەپۆلی تایبەر رزگار کرد.
ئەم پیاوە کەچی ئەوەتا ئێستا،
بووە بە خودا.
" کاسییەس"یش، ئا ئەم
نەگبەتە دەبێت بچەمێتەوە،
گەر کەیسەر هات و بە سەربادانی،
مەرحەبایەکی بێتامی لێ کرد.
کە لە ئیسپانیا نەخۆش کەوت و تا[1]
گرتی، فێی لێ هات،[2]
دیم کە چۆن هەموو لەشی دەلەرزی.
ئەوەی کە دەیڵێم، راستە؛ ئەم خوایە،[3]
ئەندامەکانی گشتی دەلەرزی؛

---

= دەردەهێنێت و لە سووتاندن رزگاری دەکات.
ئێنیەس، بە پێی ئەفسانەی رۆمانی، باپیرە گەورەی هەموو رۆمانییەکانە. سەیری پاشکۆی ئەم کتێبە بکە (دیدۆ، دامەزرێنەر و یەکەم بانووشای قەرتاجنە و "ئێنیەس"ی یاری)

١. ئیسپانیا، پارچەیەک بوو لە ئیمپراتۆرییەی رۆمانی. کەیسەر، بە سەرۆکایەتی لەشکرێکەوە، چووبوو بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی چەند هۆزێک لە دژی رۆما.

٢. بە پێی پلۆتارخ، کەیسەر، نەخۆشی "پەرکەم"ی هەبووە؛ فێی لێ دەهات. بۆ یەکەمین جار، گوایە لە ئیسپانیا، فێی لێ هاتووە. هەروەها زوو زوو تووشی سەرئێشە دەبوو. بەڵام قەت ئەوە پەکی لە جەنگکردن نەدەخست. بە پێچەوانە؛ ئەو، ئەرکی جەنگکردنی بە دەرمان دەزانی بۆ تەنی نادروستی.

٣. کە دەڵێت "ئەم خوایە"، بە گاڵتە پێکردنەوە دەیڵێت.

لێوە کرێتە تۆقاوەکانی
ڕەنگ و ژیانیان تێدا نەمابوو.[1]
ئەو چاوانەی کە، بە ڕوواندنیان،
سەرتاپا جیهان بە سام دادەگرن،
هەر بریسکەیان، تیادا نەمابوو.
گوێم لێی بوو کە چون کەیسەر دەینالاند.
ئەو زمانەی کە،
لە ڕۆمانییەکان، هەردەم دەخوازێت
گوێی لێ بگرن و وتارەکانی
لەناو دەفتەر و کاغەزەکانی
خۆیان بنووسن. زۆر بەداخەوە،
هاواری دەکرد، وەکو کچێکی
لاوازی نەخۆش؛ توخوا تیتینییەس،[2]
شتێکم بەرێ با بیخۆمەوە.
ئای خوایە سەرم لەوە سوڕماوە،
پیاوێکی هەندە ئارام لاواز و
بێتوانا، هەموو ئا ئەم وڵاتە
بەدەسەڵاتە،
داگیر بکات و بەتەنیا هەر خۆی
ئاڵای زاڵێتیی بەرز بکاتەوە.[3] (دەنگی بلوێر و خەڵکێکی زۆر دێت)

---

١. دیارە کاسییەس، " کەیسەر"ی خۆش ناوێت و ئارەزوو دەکات ناوی بشکێنێت. کەیسەر، ترسنۆک نەبوو، پیاوێکی زۆر ئازا و زانا و تێگەیشتوو و بەدەسەڵات بوو.

٢. تیتینییەس؛ ناوی یەکێکە لە یاوەرەکانی.

٣. کەیسەر، دیسانەوە بە پێی پڵوتارخ، پیاوێکی ئارام و لاواز و بێتوانا نەبووە. بە پێچەوانە، پیاوێکی ئازا و بەهرەوەر و دانا و ڕۆشنبیر بووە. وتاربێژێکی گەلێک وریا و زمانکراوە بووە. لە ڕۆمادا هەر مەگەر "سیسێرۆ Cicero" کە نووسەر و فەیلەسووف و رامیارێکی بەناوبانگی ئەوسای ڕۆما بووە، لە دواندن و وتاربێژیدا لەو بەتواناتر بووبێت.

بروتەس:

هەمدیسانەوە
خەڵکەکە دەنگی بەرز دەبێتەوە!
ئا ئەم هاوار و چەپڵەڕێزانە،
لەلای من وایە، کەیسەر نازناوی
گەورە و بەرزتری پێشکەش دەکرێت.

کاسییەس:

کابرا، ئەی بۆ نا؟ ئەو لاقەکانی
خۆی هەڵهێناوە بەسەر ئەم دنیا
تەسکەی ئێمەدا، وەکو کۆلۆسەس.[1]
ئێمەش، ئەم پیاوە وردانەی دەوری،
بەژێر ئەو لاقە گەورانەی ئەودا،
دەڕۆن و چاوی خۆمان دەگێڕین،
تەنیا بۆ گۆڕێک، گۆڕێکی ریسوا.
هەموو مرۆڤێک،
کاتێکی ئاوای بۆ رێک دەکەوێت،
کە تەنیا هەر خۆی،
خاوەن بڕیاری چارەنووسی بێت.
ئای "بروتەس"ی ئازیز، هەڵەکە،
خۆ لە ئەستێرەی "بەخت"ماندا نییە؛
لە خۆماندایە کە وا ژێردەستەین.

١. لە دوورگەی رۆدێس، کاتی خۆی، ئێستا رووخاوە، پەیکەرێکی "ئەپۆللۆ Apollo"ی زۆر گەورە هەبووە. ئەپۆللۆ بە پێی ئەفسانەی گریکی، یەکێکە لە خوا مەزنەکانیان. ئەو پەیکەرە ئەوەندە گەورە بووە، هەر پێیەکی لە دیوێکی بەندەرەکەیاندا بووە. کەشتییەکان، کە دەهاتن، بەژێریاندا تێدەپەڕین. ئەو پەیکەرە ئەوەندە گەورەبووە بە یەکێک لە حەوت شتە عەجایبەکانی دنیا دادەنرێت.

بروتەس و کەیسەر؛[١]
دە ئاخر کەیسەر، بۆچی تایبەتە؟
بۆچی ئەو ناوە،
زیاتر لە هی تۆ، دەنگ دەداتەوە؟
گەر بیاننووسی لەلای یەکەوە،
ناوت وەک ناوی، جوان دەنووسرێ.
دەنگیان بدەرێ؛
زار، وەک یەکتری، دەریان دەبڕێ.
گەر بیانکێشی،
هی تۆش وەک هی ئەو، گرانە سەنگی.
بەهۆی جادووەوە، گەر بانگی ناوی
"بروتەس" بکەیت، وەک ناوی" کەیسەر"
فریشتە و پەری زۆر، دەبزوێنێت.[٢]
تۆ، بەناوی خوا، تێم بگەیێنە،
ئەرێ چی دەخوا "کەیسەر"ی ئێمە،
کە ئاوا خێرا زوو گەورە دەبێت؟
زەمانە، دەبێت تۆ شەرمەزاربی![٣]
رۆما، تۆ ئیستا، پەروەردەی پیاوی
نەبەرد و ئازا و خانەدان ناکەیت!
ئەرێ لە کاتی

١. بروتەس، لە بنەماڵەیەکی زۆر بەڕێز و بەناوبانگی رۆما دەبێت. بەڵام کەیسەر لە بنەماڵەیەکی ئاسا دەبێت.
٢. هەر ناوهێنانی خوا، فریشتە و پەری دەبزوێنێت. ئەگەر ناوی ئەو پیرۆزبێت، ناوی تۆش وەک هی ئەو پیرۆزە.
٣. زەمانە، ئەرێ تۆ شەرم ناکەیت؟ پێویستە شەرم بکەیت، کە ئێمەت گەیاندۆتە ئەم بارودۆخە ناخۆشە.

لافاوە گەورە زلەکەوە قەت[1]
رووی داوە رۆژێک رۆما بە پیاوێک
زیاتر سەربەرز و ناودار نەبووبێت؟
هەتاکو ئێستا، لەبارەی رۆما،
قەت گوتراوە؛
دیوارە گەورە درێژەکانی،
دەوری هەر تەنیا یەک پیاویان داوە؟
رۆما، بەڕاستی زۆر چۆڵ بێت دەبێت
گەر تەنیا پیاوێک لەناویا بژی.
ئاه، ئێمە، من و
تۆ لە باوانی خۆمان بیستووە،
کە پیاوێک ناوی بروتەس بووە،[2]
پێی خۆشتر بووە؛ کە ئەهریمەنی
دزێو لە رۆما فەرمانڕەوا بێت،
لەوەی کە سوڵتان.

---

١. وەکو چۆن لە ئەفسانەی " گلگامش"دا باسی لافاوێکی گەورە کراوە و لە تەورات و ئینجیل و "قورئان"یشدا باسی لافاوەکەی کاتی نووح کراوە ، لە ئایینی کۆنی " گریک"یشدا، ئەفسانەیەکی ئاوا هەیە؛ گوایە "زیۆس Zeus" گەورەی خوایەکان، تووڕە بووە لە کردەوە ناڕەواکانی نەوەکانی ئادەم. لەبەر ئەوە لافاوێکیان بۆ دەنێرێت و هەموویان دەخنکێنێت جگە لە "دیوکالیۆن Deucalion". دیوکالیۆن، چونکە پیاوێکی باش دەبێت. زیۆس، پەیامی بۆ دەنێرێت کە کەشتییەک دروست بکات بۆ خۆی و "پیرها "Pyrrhaی ژنی. بۆ ئەوەی لە مردن رزگاریان بێت. ئەمە ئەفسانەیەکی گریکی کۆنە، شاعیری بەناوبانگی رۆمانی "ئۆڤید Ovid 43BC-17 AD" لە ناو شیعرەکانیدا گێڕاوێتییەوە.

٢. مارکەس بروتەس؛ یەکێکە لە نەوەکانی لوسییەس یونیەس بروتەس، ئەوەی کە ساڵی ٥٠٩ پ ز، سەرۆکایەتی شۆڕشی کرد لە دژی مەلیک و یەکەمین رژێمی کۆماری لە رۆمادا دامەزراند. لەبەر ئەوە لەناو کۆشکی پەرلەماندا، پەیکەرێکی گەورەی بۆ دانراوە، شمشێرێکی رووتی بە دەستەوە گرتووە و مەلیکەکان راودەنێت. لە پەراوێزی دێڕی (٢,١,٥٤) دا لەبارەی ئەو شۆڕشەوە بە درێژی نووسراوە.

بروتەس:

هیچ گومانێکم
نییە من لەوەی منت خۆش دەوێت.
بگرە دەزانم، چیت لە من دەوێت.
چۆن گەیشتمە ئەم باوەڕە و چۆن من،
ئا لەم زەمانە، بیردەکەمەوە،
دوایی پێت دەڵێم. بەڵام ئێستا من،
وەکو دۆستێکت، تکات لێ دەکەم،
هەوڵ مەدە زیاتر تۆ من، لاس بدەی؛
ئەوەی کە گوتت، لەسەرخۆ بیری
لێ دەکەمەوە. ئەوەی کە دەیڵێیت
لە ئایندەدا، بە ئارامەوە،
من گوێت لێ دەگرم.
کاتێکی ئاوا هەڵدەبژێرم،
کە بۆ هەردووکی؛
گوێ لێگرتن و وەڵامدانەوەی
بابەتی هەندە گرنگ بگونجێت.
تاکو ئەوساکە، یاری شیرینم،
بیر لەم وتەیەی من بکەرەوە؛
بروتەس، گەلێک پێی خۆشتر دەبوو،
جووتیارێک بووایە
لەوەی کە رۆڵەی رۆمانی بوایە،
لەم کاتە سەختەی کە تێیدا دەژین.

کاسییەس:

ئای چەند شادمانم،
کە وتە وردە لاوازەکانم،

گڕی لەنێوان دەروون و جەرگی
"بروتەس"دا وا، بەتین هەڵگیرسان. (کەیسەر و یاوەرەکانی دەردەکەون)
بروتەس:
ئەوا کۆتایی هات بە گەمەکان؛
کەیسەر هاتەوە.
کاسییەس:
ئێستا بێرەدا کە ڕۆیشتن، کاسکا،
تۆ بەلایەکدا، گەر رایبکێشی،
بە زمانێکی تاڵەوە باسی،
هەموو ڕووداوە گرنگەکانی
ئەمڕۆت بۆ دەکا.
بروتەس:
من ئەوە دەکەم. بەڵام کاسییەس تۆ،
تەنیا سەیرێکی چاوانی بکە
چ ئاژرێکیان لێوە دەبارێت.[1]
ئەوانەی تریش؛
دەستوپێوەند و نۆکەرەکانی،
دیمەیان گرژە.
ڕوومەتەکانی " کاڵپورنیا"ی ژنی،
زەرد هەڵگەڕاون.
لە تووڕەییدا، خۆ چاوەکانی
سیسێرۆ، هەر سوور[2]
سوور هەڵگەڕاون،

١. ئاژر؛ تووڕەیی، ڕق، غەزەب.
٢. سیسێرۆ (Cicero)؛ فەیلەسووف و نووسەر و رامیارێکی ڕۆمانیی گەلێک بەناوبانگ و گرنگە. لەبەر ئەوە بە باشم زانی کە هەندێک بە دووردرێژی لەبارەیەوە بنووسم. سەیری پاشکۆکانی ئەم پەرتووکە بکە.

هەر وەکو پشکۆی ئاگری گەشبن.
هەر وەک جارانی،
لە " کاپیتۆڵ"دا، کە دەمانبینی
لە کاتی وتووێژێکی توندا
لەگەڵ پیرەکان، کە تووڕە دەبوو.[1]
کاسییەس:
ئێستاکە کاسکا،
پێمان دەڵێت چی لەوێ رووی دەدا.
کەیسەر:
ئەرێ ئەنتۆنیۆ.
ئەنتۆنی :
بفەرموو، کەیسەر.
کەیسەر: (دوای ئەوەی کاسییەس دەبینێت چۆن سەیری دەکات)
تەنیا هەر پیاوی
رووخۆش و قەڵەو لە دەوروپشتی
مندا با هەبێت. ئەوانەی قژی
خاویان ساف و جوان
دادەهێنن و باش دەنوون شەوان.
ئا ئەو " کاسییەس"ە رووانیێکی
زۆر پیس و برسی و پیسکەڵەی هەیە.
ئەم پیاوە، گەلێک بیردەکاتەوە،
مرۆڤی ئاوا، مەترسی هەیە.
ئەنتۆنی:
نا، لێی مەترسە،
کەیسەر ئەم پیاوە، مەترسی نییە.

١. پیرەکان؛ سیناتۆرەکان (ئەندامەکانی مەجلیسی شیوخ)

ڕۆمانییەکی خانەدانە و هیچ
گێرەشێوێنی لەناودا نییە.[١]

کەیسەر:

من حەزم دەکرد کە قەڵەو بووایە.
بەڵام لە شتی وا من ناترسم
ئەگەر سروشتم ترسنۆک بووایە،
من هیچ پیاوێکی دیکە ناناسم،
زیاتر لە کاسییەس، حەزم کردایە
دووربمەوە لێی.[٢]
زیاد لە ئاسایی دەخوێنێتەوە و
تێبینی شتی ورد، خێرا دەکات،
بە کردە و کاری کەسان تێدەگات،
چی دڵ و گیانیان نیگەران دەکات.
وەک تۆ، ئەنتۆنی،
لە گەمە و یاری، هەوەسی نییە؛
گوێ لە ئاواز و گۆرانی ناگرێت،
بە دەگمەن مەگەر خەنین بیگرێت.
کە دەیشیگرێت، ئاوا دەیگرێت
هەر وەکو ریسوای گیانی خۆی بکا،
کە بە شتێکی ئەوەندە ڤاڵا،[٣]
خەنین دەیگرێت.
مرۆڤی ئاوا، وەک ئەم، قەت دڵی
ناحەسێتەوە، ئەگەر ببینێت

---

١. گێرەشێوێن؛ ئاژاوەچی

٢. ئەگەر ترسنۆک بوومایە، لە هەموو کەسێک زیاتر حەزم دەکرد لە کاسییەس دووربکەومەوە. کەیسەر هەست بەوە دەکات کە کاسییەس خۆشی ناوێت.

٣. ڤاڵا؛ بەتاڵ، بووت، پووچ، هیچوپووچ

پایەی مرۆڤێک لە خۆی بەرزترە.
جا لەبەر ئەوە، کەسێک لەم جۆرە،
مەترسی زۆرە.
زیاتر حەزدەکەم، کە تۆ بزانی؛
پێویستە لە چی مرۆڤ بترسێت،
لەوەی بزانی کە من دەترسم.[1]
ئەمن کەیسەرم،
وە هەردەم کەیسەر، دەمێنمەوە.[2]
لە دیوی راستم، وەرە بوەستە؛
گوێی چەپم ، کەڕە.
راستیم پێ بڵێ؛
تۆ چۆن لە کاسییەس بیر دەکەیتەوە؟
(کەیسەر و ئەنتۆنی پێکەوە لەگەڵ یاوەرەکانیان دەڕۆن)

کاسکا:

منت راکێشا،
ئایا دەتەوێت بدوێیت لەگەڵم؟

بروتەس:

ئا، کاسکا، ئەرێ ئەمڕۆ چی رووی دا
کە رووی کەیسەری وا گرژ کردووە؟

کاسکا:

ئا، بەڵام تۆ خۆت لەگەڵیدا بووی،
لەگەڵی نەبووی؟

---

١. کە سەیری رەوشت و کاروکردەوەی، یەکێک دەکات، تێدەگات چی دەروونی ئەو کەسە نیگەران دەکات. مەبەستی من زیاتر ئەوەیە کە تۆ بزانی لە چی پیاو پێویستە بترسێت لەوەی کە پێت بڵێم؛ من دەترسم.

٢. کەیسەر، پیاوێکی ئازا بووە و زۆر لە خۆی بایی بووبوو. دەڵێت من کەیسەرم؛ ناترسم و هەمیشە ئاوا دەمێنمەوە.

بروتەس:

ئەوسا لە "کاسکا"م

من، نەدەپرسی، ئایا چی رووی دا.

کاسکا:

ئەها،

"تاج"یان پێشکەش کرد.

بە دەست پاڵێکی،

ئاوا، پێوەنا و قبووڵی نەکرد.

لەبەر ئەوە بوو،

خەڵکەکە، ئاوا هاواری دەکرد.

بروتەس:

ئەی دووەم هاوار، ئەوەیان چی بوو؟

کاسکا:

ئەها، ئەوەشیان، بۆ هەمان هۆ بوو.

بروتەس:

سێ جار هاواریان، لێ بەرز بۆوە.

سێهەم جار چی بوو؟

کاسکا:

ئەها، ئەوەشیان، بۆ هەمان هۆ بوو.

بروتەس:

کەوابێت سێ جار، تاجیان پێشکەش کرد؟

کاسکا:

بەڵێ، بەمەریەم. هەر سێ جارەکە،

وەری نەدەگرت.

وە هەموو جارێک، ئا ئاوا نەختێک

بە شێوازێکی نەرم و نیانتر.

وە هەموو جارێک کە ڕەفزی دەکرد
ئەو خانەدانە بەڕێزانەی کە
لە تەنیشتمەوە لەوێ وەستابوون،
بە دەنگێکی بەرز، هاواریان دەکرد.

بروتەس:

کێ بوو ئەوەی کە پێشکەشی دەکرد؟

کاسکا:

بۆچی؟ ئەنتۆنی.

بروتەس:

دە پێمان بڵێ، ئەی " کاسکا"ی هێژا،
بە شێوەیەکی چۆن ئەوە ڕووی دا؟

کاسکا:

هەڵبواسرێم، ئاسانترە لام،
لەوەی ناچارم
بکەن بە ڕوونی، بیگێڕمەوە.
ئەوەی کە ڕووی دا، کەرێتییەکی
ئاوابوو سەیریم، بگرە، هەر نەکرد.
مارک "ئەنتۆنی"م دی
تاجی دەدایە، بەڵام بەڕاستی
ئەو تاجە نەبوو؛ هەر گوڵبەندێک بوو.
وەکو پێم گوتی؛ ئەو لێی وەرنەگرت.
لەگەڵ ئەوەشدا من وادەزانم
پێی خۆشتر دەبوو گەر وەری بگرێ.
ئەویش، سەرلەنوێ، هات پێشکەشی کرد.
وەک جاری پێشوو وەری نەگرت لێی.
بە پێی باوەڕی خۆم، وادەزانم،

زۆر پێی ناخۆش بوو،
پەنجەکانی خۆی لێ بکاتەوە.[1]
بۆ سێهەمین جار، هات پێشکەشی کرد.
وە هەموو جارێک کە ڕەفزی دەکرد،
هەراوهوریایەک،
لەناو خەڵکەکە، زوو بەرز دەبۆوە و
بە دەستە زبرە درزبردووەکانیان[2]
چەپڵەی ناسازیان لێدەدا و هەموو،
کڵاوە پیسە چڵکنەکانی
خۆیان، بۆ ئاسمان هەڵدەدا و هەموو
گشت دەیانقیژان، لەبەرئەوەی کە
کەیسەر تاجەکەی ڕەفز دەکردن.
بە قیژەقیژیان،
هەناسە پیسە بۆگەنەکانیان،
هەواکەی ئاوا پڕ پڕ کردبوو،
" کەیسەر"یان خنکاند؛
لە جێگەی خۆیدا بوورایەوە و کەوت.
کە دیم، نەموێرا پێی پێبکەنم
تا لێوەکانی خۆم نەکەمەوە و
هەوای بۆگەنی ئەوێ هەڵمژم.

کاسییەس:
توخوا بوەستە، با لێت بپرسم؛
بەڕاستی کەیسەر، بووڕایەوە و کەوت؟

١. کەیسەر، زۆر پێی ناخۆش بوو پەنجەکانی خۆی لە تاجەکە بکاتەوە.
٢. هەندێک کەس، بە سەرما، پێستی دەستەکانیان درز دەبات. بەتایبەتی لەناو چینە هەژارەکاندا. لێرەدا مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ هەژارەکان چەپڵەیان بۆ لێدەدا.

کاسکا:

لەناو بازاڕدا، بووڕایەوە و کەوت،
کەف لە دەمییەوە دەهاتە دەرێ و
دەنگی نەدەکرد.[١]

بروتەس:

زۆر لەوە دەچێ
نەخۆشی" کەوتن" گیانی گرتبێ.[٢]

کاسییەس:

گیانی " کەیسەر"ی
هیچ نەگرتووە،" کاسکا"ی بە ڕێزم،
نەخۆشی کەوتن، ئێمەی گرتووە.[٣]

کاسکا:

بەوەی کە دەیڵێیت، من تێنەگەیشتم
مەبەستت چییە.
بەڵام گۆمانم نییە کە ئەو، کەوت.
خەڵکە نەفامە ساکارەکانی
دەوری بە گشتی، یان چەپڵەیان بۆ
لێدەدا یاخود،
هووها و هاواریان لە دەم دەردەچوو،
هەر کەسە بە پێی ئەوەی بە وتەی
کەیسەر کەیفی دێت، یاخود پەست دەبێت.
ئەگەر وا نەبوو، دەتوانیت بڵێیت؛

---

١. کەیسەر، نەخۆشی "پەرکەم"ی هەبوو؛ جاربەجار فێی لێ دەهات

٢. نەخۆشی کەوتن؛ پەرکەم، فێ لێهاتن.

٣. لێرەدا کاسییەس، وشەی ' کەوتن' بە مانای کەوتوو (ساقط) بەکار دەهێنێت. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ ئێمە کەوتووین چونکە ڕێزی خۆمان ناگرین. ئەگەر ڕێزی خۆمان بگرتایە، یەکێکی وەک کەیسەر نەیدەتوانی ئاوا بەسەرماندا خۆی زاڵ بکات.

تۆ، درۆزنی.

بروتەس:

ئەی باشە کەیسەر،
چی گوت کە هۆشی هاتەوە بەری؟

کاسکا:

سوێندت بۆ دەخۆم؛ لە پێش کەوتنی،
کە هەستی پێ کرد،
خەڵکە ساکارە نەفامەکانی
دەوری شادمان بوون
بەوەی تاجەکەی ئاوا رەفزکرد،
یەکسەر دەستی برد بۆ دوگمەکانی
یەخەی جلەکەی
کردەوە و سەری لێوە دەربڕی.
گوتی دە فەرموون گەرووم ببڕن.
ئەگەر پیاوێکی بە کرد بوومایە و[١]
داخوازەکەیم نەهێنایە دی،
من لەگەڵ هەموو تاوانبارێکی
تردا، بۆ دۆزەخ، رێی خۆم دەبڕی.[٢] ١,٢,٢٦٠
کەوت، وەک پێم گوتی.
کە دیسانەوە هۆشی هاتە بەر،
بەرز بۆوە و گوتی؛
گەر وتەیەکی یان کردەیەکی
بەد و نارەوام رۆژێک کردبێت،

١. پیاوی بە کرد؛ ئەو پیاوەی کار دەکات، نەک هەر قسە دەکات (Man of action)

٢. ئەگەر بە کرد بوومایە و گەروویم نەبڕییایە، وەکو هەموو تاوانبارێک شایانی دۆزەخ دەبووم. بەڵام چونکە من کاری ئاوام پێ ناکرێت، خوا لێم دەبوورێت.

ئومێدم وایە، ئێوە بزانن،
کە نەخۆشییەکەم هۆیەکەیەتی.
سێ چوار ژنی گەنج، لەلای منەوە
لەوێ وەستابوون، قیژانیان گوتیان؛
داخی گرانمان، ئەی گیانی هەژار،
بە هەموو دڵ و جەرگەوە ئێمە،
لە تۆ دەبوورین. (روو دەکاتەوە بروتەس)
تۆ گوێ مەدەرە ئەوانە بەخوا،[1]
دایکەکانیشیان،
بەدەستی کەیسەر، گەر کوژرابن
ئەوەیان دەگوت.

بروتەس:

دوای ئەوە ئاوا،
بە دیمەیەکی خەفەتبارەوە،
ڕۆشت، دوورکەوتەوە؟

کاسکا:

ئا.

کاسییەس:

ئەرێ سیسێرۆ، هیچی نەدەگوت؟

کاسکا:

با، بە گریکی، کەمێک دواندی.[2]

کاسییەس:

ئایا گوتی چی؟

---

١. ئەوانە؛ ئەو ژنانە. ئەو ژنانە، چونکە کەیسەریان خۆش دەوێت، ئەگەر دایکەکانیشیان بکوژێت هەر ئەوە دەڵێن.

٢. گریکی؛ زمانی گریکی

کاسکا:

له کوێ دەزانم. ڕەببی جارێکی
تر ڕووت نەبینم، گەر وتەیەکی
لێ تێگەیشتبم.[١]
بەڵام ئەوانەی لێی تێدەگەیشتن،
بە خەنینێکی نەرمەوە سەیری
ڕووی یەکترییان
دەکرد و سەری خۆیان بادەدا.
ئا ئەوەش لای من هەر گریکی بوو[٢]
هەواڵی ترم پێیە پێت بڵێم؛
فلاڤییەس و
مورێللەس هەردووک،
لەبەرئەوەی کە نەخش و نیگاریان،
لە بتەکانی قەیسەر دادەگرت، ١,٢,٢٧٥
بێ دەنگ کراون.[٣]
ئەسپەردەی خوابن.
کەرێتی ترم لەوێدا بینی
بەڵام هیچیانم، نایەتەوە بیر.

کاسییەس:

دەڵێیت چی ئەمشەو،
نانی ئێوارە پێکەوە بخۆین؟

---

١. ڕەببی کوێربم ئەگەر من لە زمانی گریکی تێبگەم.

٢. من لەو پێکەنین و سەر بایانەش هیچ تێ نەگەیشتم.

٣. فلاڤییەس و مورێللەس، نوێنەری گەلەکە بوون لە پەڕلەماندا. ئیشیان ئەوەبوو بەرگری لە مافی خەڵکی ساکار بکەن. بەپێی پلۆتارخ، کە کەیسەر زانی نەخش و نیگاریان لە بتەکانی داگرتووە. لە ئیش دەری کردن. بەڵام لێرەدا دوور نییە، شێکسپیر، مەبەستی ئەوە بێت کە کوژرابن.

کاسکا:

ئەمشەو ناتوانم. ژووانم هەیە.[1]

کاسییەس:

سبەی ئێوارە، کاسکا، دەتوانی
بێیت بۆلام نانی
ئێوارەکەمان پێکەوە بخۆین؟

کاسکا:

ئا،
گەر بە زیندوویی
مامەوە و ئەتۆ رای خۆت نەگۆڕی.
خواردنەکەشت، ئەوە بهێنێت.

کاسییەس:

دە باشە سبەی من چاوەڕوانی
هاتنت دەکەم.

کاسکا:

ئەسپەردەی خوابی. سبەی دەتبینم. (کاسکا دەڕوات)

بروتەس:

ئای کە سواوە مێشکی ئەم پیاوە،
تا گەورەبووە.
لە خوێندنگادا، لەگەڵمدا بوو.[2]
مێشکێکی زۆر چالاکی هەبوو.

کاسییەس:

ئێستاش ئاوایە، وەکو جارانی،
بۆ کارکردن و بەدیهێنانی

---

١. ژووان؛ مەوعد

٢. خوێندنگا؛ مەکتەب

کاری جوامێری.
مێشکی خاو نییە؛ خاوی دەنوێنێت.
ئا ئەو خاوییە، وەکو سۆس وایە؛
تامی وتارە زۆر تفت و زبرە
زیرەکەکانی، بەلەزەت دەکات؛
ئاسانتر گەدەی پیاو هەرسی دەکات.
بروتەس: (پێدەکەنێت)
دەدەی، با وابێت.
ئێستاکە دەبێت ئیتر من بڕۆم.
سبەینێ ئەگەر ئارەزوو دەکەیت
لەگەڵم بدوێیت،
من بۆ ماڵەوە، دێم سەرت دەدەم.
یان بۆ ماڵەوە، خۆت وەرە بۆلام.
چاوەڕوان دەبم.
کاسییەس:
دە باشە من دێم. تاکو دەتبینم،
تۆ لەم دنیایە، بیربکەرەوە. (بروتەس دەڕوات. کاسییەس بەدەم خۆیەوە)
بەڵێ بروتەس، تۆ خانەدانی،
بەڵام دەتوانم بڵێم "بووژەن"ی
خانەدانی تۆ، خواردەکرێتەوە.[1]
هەمیشە خاوەن باوەڕوبیری
بەرز و خانەدان، لەگەڵ هاوتاکی
خۆیاندا رادێن.
هەیە ئەوەندە رەق و پتەوبێت،

١. بووژەن؛ مادده، مەعدەن. ئەو بووژەنەی تۆ لێی دروست کراویت، خوار دەکرێتەوە؛ بەئاسانی لاس دەدرێیت.

قایل نەکرێت؟
لەلای کەیسەر من، ئێسک گرانم.
بەڵام بەڕاستی ئەو "بروتەس"ی
گەلێک خۆش دەوێت.
گەر من بروتەس، بوومایە و ئەویش
لە جێی من بوایە، قەت نەیدەتوانی
بمخەڵەتێنێت. ئەم ئێوارەیە،
من چەند نامەیەک، هەر دانەیەکی
بە دەستخەتێکی جیاواز دەنووسم،
جا لە پەنجەرە کراوەکانی
ماڵەکەیەوە،
هەڵیان دەدەمە ناو نیشتەجێکەی.
وا دەیان نووسم کە وابزانێت
هاووڵاتانی جیاواز لە ڕۆما،
بۆیان نووسیوە
کە خۆشیان دەوێ و ئومێدیان بەوە.[1]
چەند "وشەیەک"یش هەڵدەدەم بەرەو
بەرزخوازی کەیسەر.
دوای ئەوە دەبێت،
کەیسەر لە ئاستی خۆی دابنیشێت.[2]
یان ئامادەبێت
بۆ دوارۆژێکی زۆر گران و سەخت.

١. ئومێدیان بە "بروتەس"ە کە بەڵکو ڕزگاریان بکات.
٢. دوای ئەوەی ئەو نامـانە دەگەن بەدەست بروتەس و دەیانخـوێنێتـەوە، کەیســەر دەبێت ئیـتـر لە ڕادەی خۆی دەرنەچێت. ئەگینا دوارۆژێکی سەخت و گران چاوەڕوانی دەکات.

## دیمەنی ١,٣

سیسێرۆ و کاسکا هەر یەکەی لە لایەکی شانۆکەوە دێنە ژوورەوە.

سیسێرۆ:

ئێوارەیەکی
باش، ئەرێ کاسکا،
ئەتۆ " کەیسەر"ت بردە ماڵەوە؟
بۆچی کەوتوویتە
هەناسەبڕکێ و ئاوا سەیر دەکەیت؟

کاسکا:

ئەی سام ناتگرێت
لە کاتێکدا کە زەمین دەلەرزێت
وەکو شتێکی داچەسپاو نەبێت؟
ئای سیسێرۆ ئای،
گەرداوی دڕی ئاوام بینیوە،
زریانی تووڕەی، داربەڕووی زلی
بە خاکدا داوە و دەریای سک برسی
هەڵچواندووە و ئاوی کەفاویی[١]
چووە بە گژی هەور لە ئاسماندا.
بەڵام تا ئەمشەو یان تاکو ئێستا،
تووشی گەرداوی ئاوا نەبووم
گڵۆڵەی ئاگر

١. ئاوی کەفاویی؛ ئاوی کەفاوی دەریاکە.

له ئاسمانەوە بۆ خاک هەڵبدا.
یان له ئاسماندا جەنگێن روودەدا،
یان جیهان هەندە خوایەکانمانی
تووڕە کردووە،
بڕیاریان داوە وێرانی بکەن.
سیسێرۆ:
ئەی شتی تری نامۆت نەبینی؟
کاسکا:
با " کۆیلە"یەکم لەوێدا بینی،
تۆ خۆت دەیناسی. (دەستی چەپی خۆی بەرز دەکاتەوە)
وا، دەستی چەپی بەرز کردبۆوە و
گڕوئاگری لێوە دەباری.
وەک بیست شاپڵیتە
هەموو پێکەوە بسووتێن وابوو.
کەچی دەستیشی
هەر وەکو هەستی پێ نەکات وابوو؛
هیچ نەدەسووتا. سەرەڕای ئەوە—
ئەمن لەوساوە، شمشێرەکەی خۆم
نەخستۆتەوە ناو کێلانەکەی—
شێرێکم بینی
وەستابوو لەلای "کاپیتۆڵ"ەوە.
ئاوا چاوێکی تێ بڕیم و ڕۆیشت،
بێ ئەوەی توخنی من هیچ بکەوێت.
کۆمەڵێک ژنی تۆقیوم بینی،
ئاوا سەد ژنێک،
ترس شێوەیانی گشت شێواندبوو،
سوێندیان دەخوارد بۆم، کە پیاویان دیوە،

سەرتاپا ئاگر،
لەسەر جادەدا پیاسەی کردووە.
دوێنێش باڵندەی شەو نیشتۆتەوە،
لەناو بازاڕدا، کاتی نیوەڕۆ و
دەستی کردووە بە قیژە و خوێندن.
ئەم هەموو شت و دیاردانە ئاوا
کە ڕێک دەکەون، با نەڵێین بۆنەی
ئەوانە تەنیا ئەمە و ئەوەیە،
وە ڕووداوێکی زۆر سروشتییە.
چونکە لام وایە، ئەمانە تەنیا
پێشەکییەکی پەست و بەیوومە
بۆ ئەو ئاژاوە و کاوڵییەی کە
چاوەڕوانمانن.
سیسێرۆ:
بەڵێ بەڕاستی کاتێکی گەلێک
سەیر و نامۆیە. بەڵام هەر کەسێک،
هەمیشە بە پێی
بیروباوەڕی خۆی شت دەبینێت.
جا لەبەر ئەوە، شتەکە تەواو
پاک دەکەنەوە، لە مەبەستی خۆی.
سبەینێ کەیسەر دێت بۆ کاپیتۆل؟
کاسکا:
دێت.
بە "ئەنتۆنیۆ"شی گوتووە کە بێت
بڵێت؛ سبەینێ ئەو لەوێ دەبێت.
سیسێرۆ:
شەوباش، کەوابێت،

ئا ئەم ئاسمانە تێکچووە، کاسکا،
بۆ پیاسە نییە.
کاسکا:
دەدەی سیسێرۆ، ئەسپەردەی خوابی.
(سیسێرۆ دەڕوات. کاسییەس دەردەکەوێت)
کاسییەس: (لە دەرگا دەدرێت)
ها، کێ لەوێیە؟
کاسکا:
رۆمانییەکە.
کاسییەس:
کاسکا، بە دەنگتدا دەتناسمەوە.
کاسکا:
دیارە گوێیەکی زۆر باشت هەیە.
کاسییەس، سەیربکە، ئای چۆن شەوێکە!

کاسییەس:
بۆ پیاوی جوامێر، شەوێکی باشە.
کاسکا:
ئای ، کێ دەیزانی،
گەردوون، بەم جۆرە، هەڕەشە دەکا.
کاسییەس:
تەنیا ئەوانەی کە دەیانزانی،
ئەم سەرزەمینە، ئەوەندە پڕە
لە شتی گەندە.
لەبارەی من خۆم،
بە جادەکاندا رۆیشتم و گیانی

خۆم دایە دەستی
شەوی سامناک و گشت دوگمەکانی
کراسی بەری خۆمم کردەوە،
بەسنگێکی وا رووتوقووتەوە،
وەکو دەبینی، چووم بەرانگاری
گرمە و ئاژری هەورەکان بکەم.
ئا لەو کاتەی کە،
برووسکەی شین و دووکەرت ئاسمانی
هەڵدەتڵیشان، خۆمم پێشکەش کرد
تا بەڵکو ببم من بە نێچیری.

کاسکا:

باشە لەبەر چی تۆ بەرانگاری
گەردوونت دەکرد؟
پیاو لەسەریەتی بترسێ و گیانی
بلەرزێ کە خوا مەزنەکانمان،
پەیامبەری وا دڕ و سامناکمان،
بۆ دەنێرن تا بمانتۆقێنن.

کاسییەس:

کاسکا، لام وایە
گەلحۆ و کەودەنی.
ئەو گیانەی لەناو دڵ و دەروونی
رۆمانییەکاندا دەبریسکێتەوە
لە تۆدا نییە.
یان تۆ بە کاری دیارە ناهێنی؛
زەرد هەڵگەڕاوی و ترس دایگرتووی،
وە بە دوو چاوی پڕ نیگەرانی

سەیری سروشتی
دەورت دەکەیت و بەسەرسوڕماوی،
تۆ چاوەڕوانی
تۆڵەی نائاسای گەردوونمان دەکەی.
ئەگەر بە راستی ئارەزوو دەکەی
بزانی، بۆچی ئەم ئاگرانە،
ئەم تارمایییە و ئا ئەم خێوانە
لە دەوران دەورمان دەخولێنەوە؛
بۆچی ئاژەڵ و باڵندە ئاوا
سروشت و رەوتی خۆیان دەگۆڕن؛
بۆ پیرەمێرد و کەودەن و منداڵ،
بوون بە پێشبین و دواڕۆژ دەبینن.[1]
ئەمانە بۆچی لە سروشت و رەوتی
ئاسایی خۆیان، لایانداوە و بۆ
رەوتی کێوییان هەڵبژاردووە.
تێدەگەیت بۆچی گەردوون بۆ تووشی
جنۆکە و خێوی ئاوامان دەکات؛
وەک پەیامبەری سامناک ئەوانە
دەنێرێت بۆمان،
بۆ ئەوەی ئێمە ئاگادار بکات
کە رووداوێکی زۆر سەخت و سامناک،
وا چاوەڕوانی هەموومان دەکات.
ها، کاسکا، ئێستا حەزدەکەیت ناوی

١. پیرەمێرد؛ پیاوی بەتەمەنی دانا. کەودەن؛ ریژگاو، گەلحۆ. لێرەدا مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ بارودۆخەکە ئەوەندە ترسناکە هەموو کەسێک (پیرەمێردی دانا، پیاوی نەزان، منداڵ) وا لێ دەکات بیر لە دواڕۆژی خۆی بکاتەوە.

پیاوێک بهێنم،
کە زۆر لەم شەوە ترسناکە دەچێت؛
گرمە و برووسکەی دەنگ دەداتەوە،
لە گۆڕستاندا، گۆڕ دەکاتەوە،[1]
لە " کاپیتۆڵ"دا،
وەکو شێر ناڵە و نەڕەنەڕی دێت–
خۆشی پیاوێکە
هیچ زیاتر نییە لە من یان لە تۆ.

کاسکا:

ئایا مەبەستی تۆ کەیسەر نییە؟

کاسییەس:

جا هەرکەسێک بێت.
ڕۆمانییەکانی ئێستاش هەر وەکو
باوک و باپیریان، قاچ و پێی و دەستی
توانایان هەیە.
بەڵام، ئاخ داخی گەلێک گرانم،
بۆ ئەم زەمانەی، وزەی چالاکی
باوکمان مردووە و هی دایکەکانمان،
جێگەی گرتووە.
کەڵەمە و نیلە و چەوسانەوەمان،[2]
وای پیشان دەدن، کە وزەی ژنمان[3]
لە دەرووندایە.

کاسکا:

وایە وەک دەڵێیت؛ دەڵێن سبەینێ

---

١. کەیسەر ڕێزی کەس ناگرێت؛ نە زیندوو نە مردوو.
٢. کەڵەمە؛ ئەو دوو ملوانەیەی دەکرێنە ملی جووتێک گا و بە نیلە بە یەکترییەوە دەبەسترێنەوە.
٣. وزە؛ ئازایەتی

سیناتۆرەکان،
بەتەمان کەیسەر، بکەن بە "شا"مان.
لە هەموو جێیەک بتوانێت تاجی
بکاتە سەری
هەر جگە لێرە، لە ئیتالیادا.[1]

کاسییەس:
ئەگەر ئاوابێت، من دەزانم کوێ (ئاماژەی دڵی خۆی دەکات)
دەکەم بە " کیف"ی ئەم خەنجەرەی خۆم؛[2]
کاسییەس، دەزانێت چۆن لە کۆیلەیی
خۆی رزگاردەکات.
(توند دەسکی خەنجەرەکەی دەگرێت و سەیری ئاسمان دەکات)
خوایەکان بەمە،
مرۆڤی لاواز پڕ بەهێز دەکەن.
خوایەکان بەمە،
بەسەر زۆرداردا هەژار زاڵ دەکەن.
ئێستاکە ئیتر نە سەنگەری بەرد،
نە زندانی تەسک، نە کۆتی پۆڵا،
دەتوانن گیانی سوور لەسەر بەندکەن.
چونکە کە ژیان، باش ماندوو دەبێت
لە کۆت و بەندی ئەم زەمانەمان،
هەمیشە هێزی هێندە تیا دەبێت
بە هەبوونی خۆی کۆتایی بێنێت.

---

١. بە پێی مێژوونووسی گریکی، پلوتارخ، فاڵچییەکان پێشبینی ئەوەیان کردووە کە سوپای رۆمانی تەنیا بە سەرۆکایەتی "شا"یەک دەتوانێت سوپای فارسەکان ببەزێنێت. لەبەر ئەوە پیرەکان بڕیاریان داوە کە کەیسەر بکەن بە شا و تاجی بدەنێ. بەڵام تەنیا لە دەرەوەی ئیتالیا بتوانێت ئەو تاجە لەسەری خۆی بکات.

٢. کیف؛ کێلان، بەرگی خەنجەر. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ من خۆم دەکوژم.

ئەگەر من ئەمە،
بزانم هەموو جیهان دەیزانێت؛
ئەو زۆردارەی کە
لەژێر چەپۆکی دەچەوسێمەوە،
زۆر باش دەتوانم لە مل و شانی
خۆم بیتەکێنم.[1] (دەنگی گرمەگرمی هەور دێت)

کاسکا:
منیش دەتوانم؛
هەموو کۆیلەیەک،
لە دەستەکانی خۆیدا وزەیەک
هەڵدەگرێت کە پێی، بتوانێت گیانی
خۆی لە کۆیلەیی و شەرم رزگار بکات.

کاسییەس:
ئاخر چۆن کەیسەر بووە بە زۆردار؟
ئا ئەو هەژارە، قەت نەیدەتوانی
خۆی بکات بە گورگ گەر نەیدەزانی
کە رۆمانییەکان، بزن و مەڕن.
نەشدەبوو بە شێر گەر رۆمانییەکان،
نەبوونایە بۆی بە ئاسکی مێ.
پیاو بە خێرایی کە ئاگرێکی
زل دەکاتەوە،
بە وردە چیلکە دەستی پێدەکا.
ئای رۆما دەبێت، نرخی چەند کەم بێت،
گەر وەکو زبڵ و سەرکۆزەر تەنیا
بەکار بهێنرێت

١. بە کوشتنی خۆم، زۆردار لە مل و شانی خۆم دەتەکێنم

بۆ هەڵگیرسانی جۆرە ئاگرێک،
دیمەی شتێکی ئەوەندە ریسوا،
وەک ئەم کەیسەرە، رووناک کاتەوە؟[1]
بەڵام ئای خوایە،
بۆ کوێ تۆ منی هەژار دەنێری؛
دوورنییە ئەوەی من لەبەر دەمی
ئێستاکە دەدوێم، پیاوی کەیسەر بێت.
دەزانم دەبێت
خۆم بەرپرسیاری وتەکانم بم.
بەڵام ئامادەم بۆی و ناترسم.

کاسکا:
لەگەڵ "کاسکا"دا، ئاخر تۆ دەدوێیت
لەگەڵ پیاوێکی ئاوادا کە قەت
چەنەبازی وا لە دەم دەرناچێت.
ها، ئەوە دەستم. جووڵەیەک بکە
بۆ تیمارکاری
ئەوەی کە ئاوا سوێدارت دەکا،
من ئەم پێیەی خۆم، دەخەمە جووڵە؛
وا بەتین دەڕۆم؛
لەگەڵ ئەوانەی پێشەوە دەڕۆم.[2]

کاسییەس: (لەگەڵ کاسکادا دەستی یەکتری دەگوشن)
ئەوا رێککەوتین لەگەڵ یەکتری.
ئێستا تۆ کاسکا، دەبێت بزانی

١. کەیسەر، بە ناوبانگ و خاوەن دەسەڵات بکات.
٢. دەڵێت من "کاسکا"م؛ لەبارەی ئەوەی گوتت من چەنەبازی ناکەم و نایگێڕمەوە بۆ کەس. ئەگەر شتێک بکەیت لە دژی کەیسەر من یەکێک دەبم لەوانەی کە لەپێشەوە دەبێت.

که جووڵەیەکی ئاوام کردووە؛
ژمارەیەکی وام سازکردووە
لەو رۆمانییە خانەدانەی کە
ئامادەن لەگەڵ مندا هەڵبسن
بە کردەیەکی
سەربەرزکەر بەڵام، پڕ لە مەترسی
ئێستاکە ئەوان، لە هەیوانەکەی
بەردەم هۆڵەکەی "پۆمپەی" وەستاون،[١]
چاوەڕوانی من لەوێدا دەکەن.
چونکە ئێستاکە
شەوێکی هێندە دڕ و سامناکە،
لەسەر جادەکان، نە هاتوچوویەک
نە بزوێنەوە هەیە و روخساری[٢]
سروشت لەو کارە
دڕ و خوێناوی و سامناکە دەچێت،
ئەوەی بەتەماین بیهێنینە دی؛
خوێن لەگەڵ خۆڵ و گڕ تێکەڵ دەبێت. (سیننا دەردەکەوێت)

کاسکا:

لاچۆ بۆ تاوێک. ئەوەتا یەکێک،
زۆر بە خێرایی، بەرەو ئێرە دێت.

کاسییەس:

ئەوە "سیننا"یە، بە رەوتەکەیدا

---

٢. پۆمپەی؛ ژەنەراڵێکی بەناوبانگ بووە. لە خانەدانە دەوڵەمەنەکانی رۆما بووە. لەسەر حسابی خۆی هۆڵێکی گەورە و جوانی بینا کردبوو بۆ کۆبوونەوە و شانۆگەری. هۆڵەکەی بە ناوی خۆیەوە ناو نابووە "هۆڵی پۆمپەی".

٣. چونکە کەس لەسەر جادەکاندا نییە، لەبەر ئەوە لەوە ناترسین کە کەس جاسووسی بەسەر ئێمەدا بکات.

دەیناسمەوە. دۆستە، مەترسە!

سیننا، وا خێرا تۆ بۆ کوێ دەچی؟

سیننا:

بۆ تۆ دەگەڕام. ئەرێ ئەوەی کە (لە تاریکییەکەدا کاسکا دەبینێت)

لەوێیە، کێیە؟ مێتێللەس سیمبێر؟

کاسییەس:

نا، نا " کاسکا"یە، ئەویش یەکێکە

لە تێکۆشەران؛ لەگەڵماندایە.

ها، سیننا، ئەرێ

کەس چاوەڕوانی من دەکات لەوێ؟

سیننا:

گەلێک پێم خۆشە ئەوە ببیستم.[1] (سەیری هەردووکیان دەکات)

ئای کە شەوێکی دڕ و سامناکە!

دوو یان سێ کەسێ، لە ئێمە خێو و

تارمایی و شێوەی نامۆیان دیوە.

کاسکا:

کێ چاوەڕوانی من دەکات لەوێ؟

ئاخر پێم بڵێ.

سیننا:

بەڵێ بەشوێنتدا، وەستاون لەوێ.

ئاخ کاسییەس خۆزگە،

خۆزگە دەتتوانی

تۆ بروتەسی خانەدان تاوکەیت،[2]

لەگەڵماندا بێت.

---

١. ببیستم کە کاسکا لەگەڵماندایە.

٢. تاوکردن؛ قایلکردن، رازیکردن.

کاسییەس:

سیننا، پیاوی باش، تۆ خەمت نەبێت. (چەند کاغەزێکی دەداتێ)
ها ئەم کاغەزە بەرە و دایبنێ
لەسەر کورسییەکەی دادپرس، بۆ ئەوەی.[1]
بروتەس کە هات یەکسەر بیبینێت.
ئەمەشیان هەڵدە
تۆ لە پەنجەرە کراوەکانی ماڵەکەیەوە،
بۆ ناو ژوورەکەی.
ئەمەشیان بە مێو، تۆ هەڵبواسە
بەسەر پەیکەری باپیرەگەورەی.[2]
کەی ئەمانەت کرد
جا یەکسەر وەرە بۆ هەیوانەکەی
هۆڵەکەی پۆمپەی.
لەوێدا هەموو ئێمە دەبینی.
دێسییەس بروتەس و ترێبۆنییەس لەوێن؟

سیننا:

هەموویان لەوێن جگە لە سیمبێر،
ئەو رۆیشتە دەرێ بۆ ماڵی ئێوە،
تا بە شوێنتدا لەوێ بگەڕێ.
باشە من خێرا ئەوەتا دەڕۆم
بە پێی داخوازیت، کاغەزەکانی
تۆ دابەش دەکەم.

---

١. دادپرس؛ دادوەر

٢. یەکێک لە باپیرە گەورەکانی بروتەس، ئەویش هەر ناوی بروتەس بوو، سەرۆکایەتی شۆڕشێکی کرد بۆ رووخاندنی حوکمی مەلیکی و دامەزرانی حوکمی کۆماری. راست لەبەردەمی "کاپیتۆڵ"دا کاتی خۆی پەیکەرێکی گەورەی هەبووە. لێرەدا مەبەستی لەو پەیکەرەیە. (سەیری پەڕاوێزی ڕێری ٢,١,٥٤) بکە.

کاسییەس: (دووبارە دەیخاتەوە بیری)
هەر کە ئەوەت کرد
یەکسەر برۆ بۆ شانۆکەی پۆمپەی. (سیننا دەڕوات)
کاسکا، من و تۆ،
پێش ئەوەی دنیا رووناک بێتەوە،
وەرە با بچین، بۆ لای بروتەس،
بۆ سەرلێدانی.
خۆ ئەو، سێ بەشی، لەگەڵماندایە،
هەمووی بە ساغی لەگەڵمان دەبێت،
گەر جارێکی تر بدوێین لەگەڵی.
کاسکا:
ئای، بەرزە رێزی ئەو لەناو دڵی[1]
گشت ئەندامێکی گەلەکەماندا.
ئەوەی دەردەچێ لە ئێمە و خەڵکی
پێی تووڕە دەبێ، گەر لەو دەربچێ،
وەکو تەلیسمی لەناودا هەبێ،
ئەگەر "بەدی"یش بێ،
دەبێت بە چاکە و پەسەند دەکرێ.[2]
کاسییەس:
خۆی و هێژایی و سوودی بۆ ئێمە،
گەلێک بە نرخە وەکو تۆ دەڵێی.
نیوەشەو ئەوا
تێپەڕبوو وەرە، دەی بچین بۆلای

---

١. رێزی بروتەس، بەرزە

٢. گەلەکە، ئەوەندە "بروتەس"ی خۆش دەوێت، ئەگەر کارێکی "بەدی"یشی لێ دەربچێت، ئەو کارە هەر وەکو تەلیسمی تێدا هەبێت، بە کارێکی چاکی دەبینێت و پەسەندی دەکات.

پێش ئەوەی دنیا رووناک بێتەوە،
هەڵی بستێنین.
بۆ ئەوەی تەواو دڵنیابین لێی.[1] (دەردەچن)

---

١ . پێش ئەوەی دنیا رووناک بێتەوە لەگەڵیدا دەدوێین بۆ ئەوەی بە تەواوی دڵنیابین کە لەگەڵماندایە.

## پەردەی دووەم

## دیمەنی ٢,١

بروتەس لە باخەکەیدا دەردەکەوێت.

بروتەس:

هێی لوسییەس، دەی![١]
من بە پێی جێگەی ئەستێرەکانی
ئاسمان، ناتوانم بڵێم بۆ بەیان[٢]
چەندێکی ماوە.
خۆزگە دەمتوانی
منیش بە قووڵی وەکو تۆ بنووم.
هێی لوسییەس، دێی؟
دە ئاخر کەی دێی؟ هەڵسە لەخەو دەی! (لوسییەس دێت)

لوسییەس:

سەروەرم، ئەرێ بانگی منت کرد؟

بروتەس:

لوسییەس، مۆمێ بەرە بۆ ژووری
خوێندنەوەکەم. کەی تۆ داتگیرساند،
بگەڕێرەوە بۆلام پێم بڵێ.

لوسییەس:

بەسەرچاو، گەورەم. (دەڕوات)

بروتەس: (لەبەر خۆیەوە)

١. لوسییەس، کوڕێکی گەنجە. خزمەتچیی بروتەسە. بروتەس، لە خەو هەڵی دەسەنێت.

٢. ئەستێرەکان، دیارنین؛ هەور داپۆشیون.

هەر بە مردنی، کۆتایی پێ دێت.[1]
من هیچ هۆیەکی
تایبەتی خۆمم نییە لە دژی
تا لایەنگری کردەوەی وابم،
جگە بۆ سوودی رۆما بە گشتی.[2]
ئەوەتا تاجی لەسەر دەکرێت!
تەنیا پرسێکم هەیە دەمەوێت
ئەمە بزانم؛
ئەوە، رەوشتی ئەم چۆن دەگۆڕێت؟[3]
تەنیا لە رۆژی خۆش و هەتاودا،
کوڵەمار سەری خۆی دەردەهێنێت.
ئەمەیە ئەوەی پیاو وا لێ دەکات
گەلێک وریا بێت
کاتی رۆیشتنی کە پێ دادەنێت.[4]
تاجی بدرێتێ؟
ئەوە بێگومان، چزووی دەداتێ؛
ئەوسا دەتوانێت، بەپێی ئارەزووی،
بەکاری بێنێ و
مەترسی، دەوری هەمووومان بگرێت.
هەردەم مەزنی،
بۆ ستەمکاری بەکار دەهێنرێت،

١. مردنی کەیسەر. هەر بە مردنی ئەو، ئەم بارودۆخە نارەوایە کۆتایی پێ دێت.
٢. من لە دژی کەیسەر نیم و رقیشم لێی نییە. بەڵام ئەگەر نەمرێت، رۆما لە دکتاتۆرییەت رزگاری نابێت.
٣. ئەوە؛ ئەو تاجە. ئەم؛ کەیسەر
٤. لە کاتی رۆیشتندا، پیاو دەبێت وریا بێت؛ نەوەکو کوڵەمار پێوەی بدات. دەبێت وریابین نەهێڵین بکرێت بە شا.

ئەگەر رەحمەتی لەگەڵدا نەبێت.
قەت رووی نەداوە، بە خۆشەویستیی
فەرمانڕەوایی زیاتر کردبێت
لە مەژیی سەری.[1]
خۆ هەموو کەسێک ئەمە دەزانێت؛
سەرکزی پەیژەی بەرزخوازی نوێیە،
بۆ سەرکەوتنی بۆ ئەو لووتکەیەی
رووی تێ دەبڕێ.
هەر گەیشتە سەرێ،
پشتی دەکاتە پەیژەکە و دیمەی
بەرەو هەورەوە زوو هەڵدەبڕێ.
جا بە چاوێکی ریسواکەرەوە
سەیری پلەکانی پەیژەکە دەکات،
ئەوانەی پێیان، سەرکەوتە سەرێ.
لە کەیسەر دەشێت، ئەویش وابکات.
بۆ ئەوەی نەیکات،
پێویستە و دەبێت رابوەستێنرێت.
وە لەبەرئەوەی کردەوەیەکی
وای نەکردووە تاوانبار کرێت،
بەم جۆرە دەبێت سەیری بکرێت؛
لە ئێستای زیاتر مەزن بکرێت،
رادەی بەرزخوازیی،
پێشبین ناکرێت چەند بڵند دەبێت.

---

١. مەژیی؛ مێشکی. خۆشەویستی؛ خۆشەویستیی کەیسەر. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ کەیسەر پیاوێکی بەرزخوازە؛ بۆ ئەوەی بگاتە مەبەستی خۆی تەنیا هەر مێشکی بەکاردەهێنێت. خۆشەویستیی (دڵی) بەکارناهێنێت و بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە.

وەکو هێلکەی مار،
پێویستە ئێستا سەیری بکرێت؛
گەر هات و هەڵبێت،
وەک هەموو مارێک، مەترسدار دەبێت.
هەر لە هێلکەدا دەبێت بکوژرێت. (لوسییەس دەگەڕێتەوە)

لوسییەس:

لە ژوورەکەتدا ئەوا، سەروەرم،
مۆمم داگیرساند. ئەم کاغەزەشم،
دۆزییەوە بەگم، کە بۆ بەردەستێ
لەسەر تاقەکەی پەنجەرەکەدا،
ئێستا دەگەڕام.
وەک چۆن دەیبینی، وا داخرابوو.
بەبێ هیچ گومان،
لەوێدا نەمدی کە چوومە جێگا، (نامەکەی دەداتێ)

بروتەس:

دە برۆ بنوو، هێشتاکە شەوە.
کوڕە پێم بڵێ،
ناوەڕاستی مارت، سبەینێ نییە؟

لوسییەس:

گەورەم، نازانم.

بروتەس:

دە برۆ سەیری
ڕۆژژمێر بکە و وەرە پێم بڵێ.

لوسییەس:

باشە، سەروەرم. (دەڕوات)

بروتەس:

ئای، ئەستێرەکان دەکشێنەوە،

وزەوزیان دێت بە ئاسمانەوە.
رووناکییەکەیان، ٢,١,٤٥
بەشی من دەکات بۆ خوێندنەوە. (دەست دەکات بە خوێندنەوەی کاغەزەکە)
بروتەس، مەنوو. چاو هەڵبهێنە،
ئاورِ بەرەوە، رۆما ببینە!
دەم بکەرەوە، دەست بوەشێنە،
رۆما و .... هتد
(دوای ئەوەی دەیخـوێنێـتـەوە، دەست دەکـات بە بیـرکـردنەوە. ســەرلەنوێ هەندێک لە دێرەکانی دەخوێنێتەوە)
بروتەس، مەنوو. چاو هەڵبهێنە. (بروتەس، لەبەر خۆیەوە بیر دەکاتەوە)
ئەمە چەند جارە،
داخوازی ئاوام، بۆ هەڵدەدەنە
ژوورەکەمەوە.
کە هەڵی دەگرم، بیخوێنمەوە، ٢,١,٥٠
تەنیا هەر دەڵێت؛
رۆما و ......هتد. ئەوانەی تری،
مێشکم دەبێت هەڵیان بهێنێت:
ئاخر قەت دەشێت،
لە ژێر چەپۆکی تاکە زەلامێک
بەم جۆرە رۆما، ئازار بچێژێت.
ئاخ، نا، رۆما، نا!
باوباپیری من بوون ئەوانەی
لە جادەکان و کۆڵانەکانی
رۆما، "تارکوین"ی زۆرداریان راونا،[١]
دوای ئەوەی ناوی "شا"یان پێوە نا. (دیسانەوە کاغەزەکە دەخوێنێتەوە)

---
١. سەیری پەراوێزی دێری ٢,١,٥٤ بکە.

دەم بکەرەوە، دەست بوەشێنە!
دەپاڕێنەوە لێم و دەخوازن
دەم بکەمەوە و دەست بوەشێنم؟
ئاخ، رۆما، رۆما،
ئەوا ئەم گفتەت ئێستا دەدەمێ؛
بە هێنانەدی ئەو کردەوەیە،[1]
ئەگەر ئازادی، بێ کەم و کورتی،
سەرلەنوێ بۆ تۆ بگەڕێتەوە،
بروتەس، شەرت بێت ئەوەی دەیخوازی
بیهێنێتە دی. (لوسییەس دێت)

لوسییەس:
سەروەرم، ئەمڕۆ،
مارت، پانزە رۆژی لێ تێپەڕ دەبێت. (لە دەرگا دەدرێت)

بروتەس:
دە باشە، بڕۆ بەرەو دەرگاکە،
یەکێک لەوێدا، لە دەرگا دەدا. (لوسییەس دەڕوات)
لەوساوەی کاسییەس،
لە دژی کەیسەر، وا تیژی کردم[2]
ئەم چاوانەی من، خەویان نەدیوە.
ئەو کاتەی بەینی بەدیهێنانی
کردەوەیەکی گرنگ و سامناک
وە بۆ یەکەم جار
کە مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە،
ئا ئەو ماوەیە،

١. ئەو کردەوەیە؛ کوشتنی کەیسەر.
٢. بروتەس، وەکو شمشێرێک بێت و کاسییەس تیژی بکات (بیورووژێنێت) لە دژی کەیسەر.

ئەوەندە تاڵ و پەست و ناخۆشە
وەکو مۆتەکە بینی گرتبیت
یاخود خەوێکی ترسناک ببینیت.
دەروون و مەژیی مرۆڤ، لە دژی
یەکتری دەدوێن.
بارودۆخی پیاو لە وڵاتێکی
پچکۆلە دەچێت، یاخیبوونێک و
ئاژاوەیەکی زۆری تێدا بێت. (لوسییەس دەگەڕێتەوە)

لوسییەس:

گەورەم " کاسییەس"ی
براتە لەوێ، لەبەر دەرگاکە،[١]
ئارەزوو دەکا کە تۆ ببینێ

بروتەس:

ئەو، هەر خۆیەتی؟

لوسییەس:

نەخێر سەروەرم.
کەسانی تری لەگەڵ هاتووە.

بروتەس:

تۆ دەیانناسی؟

لوسییەس:

نەخێر سەروەرم؛ کڵاوەکانیان
دابەزاندووە تاکو گوێچکەیان.
نیوەی "دیمە"شیان، داپۆشراوە
بە جلەکانیان. لەبەر ئەوە من،
نەمتوانی کەسیان بناسمەوە.

---

١. خوشکی بروتەس، ژنی " کاسییەس"ە لەبەر ئەوە ئەو دووانە، بە پێی ئایینی مەسیحی، بە برا دادەنرێن.

بروتەس:

بانگیان بکە با بێنە ژوورەوە. (لوسییەس دەڕوات)
(لەبەر خۆیەوە) ئەوەتا هاتن پیلانگێڕەکان.
ئای پیلانبازی، تاکو بە شەویش[1]
پێت شەرمە دیمەی
سامناک و دڕی خۆت پیشان بدەی.
لە کاتێکدا کە
هەموو خێوێکی بەدخواز ئاشکرا
دەسووڕێتەوە زۆر بە سەربەستی.
ئەی باشە بە ڕۆژ لەکوێ کونێکی
ئەوەندە تاریک دەدۆزیتەوە
بۆ ئەوەی تێیدا،
دیمەی دڕندەت بشاریتەوە.
ئەی پیلانبازی،
بۆ کونی ئاوا، تۆ هەر مەگەڕێ!
خۆت بشارەوە لە دوای خەنینی
دەمی شیرین و رووی هێمنەوە.
چونکە گەر شێوەی
سروشتیی و راستی خۆت لە روو بکەی،
تا (ئیرێبەس)[2] خۆی
ئەوەندە لێڵ و تاریک نییە تا
بتشارێتەوە
بەجۆرێک خەڵکی نەتناسنەوە.

---

١. پیلانبازی بەرجەستە کراوە؛ هەر وەکو شتێک بێت لە گەڵیدا بتوانیت بدوێیت.

٢. ئیرێبەس (Erebus)؛ بە پێی ئەفسانەی گریکی، خوای تاریکییە. کوڕی "خایۆس Chaos"ە، خوای ئاژاوە.

(پیلانگێڕەکان، دێنە ژوورەوە؛ کاسییەس، کاسکا، دێسییەس، سیننا، مێتێللەس و ترێبۆنییەس)

کاسییەس:

لام وایە زۆر زوو هاتینە سەرتان،

بروتەس، رۆژباش!

کاتی سرەوت و خەومان لێ تێکدان؟

بروتەس:

نا، نە نوستبووم،

شەوەکە هەمووی من بەخەبەر بووم.

ئەم زەلامانەی لەگەڵتدا هاتوون،

من دەیانناسم؟

کاسییەس:

ئا،

گشت دانەیەکیان.

هەموویان رێزی تۆ گەلێک دەگرن.

هەموویان دەڵێن؛

خۆزگە تۆش وەکو گشت رۆمانییەک

نرخی جوامێری و هێژایی بەرزی

خۆتت دەزانی. (ئاماژەی یەکێکیان دەکات)

ئەوەتا ئەمە "ترێبۆنییەس"ە

بروتەس:

گەلێک بەخێر بێت.

کاسییەس:

ئەمەشیان، بەگم، "دێسییەس بروتەس"ە.

بروتەس:

ئەویش بەخێر بێت.

کاسییەس:

ئەمە " کاسکا"یە، ئەمە "سیننا"یە،
ئەمەش "مێتێللەس سیمبێر"ە، بەگم.

بروتەس:

هەموو بەخێربێن.
ئەرێ مەراقی چی بوو ئەوەی کە
خۆی خستە بەینی
شەوی خەوهێن و چاوەکانتەوە.[١]

کاسییەس:

روخسەت دەخوازم
چەند وتەیەکم هەیە پێت بڵـێم. (دەچن بەلایەکـدا، بـە گــوێی یەکــتــریدا دەچرپێنن)

دێسییەس:

رۆژهەڵات دەبێت ئا لەوێوە بێت.
لەوێوە یان نا، ئەرێ رۆژ هەڵدێت؟

کاسکا:

نا، لەوێوە نا.

سیننا:

ببوورە لە من، ئاخر سەروەرم،
لەوێوە هەڵدێت.
ئەو هێڵە بۆرە کاڵانەی ئەوێ
کە رووی هەورەکان وا جوان دەچنن،
پەیامبەرن رۆژ، بۆمان دەنێرێ.

کاسکا:

من ئێستا بۆتان دادەچەسپێنم

---

١.چ مەراقێک وای لە تۆ کردووە کە خەوت لێ نەکەوێت.

که هەردووک ئێوە بە هەڵەداچووٛون؛
ڕاست ئا لەوێوە،
وەک بە شیرەکەم ئاماژەی دەکەم،
ڕۆژ، بەرەو ئاسمان، بەرز دەبێتەوە.
چونکە ئێستاکە،
سەرەتای وەرزە گەنجەکەی ساڵە،[1]
بەرەو خوارەوە شکاوەتەوە.[2]
دوو مانگێکی تر
جا بەرەو باکوور دەشکێتەوە. (بە شیرەکەی ئاماژەی کاپیتۆڵ دەکات)
ئەمڕۆ لە ئاستی" کاپیتۆڵ"ەوە، ٢,١,١١٠
بەرز دەبێتەوە.
(بروتەس و کاسییەس، دوای ئەوەی پێکەوە، بێ ئەوانەی تر، نەختێک دەدوێن، دەگەڕێنەوە)

بروتەس:

ئا دەی سەرلەنوێ، دەستەکانتانم
توخوا بدەنێ،
با یەکە یەکە دەستتان بگوشم.

کاسییەس:

دەبا سوێند بخۆین گشت بۆ یەکتری
کە سووربین لەسەر بڕیارەکانی
خۆمان و هەرگیز نەنەوێینەوە.

---

١. وەرز؛ کژ، کەش. وەرزە گەنجەکەی ساڵ؛ مەبەستی لە بەهارە.

٢. مەبەستی لە جێگەی ڕۆژ هەڵهاتنە. جێگەی هەڵهاتن و ئاوابوونی ڕۆژ، هەموو ڕۆژێک تۆزێک دەگۆڕڕێت، بێ ئەوەی ئێمە هەستی پێ بکەین. ئەمە دیاردەیەکی سروشتییە. کاسکا، باسی دەکات بۆ ئەوەێ بڵێت ئەمڕۆ لە جێیەکی ترەوە، لە کاپیتۆڵەوە، ڕۆژ هەڵدێت. چونکە بەتەمان لەوێدا کەیسەر بکوژن.

بروتەس:

نا سوێندی ناوێت.
گەر رواندنی چاوی خەفەتبار،
ئازاری ویژدان، ستەمی زەمان،
ئەمانە گشتیان،
سارد و بێتین بن هاندانەکانیان،
هەر لە ئێستاوە با جیابینەوە و
هەر کەس بۆ نوێنی خاوخلیچکی
بگەڕێتەوە؛ جا با زۆرداری
لووتبەرز، لە جێگەی بەرزی خۆیەوە،[1]
نێچیرەکانی خۆی هەڵبژێرێت
تا نۆرەی ئەو دێت.[2]
بەڵام ئەمانە، دڵنیام لەمە،[3]
هەندە ئاگریان تێدایە بزدۆک[4]
دابگیرسێنێ و دڵی تواوەی
ژن، بە جوامێری، بکات بە پۆڵا.
هاووڵاتییەکان، ئەرێ "مامزە"مان،[5]
ئایا پێویستە بۆ ئاژنینەوەی
ئێمە بۆ ئەوەی بجووڵێینەوە؟[6]
چ بەندکارییەک ئایا لە وتەی

---

١. زۆرداری لووتبەرز؛ کەیسەر.

٢. ئەو؛ کەسەی کە دەگەڕێتەوە بۆ نوێنە خاوخلیچکەکەی و بەشداری ناکات لە لابردنی زۆردار.

٣. ئەمانە؛ مەبەستی لە رواندنی سوێداری چاوان و ئازاری ویژدان و ستەمیی زەمان"ە

٤. بزدۆک؛ ترسنۆک

٥. مامزە (spur)؛ ئەو نووکەی کە بە ئاوزەنگییەوەیە بۆ پیاهێنانی ئەسپ، بۆ ئەوەی خێرا بجووڵێتەوە.

٦. ئاژنینەوە؛ ئاژنین، ئاژن. پیاکردنی شتێکی تیژ (دەرزیئاژن).

زاری رۆمانی بەتواناترە؛
کە بەڵێن دەدات لە ڕێ لانەدات؟
یاخود چ سوێندێک بەرزترە نرخی
لە ڕێکەوتنێک لە نێوان پیاوی
مەرد و بەئابڕوو؛
یان ئەم کردەیە دەهێنینەدی،
یان لەپێناوی–
دا، دەمرین هەموو.
تەنیا کەشیش و نەوێر و پیاوی
لاواز و "لاک" رزیو و دێرین،[1]
سوێند دەخوا. هەروا[2]
ئەو روو ڕەشانەی، بە شادمانییەوە،
بۆ بەرەوپیری کاری ناڕەوا
دەڕۆن و سەد سوێند دەخۆن تا بڕوا
بە وتەی درۆ و پووتیان بکرێت.
لەبەر ئەوە، ها،
نەکەن ئامانجی رەوا و بژوینمان،[3]
یان سوورلەسەری گیانی نەبەردمان،
بە سوێند خواردنتان لەکەدار بکەن؛
کە وا بزانن ئێمە پێویستمان
بە سوێنددان دەبێت.
ئەوەی ئاستەمێک
گفتی پیرۆزی خۆی بشکێنێت،

١. کەشیش؛ قەشە. نەوێر؛ ترسنۆک. لاک؛ کەلاک، لاشە. دێرین؛ کۆن
٢. هەروا؛ هەروەها
٣. بژوین؛ پاک،

گشت دڵۆپێکی خوێنی ڕۆمانی
ئەوەی لە لەشی
دا، هەڵی دەگرێت،
سەرجەم پیس دەبێت.

کاسییەس:

ئێمە لەبارەی سیسێرۆ، چی بکەین؟
ئایا پێی بڵێین؟ من وا دەزانم،
زۆر بەدڵەوە، لەگەڵمان دەبێت.

کاسکا:

با لەدەرەوە، نەمێنێتەوە.

سیننا:

نا، بە هێچ جۆرێک.[١]

مێتێللەس:

با لەگەڵمان بێت، ردێنی زیویی[٢]
بیروڕای باشمان، لەلای خەڵکەکە،
بۆ دەکڕێت و
دەنگی پیاوانمان بۆ دابین دەکات،
گەر ستایشی
کردەوەی ڕەوا و نەجیبمان بکات.
خەڵکەکە دەڵێن کە تەنیا مەژی
ئەو دەستەکانی
ئێمەی بەم جۆرە خستۆتە جووڵە.
گەنجێتی و کاری دڕندەی ئێمە،
بە "ئاستەم"ێکیش خەڵک نایانبینێت.

---

١. بە هیچ جۆرێک، لەدەرەوە نەمێنێتەوە؛ لەگەڵماندا بێت.
٢. ردێن؛ ریش. زیویی؛ سپی، وەکو زیو.

سەنگی گرانی، رایاندەکێشێت[١]
بەرەو خاکەوە و دایاندەپۆشێت.[٢]

بروتەس:

ناوی ئەو مەبەن.
با ئەو نهێنی ئێمە نەزانێت.
ئەو، قەت دوای شتێک
ناکەوێت گەر خۆی، داینەهێنابێت.

کاسییەس:

باشە کەوابێت؛
با لەدەرەوە بمێنێتەوە.

کاسکا:

لام وایە ئەومان زۆر بەکەڵک نایەت.

دێسییەس:

لە کەیسەر زیاتر، دەست بۆ کەس نابەین؟

کاسییەس:

دێسییەس، ئێستا خاڵێکی گەلێک
رەوا و گرنگی هێنایە بەر چاو؛
لەلای من وایە کە مارک ئەنتۆنی،
ئەوەی کەیسەری هەندە خۆش دەوێت،
پێویستە لەگەڵ ئەو بکوژرێت؛
دوژمنە و گەلێک وریا و زیرەکە.
ئەگەر ئەو دووانە، باش رابکێشێت،[٣]

---

١. سەنگی گرانی سیسێرۆ. وەکو لەسەرەوە باسی کرا، سیسێرۆ، رامیار و نووسەر و فەیلەسووفێکی گەلێک ناسراو بوو.

٢. ئەوەی کە ئێمە گەنجین و ئیشێکی دڕندەمان کردووە (کەیسەرمان کوشتووە)، ئەگەر "سیسێرۆ"مان لەگەڵدا بێت خەڵکەکە چاو لەوانە دەپۆشێت.

٣. ئەو دووانە؛ وریایی و زیرەکی. مارک ئەنتۆنی، دەتوانێت وریایی و زیرەکی خۆی بکشێنێت (وەکو لاستیک دەکشێنرێت) تاکو رادەیەک، کە بتوانێت ئازاری هەموومان بدات.

له توانایەتی، تا رادەیەکی
ئەوەندە زەبەند بیانکشێنێت،[1]
که باش ئازاری هەموومان بدات.
بۆ ئەوەی ئەوە، هەرگیز روونەدات،
لەگەڵ "کەیسەر"دا،
پێکەوە، با مەرگ رایانبماڵێت.

بروتەس:

کردەوەکەمان ئەوساکە گەلێگ
درِ و خوێناوی دێتە بەر چاوان.
ئەی کایەس کاسییەس،[2]
دوای سەربرِینی گەر لاق و پەلی
ببرِینەوە، ئیتر ئا ئەوە،
له رق لێبوون و کردەوەی تۆڵە
لێسەندنەوە،
له لەشی مردووی پیاوەکە دەچێت.
چونکە ئەنتۆنی،
وەکو دەستێکی کەیسەر بێت وایە.
گشتمان له دژی رەوشتی درِی
"کەیسەر"ین بەڵام،
دەبێت بزانی
مرۆڤ، سروشتی خوێناوی نییە.[3]
ئای خۆزگە ئێمە، پێمان دەکرا،
رەوشتی درِی کەیسەر بەند بکەین،

١. زەبەند؛ زۆر
٢. کاسییەس، خۆی ناوی " کایەس"ە. کاسییەس، ناوی بنەماڵەکەیەتی.
٣. پیاوی باش، خوێنی خۆش ناوێت.

بێ ئەوەی لەشی کەیسەر پارەکەین.[١]
بەڵام، داخەکەم، بۆ ئەوە خوێنی[٢]
کەیسەر پێویستە بڕژێنرێت.
بەڵام ئەی هاوڕێ بەڕێزەکانم،
کوشتنی کەیسەر، با مەردانە بێت؛
رق و توورەیی لەگەڵدا نەبێت؛
لەشی بە جۆرێک لەتلەت بکرێت،
شایانی مێزی خوایەکانمان بێت.[٣]
وا لەتوپەتی مەکەن بەجارێک،
وەک لاشەیەکی شێواوی لێ بێت،
تەنیا شایانی سەگ و تانجی بێت.
نەشهێڵن دڵمان، وەک وەستایەکی
نادیار، شاگرد و بەردەستەکانی
بەکار بهێنێت بۆ هێنانەدی
کردەوەیەکی دڕندە و سامناک،
لە دواییشدا خۆی لۆمەیان بکات.[٤]
بەم جۆرە ئێمە باش دەری دەخەین؛
ئەوەی کە دەیکەین،
لەبەر پێویستی و ناچاری دەیکەین،
وە هیچ ئاژر و رەشکی تیا نییە.[٥]
گەر وا دەرکەوێت لەبەر چاوانی[٦]
کەسان بەگشتی، ئەوەی کە دەیکەین،

١. پارە؛ پارچە. پارەکردن؛ پارچەکردن.
٢. بۆ ئەوە؛ بۆ بەندکردنی رەوشتی کەیسەر.
٣. مێزی خوایەکان؛ مێزی خواردنی خوایەکان.
٤. خۆی؛ دڵمان.
٥. ئاژر؛ رق. رەشک؛ حەسوودی.
٦. گەر وا دەرکەوێت کە بە پێویستی دەزانین و ناچارین بیکەین.

وەک کردەیەکی پاک و جوامێری، ٢,١,١٨٠
سەیری دەکرێت، نەک تاوانباری.
لە مارک ئەنتۆنی، بیرمەکەنەوە،
زیاتر لەوەی کە دەستی کەیسەرە؛
کەی کەیسەر سەری لێکرایەوە،
ئیتر ئەو نرخی بگرە نامێنێت.

کاسییەس:

لەگەڵ ئەوەشدا، من لێی دەترسم
تەنیا هەر لەبەر
ئا ئەو ئەڤینەی کە ئەو هەیەتی
بۆ ئەو کەیسەرە و هێندە بە قووڵی
لە دەروونیدا
رەگی بەتینی خۆی داکوتاوە-

بروتەس:

داخی گرانم، کاسییەس ئازیزم،
بەسە، "بیر"یشی لێ مەکەرەوە. ٢,١,١٨٠
ئەگەر کەیسەری هێندە خۆش دەوێت،
تەنیا دەتوانێت
خەفەت بخوات و بیربکاتەوە
تا خەم دەیکوژێت.
لەوە بەولاوە،
شتێکی تری ئەو پێ ناکرێت؛
لەبەرئەوەی کە هەموو کاتێکی
بە رابواردنی هەرزان دەکوژێت
کەم لە شتی وا، بیر دەکاتەوە.[1]

١. بە پێی پلۆتارخ، مارک ئەنتۆنی، زۆر حەزی لە گەڕان و خواردنەوە و رابواردن دەکرد لەگەڵ کچانی سووک و سۆزانییەکاندا.

ترێبۆنییەس:

ترسمان لێی نییە. با بۆخۆی بژی.
هەر لەبەرئەوەی کە بە زیندوویی
دەمێنێتەوە، لە دوای ماوەیەک
پێکەنینی دێت، بە ئەم شتانە.[١] (کاتژمێر لێ دەدات)

بروتەس:

بێ دەنگبن توخوا.
با گوێی لێ بگرین، چەند جار لێ دەدا.

کاسییەس:

سێ جاری لێ دا.

ترێبۆنییەس:

دەی ئیتر دەبێت جیا ببینەوە.

کاسییەس:

بەڵام هێشتاکە نازانین ئایا
کەیسەر ئەمڕۆ دێت
بۆ ئەوێ یان نا.
چونکە ئەو ئێستا، لەم دواییەدا،
بڕوا بە خەو و دوارۆژبین دەکا
بە پێچەوانەی بیروباوەڕی
کۆنی جارانی؛ کە هیچ باوەڕی
بە خەوبینین و خەیاڵی خاوی
فاڵچییەکان نەبوو.
هیچ من بە دووری، بەخوا، نابینم
کە دەرکەوتنی شێوە و تارمایی و

١. ئەنتۆنی، لە خەفەتدا نامرێت. مادام ناکوژرێت هەر گوێشی ناداتێ. پێکەنینی بە گشت ئەم شتانەدا دێت.

شتی ترسناک و گەلێک نائاسا،
ئەوانەی ئەمشەو خەڵکەکە بینی
لەگەڵ لاسدان و
لێپاڕانەوەی فاڵچییەکانی،
نەهێڵن ئەمڕۆ بێت بۆ کاپیتۆڵ.

دێسییەس:

لەوە مەترسن. ئەگەر بڕیاری
ئاوای ئەو دابێت، من پێی دەگۆڕم.
کەیسەر، پێی خۆشە هەردەم گوێ بگرێت؛
چۆن یەکشاخ، بە درەخت، هەڵدەخەڵەتێت.[١]
ورچ، بە ئاوێنە.[٢]
فیل، بە چاڵێکی سەر داپۆشراو،
شێر، بە تەڵە و داو. بە "مەرایی"یش، پیاو.
جا کە پێی دەڵێم؛
رقت لە پیاوی مەراییکەرە.
دەڵێت؛ ئا، گەلێک.
بێ ئەوەی هەست بکات کە بە مەرایی
دەیخەڵەتێنم.
بۆ منی دابنێن، هەر خۆم دەزانم
چۆن بۆ کاپیتۆڵ، بۆتان دەهێنم.

---

١. یەکشاخ (Unicorn)، ئاژەڵێکی ئەفسانەییە. لە ئەسپ دەچێت و دانە شاخێکی هەیە. گوایە جارێکیان راوچییەک ویستوێتی بیگرێت. خۆی لەدوای درەختێکی گەورەدا شاردۆتەوە و لەوێوە یەکشاخەکەی تووڕە کردووە. یەکشاخەکە– زۆر بە تینەوە بۆی هاتووە و هێرشی بردۆتە سەر پیاوەکە. شاخی ئاژەڵەکە لە قەدی درەختەکە چەقیوە. بەو جۆرە راوچییەکە هەڵی خەڵەتاندووە و گرتوویەتی.

٢. ورچ، کە بریقە و تیشکی ئاوێنە دەبینێت، ئیتر هەر بە سەیرکردنی ئاوێنەکەوە خەریک دەبێت. لەو کاتەدا راوچییەکە نیشانەی لێ دەگرێتەوە و راوی دەکات.

کاسییەس:

هەمووومان دەچین بۆلای بیهێنین.

بروتەس:

هەشتی بەیانی،
دەڵێن چی لەوە درەنگتر نەبێت؟

سیننا:

درەنگتر نەبێ و کەس دوانەکەوێت.

مێتێللەس:

ئێسکی کەیسەر زۆر
گرانە لە لای کایەس لیگارییەس.
هەر لەبەرئەوەی رۆژێک بەباشی
باسی پۆمپەیی لەلای ئەو دەکرد.[١]
چاوی تێ بڕی و
زۆر بە تووڕەیی سەرزەنشتی کرد.

بروتەس:

هەر ئێستاکە تۆ،
ئەی مێتێللەسی خانەدان بڕۆ،
بۆ لای پێی بڵێ بفەرموویت بۆ لام،
لەبەر چەند هۆیەک،
ئەو ئێستا منی گەلێک خۆش دەوێت.
تەنیا بینێرە بۆ ئێرە بۆ لام،
من خۆم شتێکی لێ دروس دەکەم[٢]

کاسییەس:

ئەوا بەیانە.

---

١. ئەو؛ کەیسەر

٢. لاسی لیگارییەس دەدەم کە ئەویش لەگەڵماندا بێت.

بروتەس ئێمە، بەجێت دەهێڵین.
برادەرەکان، دەی جیابنەوە.
بەڵام، ها، نەکەن لەبیرتان بچێت
چیتان گوت و چۆن، وەک رۆمانییەک،
خۆتان بنوێنن.

بروتەس:

خانەدانەکان، بەرێزەکانم،
بە گەش و روو خۆش خۆتان بنوێنن.
نەهێڵن روومان، مەبەستی دڵمان
ئاشکرا بکات.
وەکو ئەکتەری باشی رۆمانی
ئێوە پێویستە خۆتان بنوێنن.
وزەی دەروونتان هەندە چالاک بێت؛
نە ماندوو ببێت،
نە هەندەی موویەک لە رێ لابدا.
بەیانییەکی باش بۆ هەمووتان
لە خوا دەخوازم. (هەموویان دەڕۆن جگە لە بروتەس)
کوڕە لوسییەس! ئەرێ کوای لوسییەس!
وا قووڵ نوستووە؟ دەی گوێی مەدەرێ.
رەببی شەونمی
خەوی شیرین و قووڵت عافێت بێت.
تۆ نە تارمایی
نە شێوەی سامناک، لەوانەی مێشکی
پیاو، بە هەڕەشە نیگەران دەکەن،
دێنە بەر چاوت.
بۆیە بێ باکی و وا قووڵە خەوت. (پۆرشیا دێت)

پۆرشیا:

بروتەس، گەورەم.

بروتەس:

پۆرشیا، ئا ئەمە ئەرێ مانای چی؟
پێم نالێیت بۆچی، وا زوو هەڵساوی؟
ئای تەندروستی تۆ زۆر باش نییە
کە هەوای ساردی بەیان لە گیانی
لاوازت بدات.

پۆرشیا:

هی تۆش، سەروەرم، ئەو باشە نییە.
تۆ بە لەرزەوە، ئاخر بروتەس،
لە نوێنەکەی من هاتیتە دەرێ؛
دوێنێش لە کاتی نانی ئێوارە،
هەر لە ناکاودا، هەڵسایت دەستت
کرد بە هات و چۆ.
دەستەکانی خۆت، بەسەر سنگتەوە
ئالۆزاندبوو و هەناسەی ساردت
هەر دەدایەوە.
کە لێشم پرسیت، شتێک رووی داوە؟
تۆ بە چاوێکی پەست و تووڕەوە،
سەیری منت کرد.
کە من سەرلەنوێ لێم پرسیتەوە،
ئەم جارە سەری خۆتت خوراند و
پێیەکانی خۆت بە خاکدا کێشا.
من سووربووم لەسەر ئەوەی وەڵامی
پرسیارەکەی من، تۆ بدەیتەوە.

بەڵام تۆ تەنیا، بە تووڕەییەوە
ئاماژەیەکت بە دەست بۆ کردم؛
وازت لێ بێنم. منیش ئەوەم کرد.
دەترسام بەوە،
ئاگری "پەی"ە گڕتووەکانت[1]
گەشتریش بکەم.
لە هەمان کاتدا، ئومێدم بەوە
بە راستی هەبوو، کە هەڵچوونێکی
کورت بێت و تۆ زوو، دامرکێیتەوە.
وەک چۆن روودەدا پیاو "پەی"ەکانی
وا دەورووژێن، ئیتر نە دەنوێت،
نە هیچ هەوەسی
لە دواندن و خواردن دەمێنێت.
ئەوەی دڵتی داگیرکردووە،
رەنگ و شێوازی تۆی هەر گۆڕیوە،
ئەوەندە کاری کردووەتە سەرت،
بروتەس، من تۆ ناناسمەوە.
ئازیز، سەروەرم، با ئاگاداربم،
بزانم چی تۆی وا پەست کردووە.

بروتەس:

تەنیا ئەوەیە، نەختێک ناساغم.

پۆرشیا:

بروتەس، بەگم، ئاخر پیاوێکی
ژیر و دانایە،
گەر تەندوستی دروست نەبوایە،

---

١. پەی؛ ئەعساب.

زوو چارەسەری دەردی خۆی دەکرد.

بروتەس:

پۆرشیا، ئازیزم،
من ئەوە دەکەم. برۆ بۆ جێگا.

پۆرشیا:

بروتەس، ئەرێ ناساغە لەشی؟
ئەم هاتوچۆیەی بە جلوبەرگی
یەخە کراوەوە،
وە هەڵمژینی
هەوای شێداری ساردی بەیانی
بەسوود و باشە بۆ تەندروستیی؟
ئەرێ بروتەس، راستە ناساغە؟
لە نوێنی گەرمی خۆی بە دزییەوە
هەڵدەسێ و دەچێت بۆ بەرەنگاری
شەوی دەرداوی و هەوای ناپاکی،
بۆئەوەی لەش و گیانی بیماری،
دەردێکی تری درمی تووش ببێت؟
نا، "بروتەس"ی ئازیز، شتێکی
بیمار لە نێوان مێشکتدایە.
بە پێی ئەوەی من, هاوسەرەکەتم،
من مافم هەیە و دەبێت بزانم
چییە. پێم بڵێی.
چۆک دادەنێم و دەپارێمەوە (لەسەر ئەژنۆکانی دەوەستێت)
بە ناوی ئا ئەو جوانییەی کە من،
کاتێک هەمبووە.
بەو پەیمانانەی ئەڤین، کە ئێمەی

بە یەکترییەوە وا توند بەستەوە و
بووین بە یەک مرۆڤ.
روونی بکەرەوە، نیوەکەی تری
گیانت پێویستە ئەوە بزانێت؛[١]
ئا ئەو کێشەیەی ئەوەندە دڵی
تۆی پەست کردووە، چییە پێم بڵێ.
ئەو شەش حەوت پیاوەی ٢,١,٢٧٥
بەم نیوەشەوە، کە هاتن بۆلات،
ئەوانەی کە رووی خۆیان تەنانەت
لە تاریکی شەو وا شاردبۆوە،
بۆ هاتن بۆلات، کێن؟ دە پێم بڵێ.

بروتەس:

نا، چۆک دامەنێ، پۆرشیا، "نیان"م.

پۆرشیا:

بروتەس، گەر تۆ نیان بوویتایە،
پێویست نەدەبوو.[٢]
بروتەس، بە پێی مارە و پەیمانی
هاوسەرێتیمان، دەشێت نهێنی
دڵت لە ژنی
دڵسۆزت ئاوا بشاریتەوە؟
ئایا، من خۆتم؟
یاخود سنوورێک هەیە و من نابێت
لێوەی دەربچم؛
کاتی خواردنت لەلاتەوە بم،

---

١. نیوەکەی تری گیانت؛ هاوسەرەکەت

٢. پێویست نەدەبوو چۆک دابنێم.

لەناو جێگادا "بانوویار"ت بم،
وە لەگەڵیشتدا جار بە جار بدوێم؟
نیشتەجێی دڵ و جێگەی ژیانم،
تەنیا لەوبەری، هێڵی سنووری
ئارەزووی تۆیە؟
گەر وابێت پۆرشیا، تەنیا سۆزانی
"بروتەس"ە نەک ژنی دڵسۆزی.

بروتەس:

تۆ ژنی راست و ڕەوانی منی.
هەندە ئازیزی لەلای من، هەندەی
ئا ئەو دڵۆپە سوورە گەشانەی
کە ئاوی دڵی سوێدارم دەدەن.

پۆرشیا:

گەر بەڕاستیتە، ئەتۆ پێویستە
نهێنیی دڵی خۆتم پێ بڵێی.
دەزانم ژنم،
من دان بەوەدا بەگم دەهێنم.
بەڵام ئەو ژنەم،
کە بروتەسی هێژا مێردێتی.
دەزانم ژنم،
بەڵام ژنێکی زۆر خانەدانم؛
من کچی " کاتۆ"م.[1]
تۆ بڕوا ناکەی کە من لە جنسی
خۆم، بە هێزتر و بە تواناترم،

---

١. کاتۆ؛ ژەنەڕاڵێکی رۆمانییە. لایەنگری پۆمپەی بوو لە دژی کەیسەر. کە پۆمپەی شەڕەکەی دۆڕان، بۆئەوەی نەبێت بە دیلی کەیسەر، خۆی کوشت.

ئەگەر من ژنی
بروتەس بم و کاتۆ باوکم بێ؟
نهێنییەکانی خۆتم پێ بڵێ،
من ئاشکرایان، هەرگیز قەت ناکەم.
پتەوی خۆمم ئەمن جارێکیان
تەواو چەسپاو کرد؛
ئا لەم ئاستەدا ئەم رانەی خۆمم
بە دەستەکانی خۆم بریندارکرد.
ئەگەر من ئەوەم وا بە ئاسانی
ئاخ، پێ بکرێت
بڵێی نەتوانم نهێنییەکانی
مێردەکەی خۆمم پێ هەڵبگیرێت؟
بروتەس: (روو دەکاتە ئاسمان)
ئاە، خوایەکانم، هێز و ئارامم
هەندە بدەنێ، تاکو شایانی
ئەم ژنە باشە خانەدانەم بم. (لە دەرگا دەدرێت)
وسبە گوێ بگرە،
یەکێک لە دەرگای دەرەوە دەدا.
پۆرشیا، بڕۆرە ژووری بۆ تاوێک.
زۆری پێ ناچێت،
هەتاکو دڵی ئەتۆ هاوبەشی
نهێنییەکانی دڵی من دەبێت؛
هەموو مەبەست و پیلانەکانی
خۆمت پێ دەڵێم. بۆنەی گرژێتی
دیمەی سوێدارم ئاشکرا دەبێت.
دەی خێرا برۆ بەجێم بهێڵە. (پۆرشیا دەڕوات)

لوسییەس، ئەرێ کێ لە دەرگای دا؟ (لوسییەس و لیگارییەس دێنە ژوورەوە)

لوسییەس:

پیاوێکی بیمار،
دەیەوێت لەگەڵ جەنابتا بدوێت.

بروتەس:

کایەس لیگارییەس،
ئەوەی مێتێللەس باسی بۆ کردم. (روو دەکاتە لوسییەس)
رۆڵە، تۆ برۆ مەمێنە لێرە.

لیگارییەس: (نەخۆشە، ملپێچێکی بە ملەوەیە)

من هیوادارم بەیانی باشی
زاری لاوازم، لێ قبووڵ بکەی.

بروتەس:

ئای چ کاتێکی نالەبارت تۆ،
هەڵبژاردووە، بۆ ملپێچەکەت.
ئەی "لیگاریەس"ی جوامێر و ئازا![1]
خۆزگە تۆ ئەمڕۆ بیمار نەدەبوویت!

لیگارییەس:

بیمارنیم ئەگەر بروتەس کاری
ئابڕووبەرزکەری بەدەستەوەیە و
دەیەوێت هەڵسم بە هێنانەدیی.

بروتەس:

کارێکی ئاوام بە دەستەوەیە.
لیگاریەس خۆزگە، گوێچکەکانی تۆ،
هەندە ساغ دەبوون کە گوێم لێ بگری.

---

١. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ لەکاتێکی نالەباردا تۆ نەخۆش کەوتوویت.

لیگارییەس:

دە بەو خوایانەی کە هەموو رۆما،

شەو و رۆژ بۆیان دەچەمێتەوە،

من گوێ نادەمە تەندروستی خۆم. (ملپێچەکە دادەکەنێت)

ئاە، گیانی رۆما،

رۆڵە ئازاکەی، نەژاد خانەدان،

وەکو جادووگەر

پەستی و لاوازی دڵی داماوی

منت لەگیانم دەرهێنایە دەر.

ئێستاکە ئەمرم پێ بکەیت؛ رابکە!

ئاوا رادەکەم

ئەوەی ناکرێت، من بۆتی دەکەم.

چیت دەوێت بیکەم؟

بروتەس:

کردەوەیەکە،

مرۆڤی بیمار ساغ دەکاتەوە.

لیگارییەس:

بەڵام مرۆڤی

ساغ پێویست ناکات بکەین بە بیمار؟

بروتەس:

بەڵێ پێویستە ئا ئەوەش بکەین.

کایەس، من ئێستا هەر بە رێگاوە،

بۆ لای ئەو کەسەی تیماری دەکەین

پیلانەکەت بۆ دەگێڕمەوە.

لیگارییەس:

فەرموو، پێش کەوە. بە دڵێکەوە،

تازە ئاگری تێ بەردرابێت
من دوات دەکەوم.
هەرچەند نازانم، چی دەبێت بکەم.
جا هەرچییەک بێت
ئەوەی بروتەس، دەمبات بۆی، دەیکەم.

بروتەس:

دە دەی کەوابێت، دوای من بکەوە.

## دیمەنی ٢,٢

گرمەگرم و برووسکەی هەور دێت. یولییەس کەیسەر بە رۆبی شەوەوە دەردەکەوێت.

کەیسەر:

نە ئاسمان ئەمشەو
هێمنی دیوە نە خاکی زەمین.
کالپورنیا سێ جار، شەو راپەڕیوە،
بەهاوارەوە
گوتویێتی؛ هاوار یاریدەدەری!
کەیسەر دەکوژن.
کەس هەیە لەوێ؟

نۆکەر:

بەڵێ سەروەرم؟

کەیسەر:

لە کەشیشەکان برۆ بخوازە،
قوربانی بۆ خوا با پێشکەش بکەن.
لێشیان بپرسە. هەرچی رایان بێت،
بگەڕێرەوە بۆلام پێم بڵێ.[١]

نۆکەر:

باشە، سەروەرم. (کالپورنیا دێت)

---

١. کەشیشەکان (قەشەکان) بۆ فاڵگرتنەوە ئاژەڵ سەر دەبڕن. بە سەیرکردنی دڵ و جگەری ئاژەڵەکە دەتوانن بڵێن لە ئایندەدا چی روودەدات. وەکو چۆن لای خۆمان سەیری فنجانی قاوە دەکەن.

کالپورنیا:

مەبەستت چییە
کەیسەر، بەتەمایت لە ماڵ دەربچیت؟
هەرگیز و هەرگیز
لەماڵەکەی خۆت، ئەمڕۆ دەرناچیت.

کەیسەر:

کەیسەر، دەردەچێت.
ئەوەی هەڕەشە لە گیانم دەکات،
هەر لە پشتمەوە دەوێرێت بیکات.
کەی رووی کەیسەری بینی، ون دەبێت.

کالپورنیا:

هەرگیز من بڕوام
بە پێشبینین و ئاماژەی بەیووم،
رۆژێک نەبووە.
بەڵام ئەم جارە، من دەترسێن.
جگە لەوانەی کە ئێمە خۆمان
گوێمان لێ بووە و خۆمان دیومانە،
شتی هەر گەلێک نامۆ و سامهێنەر
راپۆرت کراوە؛ ئێشکگرەکان
ئەمشەو دیویانە؛ شێرێکی مێینە
کە بێچووی بووە لەسەر جادەکە.
سەری گۆڕەکان کراونەتەوە و
مردووەکانیان هەڵساونەتەوە.
بە ئاسمانەوە، لەناو هەورەکان،
روون بینراوە،
جەنگاوەری زۆر جوامێر و ئازا،

بە جلوبەرگی سەربازییەوە،
جەنگیان کردووە و خوێنی برینە
کوژەرەکانیان
نمەنم بەسەر "کاپیتۆڵ"ماندا
ئەمشەو باریوە.
دەنگ و هاوای جەنگەکە لەناو
هەوای ئاسماندا دەنگی هاتووە؛
ئەسپ حیلەحیلی و
ناڵەناڵی پیاو، کاتی مردنی،
قیژە و هاواری خێو و تارمایی
سامناک و کرێت،
لەسەر جادەکان دەڵێن هاتووە.
ئاە، کەیسەر، کەیسەر،
ئەم بارە سەیر و نامۆیە گەلێک
من دەترسێنێت

کەیسەر:

نییە بتوانێت
لە چارەنووسی خۆی هەڕابکات.
خوایە گەورەکان چییان داناوە
بۆمان ئا ئەوە دەبێت روودات.
کەیسەر، هەر دەڕوات.
ئەو پێشبینینەی باسی دەکرێت،
بۆ گشت جیهانە، نەک تەنیا کەیسەر.

کالپورنیا:

سواڵکەر کە دەمرێت،
دڵی خەڵکەکە، نیگەران ناکات.

بەڵام کە سەروەر مەرگی دەبینێت،
گەردوون خۆی جاڕی مردنی دەدات.

کەیسەر:

پێش ئەوەی بمرێت،
ترسنۆک مەرگی زۆر جار دەبینێت،
جوامێر لە جارێک
زیاتر قەت تاڵی مردن ناچێژێت.
لە هەموو شتێک
زیاتر من سەرم لەوە سوڕماوە؛
مرۆڤ دەبینێت مەرگ ئاکامێکی[1]
پێویستە، کەچی لێشی دەترسێت.
مرۆڤ، هەر رۆژێک کاتی مەرگی دێت،
جا کەی هات، با بێت. (نۆکەرەکە دەگەڕێتەوە)
ها، پێشبینەکان، ئەرێ دەڵێن چی؟

نۆکەر:

دەڵێن با ئەمڕۆ، لە ماڵ دەرنەچێت.
کە ناوەڕۆکی
قوربانییەکانیان دەهێنایە دەر،
لەو ئاژەڵانە،
یەکێکیکان دڵی لەناودا نەبوو.

کەیسەر:

دیارە خوایەکان کاری وا دەکەن،
تەنیا بۆ ئەوەی
پیاوی ترسنۆک پێی شەرمەزار بێت.[2]

١. ئاکام؛ کۆتایی
٢. زۆر جار بە پیاوی ترسنۆک دەڵێن؛ بێ جەرگ، یاخود بێ دڵ.

ئای، کەیسەر دەبێت، ئاژەڵێکی بێ
دڵ بێت گەر هات و
ئەمڕۆ لە ترسدا لەماڵ دەرنەچێت.
کەیسەر دەردەچێت.
مەترسی، کەیسەر زۆر باش دەناسێت
وە باش دەزانێت؛
کە کەیسەر، لە خۆی مەترسدارترە.[١]
ئێمە دوو شێرین،[٢]
لە هەمان ڕۆژدا، هاتینە دنیا؛
بەڵام من هەندێک
لەو گەورەتر و سامناکتریشم.
کەیسەر، بڕیاری داوە دەربچێت.

کالپورنیا:

داخی گرانم بۆ تۆ، سەروەرم،
"دانایی"ەکەی تۆ، خنکاوە لەناو
جوامێری و بڕوا زۆر بەخۆکردن.
ئەمڕۆ، دەرمەچۆ!
بڵێ ترسی من،
تۆی لە ماڵەوە وا هێشتۆتەوە،
نەوەک ترسی خۆت.
با مارک ئەنتۆنی بنێرین بچێت
بۆ لای پیرەکان، وە پێیان بڵێت؛[٣]
ئەمڕۆ نا ساغی.

---

١. مەترسی، بەرجەستە کراوە. کەیسەر مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ من لە مەترسی ناترسم؛ ئەو لە من دەترسێت.

٢. ئێمە؛ من و مەترسی

٣. پیرەکان؛ ئەندامەکانی سینێت (پەرلەمان)

کەیسەر:

با مارک ئەنتۆنی تێیان گەیێنێت
که من ناساغم، لەبەر خاتری
تۆ، خۆشەویستم، ئەمڕۆ دەرناچم. (دێسییەس دێت)
ئەوە "دێسییەس بروتەس"ە کە دێت،
ئێستاکە دەچێت، وایان پێ بڵێت.

دێسییەس:

هەر بژی کەیسەر! رۆژباش سەروەرم.
کەیسەری هێژا، هاتووم بەشوێنتدا،
بتبەم بۆ کۆشکی پەڕلەمان، بەگم.

کەیسەر:

وە لە کاتێکی گەلێک لەباردا
جەنابت هاتیت. تاکو سڵاوی
من بە پیرەکان بگەیێنیت و
پێیان بڵێیت کە "ئەمڕۆ من نایەم".
بڵێم ناتوانم، ئەوە درۆیە؛
نابێت بە درۆزن، رۆژێک دەربچم.
من، ئەمڕۆ نایەم.
دێسییەس، بڕۆ وایان پێ بڵێ.

کالپورنیا:

بڵێ، نەخۆشە.

کەیسەر:

ئاخر قەت دەشێ،
کەیسەر، لەگەڵیا درۆ بنێرێ؟
ئەوەندە خاک و وڵاتانم من،
داگیر کردووە،

دەستم هەندە دوور درێژکردووە،
ئێستاش نەوێرم بە ریش سپییەکان،[١]
راستییەکەی بڵێم؟
دێسییەس، برۆ تۆ پێیان بڵێ
کە کەیسەر نایەت.

دێسییەس:

کەیسەری گەورە،
هەی بەهێزترین پیاوی سەرزەمین.
با هۆیەک ئاخر، گەورەم، بزانم.
چونکە نەوەکو،
سەروەرم، بە من پێکەنینیان بێت،
گەر هەر وا بڵێم جەنابت نایەت.

کەیسەر:

هۆیەکەی، تەنیا ئارەزووی خۆمە.
ئارەزووم وایە نەچم بۆ ئەوێ.
بەم هۆیە دەبێت رازی بێت سینێت.
بەڵام من چونکە تۆم زۆر خۆش دەوێت،
پێت دەڵێم بەڵام، لە ناو خۆمان بێت؛
تۆ بەکەس مەڵێ؛ " کالپورنیا"ی ژنم،
ناهێڵێت ئەمرۆ لەماڵ دەربچم[٢]
کالپورنیا، ئەمشەو، پەیکەرەکەمی
لە خەودا بینی؛ سەدەها کونی
تێدا کرابوو
وەک فوارە خوێنیان لێوە دەردەچوو.

---

١. ریش سپییەکان؛ پیرەکان، ئەندامەکانی سینێت (پەرلەمان)

٢. کەیسەر، نە رووی دێت بڵێت ناوێرم ئەمرۆ لە ماڵ دەربچم. نە رووی دێت بڵێت ژنەکەم ناهێڵێت.

گەلێک رۆمانی گەورە و خانەدان،
بە خەنینەوە،
دەهاتن دەستیان لەناودا دەشت.
ئەمانە لای ئەو، پێشبینینێکی
بەیوومە و دەبێت گوریز بکرێت.[١]
ئەمرۆ هەر چۆکی
دادەنا و لە من، دەپاڕایەوە؛
ئەمرۆ بۆ هیچ کوێ، لە ماڵ دەرنەچم.

دێسییەس:

ئەو خەوە بەگم، گەلێک بە هەڵە
تەفسیر کراوە.
خەوێکی جوان و زۆر بەختهێنەرە؛
پەیکەرەکەی تۆ،
کە خوێنی لێوە دەردەچێ و گەلێ
رۆمانی شادمان، بە خەنینەوە
دێن دەستەکانیان لەناودا دەشۆن،
مانای ئەوەیە کە بە سای تۆوە
رۆمای مەزنمان،
خوێنی پڕهێز و نوێ هەڵدەمژێت.
پیاوی گەورە دێت
مووفەڕکی پیرۆز، لە تۆ بخوازێت.
ئەمە تەفسیری ئەو خەوەیە کە
" کالپورنیا"ی ژنت، ئەمشەو دیوێتی.

کەیسەر:

تۆ بە جۆرێکی جوان تەفسیرت کرد.

---

١. گوریزکردن؛ خۆ لێ لادان، خۆ لێ دوورخستنەوە.

دێسییەس:
بەڵێ، دوای ئەوەی
گوێ لەو هەواڵەی هێناومە دەگری؛[1]
سینێت، سەروەرم، ئەمڕۆ بڕیاری
داوە کەیسەری
مەزن تاجەکەی بکاتە سەری.
گەر لەگەڵمدا وتە بنێری،
کە ئەمڕۆ ناچی خۆت بیانبینی،
زۆر لەوانەیە، بەوە بڕیاری
ئەوان بگۆڕی.
سەرەڕای ئەوە، دوور نییە یەکێک
بۆ گاڵتە بڵێت؛ با کۆبوونەوەی
سینێت دوابخەین بۆ کاتێکی تر،
تاکو هاوسەری کەیسەر خەوێکی،
باشتر دەبینێت.
ئەگەر کەیسەر خۆی بشارێتەوە،
خەڵکەکە بە گوێی یەکتری ناڵێت؛
سەریر بکە کەیسەر، نەهات، دەترسێت؟
ببوورە لە من، سەروەرم، کەیسەر،
خۆشەویستی من،
بۆ بەرزبوونەوە و دوارۆژی گەشت
وا لە من دەکات ئەوەت پێ بڵێم.
"دانایی"یش هەردەم، وەکو دەزانی
لێپرسراوی خۆشەویستییە[2]

١. دوای ئەوەی تۆ گوێ لەو هەواڵەی کە بۆتم هێناوە دەگری، تەفسیرەکەی من، هەر بە تەواوی بەدڵت دەبێت.
٢. دانایی، هەمیشە دەبێت ئاگاداری خۆشەویستی بێت

کەیسەر:

ئای، ئای، کالپورنیا،
ئەم ترسەی کە تۆی وا داگرتووە،
چەند گەلحۆ ئێستا دێتە بەر چاوم.
زۆر شەرمەزارم، بەوەی کەوا خۆم
بۆ نوشتانەوە و بەسەرما هێشتم
بەو جۆرە زاڵ بێت.
کەواکەم بەرێ، چونکە من دەڕۆم
(بروتەس، لیگارییەس، مێتێللەس، کاسکا، ترێبونییەس، سیننا و پەبلییەس، هەموویان پێکەوە دێنە ژوورەوە)
سەیربکە، بڕوانە
پەبلییەس ئەوا هات بەشوێنمانا.

پەبلییەس:

کەیسەر، بەیانیت خۆش و شادمان بێت.

کەیسەر:

بەخێر بێیت پەبلییەس.
ها تۆش، بروتەس،
بەم بەیانییە زووە هەڵساوی.
بەیانیتان باش،
کاسکا،
کایەس لیگارییەس،
کەیسەر، لەگەڵتا، دوژمنایەتی[1]
هەرگیز قەت رۆژێک گەورە نەبووە[2]
هەندەی ئەو دەردەی لاوازی کردووی.

---

١. لە کاتی جەنگی براکوژیدا، کایەس لیگارییەس لایەنگری پۆمپەی بوو لە دژی کەیسەر. لە دوای جەنگەکە کەیسەر هەموویانی ئاشت کردەوە و هێشتی بگەڕێنەوە بۆسەر ئیش و کاری خۆیان.
٢. کایەس لیگارییەس، نەخۆش کەوتووە و دەردەکەی لاوازی کردووە.

ئەرێ سات چەندە؟

بروتەس:

کەیسەر، هەر ئێستا هەشتی تێپەڕ کرد.

کەیسەر:

گەلێک سوپاس بۆ
هاتنتان و بۆ زەحمەت کێشانتان. (مارک ئەنتۆنی دێت)
سەیری ئەنتۆنی
بکەن ئەوەی کە بەشەو خەریکی
کەیف و گەڕانە،
لەگەڵ ئەوەشدا وا زوو هەڵساوە.
بەیانییەکی شادمان، ئەنتۆنی.

ئەنتۆنی:

بەیانی ئێوەش، کەیسەری هێژا.

کەیسەر: (روو دەکاتە کالپورنیا)

پێیان بڵێ با ئامادەبن[1] (کالپورنیا دەڕوات)
من تاوانباری ئەوەم کە ئێوە
چاوەڕوانی من لێرەدا دەکەن.
ها سیننا، ها مێتێللەس.
ها ترێبۆنییەس.
ئەوەندە وتە و باسم پێ هەیە
ئەمڕۆ تۆ دەبێت
بێیت سەرم بدەیت، لەبیرت نەچێت.
لە لای منەوە تۆ دابنیشە
بۆ ئەوەی هەردەم ئەتۆم لەبیربێت.

---

١. زۆر روون نییە کێ دەبێت ئامادە بێت. بەڵام وا دیارە، مەبەستی ئەوەیە کە شتێک بۆ میوانەکان ئامادە بکرێت.

تریبۆنییەس:

بەڵێ کەیسەر من، لاتەوە دەبم. (لەبەر خۆیەوە)
بەڵێ ئەوەندەش نزیکت دەبم،
دۆستە نزیکە دڵسۆزەکانت،
بڵێن، ئاخ، خۆزگە
ئەوەندە لێوەی نزیک نەبوایە.

کەیسەر:

دۆستە ئازیزە بەنرخەکانم،
بڕۆنە ژوورێ
لەگەڵما هەندێ بادە بچێژن.
جا لە دوای ئەوە هەموو پێکەوە
وەکو دەستەیەک هەواڵ و هاوڕێ
راستەوخۆ دەڕۆین.[1]

بروتەس: (لەبەر خۆیەوە)

ئاە، کەیسەر، ئەوەی لە شتێک دەچێت،
مەرج نییە وابێت.[2]
دڵی بروتەس،
کە لەو راستییە بیر دەکاتەوە،
خەفەت دایدەگرێت.[3]

---

١. راستەوخۆ دەڕۆین بۆ کاپیتۆل

٢. ئەوەی لە دۆست دەچێت، لەوانەیە دۆستت نەبێت. بروتەس، مەبەستی لە خۆی و پیلانگێڕەکانی ترە کە کەیسەر بە دۆستیان دەزانێت.

٣. بروتەس، پێی ناخۆشە کە ناچاربووە بەو جۆرە، کە هەنێک لە خیانەت دەچێت، رۆما لە کەیسەر رزگار بکات.

## دیمەنی ٢,٣

ئارتێمیدۆرەس، نامەیەکی نووسیوە بیدات بە کەیسەر. نامەکەی بە دەستەوەیە دەیخوێنێتەوە پێش ئەوەی بیداتێ.[١]

کەیسەر، پێویستە تۆ لە بروتەس زۆر ئاگادار بیت،
وریابیت دەبێت لە کاسییەس گەلێک. لە کاسکا دەبێت دوورکەویتەوە.
هەردەم چاوێکت تۆ لە سیننا بێت. بە ترێبۆنییەس، ها، بڕوات نەبێت.
تێبینی مێتێللەس سیمبێر، باش بکە. دێسییەس بروتەس، ئەتۆی خۆش ناوێت.
لە بیرت نەچێت کە تۆ خراپەت کردووە لەگەڵ کایەس لیگارییەس.
ئەمانە گشتیان دژی " کەیسەر"ن؛
ئەگەر نەمر نیت، چاوەکانی خۆت باش بکەرەوە.
هەستکردنی تۆ بە ئاسایش، ها،
پیلانگێڕەکان، دەبزوێنێت و ئازایان دەکا.
خوایە گەورەکان ئاگادارتبن!
(ئارتێمیدۆرەس، ئەوەی جەنابتی خۆش دەوێت)
ئارتێمیدۆرەس: (لەبەر خۆیەوە)
لێرە دەوەستم بۆ ئەوەی کەیسەر،
کە بێرەدا دێ،
وەکو دادخوازێک ئەمەی دەدەمێ.[٢]
ئاخ کە دەبینم چاک و چاکێتی،

١. ئارتێمیدۆرەس، بە پیشە مامۆستای خوێندنگایەک بووە لە رۆما. یەکێک بووە لەوانەی کەیسەریان خۆش دەویست. بەرێکەوت لەبارەی پیلانگێڕەکانەوە بیستبووی و دەیزانی کە بەتەمان ئەمرۆ بیکوژن. هەروەها دەیزانی کێ هاوبەشیی تێدا کردووە.
٢. ئەمە؛ ئەم نامەیە.

لە کەڵبە و دانی
ناکەس و ڕەشکن، ڕزگاریان نابێت،
دڵی سوێدرام، خوێن لێی دەتکێت.
ئای کەیسەر، ئەگەر
ئەم نامەیەی من بخوێنیتەوە،
بەڵکو ژیانت، خوا بیپارێزێت؛
نەیخوێنیتەوە، خودای بەختیاری
لەگەڵ خائن و
ناکەسەکاندا، دژت دەوەستێت.

## دیمەنی ٢,٤

لەبەر دەرگای ماڵی بروتەس. پۆرشیا و لوسییەس دەردەکەون.

پۆرشیا:

تکات لێ دەکەم، خێرا رابکە
تۆ بۆ پەرلەمان. دەی زوو رابکە.
نەوەستیت پرس و شتم لێ بکەیت.
دەی هەڕابکە. دە بۆ وەستاوی؟

لوسییەس:

بۆ ئەوەی خانم،
پێم بڵێیت من چی لەوێدا بکەم؟

پۆرشیا:

دەمەوێت بچی و بگەڕێیتەوە
پێش ئەوەی زارم فریا بکەوێت
پێت بڵێت تۆ چی لەوێدا بکەیت.[١] (لەبەر خۆیەوە)
خوای ئارامداری، دە وەرە شاخێک[٢]
دابنێ لە نێو دڵ و زمانم!
مێشکی پیاوم
هەیە بەڵام، ئاخ، داخی گرانم،
هێزی ژنانم لە گیاندا هەیە.

---

١. دیارە بروتەس، بە هاوسەرەکەی خۆی گوتووە بە تەمای چییە. لەبەر ئەوە پۆرشیا زۆر نیگەرانە و دەترسێت پیلانی مێردەکەی سەرنەگرێت و بکوژرێت.

٢. خوای ئارامداری؛ ئەو خوایەی کە ئارام دەدات بە خەڵکی. پۆرشیا دەترسێت و خۆی پێ نەگیرێت و وتەیەک لە دەمی دەربچێت و نهێنیی مێردەکەی خۆی ئاشکرا بکات.

ئای کە گرانە بۆ ژن نهێنی
بشارێتەوە! (روو دەکاتەوە لوسییەس)
هێشتا هەر لێرەیت؟
لوسییەس:
ئاخر خاتوونە، بچم چی بکەم؟
هەر وا رابکەم بۆ کاپیتۆڵ و
بگەڕێمەوە؟ هیچ شتی تر نا؟
پۆرشیا:
کوڕە هەر بڕۆ
بزانە چۆنە خاوەنەکەی تۆ.
بگەڕێرەوە بۆلام پێم بڵێ.
چونکە نەخۆش بوو
کە لەماڵەوە دەرچووە دەرێ.
تۆ باش تێبینی بکە بزانە
چۆنە و چاوی تۆ، چۆنی دەبینێ؟
بزانە کەیسەر، خۆی چۆنە و ئەرێ ٢,٤,١٥
دادخوازەکانی چییان لێ دەوێ؟ (گوێی لە دەنگ و هەرا دەبێت)
کوڕە گوێ بگرە!
ئەو دەنگەدەنگە چییە لەوێ دێ؟
لوسییەس:
خاتوونە، من گوێم هیچ لە دەنگ نییە.
پۆرشیا:
تکات لێ دەکەم تۆ باش گوێ بگرە.
گوێم لە دەنگێکە، وەک ئاژاوەیەک
لە " کاپیتۆڵ"دا، کوڕە، رووی دابێت،
بایەکە بەرەو گوێمی دەهێنێت.

لوسییەس:

خاتوون، بەڕاستی، گوێم لە هیچ نییە. (فاڵچییەک دەردەکەوێت)

پۆرشیا:

کابراکە وەرە، لە کوێوە هاتیت؟

فاڵچی:

من لە ماڵەکەی خۆمەوە، خانم،
بۆ ئێرە هاتم.

پۆرشیا:

ئەرێ سات چەندە؟

فاڵچی:

سەئات نزیکی
نۆیە، خاتوونە.

پۆرشیا:

پێم بڵێ کەیسەر، چوو بۆ کاپیتۆل؟

فاڵچی:

نەخێر خاتوونە، هێشتا نەچووە.
ئەوا من دەچم
لەسەر ڕێگاکەی بۆی رادەوەستم
تاکو بیبینم
کە تێپەڕ دەبێت بەرەو کاپیتۆل.

پۆرشیا:

دیارە شتێکی تۆ لێ دەخوازی
وا نییە ئەرێ؟

فاڵچی:

ئەوەی دەیخوازم،
بۆ کەیسەر سوودی هەر گەلێک دەبێت.

گەر هات و کەیسەر هەوەسی هەبێت
گوێ لە من بگرێت،
دەپاڕێمەوە لێی دۆستی خۆی بێت.
پۆرشیا:
بۆچی وا دەڵێیت؟
وەکو بزانی هیچ مەترسییەک
هەیە کە یەکێک ئازاری بدات؟
فاڵچی:
بە پێی ئەوەی کە
ئەمن دەیزانم، هیچی وا نییە.
بەڵام من ترسم هەیە رووبدات.
بەیانییەکی
باشت خاتوونە من بۆ دەخوازم.
ئا ئەلێرەدا،
جادەکە نەختێک باریک بۆتەوە.
ئەو خەڵکە زۆرەی کە دوای دەکەوێت؛
سیناتۆرەکان، کاربەدەستەکان،
دادخوازی ساکار.
ئا ئەلێرەدا،
گەر پیاوێک لەشی هەندێک لاوازبێت
دوورنییە لەناو ئەو پەستۆیەدا،
گیانی دەربچێت.
من لە جێیەکی هەندێک بەتاڵدا
بۆ خۆم دەوەستم. جا کەی کەیسەری
مەزن هات بەبەر دەممدا تێپەڕبێت
دەدوێم لەگەڵی. (دەڕوات)

پۆرشیا:

من ئیتر دەبێ بڕۆمە ژووریٚ
وەی لە من دڵی ئافرەت شتێکی
چەند بێ ئارام و بێ دەسەڵاتە!
بروتەس، گەردوون یاریدەدەری
تۆ بێت لەو کارەی دەیهێنیتەدی. (لەبەر خۆیەوە)
بەخوا کوڕەکە،
دەبێت گوێی لێم بێت! (روو دەکاتەوە لوسییەس)
داخوازییەکی وای هەیە بروتەس،
کەیسەر هەرگیز بۆی ناهێنێتەدی. (لەبەر خۆیەوە)
خوایە خەریکم دەبووریٚمەوە.
لوسییەس، رابکە بۆ لای ئاغاکەم.
سڵاوی منی پێ بگەیەنە،
پێی بڵێ دڵم خۆش شادمانە.
هەرچی پێ گوتی،
بگەڕێرەوە بۆ لام پێم بڵێ.[1]

١. پۆرشیا، زۆر شڵەژاوە. دەترسێت لوسییەس هەست بەوە بکات و بزانێت لەبەر چی. لەبەر ئەوە بە دەنگێکی بەرز دەڵێت. بروتەس داخوازییەکی هەیە، دەترسم کەیسەر بۆی نەکات. بە جۆرێک دەیڵێت وەکو بڵێت هۆی شڵەژاوییەکەی تەنیا ئەوەیە.

## پەردەی سێیەم

## دیمەنی ٣,١

دەنگی بلوێر دێت. کەیسەر، بروتەس، کاسییەس، کاسکا، دێسییەس، مێتێللەس، ترێبۆنییەس، سیننا، ئەنتۆنی، لێپیدەس، ئارتێمیدۆرەس، پەبلییەس، پۆپیللییەس، لیگارییەس و فاڵچی دەردەکەون.

کەیسەر: (لە فاڵچییەکە نزیک دەبێتەوە)

وا ناوەڕاستی مارت هات؛ ئەمڕۆیە.

فاڵچی:

ئا، بەڵێ، کەیسەر،

بەڵام کۆتایی، ها، نەهاتووە.

ئارتێمیدۆرەس:

هەر بژی کەیسەر.

گەورەم، ئا ئەمە بخوێنەرەوە.

دێسییەس:

ترێبۆنییەس، زۆر پێی خۆش دەبوو

کەی کاتت هەبوو.

ئا ئەم دادخوازە بخوێنیتەوە.

ئەمە، سەروەرم،

داخوازییەکی ئاسا و ساکارە.

ئارتێمیدۆرەس:

کەیسەر، ئەوەی من،

گەورەم، ئەوەی من،

لەپێشدا دەبێت بخوێنیتەوە.

داخوازییەکەی من زیاتر پەیوەندی
بە "کەیسەر"ەوە، سەروەرم، هەیە.
کەیسەری گەورە، بیخوێنەرەوە.

کەیسەر:
ئەوەی پەیوەندی بەخۆمانەوە،
کابراکە، هەیە،
لە دوای هەموویان دەیخوێنمەوە.

ئارتێمیدۆرەس:
کەیسەر، دوای نەخەیت.
هەر ئێستا دەبێت بیخوێنیتەوە.

کەیسەر:
ئەم پیاوە شێتە؟

پەبلییەس:
کوڕە، دە لاچۆ ڕێمان بدەرێ. ٣,١,١٠

کاسییەس:
بۆ لەسەر جادە،
داخوازییەکانی خۆتی دەدەیتێ؟
خۆت بۆ کاپیتۆل بڕۆ و پێی بڵێ.
(لەو کاتەدا کەیسەر پێی دەخاتە ناو خانووی کاپیتۆل. ئەوانەی تر دوای دەکەون)

پۆپیللییەس: (روو دەکاتە کاسییەس)
لە خوا دەخوازم، سەرکەشییەکەتان،
ئەمڕۆ سەربگرێت.

کاسییەس:
کام سەرکەشییە، ئەرێ پۆپیللییەس؟

پۆپیللییەس:
ئەسپەردەی خوا بی. (پۆپیللییەس دەڕوات، دوای کەیسەر دەکەوێت)

بروتەس:

پۆپیللییەس لێنا، چی بوو پێی گوتی؟[١]

کاسییەس:

لەخوا دەخوازێت،
سەرکەشییەکەمان، ئەمڕۆ سەربگرێت.
لەوە دەترسم، مەبەستەکەمان،
ئاشکرا بووبێت.

بروتەس:

تۆ سەیری بکە، چۆن بەرەو کەیسەر
دەڕوا و لێیەوە خۆی نزیک دەکات.

کاسییەس: (شڵەژاوە)

دێسییەس، وریابە و باش ئامادە بە،
نەوەکو شتێک ڕێمان لێ بگرێت.
بروتەس، چی بکەین؟
ئەگەر بە جۆرێک پێیان زانیبێت.
کاسییەس و کەیسەر هەرگیز قەت ناشێت
ئەمڕۆ هەردووکیان،
بۆ ماڵی خۆیان بگەڕێنەوە؛
من خۆم دەکوژم.

بروتەس:

کاسییەس، تۆ هەندێک هێمن بەرەوە.
پۆپیللییەس لێنا،
باسی سەرکەشی و مەبەستمان ناکا.
تۆ سەیریان بکە؛ خۆی پێدەکەنێ و

---

١. ناوی تەواوی پۆپیللییەس، "پۆپیللییەس لێنا"یە

دیمەی "کەیسەر"یش وەکو خۆیەتی.[1]

کاسییەس:

تریبۆنییەس، کاتی
خۆی باش دەزانێت.[2]
بروتەس، سەیربکە
وا مارک ئەنتۆنی لە ڕێ لادەبا. (ئەنتۆنی و تریبۆنییەس دەچنە دەرێ)

دێسییەس:

مێتێللەس سیمبێر، ئەرێ چی لێ هات؟
دە دەی با بڕوات، داخوازییەکەی خۆی
پێشکەش کەیسەر بکات.[3]

بروتەس:

ئەو، ئامادەیە.
تۆ خۆت لێیەوە نزیک کەرەوە و
پشتیوانی بە، کاتی پێویستی.

سیننا:

کاسکا تۆ، یەکەم دەست بوەشێنە.

کەیسەر:

ئەرێ هەمووومان ئێستا ئامادەین؟
ها چی بە هەڵە دەبینن و چی
لە جێی خۆی نییە؟
تاکو کەیسەر و سینێت پێکەوە

---

١. ئەگەر مەبەستەکەی ئێمەی پێ بگوتایە؛ نە خۆی پێدەکەنی، نە کەیسەر دیمەی وەکو خۆی دەمایەوە.

٢. وا ڕێک کەوتبوون کە تریبۆنییەس یەکەم خەنجەری لێ بدات. ئینجا ئەوانەی تر هێرش بەرنە سەری.

٣. وا ڕێک کەوتبوون کە مێتێللەس سیمبێر بچێت داخوازییەکانی خۆی پێشکەش کەیسەر بکات. لەو کاتەدا تریبۆنییەس خەنجەرێک لە کەیسەر بدات جا ئەوانەی تر هێرش بەرنە سەری.

چاکی بکەنەوە؟

مێتێللەس:

کەیسەری مەزن، بە هێزترین و
بە تواناترین، کەسی سەرزەمین!
مێتێللەس سیمبێر،
وا چۆک دادەنێ و بە ملکەچییەوە
لەبەر دەمی تۆ و دەپاڕێتەوە.

کەیسەر:

سیمبێر، ناهێڵم.
چۆک دانانەوە و پاڕانەوەی وا
زۆر لەوانەیە خوێنی مرۆڤی
ساکار گەرم بکا
بە جۆرێک یاسا لە ڕێ دەربکا و
بیکات بە یاریی منداڵە وردکە.
قەت وا نەزانی کەیسەر دڵێکی
هەندە کەودەنی لە گیاندا هەیە؛[1]
بتوێتەوە و لە ڕێگەی ڕەوا،
یەک تۆز لابدا.
سیمبێر، براکەت، بە ئەمری یاسا
نەفی کراوە. گەر بەردەوامبی
لە چۆک دانان و لە پاڕانەوە،
ناچارم دەکەیت
بە زمانێکی ڕیسواکەرەوە،
وەکو سەگ لە خۆم، دوورت خەمەوە.
دەبێت بزانی،

---

١. کەودەن؛ ڕیژگاو، گەلحۆ

کەیسەر لە خەڵکی قەت غەدر ناکا،
لە بەڵگە و راستی بەولاوە، سیمبێر،
هیچ شتێکی تر، کاری تێ ناکا.

مێتێللەس:

ئەرێ کەسێکی بەنرختر نییە
بە زمانێکی خۆش و شیرینتر
لەگەڵ کەیسەردا بدوێ و داخوازی
ئازادکردنی براکەم بکا؟

بروتەس:

کەیسەر من ماچی دوو دەستەکانی
جەنابت دەکەم، نەک بۆ مەرایی،
بەڵام حەزدەکەم، پەبلییەس سیمبێر،
بەبێ دواخستن زوو ئازاد بکەیت.

کەیسەر:

بروتەس، ئەرێ تۆ چیم پێ دەڵێیت؟

کاسییەس:

ببوورە کەیسەر، کەیسەر ببوورە؛
کاسییەس ئەوەندە دەچەمێتەوە
تا دەکەوێتە بەر پێیەکانت،
هەر لەبەرئەوەی بپاڕێتەوە
لێت و جەنابت، پەبلییەس سیمبێر،
زوو ئازاد بکەی.

کەیسەر:

زۆر بە ئاسانی نەرم دەبوومەوە،
وەک تۆ بوومایە؛
ئەگەر دەمتوانی بە پاڕانەوە،

ڕێی خۆم ببڕم،
بە پاڕانەوە، نەرم دەبوومەوە.
بەڵام من وەکو ئەستێرەی باکوور،
چەسپ و نەگۆڕم.
لە نێوان هەموو گەردووندا نییە
یەک ئەستێرەی تر،
ڕەوشتی نەختێک لە هی ئەو بچێت.
بەری ئاسمان گشت دەدرەوشێتەوە
بە پڕیشک و پرژی بریسکەدارەوە.
هەموو ئاگرن، وە گشت یەکێکیان
شەوق دەداتەوە؛
بەڵام تەنیا هەر تاکە یەکێکیان،
لەجێی خۆی هەرگیز ناجووڵێتەوە.
دنیاش ئاوایە؛ پڕە لە پیاوان.
پیاویش، دەزانین کە گۆشت و خوێنە؛
لێک دەداتەوە.[1]
لە هەموویاندا، تەنیا هەر یەکێک
ئەمن دەناسم،
کە لاس نادرێ و لە جێگەی چەسپی
ناجووڵێتەوە،
ئەو کەسەش، منم.
نەختێک لەوەی کە نەگۆڕ و چەسپم،
با پیشان بدەم؛
سیمبێر، پێویستە نەفی بکرێ و
بە نەفیکراو دەمێنێتەوە.

١. لێک دەداتەوە؛ ئەوەی بۆی باش نەبێت دەترسێت بیکات.

سیننا: (بەرەو کەیسەر دەچێت)

ئای کەیسەر–

کەیسەر:

چییە، دەتەوێ ئۆلیمپەس لە جێی[١]

خۆی بەرزکەیتەوە.

دێسییەس:

کەیسەری مەزن–

کەیسەر: (بروتەس دەبینێت لەبەر دەمیدا خەریکە چۆک دابنێت)

بروتەس، چۆکی

بێ سوودم بۆچی تۆ بۆ دادەنێیت؟

کاسکا: (خۆی و ئەوانەی تر هێرش دەبەنە سەر کەیسەر بیکوژن)

دەی دەستەکانم، ئێوە بدوێن بۆم!

کەیسەر: (بروتەس دەبینێت بە خەنجەرێکەوە بەرەو رووی دێت)

بروتەس، تا تۆش؟ تۆش، لەگەڵیانی؟

گەر وابێت کەیسەر، ئیتر بکەوە![٢] (دەمرێت)

سیننا:

زۆردار ئەوا مرد، بژی ئازادی!

رابکەنە دەرێ، با گشت یەکێکتان

لەسەر جادەکان، بقیژێنێت و رایبگەیێنێ.[٣]

---

١. ئۆڵیمپەس (Olympus)؛ شاخێکی بەرز و گەورەیە لە یۆنان. بە پێی ئەفسانەی گریکی، خوایەکان لەوێ دەژین.

٢. ئەمە دێڕێکە لە هەرە بە ناوبانگەکانی کەیسەر. کەیسەر بروتەسی بە نزیکترین دۆستی خۆی دەزانی. لەبەر ئەوە کە بۆی دەرکەوت کە ئەویش دژییەتی، گەلێک دەحەپەسێت و زۆری پێ ناخۆش دەبێت. ئیتر بڕیار دەدات بەرگری لە خۆی نەکات و بمرێت.
پلوتارخ، مێژوونووسی بەناوبانگی گریکی، نەختێک بە جۆرێکی تر ئەم رووداوە دەگێڕێتەوە. سەیری "کوشتنی کەیسەر بکە لە "یولییەس کەیسەر و ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە" لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا.

٣. هەواڵی کوشتنی کەیسەر رابگەیێنێت بە خەڵک.

کاسییەس:

دەی با هەندێکتان، بچێت جاڕبدات.
بە دەنگی بەرزی بڵێت هەر بژی
دیموکراتییەت
بژی ژیانی خۆشی سەربەستی.

بروتەس:

خەڵکەکە ئێوە،
هەروەها ئێوەش، سیناتۆرەکان،
هیچ ترستان نەبێ؛ رامەکەن هەرچ کەس،
لە ئاستی خۆیدا با رابوەستێ.
بەرزخوازی، ئەوا
گشت "وام"ەکانی خۆیی دایەوە.[1]

کاسکا:

بروتەس، بڕۆ
سەرکەوە بۆ سەر "دوانگە" کە و بدوێ[2]

دێسییەس:

دەبا " کاسییەس"یش، ئەویش سەرکەوێ.

بروتەس:

پەبلییەس، کوانێ؟[3]

سیننا:

ئەوەتا لێرەیە، ئەم یاخیبوونە
حەپەسانیویەتی.

---

١. وام؛ قەرز. کەیسەر، لەبەر ئەوەی کە بەرزخواز بوو، سزادرا. ئەو سزادانە وام بوو لەسەری، ئەوا ئێستا دایەوە.

٢. دوانگە؛ جێیەکی هەندێک بەرزە مرۆڤ لێیەوە، دەدوێت (مەنبەر)

٣. پەبلییەس، سەرۆکی پەرلەمانە. بروتەس، چاوی بۆ دەگێڕێت و نایبینێت.

مێتێللەس:

لەلای یەکەوە نزیک بوەستن
نەوەک دۆستێکی کەیسەر، بۆشایی
ببینێت و بێت، لە ناوتانەوە .....[1]

بروتەس:

نا، نا، تۆ باسی وەستاندن مەکە.
پەبلییەس، ئاخر هێمن بەرەوە،
نە کەس ئازاری جەنابت دەدات
نە ئازاری هیچ رۆمانییەکی
تر. لەبەر ئەوە، پەبلییەس ئەوە،
بە هەموو کەسێک رابگەیێنە.

کاسییەس:

لەگەڵ ئێمەشدا، لێرە مەمێنە،
نەوەک خەڵکەکە،
رووبکەنە ئێرە و لێرە بتبینن،
جۆرە ئازارێک
بە تۆ و پیرێتی تۆ بگەیێنن[2]

بروتەس:

راست دەکات، برۆ. جگە لە خۆمان،
ئەوانەی هەڵسان بەم کردەوەیە،
با هیچ کەسێکی
تر، بەرپرسیاری ئەم کارە نەبێت.

(هەموویان دەڕۆن پیلانگێڕەکان، هەر خۆیان دەمێننەوە. تریبۆنییەس دێت)

١. لە ناوتانەوە دەست بکات بە یاخیبوون و ئاژاوە گێڕان.

٢. پەبلییەس، پیاوێکی پیرە. گەر یەکێک دەستی لێ درێژ بکات، دەستدرێژی هەر لە پەبلییەس ناکات، دەستدرێژی لە پیرێتیشی دەکات.

کاسییەس:

ئەنتۆنی کوانێ؟

ترێبۆنییەس:

به حەپەساوی رایکردە ماڵێ.
پیاو و ژنان و منداڵان هەموو،
دەقیژێنن و رادەکەن وەکو
ئەمڕۆکە رۆژی هەڵسانەوە بێ[1]

بروتەس:

ئەی خوایەکانی بەخت و بەختیاری،
ئارەزووەکانی ئێوە هەرچی بن
دووچاریان دەبین؛
ئێمە دەزانین رۆژێک هەر دەمرین.
تەنیا ئەوەیە، کەی و چۆن ئێمە
کاتی مردنمان دووربخەینەوە. ٣,١,١٠٠
مرۆڤ ئا لەوە
بە مەراقەوە بیر دەکاتەوە.

کاسکا:

ئەوەی کە بیست ساڵ
لە ژیانی خۆی کورت دەکاتەوە،
ئەوەندە ساڵیش کورت دەکاتەوە
لەو ساڵانەی کە لە مەرگ دەترسێت.

بروتەس:

خۆ ئەگەر وا بێت، مەرگ قازانجە بۆی.[2]
ئێمە ئەوانەی خۆمان بە دۆستی

---

١. رۆژی هەڵسانەوە؛ رۆژی قیامەت.

٢. بۆی؛ بۆ کەیسەر

کەیسەر دەزانین، بەو کارە ماوەی
مەراق و ترسی لە کۆچی دوایی،
کورتمان کردەوە.
بنوشتێنەوە رۆمانییەکان،
بنوشتێنەوە،
با دەستەکانمان تاکو ئانیشکمان
بە خوێنی کەیسەر جوان بشۆینەوە و
شیرەکانیشمان لەکەدار بکەین؛
ئەمجاکە بڕۆین، بەناو خەڵکیدا
تاکو دەگەینە ناو بازاڕەکە.
ئەمجا لەوێدا شمشێرەکانمان،
بەرز دەکەینەوە و
رایدەوەشێنین بەسەرمانەوە و
پڕ بە گەروومان هاوار دەکەین و
دەڵێین؛ هەر بژی سەربەستی و ئاشتی!

کاسییەس:

ده دەی کەوابێت بنوشتێنەوە،
با دەستەکانمان بە خوێنی بشۆین.
ئای نەوەکانی دوای ئێمە بۆ چەند
سەدەها سالان،
باسی ئەم کارە جوامێرییەمان
بە زمانی گەلێک گەل و ولاتان،
هێشتا هەندێکیان لەدایک نەبوون،[1]
دەگێڕنەوە و لە شانۆکانیان
تەمسیلی دەکەن.

---

١. ئەو ولاتانە، هێشتا هەندێکیان دروست نەبوون.

بروتەس:

ئای چەند جاری تر، کەیسەر ئەوەی کە
ئێستا لە لای پێی پەیکەری پۆمپەی
کەوتووە و نرخی لە خۆڵ کەمترە،
بۆ شانۆگەری
سەلەرنوێ خوێنی دەپرژێتەوە.

کاسییەس:

ئەوەندە جاریش بەردەوام ناوی
ئێمە دەهێنن، دەڵێن؛ ئەمانە،
وڵاتەکەیان ئازاد کردەوە.

دێسییەس:

باشە، ها، بڕۆین؟

کاسییەس:

ئا، هەموو دەڕۆین.
بروتەس دەڕوات لە پێشمانەوە
ئێمەش جێگە پێ پیرۆزەکانی
دەچین هەڵدەگرین، گشت بە دڵێکی
نەبەرد و ئازای رۆمانییەوە. (نۆکەرێک دەردەکەوێت)

بروتەس:

بەسە بێ دەنگبن. ئەوە کێیە هات؟
ها، نوێنەرێکی "مارک ئەنتۆنی" یە.

نوێنەر: (چۆک دادەنەوێنێت و دەنوشتێتەوە)

ئا بەم شێوازە، بروتەس، بەگم،
خاوەنەکەی من،
ئەنتۆنی، خواستی و ئەمری پێ کردم،
چۆک دابنێم و بنوشتێمەوە.

تا بەسەر دەمدا ئاوا دەکەوم.
هەر بەم شێوازەش بمێنمەوە؛
سەرم هەڵنەگرم، کاتی دواندم
تاکو ئەمەت پێ، لە لایەنیەوە،
رادەگەیێنم؛ بروتەس گەلێک
خانەدانە و زۆر دانا و جوامێرە.
"کەیسەر"یش، ئاوا پیاوێکی گەلێک
ئازا و نەجیب بوو.
وە پێشی بڵێ کە "بروتەس"م
خۆش دەوێ و رێزی من گەلێک دەگرم.
بڵێ "کەیسەر"م من زۆر خۆش دەویست
وە گەلێک رێزم دەگرت و لێشی
دەترسام گەلێک.
ئەگەر بروتەس رێ و سەلامەتیم
مسۆگەر بکات، دێمە خزمەتی.
جا ئەگەر هات و قایلی کردم؛
کەیسەر، لەبەرچی مەرگ شایانی بوو،
ئەوسا ئەنتۆنی، کەیسەری مردووی
خۆش ناوێت وەکو "بروتەس"ی زیندوو.
وە بە دڵسۆزی دوارۆژ و بەختی
بە هی "بروتەس"ی،
خانەدانەوە، دەبەستێتەوە؛
یاریدەدەری دەبێت لە رێگەی
دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ.
ئەنتۆنی گوتی ئەوەت پێ بڵێم.

بروتەس:

خاوەنەکەی تۆ، رۆمانییەکی

دانا و جوامێرە. هەردەم بەم جۆرە،
لە ڕەوشتی ئەوم بیر کردۆتەوە.
برۆ پێی بڵێ، ئەگەر دەیەوێت،
با بێت بفەرمووێت.
پێی دەڵێم بۆچی و ئەو ڕازی دەبێت.[١]
وە سوێندیش دەخۆم؛
هیچ کەسێک دەستی بۆ درێژ ناکات.

نوێنەر:

ئێستاکە بانگی دەکەم بۆ ئێرە. (دەڕوات)

بروتەس:

گومانم نییە، کە بە ئاسانی
دەتوانین دۆستی لێ دروست دەکەین.

کاسییەس:

خۆزگە دەمانتوانی. ئەمن دڵێکی
وام لە سنگدایە، زۆر لەو دەترسێت؛
ئەو شتەی کە ئەو پێشبینی دەکات[٢]
ئاخ، ڕاست دەردەچێت. (ئەنتۆنی دەردەکەوێت)

بروتەس:

ئەوا ئەنتۆنی بەرەو ئێرە دێت.
ئەی مارک ئەنتۆنی دەک بەخێرهاتی!

ئەنتۆنی: (سەیری تەرمەکەی کەیسەر دەکات)

کەیسەری مەزن، ئایا قەت دەشێت
ئاوا بەم جۆرە ریسوا کرابی و
ئاوا کەوتبی؟

---

١. پێی دەڵێم بۆچی کەیسەر، دەبوایە بکوژرایە.
٢. ئەو؛ دڵم.

ئەم هەموو جەنگ و زاڵبوون و خاکی
دوژمنان گرتن، ئەو سەربەرزییە و
شکۆدارییەی جەنابت هەیبوو،
ئەمانە هەموو، ئاخر قەت دەشێت
ئاوا بەجارێک
بسڵەمێتەوە و وا پچووک ببێت؟
خوا حافیزت بێت! (روو دەکاتە پیلانگێڕەکان)
خانەدانەکان، ئێوە بەتەمای
چین، من نازانم.
کێی تر پێویستە خوێنی بپرژێت،
کێ پێگەیشتووە و کاتی هاتووە؟
گەر ئەوە منم، سات نییە باشتر
لەو ساتەی کەیسەر، تێیدا مەرگی دی.
"دەسکەلا"ش نییە نرخی بگاتە[١]
تا نیوەی نرخی ئەو شیرەی ئێوە،
بە پاکترین و خانەدانترین
خوێنی سەرزەمین، دەوڵەمەندتان کرد.
دەپاڕێمەوە و لێتان دەخوازم،
ئەگەر بڕیاری دراوە مەرگم،
ئێستا، تا دەستە
پەمەیییەکانتان، هالاو و بۆنی
خوینیان لێوە دێت،
بڕیارەکەتان، بهێننە دی.
ئەگەر تەمەنم هەزار ساڵیش بێت،
هەرگیز کاتێکی تر من نابینم

١. دەسکەلا؛ پێکار، ئامێر

وا ئامادەبم، بۆ مەرگ بینینم.
هیچ جێگەیەکی تر بۆ مردنم
وا پێی شاد نابم،
وەکو ئا ئێرە، لای کەیسەرەوە.
نە "دەسکەلا"ی مەرگ، وەک شیرەکانیان،[1]
ئەی هەڵبژاردە و
خاوەنەکانی ئەم زەمانەمان.[2]

بروتەس:

ئاخ، ئاخ، ئەنتۆنی
لە ئێمە مەرگت نابێت بخوازی.
هەرچەندە ئێستا،
وا بە خوێناوی و دڕندە دیارین،
بە بۆنەی ڕەنگی ئەم دەستانەوە و
ئەو کارەی ئێستا هێنامانە دی.
بەڵام تۆ تەنیا دەستمان دەبینی
لەگەڵ ئەو کردە خوێناوییەیان؛
دڵمان نابینی
چەند پڕە لە سوێ و غەم و بەزەیی.
بەزەییەکی پڕ لە سوێداری
بۆ هەموو خەڵکی ڕۆما بە گشتی.
وەکو چۆن ئاگر،
گڕ و ئاگری نوێ دەنێتەوە
ئاواش بەزەیی؛

١. خۆشترین مەرگ بۆ من ئەوەیە کە لەلای کەیسەرەوە بکوژرێم و وەکو کەیسەر. وە بەو شیرانەی کە ئەو پێی کوژرا.

٢. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ ئەم زەمانەمان، زەمانێکی بەدە گەر پیاوی وەک ئێوە هەڵبژێرێت و بیکات بە خاوەنی خۆی. واتە بیکات بە فەرمانڕەوا.

بەزەیی ئێمە بۆ هەموو ڕۆما،
ئەو بوو کەیسەری ئاوا سزا دا.
بەڵام لەبارەی تۆ، مارک ئەنتۆنی،
نووکە تیژەکەی شمشێرەکان،
"سرت"ی لێ دراوە.[1]
دوو دەستەکانی ئێمە، هەرچەندە
بە ستەمکاریان ئێستا دەبینی،[2]
دڵەکانیشمان، پڕن لە سۆزی
برا و برایەتی،
کراونەتەوە بۆت بێیتە ناویان.

کاسییەس:

دەنگی تۆش هێزی
وەکو هی یەکێک لەخۆمان دەبێت
لە لێکدانەوە و دابەشکرنی
کارە مەزنە گرنگەکانی
وڵاتەکەمان.

بروتەس:

تۆ هەر ئەوەندە ئارامت هەبێت
تاکو گەلەکە، ئەوەی لە ترسدا
زۆر ورووژاوە و سەری شێواوە،
ژیر دەبێتەوە.

ئەنتۆنی:

بە داناییتان گومانم نییە.

---

١. سرت؛ قورقوشم. بۆ فێربوونی شەڕەشیر، بۆ ئەوەی کەس بریندار نەکرێت، نووکی شیرەکان بە تۆپەڵەیەک سرت کول دەکرێت. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ ئێمە قەت شمشێر لە دژی تۆ بەکار ناهێنین.

٢. بە ستەمکاریان دەبینی، لەبەر ئەوەی کە خوێناوین.

دەی با هەر کەسە
دەستی خوێناویی خۆیم بداتێ. (دەست دەکات بە تەوقەکردن لەگەڵیاندا)
مارکەس بروتەس، لە پێشدا لەگەڵ
تۆدا حەزدەکەم من تەوقە بکەم.
لە دوای تۆ لەگەڵ "کایەس کاسییەس"دا،
دەست گوشین دەکەم.
ئێستاکەش لەگەڵ "دێسییەس بروتەس"
ئەمجا مێتێللەس. دەستی تۆ سیننا،
ئەمجاش هی کاسکا.
هەرچەند، ترێبۆنییەس، تۆ دواهەمیانی،
قەت وا نەزانی
کە من ئەوانم زۆرتر خۆش دەوێت.
خانەدانەکان، داخی گرانم،
ئاخر بڵێم چی؟
شەرەفم لەسەر
خاکێکی هەندە لووس و "خلیسک"دا
وەستاوە، ئێوە،
یان بە ترسنۆک، یان بە مەرایی –
کەرێکی ریسوا، ئەمن دادەنێن.
ئەوەی "کەیسەر"م ئەمن خۆش دەوێت،
ئەوە زۆر راستە. (روو دەکاتەوە تەرمەکەی کەیسەر)
ئەگەر رۆحەکەی تۆ ئێستا سەیری
ئا ئێمە بکات
پێی ناخۆشتر و گرانتر نابێت
لە کوشتنەکەت،
کە مارک ئەنتۆنی دەبینێت دەستی،

دەستە دڕندە خوێناوییەکانی
دوژمنەکانت ئاوا دەگوشێ و
لەگەڵیشیاندا ئاشت دەبێتەوە،
ئە ئاوا لەلای تەرمەکەتەوە،
خانەدانترین کەسی سەرزەمین؟
گەر من ئەوەندە چاوم هەبوایە،
ئەوەندەی برین بە گیانتەوەیە،
وە گشت یەکێکی فرمێسکی تاڵی
لێ هەڵقوڵایە،
هەندەی ئەو خوێنە زۆرەی کە ئەوان
هەڵیاندەقوڵان، زیاتر لە من دێت،
لەوەی کە لەگەڵ
دوژمنەکانت ئاشت ببمەوە.
ببوورە کەیسەر!
دڵە ئازاکە،
لێرەدا هێرشیان بردە سەر گیانت.
لێرەدا تۆیان بەخاکدا کێشا،
ئێستاش لێرەدا راوچییەکانت،
ئەوا وەستاون، میراتییەکانی
تۆ دابەش دەکەن.
دەستەکانیان گشت،
بە ئاوی "لیپی"ی، پەمەیی بووە.[1]
ئای کە من سەیری

---

١. لیپی (Lethe) ناوی رووبارێکە لە دۆزەخ. ئەو رۆحەی ئاوی لێ بخواتەوە، هەموو ژیانی رابوردووی خۆی لە بیر دەچێتەوە. ئەنتۆنی خوێنی کەیسەر بە ئاوی لیپی بەراورد دەکات. وەکو بڵێت؛ راوچییەکانی، وادەزانن کەیسەر بەوە لە بیر دەچێتەوە.

تۆ دەکەم کەوتوویت ئاوا لێرەدا،
چەند لە ئاسکی کوژراو دەچی
بە دەست دەرزەنێک
شازادە ئاوا نێچیر کرابیت.
کاسییەس:
ئای، مارک ئەنتۆنی........
ئەنتۆنی:
کایەس کاسییەس، لە من ببوورە.
دوژمنەکانی کەیسەر ئامادەن
ئەمە ببێژن. بۆ دۆستەکانی،
ئەمەی کە دەیڵێم، هەر گەلێک کەمە.[1]
کاسییەس:
من لۆمەت دەکەم نەک لەبەر ئەوەی
تۆ ستایشی کەیسەر بەو جۆرەی
دەیبینین دەیکەی.
بەڵام چۆن جۆرە پەیوەندییەک تۆ
لەگەڵ ئێمەدا بەتەمایت بکەی؟
ئایا تۆ دەبیت
بە هاورێی ئێمە و بە یەکێک لێمان؟
یان ئێمە لەسەر ڕێ و بانی خۆمان
بەردەوام بین و بەتۆوە پشتمان
ئیتر نەبەستین؟
ئەنتۆنی:
من لەبەر ئەوە دەستتانم گوشی.
بەڵام کە چاوم "کەیسەر"ی بینی،

١. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ من دۆستی "کەیسەر"م، ئەوەی من دەیڵێم لەبارەیەوە، کەمە.

سەرنجی منی
راکێشا بەرەو خۆی و فڕاندی.
ئاخ، دۆستەکانم،
لەگەڵ ئێوەدا هەمووتان دەبم.
وە هەمووتانم گەلێک خۆش دەوێت.
بەو ئومێدەوە بۆ لاتان هاتم،
کە بۆنەیەکم بدەنێ بۆچی
کەیسەر مەترسی ئەوەندە هەبوو.

بروتەس:

بەڵێ، ئەگینا ئا ئەم دیمەنە،
گەلێک ستەم و دڕندە دەبوو.[1]
ئای، بۆنەکەمان، ئەوەندە پڕە
لە هۆ و ئاواتی باش و چاکێتی،
ئێستا ئەنتۆنی تۆ ئەگەر کوڕی
راستی "کەیسەر"یش
بوویتایە، بەخوا، رازی دەکردی.[2]

ئەنتۆنی:

تەنیا هەر ئەوەم من لێتان دەوێ.
سەرەڕای ئەوە، لێتان دەخوازم
ڕێگام بدەنێ
تەرمەکەی کەیسەر هەڵبگرم بۆ سەر
"دوانگە" کەی بازاڕ،
ئینجا لەوێدا، وەکو دۆستێکی

---

١. ئەگەر ئەم دیمەنە خوێناوییەی کوشتنی کەیسەر، هۆیەکی باشی نەبوایە، دیمەنێکی زۆر پەست و دڕندە دەبوو.

٢. بۆنەکەمان، رازی دەکردی کە کوشتنی کەیسەر کردەوەیەکی پێویست بوو.

لە ماتەمینیی "کەیسەر"دا بدوێم.

بروتەس:

ئەنتۆنی ئەوە، بکە دەتوانی.

کاسییەس: (بە گوێچکەی بروتەسدا دەچرپێنێت)

بروتەس، وەرە با من شتێکت
توخوا پێ بڵێم.
ئاخر نازانی ئەتۆ چی دەکەیت.
نابێت بهێڵی لە ماتەمینیی
کەیسەردا بدوێت.
ئایا دەزانی ئەو چەند دەتوانێت،
بەوەی لە زاری دەری دەبڕێت،
غەم و بەزەیی بخاتە جەرگی
گەلەکەوە تا
لە دژی ئەوەی کردمان بوەستێت؟

بروتەس:

ڕێزی ڕات دەگرم. من لەپێش ئەودا
سەردەکەومە سەر "دوانگە" کە؛
هۆی بڕیاردانی کوشتنی کەیسەر
من بۆ خەڵکەکە ڕوون دەکەمەوە.
وە پێشیان دەڵێم کە مارک ئەنتۆنی
بە پێی ڕوخسەتی ئێمەوە دەدوێت؛
بڕیارمان داوە کە ماتەمینیی
ڕاست و تەواوی بۆ ڕابگیرێت.
لام وایە سوودی ئەوە بۆ ئێمە،
زیاترە لەوەی "زیان"ەکانی
بمانترسێنێت.

کاسییەس:

ئەمە ئاکامی ئایا چۆن دەبێت؟
نازانم بەڵام، پەسەندی ناکەم.[1]

بروتەس:

دەی، مارک ئەنتۆنی، تەرمەکەی کەیسەر،
هەڵبگرە و برۆ. بەڵام، ها، نەکەیت
لەو وتارەی کە پێشکەشی دەکەیت،
لۆمەمان بکەیت.
لەبارەی چاکە و باشێتی کەیسەر،
هەرچی وتەیەک ئارەزوو دەکەیت
بێگومان بیکە.
بەڵام خەڵکەکە، ئاگادار بکە
کە بە روخسەتی ئێمە تۆ دەیکەیت.
لە ماتەمینیی ئەودا، ئەگینا
هەر بە هیچ جۆرێک دەورێکت نابێت.
تۆ وتارەکەی خۆت پێشکەش دەکەیت،
لە دوای من لەسەر
ئەو "دوانگە"یەی کە من لێیەوە
وتارەکەی خۆم دەخوێنمەوە.

ئەنتۆنی:

باشە، با وابێت.
من هیچی ترم لە ئێوە ناوێت.

بروتەس:

دە دەی کەوابێت ئێستا دەستبەجێ

---

١. کاسییەس پێی ناخۆشە کە ڕێ بە ئەنتۆنی دەدرێت لە ماتەمینییەکەی کەیسەردا بدوێت. چونکە دەترسێت ئەو شانسە بەکاربهێنێت و گەلەکە لە دژیان بورووژێنێت.

ئەتۆ تەرمەکە،
ئامادە بکە و دوامان بکەوە. (جگە لە ئەنتۆنی، هەموویان دەڕۆن)

ئەنتۆنی:

ئاە، لێم ببوورە،
پارچە خاکەکەی خوێن لێی دەپرژێت،[1]
کە من بەم جۆرە، نەرم و هێمنم
لەگەڵ ئەم جەردە و پیاکوژانەدا .
ئاخ، ئاخ، "وێرانە"ی خانەدانترین[2]
پیاوی زەمان و هەموو سەرزەمین.
سەد وەی لەو دەستەی
ئەم خوێنە پاکەی تۆی ئاوا پژاند!
ئێستاکە لەسەر برینەکانی
ئێوە (ئەوانەی،
ئاخ، ئاخ، هەر یەکەی
وەکو "دەم"ێک بێت زمانی نەبێت،
لێوە ناسکە ئاڵەکانی خۆی
کردبێتەوە و بپاڕێتەوە،
لە زمانی من، شتێک ببیستێت)
ئاخ، من پێشبینی ئا ئەمە دەکەم؛
خوا لەعنەتێکی ئاوا دەنێرێت
بۆ هەموو گەلی خاکی ئیتالی؛
جەنگ، براکوژی

١. پارچە خاکەکە؛ مەبەستی لە لاشەکەی کەیسەرە. لێرەدا زۆر روون نییە بۆچی پێی دەڵێت پارچە خاک. دوور نییە مەبەستی ئەوە بێت کە مرۆڤ لە خاک دروست کراوە و کە گیان لە لەش جیا دەبێتەوە، لەش دەبێتەوە بە خاک.
٢. وێرانە؛ کەلاوە، ئەوەی کە لە خانوویەکی وێرانکراو دەمێنێتەوە. لێرەدا مەبەستی لە لاشە مردووەکەی کەیسەرە کە پێش ماوەیەکی کەم نیشتەجێی (خانووی) گیانی کەیسەر بوو.

دەکەوێتە ناو گشت پارچەیەکی؛
دیمەنی مەرگ و خوێن و وێرانی
هەندە باو دەبێت،
دایک، کە منداڵی ساوای دەبینێت
چۆن بە دەستی جەنگ ئەندامەکانی
لەتلەت دەکرێن، پێکەنینی دێت.
هەستی بەزەیی، بە هۆی چێشتنی
غەدری زەمانی بەد و ستەمکاری،
لەناو دەروونی مرۆڤدا دەمرێت.
رۆحە تووڕەکەی کەیسەر بۆ تۆڵە
لێسەندنەوە،
بەسەرمانەوە دەسووڕێتەوە و
لە تەنیشتییەوە بانووخوا، "ئاتی"[1]
راست لە ئاگری جەهەننەمەوە
بە گەرم و گوڕی دێت بە فریادی،
جا بە دەنگێکی بەرزی شاهانی
هاوار دەردەکات؛ دەڵێت وێرانی،
دەی سەگی جەنگیان،
باش تێ بەربدە!
بۆئەوەی کارە ستەمەکەیان،[2]
بۆگەنی لاشە مردووەکانیان،
لێوە هەڵبستێت.
ئەوانە بێ دەنگ دەناڵێنەوە

١. ئاتی (Ate)؛ بانووخوای قین و ناکۆکی و تۆڵە سەندنەوەیە. زیوس (Zeus)، گەورەی هەموو خوایەکان، بە پێی ئەفسانەی گریکی، لەبەر ئەوەی هەمیشە هەوڵ دەدا خراپە بە مرۆڤ بکات، لە دۆزەخدا بەندی دەکات.
٢. کارە ستەمەکەیان؛ ئەوەی کە "کەیسەر"یان کوشت.

بۆ یەکێک بەڵکو بێت بیان نێژێت.[1]
(نۆکەرێکی ئۆکتاڤییەس دەردەکەوێت)
ئەرێ نۆکەری "ئۆکتاڤییەس"یت تۆ؟

نۆکەر:

ئا، مارک ئەنتۆنی، نۆکەری ئەوم.

ئەنتۆنی:

جەنابی کەیسەر،
بۆی نووسیبوو بێت بۆ لای بۆ رۆما.

نۆکەر:

پێی گەیشت نامەکەی، بە رێگاوەیە.
لێی خواستم بە دەم، راتبگەیێنم– (تەرمەکەی کەیسەر دەبینێت)
ئای کەیسەر، کەیسەر! (دەست دەکات بە گریان)

ئەنتۆنی:

سوێداری، دڵت دەئاوسێنێت،
دە برۆ بۆ خۆت،
لەلایەکەوە، پڕبەدڵ بگری. (فرمێسک دەکەوێتە چاوەکانی ئەنتۆنی)
وا چاوەکانی منیش، ئاخ، تووشی
دەردی سوێداری
بوون، کە مرواری پەژارەیان دی[2]
لە چاوەکانی تۆوە دەبارێت؛
ئەوەتا ئاویان تیا هەڵدەقوڵێت.
خاوەنەکەت دێت؟

---

١. ئەوەندە خەڵک دەکوژرێت کەس فریا ناکەوێت بیاننێژێت.
٢. مرواری پەژارە؛ فرمێسک. یەکێک کە تووشی هەلامەت دەبێت، کەسانی تریش تووش دەکات. ئاواش سوێداری.

نۆکەر:

جێگەی نوستنی ئەمشەوی، گەورەم،
ئاوا حەوت "لیگ"ێک لێرە دووردەبێت.[١]

ئەنتۆنی:

بگەڕێرەوە دەی بەخێرایی،
پێی بڵێ کە چی لێرە رووی داوە.
ئا ئێرە، "رۆما"ی پەژارە و شینە،
رۆمای ترسهێنە.
بۆ هاتنی ئەو، ئێستاکە رۆما
سەلامەت نییە.
دەی خێرا برۆ ئەوەی پێ بڵێ. ٣,١,٢٩٠
بوەستە جارێ؛ چاوەڕوان بکە.
مەگەڕێرەوە تاکو تەرمەکە
من هەڵدەگرم و
دەیبەم بۆ بازاڕ بۆ ناو خەڵکەکە.
لەوێ لەو کاتەی کە من وتاری
ماتەمینییەکەی دەخوێنمەوە،
تێبینی دیمەی گوێگران دەکەم
بزانم ئایا
چۆن لەو ستەم و ستەمکارییە و
ئەم پیاوکوژانە بیر دەکەنەوە.
جا بە پێی ئەوە من راپۆرتەکەی
خۆم لەگەڵ تۆدا،
بۆ "ئۆکتاڤییەس"ی لاوچاک دەنێرم.[٢]

---

١. لیگ (League)؛ یەک لیگ، نزیکەی سێ میلە.

٢. لاوچاک؛ لاو، گەنج

ئەرێ دەستێکم توخوا بدەرێ.[1]

(ئەنتۆنی تەرمەکە هەڵدەگرێت و پێکەوە لەگەڵ نۆکەرەکەدا دەچن بۆ بازارِ بۆ ناو خەڵکەکە)

١. دەستێکم بدەرێ؛ یارمەتیم بدە.

## دیمەنی ٣,٢

بروتەس و کاسییەس دەردەکەون لەگەڵ کومەڵێک لە کەسانی ساکاردا.

خەڵکەکە:

رازیمان دەکەی،
گەر پێمان بڵێی چی بوو هۆیەکەی.

بروتەس:

گەر وابێت دۆست و هاوڕێیەکانم،
نەختێک گوێتانم ئاخر بدەنێ.
کاسییەس، تۆ بڕۆ بۆ جادەکەی تر.
ئەم ژمارەیە با دابەش کرێت؛
ئەوەی دەیەوێت گوێ لە من بگرێت،
با ئا لێرەدا بمێنێتەوە.
ئەوانەی تریش دوای کاسییەس کەون.
بۆنەی کوشتنی کەیسەر، بۆ هەموو
گەلەکە ئێستا ئاشکرا دەبێت.

یەکەم ساکار:

من گوێ لە وتاری بروتەس دەگرم.

دووەم ساکار:

کەوابێت من گوێ لە کاسییەس دەگرم
جا بەراوردی هۆ و بۆنەکانی
هەردوو لا لەگەڵ یەکتری دەکەین.

(کاسییەس لەگەڵ کۆمەڵێک ساکاردا دەڕوات و بروتەس دەچێتە سەر دوانگەکە)

سێیەم ساکار:
وا "بروتەس"ی خانەدان چۆتە
سەر دوانگەکە.
ئیتر بێ دەنگبن با گوێی لێ بگرین.
بروتەس: (لە پەستەکەدا دەنگە دەنگ دێت)
دە بە ئارام بن،
تا لە دواهەمین وشەم گوێ دەگرن.
رۆمانییەکان، هاوولاتییەکانم،
خۆشەویستەکان، ئارامتان هەبێت.
گوێ لە من بگرن تا وتەکانی خۆم تەواو دەکەم. لەبەر خاتری
ئابڕوو و شەرەفم، بڕوام پێ بکەن. وە هەندێک ڕێزی شەرەفم بگرن.
وریابنەوە و دانایی خۆتان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی حوکمی رەوا و
بڕیاری دروستتر بدەن. گەر لە ناوتاندا لێرەدا یەکێک هەیە کە
دۆستی کەیسەر بێ و ئەوی گەلێک خۆش بوێت، ئەمن پێی دەڵێم؛
بروتەس، کەیسەری کەمتر خۆش ناوێت. ئەو دۆستەی ئەگەر دەپرسێت
بۆچی بروتەس لە دژی کەیسەر ڕاپەڕی؟ ئەمن وەڵامی وا دەدەمەوە؛
لەبەر ئەوە نا، کە من کەیسەرم کەمتر خۆش دەوێت. نا، بەڵام لەبەر
ئەوەی من "رۆما"م لەو خۆشتر دەوێت. هەیە لە ناوتان پێیێ خۆشتر
دەبوو؛ کەیسەر بژێت و گشت رۆمانییەک بەندە و کۆیلە بێت؟
یان کەیسەر بمرێ و ئێوە هەمووتان زۆر بە سەربەرزی و ئازادی بژین؟
لەبەرئەوەی کەیسەر منی خۆش دەویست، ئەمن بۆی دەگریم. بەخت یاری
بوایە من شادمان دەبووم. ڕێزێکی زۆرم بۆ کەیسەر هەبوو، چونکە پیاوێکی
ئازا و جوامێر بوو. کوشتم هەر لەبەرئەوەی بەرزخواز بوو.
لە دەروونمدا فرمێسکم هەیە بۆ خۆشەویستیی؛ شادمانیم هەیە، بۆ
بەختەوەری؛ ڕێز بۆ جوامێریی؛ مەرگ بۆ بەرزخوازیی.
کەس هەیە لێرە هەندە ریسوابێت، پێی ناخۆش نەبێت ببێت بە کۆیلە؟
کێ لەناوتاندا ئەوەندە نزمە، ناوی رۆمانی شایانی نەبێت؟

ئەگەر یەکێکی وا لێرەدایە، با بدوێت چونکە من تاوانباریم لە دژ کردووە.
ئەرێ کێ لێرە ئەوەندە نزمە کە ئەم وڵاتەی خۆیی خۆش نەوێت؟
گەر هەیە، دەدەی با بدوێت چونکە من تاوانباریم لە دژ کردووە. دەدەی
با بدوێت من گوێم لێیەتی.

هەموو:

بروتەس، کەسی وا لێرە نییە.

بروتەس:

کەوابێت لە دژی کەس تاوانباریم من نەکردووە. ئەوەی لە کەیسەر
ئەمن کردوومە، دوورنییە ئێوە، لە بروتەسی بە جۆرێک بکەن.
لە "کاپیتۆل"دا هەموو بەرهەم و کردەوەکانی تۆمارکراوە؛ مردنەکەی
ئەو، نە سەرکەوتن و بەرهەمەکانی، نە هەڵەکانی، ئەوانەی کە بوون
بە هۆی مردنی، کەم دەکاتەوە.
(مارک ئەنتۆنی بە تەرمەکەی کەیسەرەوە دەردەکەوێت)
ئەوا مارک ئەنتۆنی تەرمەکەی دێنێ و شینی بۆ دەگرێ. هەرچەندە
ئەو هیچ دەستێکی نەبوو لە کوشتنیدا، لەگەڵ ئەوەشدا مردنەکەی ئەو،
سوودی بۆ دەبێت؛ دەکرێت بە ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەری
وڵاتەکەمان. بۆ کامتان ئێوە، سوودێکی نابێت؟ بەم چەند وتەیە ئەوا
کۆتایی بە وتارەکەی خۆم من دەهێنم؛
چۆن لە پێناوی رۆما، من هەرە خۆشەویسترین دۆستی خۆمم کوشت،
من خەنجەرێکم هەیە کە خۆمی پێ بکوژم، گەر وڵاتەکەم پێویستی
هەبوو بە مردنی من.

هەموو:

هەر بژی بژی، بژی بروتەس!

یەکەم ساکار:

با بە ئاهەنگی سەرکەوتنەوە[1]

---

١. ئاهەنگی سەرکەوتن، بە جۆرێکی ئاسایی، بۆ ئەو سەرۆک لەشکرانە دەگێڕرێت کە لە جەنگێکی گران و گرنگەوە بە سەرکەوتوویی دەگەڕێنەوە بۆ رۆما.

برۆن لەگەڵی تا پێی دەخاتە
ناو ماڵەکەی خۆی.
دووەم ساکار:
با پەیکەرێکی بۆ دروست بکرێت
لە ریز ئەوانەی باوک و باپیری.
سێیەم ساکار:
با جێگەی کەیسەر بە ئەم بدرێت.
چوارەم ساکار:
با بروتەس تاجی بکرێتە سەر،
لەباتی دیوە باشەکەی کەیسەر.
یەکەم ساکار:
دەی بە دەهۆڵ و زوڕنا و هەراوە
بیبەینە ماڵێ.
بروتەس:
هاووڵاتییەکانم– ....
دووەم ساکار:
دەنگتان دەرنەچێت،
وسبن بروتەس، دەیەوێت بدوێت!
یەکەم ساکار:
ئاخر دە وسبن!
بروتەس:
هاووڵاتییە بەڕێزەکانم،
با خۆم بە تەنیا بڕۆمەوە ماڵێ.
وە بۆ خاتری من، ئێوە لێرە
بمێننەوە لەگەڵ ئەنتۆنی.
بەو جۆرە رێزتان بۆ تەرمی کەیسەر

پیشان دەدەن و گوێشتان لە وتاری
ئەنتۆنی دەبێت. کە بە روخسەتی
ئێمە لێرەدا پێشکەشی دەکا.
زۆر تکا دەکەم، لە خۆم بەولاوە
با کەستان ئێرە بەجێ نەهێڵێت
تاکو ئەنتۆنی
وتارەکەی خۆی دەخوێنێتەوە. (دەڕوات)

یەکەم ساکار:

دەمێنینەوە، دەی با گوێ بگرین
لە مارک ئەنتۆنی.

سێیەم ساکار:

با سەرکەوێتە سەر دوانگەکە.
دەی، گوێی لێ دەگرین.
گەورەم، ئەنتۆنی، فەرموو سەرکەوە. (سەردەکەوێت)

ئەنتۆنی:

بە هۆی روخسەتی "بروتەس"ەوە
لەگەڵتان دەدوێم.

چوارەم ساکار:

لەبارەی بروتەس ئەرێ دەڵێت چی؟

سێیەم ساکار:

هەر تەنیا دەڵێت؛ بە هۆی روخسەتی
بروتەسەوە، لەگەڵتان دەدوێم.

چوارەم ساکار:

باشتر دەبوو گەر لێرە لە دژی
بروتەس هیچی نەدواندایە.

یەکەم ساکار:

کەیسەر، زۆردار بوو.

سێیەم ساکار:

ئەوە گومانی خۆ هیچ تیا نییە،
ئێمە بەختیارین کە رۆما وا زوو
لێی رزگاری بوو.

دووەم ساکار:

ئاخر بێدەنگ بن،
با لە ئەنتۆنی گوێبگرین ئەو چی
دەیەوێت بڵێت.

ئەنتۆنی:

ئەی رۆمانییە خانەدانەکان-

هەموو:

دە وسبن ئاخر، با گوێمان لێی بێت.

ئەنتۆنی:

رۆمانییەکان، هاورێییەکانم ٣,٢,٦٥
هاووڵاتییە شیرینەکانم،
گوێتانم بدەنێ!
هاتووم بۆ ئێرە کەیسەر بنێژم،
نەک ستایشی لێرەدا بکەم.
ئەو کەسەی بەدی دەکات هەمیشە
کردەوەی بەدی، لە دوای مردنی
لە یادی خەڵکدا دەمێنێتەوە.
بەڵام ئەوەی کە
چاکە کارێتی، کردەوەی چاکی
راستەوخۆ لەگەڵ ئێسقانەکانی-
دا، دەنێژرێت.[١]

---

١. پیاو، خراپەکردنی لەبیری خەڵک ناچێتەوە. بەڵام چاکەکردنی زوو لە بیر دەچێتەوە.

لەگەڵ "کەیسەر"یش–
دا، هەر وا دەبێت.[1]
ئێستا "بروتەس"ی خانەدان گوتی
کەیسەر، بەرزخواز بوو؛
ئەگەر بەڕاستی ئەو بەرزخواز بووە،
ئا، هەڵەیەکی گەورە و گرنگە.
واش بە گرنگی ئەوەتا مافی
ئەو بەرزخوازییەی لێ کرایەوە.
لێرەدا بە پێی روخسەتی بروتەس
خۆیی و ئەوانەی
تر کە لەگەڵین–
چونکە بروتەس زۆر خانەدانە،
ئەوانەی تریش هەموویان پیاوی
زۆر خانەدانن–
هاتووم بۆ ئێرە لە ماتەمینی
کەیسەردا بدوێم.
کەیسەر دۆستم بوو، گەلێک دڵسۆز و
رەوا و حەققانی بوو لەگەڵ مندا.
بەڵام بروتەس، دەڵێت بەرزخواز بوو.
وە "بروتەس"یش زۆر خانەدانە.
ئەو گەلێک دیلی
هێناوەتەوە بۆمان بۆ رۆما.[2]
بە فرۆشتن و گۆڕانەوەیان،

١. مەبەستی ئەوەیە بڵێت، "کەیسەر"یش دەنێژرێت و چاکەکانی لەبیری خەڵکی دەچێتەوە.
٢. ئەو؛ کەیسەر.

خەزنەکانمانی پڕکرد لە پارە.[1]
ئایا ئا ئەوە
هیچ لە بەرزخوازی دەچێت لای ئێوە؟
گەر گوێی لە ناڵەی هەژارێک بوایە،
کەیسەر، دەگریا.
گەر بەرزخواز بووایە،
ئەوەندە دڵی قەت ناسک دەبوو؟
لەگەڵ ئەوەشدا بروتەس، دەڵێت؛
گەلێک بەرزخواز بوو.
وە "بروتەس"یش، زۆر خانەدانە.
ئێوە هەمووتان، خۆ لە ئاهەنگی
"لوپێرکال" دیتان؛ سێ جار زەرزەنگی[2]
"شا"م بۆ پێشکەش کرد،
هەر سێ جارەکە قبوڵی نەکرد.
ئا ئەوە دەشێت بەرزخوازییەکەی بێت؟
کەچی بروتەس، دەڵێت بەرزخواز بوو،
وە بێگومانیش، ئەو خانەدانە.
من لە گەڵەتاندا نادوێم بۆ ئەوەی
بڵێم بروتەس بە هەڵە چووە.
بەڵام لێرەدا، من ئەوە دەڵێم
ئەوەی دەیزانم.
ئێوە هەمووتان، سەردەمێک ئەوتان،
گەلێک خۆش دەویست.

١. کە سەرۆک لەشکر بە سەرکەوتوویی لە جەنگ دەگەڕایەوە، لەگەڵ خۆیدا جگە لە زیو و ئاڵتوون، ژمارەیەکی زۆر دیلی لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە. ئینجا یان لە بازاڕدا وەکو کۆیلە دەیانفرۆشتن یاخود لەگەڵ کەسوکارەکانی بە ئاڵتوون و شتی وا دەیانگۆڕینەوە.
٢. زەرزەنگ؛ تاج. بۆ "لوپێرکال"، سەیری پەراوێزی دێری ١,١,٦٦ بکە

ئەوە، بێگومان، هۆیەکی هەبوو.
باشە چ هۆیەک رێ لە سوێداری
دەگرێت؛ ناهێڵێت بێتە ناو دڵتان؟
ئاخ، ئاخ، دادوەری،
هەڕات کردووە و چوویتە ناو جەرگی
ئاژەڵی هار و زۆر دڕندەوە.
خەڵک لەبەر ئەوە ، پەکیان کەوتووە
لە بڕیاردانی رەوا و دروستدا!
(فرمێسک گەرووی ئەنتۆنی دەگوشێت و پەکی لە دواندن دەکەوێت)
لە من، ببوورن. دڵم وا منی
بەجێ هێشت و رۆیشت بۆ ئەو تابووتە،
ئەوەی کەیسەر تێی-
دا، پاڵ کەوتووە.
دەبێت وچانێک بگرم تا دڵم،
دەگەڕێتەوە.
یەکەم ساکار:
ئەوەی کە دەیڵێیت، لەلای من وایە،
دانایی و ژیری گەلێک تێدایە.
دووەم ساکار:
ئەگەر لەسەرخۆ تۆ لە شتەکە
بیر بکەیتەوە، کەیسەر دەبینی
کە گەلێک زوڵمی لەگەڵ کراوە.
سێیەم ساکار:
بڵێیت ئاوابێت! لەوە دەترسم
یەکێکی بەدتر، جێی بگرێتەوە.
چوارەم ساکار:
گوێت لێی بوو گوتی

که ئەو زەرزەنگی لێ قبووڵ نەکرد؟
بێگومان واتە، ئەو هیچ بەرزخوازی
تێدا نەبووە.

یەکەم ساکار:

گەر ئەوە راست بێت، یەکێک هەر دەبێت
بەرپرسیاری ئەو کردەوەیە بێت.

دووەم ساکار:

سەیر بکە هەژارە،
بە گریان چاوی سوور هەڵگەڕاوە.

سێیەم ساکار:

لە گشت رۆمادا، خانەدانێکی
تری تیا نییە، وەکو ئەنتۆنی.

چوارەم ساکار:

ئاخر گوێتانی توخوا بدەنێ،
وا دیسانەوە، خەریکە بدوێ.

ئەنتۆنی:

هەتاکو دوێنێ، وتەی زمانی
کەیسەر جیهانی دەلەرانەوە.
کەچی ئێستا وا
لەوێ کەوتووە و کەس نییە خۆی بە
ئەوەندە نزم و ریسوا بزانێت
کە رێزی بگرێت.
ئاخ، دۆستەکانم، ئەگەر من ئێستا
دڵ و دەروونتان بورووژێنم
کە یاخی بن. بەوە، من زیان
بە بروتەس و کاسییەس هەردووکیان

زۆر دەگەیێنم.
ئەو دووانەش، وەکو هەموو دەزانن،
زۆر خانەدانن. جا لەبەر ئەوە
ناچارم زیان، ئا بەم مردووە و
بە خۆم و ئێوە، من بگەیێنم،
لەباتی بە ئەو خانەدانانە.
لە دۆلابەکەی کەیسەردا ئێستا
ئەمەم دۆزییەوە. وەسێتنامەکەی
کەیسەرە و مۆری خۆیی پێوەیە.
گەر هات و خەڵکی گوێیان لێ ببێت—
لە من ببوورن، ئەمن مەبەستی
وام نییە بۆتان بخوێنمەوە—
بێگومان دەچن برینەکانی
تێر ماچ دەکەن و دەست سڕەکانی[1]
خۆیان لە خوێنی پاک و پیرۆزی
ئەو هەڵدەکێشن. وە بۆ موویەکی
دەپاڕێنەوە و لەدوای مردنیان،
وەکو شتێکی زۆر هێژا و پیرۆز،
بۆ نەوەکانیان بەجێی دەهێڵن.
چوارەم ساکار:
وەسێتنامەکەی
بخوێنەرەوە با گوێمان لێی بێت.
هەموویان:
وەسێتنامەکە، وەسێتنامەکەی
"کەیسەر"مان دە بۆ

١. دەست سڕ؛ دەستەسڕ

بخوێنەرەوە، با گوێمان لێی بێت.
ئەنتۆنی:
ئارامتان هەبێت،
دۆستە بەنرخە بەڕێزەکانم،
بۆتانی نابێت بخوێنمەوە.
چونکە باشترە بۆتان نەزانن
تا چ رادەیەک خۆشی دەویستن؛
ئێوە نە تەختەن نە تلەبەردن؛
ئێوە مرۆڤن.
وە لەبەرئەوەی ئێوە مرۆڤن،
ئەگەر گوێ بگرن لە وەسێتنامەی
کەیسەر، دەروونتان
ئاگر دەیگرێ و مێشکتان دەشێوێ.
باشە نازانن کە گشت یەکێکتان
میراتگرێکی یاسایی ئەوە.
گەر دەتانزانی، ئاخ، من نازانم
ئەنجامی ئەوە، ئایا چی دەبوو.[1]
چوارەم ساکار:
ئاخر ئەنتۆنی، وەسێتنامەکە
بخوێنەرەوە با گوێمان لێی بێت.
وەسێتنامەکەی کەیسەر تۆ دەبێت
بۆ ئێمە ئێستا بخوێنیتەوە.
ئەنتۆنی:
ئارامتان هەبێت،
ناتوانن نەختێک چاوەڕوان بکەن؟

١. ئەوە؛ ئەو کوشتنە.

دەترسم بەوە، لە سنوور و رادەی
ئا ئەو روخسەتەی بە من دراوە
بچمە دەرێ و دڵی ئەو پیاوە
خانەدانانە من بتۆرێنم،
ئەوانەی کێرد و خەنجەرەکانی،
خۆیان لە گیانی "کەیسەر"مان گیرکرد.

چوارەم ساکار:

خانەدانی چی؟ خائن، خائن.

هەموو:

وەسێتنامەکە بخوێنەرەوە!

ئەنتۆنی:

زۆرم لێ دەکەن
وەسێتنامەکە بخوێنمەوە؟ (هەموو هاوار دەکەن؛ ئا، ئا، ئا)
دە وەرن دەوری تەرمەکەی بگرن،
تاکو ئەو کەسەی وەسێتنامەکەی
بۆ ئێوە نووسی،
بە چاوەکانی خۆتان ببینن.
ها، بێمە خوارێ؟[1]
روخسەتی ئەوەم ئایا دەدەنێ؟

هەموو:

دابەزە خوارێ.

دووەم ساکار:

وەرە خوارەوە.

سێیەم ساکار:

روخسەتی ئێمەت، بێگومان، دەبێت.
(ئەنتۆنی، بە تەرمەکەوە لە دوانگەکە دادەبەزێت)

١. ئەنتۆنی، لەو کاتەدا هێشتا لەسەر "دوانگە" کە وەستابوو.

چوارەم ساکار:

ئەڵقەیەک بگرن ٣,٢,١٥٥

لە دەوراندەوری و گشت رابوەستن.

یەکەم ساکار:

دوورکەونەوە لە جەنازەکەی.

دە لە تەرمەکەی دوورکەونەوە.

دووەم ساکار:

دە بۆ ئەنتۆنی جێ بکەنەوە.

رێگا بدەنە ئەنتۆنی هێژا .

ئەنتۆنی:

مەمپەستنەوە دە ئاخر ئاوا،

بچن بەولاوە.

هەموو:

بچنە دواوە، بچنە دواوە.

ئەنتۆنی:

ئەگەر فرمێسکتان ٣,٢,١٦٠

هەیە، دەی ئێستا، ئامادەبن تا

بیان رژێنن. (کەواکەی کەیسەر بەرز دەکاتەوە)

هەمووتان ئێوە،

ئا ئەم کەوایە دەناسنەوە.

من لە بیرم دێ کە بۆ یەکەم جار

کردیە بەری

لە هاویندا بوو، کاتی ئێوارە

لە چادرەکەی خۆیدا وەستابوو.

رۆژی زاڵبوونی بەسەر نێرڤیی[1]

---

١. نێرڤیی؛ تیرەیەکی ئەڵمانییە. کاتی خۆی کەیسەر جەنگی لەگەڵیان کردووە و بەسەریاندا زاڵ بووە.

سەیر بکەن لێرەوە، ٣,٢,١٦٥
کێردەکەی کاسییەس چۆتە ناوەوە.
سەیر بکە کونێکی چۆنی کردووە
ئەو دەروون پیسە ناکەسە، کاسکا.
لەم جێگەیەوە، بروتەس، ئەوەی
خۆشی دەویست و ڕێزی زۆر دەگرت،
کێردەکەی پیا کرد.
جا کە کێردەکەی دەرهێنایەوە
سەیر بکەن خوێنی کەیسەر لێیەوە
چەند بە گوڕمەوە هاتۆتە دەرێ.
هەر وەک لە دەرگا رابکاتە دەرێ ٣,٢,١٧٠
تاکو بزانێت ئایا بەڕاستی
بروتەس دەستی ئاوا بە دڕی و
بە دڕندەیی لێ دەوەشێنێت،
یاخود ئەو نییە.
چونکە بروتەس، وەکو دەزانن،
فریشتە و"پەری"ی ئەم کەیسەرە بوو، (سەری بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕێت)
خوایەکان ئێوە، خۆتان دادوەربن
دەزانین کەیسەر
ئای چەند بە گەرمی ئەوی خۆش دەویست.
لێدانەکەی ئەو لە هی هەموویان
لای گرانتر بوو؛
چونکە "کەیسەر"ی هێژا، کە بینی ٣,٢,١٧٥
دەستی سپڵەیی، توندتر لە دەستی[1]
غەدر و ناپاکی، کێردی لێ گیرکرد،

١. سپڵەیی؛ بەد نمەکی.

ئیتر ئا ئەوە،
جەرگی هەڵدڕی و هەناسەی بڕی؛[١]
دڵی مەزنی یەکسەر شەقی برد.
بە کەوای بەری رووی خۆی داپۆشی و
راست کەوتە بەر پێی پەیکەری پۆمپەی.
هەموو کاتەکە برینەکانی ٣,٢,١٨٠
وەک فوارە خوێنیان لێ دەردەپەڕی.
ئای،
چۆن کەوتنێک بوو ئا ئەو کەوتنەی،
هاووڵاتییەکانم! ئا لەو کاتەدا،
ئەمن و ئێوە و هەموومان ئێمە
کەوتین بە خاکدا.
لە هەمان کاتدا، ئاخ، خیانەتی
خوێناوی دەستی
بەسەرمانەوە بەرز دەکردەوە. (ساکارەکان دەست دەکەن بە گریان)
ئاخ، ئێوە دەگرین
هەست بە ئاژنینی بەزەیی دەکەن.
گەلێک پیرۆزن ئەو دڵۆپانەی
بە رووتانەوە من دەیانبینم. ٣,٢,١٨٥
دۆستە نەجیبە دڵ ناسکەکان،
ئەرێ وا دەگرین هەر بە بینینی
برینەکانی کەوای بەری؟
وەرن بۆ ئێرە، بە چاوەکانی
خۆتان بڕوانن.

---

١. کەیسەر، بروتەسی زۆر خۆش دەویست و چاکەی زۆر بۆ هەبووە (سەیری پەراوێزی دێری ٣,١,٧٧ بکە)

وەرن بۆ ئێرە دەی خۆی ببینن،
چۆن لەش و گیانی وێران کراوە،
بە دەستەکانی ئەو خائینانە.
یەکەم ساکار:
ئای،
چەند دیمەنێکی خەفەت هێنەرە!
دووەم ساکار:
ئاخ، ئاخ، کەیسەری هێژا و خانەدان!
سێیەم ساکار:
ئای کە رۆژێکی سوێدار و پەستە!
چوارەم ساکار:
ئای خائینەکان. ئای ناکەسانە!
یەکەم ساکار:
دیمەنێکی زۆر خوێناوی و پەستە!
دووەم ساکار:
تۆڵەمان دەبێت بسەنینەوە!
هەموو:
بۆیان بگەڕێن،
تۆڵەمان دەبێت بسەنینەوە؛
با بیانکوژین، بیانسووتێنین،
سەریان ببڕین، نابێت خائنێک
لەمەولا بژی.
ئەنتۆنی:
هاوولاتییەکان، ئاخر گوێ بگرن!
یەکەم ساکار:
دەنگتان دەرنەچێت، گوێ لە "ئەنتۆنی"ی

خانەدان بگرن.
دووەم ساکار:
گوێی لێ دەگرین و دواشی دەکەوین.
گەر پێویستیش بوو، لەگەڵی دەمرین.
ئەنتۆنی:
دۆستە باشەکان، شیرینەکانم،
نەهێڵن لەوە زیاتر من ئێوە،
بورووژێنم. نەوەک لافاوی
یاخیبوون بەسەر ئێوەدا زاڵ بێت.
چونکە ئەوانەی هەڵسان بەم کارە
زۆر خانەدانن.
زۆر بە داخەوە ئەمن نازانم
گلەیی چییان لە دڵدا هەبوو
تا بە کارێکی ئە ئاوا هەڵسن.
هەموویان پیاوی
دانا و زیرەک و زۆر خانەدانن.
بێگومان دەبێت
هۆیەکی باش و گرنگیان هەبێت.
خۆ من نەهاتووم هەی دۆستەکانم،
تا دڵەکانتان لێ بفڕێنم؛
ئەو وتاربێژە بەتوانایە نیم[1]
وەکو بروتەس. وەکو دەزانن،
ئەمن پیاوێکی سادە و ساکارم،
ئەوەی دۆستەکەی خۆیی خۆش دەوێت.
وە ئەوانەی کە روخسەتیان دامێ،

١. وتاربێژ (Orator)؛ ئەو کەسەی وتار پێشکەش دەکات (خطیب)

لەبارەی بدوێم، ئەوە دەزانن
کە من نە هەندە وریاو زیرەکم،
نە هەندە وشە و وتە دەزانم
بەکاربهێنم، تاکو بە جۆرێک
خوێن لە جەرگتاندا هەڵبکوڵێنم
بۆ یاخیبوونێک.
من تەنیا ئەوە دەڵێم ئەوەی کە
لە دەروونمەوە دێت بۆ زمانم.
ئەوەی من دەیڵێم، خۆتان دەیزانن.
دەی با برینە ئازیزەکانی
"کەیسەر"تان ئیتر من پیشان بدەم.
من لەو "دەم"امانە
هەژار هەژارە بێ زمانانە
دەخوازم ئەوان لەباتیم بدوێن.
بەڵام ئەگەر من، بروتەس دەبووم،
وە "بروتەس"یش ئەنتۆنی دەبوو،
ئێستا ئەنتۆنی، هەموو گیانتانی
دەبووژانەوە و زمانی دەخستە
گشت برینێک لە برینەکانی
کەیسەر و بەرد و دار و خاکانی
"رۆما"ی دەخستە بزووتنەوە و
یاخیبوون دژی دوژمنەکانی.

هەموو:

ئا، یاخی دەبین.

یەکەم ساکار:

لە ماڵی بروتەس، ئاگر بەردەدەین.

سێیەم ساکار:

وەرن با بڕۆین ئەو خائینانە بدۆزینەوە.

ئەنتۆنی:

جارێ گوێ بگرن، هاووڵاتییەکان.
دە گوێم لێ بگرن.

هەموو:

هێی، دە بێ دەنگ بن،
گوێ لە ئەنتۆنی خانەدان بگرن.

ئەنتۆنی:

هاوڕێیەکانم، ئاخر لەبەر چی
بەتەمان بچن
هەڵسن بە کارێک نەزانن بۆ چی؟
کەیسەر لەبەر چی ئاخر شایانی
ئا ئەو ئەڤینە زۆرەی ئێوەیە؟
داخی گرانم، نازانن بۆ چی؛
با پێتان بڵێم.
وەسێتنامەکەی باسم بۆ کردن
دیارە لە بیری ئێوە چۆتەوە.

هەموو:

گەلێک ڕاست دەکەیت،
وەسێتنامەکە. بوەستن جارێ
با گوێ بگرین لە وەسێتنامەکە.

ئەنتۆنی:

ئا ئەوەتانێ وەسێتنامەکەی،
لەژێر مۆرەکەی کەیسەر خۆیەتی:
بۆ گشت یەکێکی ڕۆمانی ئەوا

حەفتا و پێنج "دراخما"[1]ی بەجێ هێشتووە.

دووەم ساکار:

خانەدانترین پیاوی سەرزەمین،
کەیسەر، تۆڵەی تۆ دەسەنینەوە!

سێیەم ساکار:

کەیسەری سروشت بەرز و شاهانی!

هەموو: (دەبین کە ئەنتۆنی ئارەزوو دەکات بدوێت)

وسبن، بێ دەنگ بن.

ئەنتۆنی:

وە جگە لەوە،[2]
ئەو هەموو باخ و بێستانەکانی،
مەرەزەکان و درەختەکانی
ئەمبەری تایبەر،[3]
سەرجەم بۆ ئێوەی بەجێ هێشتووە.
وە لەدوای ئێوە،
بۆ نەوەکانتان بە هەمیشەیی؛
ببن بە باخ و گوڵزاری گشتی
تا لە ناویاندا،
رابوێرن نەختێ و بحەسێنەوە.
ئەمە بوو کەیسەر! کەی جارێکی تر،
یەکێکی ئاوا، ئاخ، هەڵدەکەوێت؟

یەکەم ساکار:

هەرگیز قەت وەکو ئەو هەڵناکەوێت.

---

١. دراخما؛ پارەیەکی گریکییە. وشەی درهەم، لە "درەخما"وە هاتووە.
٢. جگە لەو ٧٥ دراخمایە.
٣. رۆما لەسەر رووبارێکە ناوی "تایبەر"ە

دە دەی با بڕۆین! دەچین لاشەکەی[1]
لە پیرۆزترین خاکی شارەکە
دەسووتێنین و بە گڕەکانی
ئاگر بەردەدەین لەماڵەکانی
ئەو ناپاکانە.
ئا دەی لاشەکەی با بەرز کەینەوە.

دووەم ساکار:
یەکێکتان بچێت ئاگر بهێنێت.

سێیەم ساکار:
بۆ ئاگرەکەی، کورسی دەشکێنین.

چوارەم ساکار:
کورسی و پەنجەرە و گشت شتێکی تر.
(ساکارەکان تەرمەکەی کەیسەر هەڵدەگرن و دەڕۆن)

ئەنتۆنی: (لەبەر خۆیەوە)
ئەوا ئاژاوە،
هەڵسایە سەرپێ و ناوەستێنرێت.
ئیتر هەرچییەک دەبێت با ببێت. (لەو کاتەدا نۆکەرێک دێت)
فەرموو، چیت دەوێت؟

نۆکەر:
گەورەم، ئۆکتاڤییەس،
لە "رۆما"یە، گەیشت.

ئەنتۆنی:
ئەی کوا، لە کوێیە؟

نۆکەر:
خۆی و لێپیدەس ئەوا لە ماڵی

---

١. لاشەکەی؛ لاشەی کەیسەر.

"کەیسەر"ن بەگم.

ئەنتۆنی:

هەر ئێستاکونێ راستەوخۆ دەچم
بۆ سەرلێدانی.
ئەوەی ئاواتی دڵم بوو، تەنیا
ئەوەبوو کە بێت.
خودای بەختیاری، شادمانە دڵی؛
لە باری وادا، هەرچیمان بوێت،[1]
پێمان دەبەخشێت.

نۆکەر:

گوێم لێی بوو گوتی؛ بروتەس و کاسییەس،
هەر لە شێت دەچوون
هەردووک بەسواری لە دەرگایەکی
رۆما دەرباز بوون.[2]

ئەنتۆنی:

ئا، لەوە دەچێت، کە بیستبێتیان
من چۆن خەڵکەکەم،ورووژاند دژیان.
پێشم بکەوە بۆ لای ئۆکتاڤییەس.

---

١. خودای بەختیاری کە شادمان دەبێت، لەو بارەدا هەرچییەکمان لێی بوێت، بۆمان دەکات.
٢. لەو کاتەی کە ئۆکتاڤییەس دەهاتە ناو "رۆما"وە ، بروتەس و کاسییەسی بینیوە لە دەرگایەکی سنووری رۆماوە دەرچوون و دەرباز بوون.

## دیمەنی ٣,٣

لە سەر جادەیەک لە رۆما "سیننا"ی شاعیر دەردەکەوێت و چەند ساکارێک بەدوایەوە دەڕۆن.

سیننای شاعیر:

شەوی رابوردوو خەوێکم بینی
پێکەوە لەگەڵ کەیسەردا نانی
شەوێمان دەخوارد.[١]
کە لە خەو هەڵسام، نازانم بۆچی
مەراق دڵمی زۆر توند دەگوشی.
ئارەزووم نەبوو نازانم بۆچی
سەر لە دەرگاکە ببەمە دەرێ،
لە هەمان کاتدا، شتێک هەر پاڵی
پێوە دەنام کە بڕۆمە دەرێ.

یەکەم ساکار:

تۆ ناوت چییە؟

دووەم ساکار:

تۆ بۆ کوێ دەچی؟

سێیەم ساکار:

تۆ لە کوێ دەژی؟

چوارەم ساکار:

تۆ ژنت هەیە، یاخود ئازەبی؟

---

١. واتەی ئەم خەوە دیارە ئەوەیە کە ئەمیش وەکو کەیسەر دەکوژرێت.

دووەم ساکار:

دە دەی راستەوخۆ، بێ پێچەوانە،
وەڵامی ئێمە زوو بدەرەوە.

یەکەم ساکار:

وە زۆر بە کورتی.

چوارەم ساکار:

وە بە دانایی.

سێیەم ساکار:

بۆ خۆت باشترە، راست و رەوان بی.

سیننای شاعیر:

من ناوم چییە؟ بۆ کوێ من دەچم؟
ماڵم لە کوێیە؟
ئایا من ژنم هەیە، یان نییە؟
ئینجا راستەوخۆ و گەلێک بە کورتی،
وە بە دانایی و راست و رەوانی
دەبێت وەڵامی
هەمووتان ئێستا، من بدەمەوە.
وا بە دانایی دەڵێم کە ژنم
من نەهێناوە.

دووەم ساکار:

بە جۆرێک دەیڵێیت، هەر وەکو بڵێیت؛
گەلحۆن ئەوانەی ژنیان هێناوە.[1]

سیننای شاعیر:

راستەوخۆ یەکسەر، دەمەوێت بچم
بۆ ماتەمینیی جەنابی کەیسەر.

---

١. گەلحۆ؛ کەودەن، ریژگاو.

یەکەم ساکار:

وەکو دۆستێکی، یاخود دوژمنی؟

سیننای شاعیر:

وەکو دۆستێکی. ٣,٣,٢٠

دووەم ساکار:

وەڵامی ئەوەت بە راستەوخۆیی،

گەورەم، دایەوە.

چوارەم ساکار:

ئەی لە کوێ دەژیت، دە دەی بە کورتی.

سیننای شاعیر:

من لە کاپیتۆڵ دەژیم، بە کورتی.[١]

سێیەم ساکار:

ئەی ناوت چییە، گەورەم، بەڕاستی.

سیننای شاعیر:

بەڕاستی ناوی ئەمن "سیننا"یە ٣,٣,٢٥

یەکەم ساکار:

لەتلەتی بکەن.

ئەمە یەکێکە لە خائینەکان.

سیننای شاعیر:

سیننای شاعیرم، سیننای شاعیرم.

چوارەم ساکار:

لەتلەتی بکەن. هەر لەبەر ئەوەی

کە شیعری بەد و ریسوا دەنووسێت.

سیننای شاعیر:

ئاخر من سیننا خائینەکە نیم.

---

١. گەڕەکێکە لەسەر گردی کاپیتۆڵ.

ساکاری چوارەم:

ئەویت یان ئەو نیت،
ئەوە، لای ئێمە زۆر گرنگ نییە.
چ جیاوازییەک لە نێویان هەیە.
تەنیا هەر ناوی لە دڵ و جەرگی
دەربهێنین و بەجێی بهێڵین.[1]

سێیەم ساکار:

لەتلەتی بکەن، لەتلەتی بکەن!
(ساکارەکان هێرش دەبەنە سەری و دەیکوژن)
ئا دەی شاپڵیتە، شاپڵیتەی ئاگر!
بۆ سەر بروتەس، دەی بۆ سەر کاسییەس.
ماڵی هەموویان کاوڵ بکەن و
بییانسووتێنن.
"شاپڵیتە" یەکیش بۆ ماڵی دێسییەس،
هەندێ ئاگریش بۆ ماڵی کاسکا و
هەندێکیش بەرن بۆ لیگارییەس،
دەی خێرا بڕۆن!
(ساکارەکان هەموو دەڕۆن و تەرمەکەی سیننا لەگەڵ خۆیاندا رادەکێشنە دەرێ)

١. بە پێی ئارستۆ، فەیلەسووفی گەورەی گریکی، هەموو جۆرە حوکمێک لە حوکمی کۆمەڵێک مرۆڤی بازاڕیی نەخوێنەوار باشترە. لەبەر ئەوەی کە دڕندە و نەخوێندەوارن، هەر کەسێک تۆزێک زیرەک و وتەزان بێت دەتوانێت بە هەوەسی خۆی بەکاریان بهێنێت.

# پەردەی چوارەم

## دیمەنی ٤,١

ئەنتۆنی و ئۆکتاڤییەس و لێپیدەس دەردەکەون

ئەنتۆنی: (کاغەزێک دەدات بە ئۆکتاڤییەس ناوی زۆر کەسی تێدا نووسراوە)

ئەمانەی ناویان نیشان کراوە
لێرەدا، دەبێت هەموویان بمرن.

ئۆکتاڤییەس:

براکەی تۆش، ها،
وەک ئەوان دەبێت مەرگی ببینێت
ئەتۆ خۆ بەوە، رازیت لێپیدەس؟

لێپیدەس:

ئا، بەڵێ رازیم.

ئۆکتاڤییەس:

دەی ناوی ئەویش نیشانە بکە.

لێپیدەس:

بەڵام بە مەرجێک، ها، مارک ئەنتۆنی،
کە "پەبلییەس"یش، کوڕی خوشکەکەت،
لەناو ببرێت.

ئەنتۆنی:

لەناو دەبرێت. سەیربکە بزانە،
بە نیشانەیەک، لەعنەتی منی
بۆ دابین دەبێت. بەڵام، لێپیدەس،
تۆ ئێستا برۆ بۆ ماڵی کەیسەر،

وەسێتنامەکەی، بۆ ئێرە بێنە.
تا بڕیار بدەین
چۆن، بە چ جۆرێک،
هەندێک لە موڵک و سامانەکانی
گل بدەینەوە.[١]

لێپیدەس:
کە گەڕامەوە،
من لێرە ئێوە، دەدۆزمەوە؟

ئۆکتاڤییەس:
یان لێرە، یاخود لە "کاپیتۆل"دا. (لێپیدەس دەڕوات)

ئەنتۆنی:
ئەمە پیاوێکی زۆر هیچ و پووچە؛
لە پەیامبەری بەولاوە بەخوا،
هەرگیز بە کەڵکی هیچ شتێک نایەت.
تۆ بە شتێکی ڕەوای دەبینی
فەرمانڕەوایی ڕۆما بە سێ کەس
بکرێ و ئەمەش، یەک لەوانە بێت؟[٢]

ئۆکتاڤییەس:
تۆ خۆت بڕیاری
ئەوەت دا و ئەوت بە باش دەزانی؛
لەوت دەپرسی کێ ناوی دەبێت،
لە لیستی مەرگدا، تۆمار بکرێت.

---

١. هەندێک لە موڵک و سامانەکانی کەیسەر بۆ خۆمان گل بدەینەوە.

٢. لە دوای کوشتنی کەیسەر و دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ، ئەنتۆنی و ئۆکتاڤییەس و لێپیدەس پێکەوە فەرمانڕەوایی "ڕۆما"یان دەکرد. بەڵام لێپیدەس، زۆر بەرزخواز نەبوو وەکو دووانەکەی تر.

ئەنتۆنی:

من زیاتر رۆژم لە تۆ بینیوە.[١]
نازناوی ئاوا بەرزی دەدەینێ
بۆ ئەوەی ئەگەر،
لەسەر رێی سەخت و تاسەدا ئێمە
کەوتینە چاڵێک،
یەکێکمان هەبێت لۆمە بکرێت.
نازناوی قورسی
خۆی ئەو هەڵدەگرێت
هەر وەکو کەرێک ئاڵتوون هەڵبگرێت؛
نکەنک دەکا و ئارەق دەڕێژێت،
ئێمەش لەدواوە، لێی دەخوڕین یان
گوێی رادەکێشین
بەرەو ئەو جێگەیەی کە دەمانەوێت.
کەی گەنجینەکەی گەیان بەو جێیەی
ئارەزووی دەکەین، باری گرانی
دادەگرین و خۆی، بەرەڵا دەکەین.
تا لە دەشتێکدا زۆر بە ئازادی
وەکو کەرێکی بەرەڵاکراو،
گوێچکەکانی خۆی
بابدا و بۆ خۆی تێر بلەوەڕێت.

ئۆکتاڤییەس:

ئارەزووی خۆتە،
بەڵام تۆ دەبێت ئەمە بزانی؛
ئەو سەربازێکی

---

١. ئۆکتاڤییەس، حەڤە ساڵە، زۆر گەنجە، کەم دنیای دیوە.

تاقیکراوە و ئازا و جوامێرە.

ئەنتۆنی:

ئەسپەکەی منیش، وایە ئۆکتاڤییەس.
بۆیە ئالیکی ئاخر دەدەمێ.
ئەو ئاژەڵێکە. منم ئەو فێری
جەنگین و فێری خۆلادان دەکەم،
فێری وەستان و غارکردن دەکەم.
گشت جووڵەیەکی ماسوولکەکانی
بە ئارەزووی خۆم، من پێیان دەکەم.
وە "لێپیدەس"یش تاکو رادەیەک
وەکو ئەو وایە؛ دەبێت فێرکرێت،
وەرزشت بکرێت، پێشی بگوترێت
بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵهێنێت.
زۆر کابرایەکی زڕ و بێبەرە،
قەت خۆی شتێکی نوێ داناهێنێت،
لەسەر پاشماوەی ئەم و ئەو دەژی.
قەت باسی مەکە، جگە لەوەی کە
ئەو ئامێرێکە بۆ بەکارهێنان.
دە دەی ئۆکتاڤییەس، با ئیتر باسی
شتی بەنرخ و گرنگتر بکەین؛
بروتەس و کاسییەس، لەشکرەکانی
خۆیان زۆرتر و بەهێزتر دەکەن.
ئێمە دەبێت زوو بەبێ دواخستن
پشتی یەکتری بگرین و پەیمان،
لەگەڵ ئاوەڵ و لایەنگرانی
خۆمان ببەستین.

تاکو بتوانین دەسەڵاتێکی
گەورە و بەتوانا ئامادە بکەین.
دەی با راستەوخۆ، بچین دانیشین
گفتوگۆ بکەین؛ چۆن لە مەترسی،
ژیانی خۆمان بپارێزین و
چۆن بەرەنگاری ئەوان بوەستین.
ئۆکتاڤییەس:
دە با وابکەین. لە هەڵوێستێکی
گراندا داین و دوژمنەکانمان،
ها، دەوراندەوری ئێمەیان داوە.
وە جگە لەوە، دەبێت بزانی
هەندێک لەوانەی بە روویانەوە
خەنین دەبینی، زۆر بەداخەوە،
لە دەروونیاندا، غەدر و ناپاکی
دەشارنەوە.

## دیمەنی ٤,٢

لە ئۆردووگـایەکـدا لە نزیک سـاردیس[١] لەبەردەم چادرەکـەی بـروتـەس. دەنگی دەهـۆڵ دێت. بروتەس و لوسیلییـەس و لوسییـەس و چەند سـەربـازێک دەردەکەون. تیـتینییـەس و پیندارەس بە پیریانەوە دەچن.

بروتەس:

هێی، هێی، بوەستە!

لوسیلییەس:

بوەستە و وشەی نهێنی دەربکە.[٢](وشەی نهێنی دەردەکات بۆ لەشکرەکەی)

بروتەس:

لوسیلییەس، ئەرێ کاسییەس، نزیکە؟

لوسیلییەس:

بەڵێ نزیکە و
ئەوا پیندارەس، هاتووە تاکو ٤,٢,٠٥
بەخێرهاتنی
بەگەکەی خۆیت پێ بگەیێنێت.

بروتەس:

بەخێرهاتنی باشی من دەکات.
پیندارەس، بەگە خانەدانەکەت،
نازانم ئایا،
خۆی یان ئەفسەرە بێ کەڵکەکانی

١. ساردیس، ناوی شارێکە

٢. ئەوەی وشەی نهێنی بزانێت واتە دوژمن نییە. یەکێکە لە خۆیان.

هۆیەکی هەندە گەورەم دەدەنێ،
بڵێم، ئاخ، خۆزگە
ئەوەی کە کرا، قەت نەدەکردا.[1]
ئەگەر نزیکە و
ئەمانە بۆ من روون بکاتەوە،
شادمانم دەکات.

پیندارەس:

من بێگومانم
لەوەی خاوەنی زۆر خانەدانم
دەردەکەوێت و وەک هەموو جارێک
بەڕێزی و نرخیی خۆی بۆ جەنابیی
ئێوە دەنوێنێت.

بروتەس:

نا، ئەو گومانی هیچ لێ ناکرێت.
ئەرێ پرسیارێک!
لوسیلییەس، ئەو چۆن
پێشوازی کردی؟ با من بزانم.

لوسیلییەس:

گەلێک بە باشی و زۆر بە ڕێزەوە.
بەڵام بەڕاستی ئەو گەرمابییەی
جارانی نەبوو؛
هەستت نەدەکرد بە هاوڕێیەتی.

بروتەس:

ئەتۆ وەسفیکی جوانی دۆستێتی
گەرمت بۆ کردم، لەو کاتەی تینی

---

١. ئەوەی کە کرا؛ مەبەستی لە کوشتنی کەیسەرە.

کۆنی دەشکێت و سارد دەبێتەوە.
ئەرێ لوسیلییەس،
قەت تۆ تێبینی ئەوەت کردووە؛
کە خۆشەویستی راستی هەمیشە،
پێش ئەوەی بمرێت، زۆر جار دەست دەکات
بە کزبوونەوە و زۆر لەخۆی دەکات،
زاری شیرین و لێو بە خەنینیت
بۆ پیشان بدات.
هاوڕێیەتی سادە، پێوستی ناکات،
بە زمانی لووس و مەرایی ڤالاّ،[1]
بەلاّم مرۆڤی بێ زات و کلۆر
وەک گشت ولاّخێک؛ لەسەرەتاوە
خۆی بە ئامادە و جوامێر دەنوێنێت.
بەلاّم کە دێتە ئەوەی ئاوزەنگی
لێ گیر بکرێ و کاریان لێ بوێت؛
سەری خۆی نزم و شۆڕ دەکاتەوە.
وەک گشت ناکەسێک، لە کاتی تاقی-
کردنەوەدا، بۆت دەردەکەوێت. (دەنگی دەهۆڵ دێت)
لەشکری ئەوە، بەرەو ئێرە دێت؟[2]

لوسیلییەس:

بەتەمان ئەمشەو لە ناوچەی ساردیس،[3]
چادر هەڵبدەن. زۆربەی سوپاکەی،

---

١. ڤالاّ؛ پووت، بەتاڵ، بێمانا.

٢. ئەو؛ مەبەستی لە "کاسییەس"ە

٣. ساردیس؛ شارێکی دێرینە (کۆنە) کاتی خۆی پایتەختی ولاّتی "لیدیا Lydia" بووە. کەلاوەکانی هێشتا ماونەتەوە لە نزیک شاری ئیزمیر لە "تورکیا"ی ئێستادا. تورکیای ئێستا کاتی خۆی پارچەیەک بووە لە ئیمپڕاتۆریەتی رۆمانی.

بەوانەوەی کە سواری وڵاخن،
پێکەوە لەگەڵ "کاسییەس"دا دەگەن. (کاسییەس و سەربازەکانی دەردەکەون)

بروتەس:
سەیرکەن ئەوا گەیشت.
دەی بە روویەکی
خۆشەوە برۆ تۆ بە پیرییەوە.

کاسییەس: (روو دەکاتە سەربازەکانی خۆی)
لە ئاستی خۆتان هەموو بوەستن!

بروتەس: (روو دەکاتە سەربازەکانی خۆی)
لە ئاستی خۆتان، هەموو بوەستن!
فەرمانی وەستان بەوانەی دواشتان،
دەی بگەیێنن.

یەکەم سەرباز:
بوەستن!

دووەم سەرباز:
بوەستن!

سێیەم سەرباز:
بوەستن!

کاسییەس:
خانەدانترین برا، تۆ کاری
نا رەوات لەگەڵ مندا کردووە.

بروتەس: (روو دەکاتە ئاسمان)
خوایەکان ئێوە، دادوەری من بن!
قەت من بەدکاریم
لەگەڵ دوژمنی خۆمدا کردووە؟

گەر نەمکردووە، چۆن لەگەڵ برای
خۆمدا من دەیکەم؟
کاسییەس: (دەنگی بەرز دەکاتەوە)
بروتەس ئاخر،
لەدوای روویەکی وا سەنگینەوە،
بەدکارییەکانت دەشاریتەوە.
کە ئەوە دەکەیت...........
بروتەس:
کاسییەس، دە نەختێک
هێمن بەرەوە.
بە ئاسوودەیی شکاتەکانی
دڵی تۆراوت بگێڕەرەوە.
باشت دەناسم.
لەبەر چاوانی لەشکرەکانمان،
لە خۆشەویستی ئاخر بەولاوە،
شتی تر نابێت پیشان بدرێت.
با شەڕە دەنووک، لێرەدا نەکەین.
پێیان بڵێ با بڕۆن و ئێمە،
دەی با بچینە چادرەکەی خۆم.
ئینجاکە هەرچی شکات و داخێک
لە دڵتدا هەیە بیڵێ و بە باشی
من گوێت لێ دەگرم.
کاسییەس:
پیندارەس، بڕۆ بۆ سەردارەکان،
فەرمان دەربکە سەربازەکانی
خۆیان با بەرن،

لێرەوە هەندێک دوورکەونەوە.

بروتەس:

لوسیلییەس، بڕۆ
تۆش ئاوا بکە.
نەشهێڵیت کەسێک
لەم چادرەوە نزیک بێتەوە
تا لە گفتوگۆ لێدەبینەوە.
لوسیلییەس خۆت و تیتینییەس، ئێوە،
دەی پاسەوانیی دەرگاکە بکەن. (هەموویان دەڕۆن)

## دیمەنی ٤,٣

لەناو چادرەکەی بروتەس، لە دەشتی 'سارديس'، بروتەس و کاسییەس دەردەکەون.

کاسییەس:

من لەبەر ئەوە دەڵێم تۆ کاری
ناڕەوات لەگەڵ مندا کردووە،
چونکە تۆ "لوسییەس پێللا"ت بەوجۆرە
سووک و روو رەش کرد
لەبەرئەوەی کە
گوایە لێرەدا، لە "سەردینی"یەکان[١]
بەرتیل و دیاریی
ئەو، وەرگرتووە.
چەند بۆم نووسیت و تکام لێ کردی،
وازی لێ بێنی، چونکە ناسیاومە.
تۆ گوێت نەدانێ.

بروتەس:

تۆ بەوە، کاری
ناڕەوات لەگەڵ خۆتدا کردووە.

کاسییەس:

ئا، لە کاتێکی
هەندە گرنگ و تەنگاو و سەختدا،
من بە دروستی نازانم ئەگەر

١. سەردینی؛ خەڵکی سەردینیا. سەردینیا دوورگەیەکە نزیک ئیتاڵیا.

تاوانباریی وا
پچووک بەو جۆرە سەرزەنشت بکرێت.

بروتەس:

کاسییەس، گوێ بگرە!
با من لەبارەی خۆتەوە بدوێم؛
بیستوومە کە تۆ، خۆت تاوانباری
بەوەی کە بەری
دەستت دەخورێ و بەرتیل وەردەگری.[1]
"پایە"ی بەرز، بە زێڕ تۆ دەفرۆشی،[2]
بەوانەی کە هیچ شایانیان نییە.[3]

کاسییەس:

دەستم دەخورێت؟
بروتەس، دەبێت ئەوە بزانی،
کە "بروتەس"یت، بۆیە دەتوانی
ئەوەم پێ بڵێیت. ئەگینا بە خوا،
ئەوەی لە زارت ئێستاکە دەرچوو،
دواهەمین وتەی زمانت دەبوو.

بروتەس:

ئاخ، ناوی کاسییەس،
ئەم گەندەڵییە، بە ئابڕوو دەکات.
"داد"ی دڵناسک شەرمەزار دەکات.
وە سزادانی
شایستە و ڕەوا، ئاوا لێ دەکات

---

١. بەری دەستت دەخورێت؛ بەرتیل وەردەگرێت.
٢. پایەی بەرز؛ وەزیفەی بەرز.
٣. ئەو کەسانە، شایانی ئەو پایە بەرزانە نین، چونکە لێی نازانن.

لە شەرما سەری بشارێتەوە.

کاسییەس:

گوتت سزادان؟

بروتەس:

دە با مانگی"مارت"، بێتەوە بیرت.
ناوەڕاستی مارت، بێتەوە بیرت؛
ئایا "کەیسەر"ی مەزن لەبەر چی
خوێنی رژێنرا؟
چ ناکەسێکی بێویژدان دەستی
برد بۆ بەدەنی و دایە بەر خەنجەر[١]
ئەگەر مەبەستی، دادوەری نەبێت؟[٢]
یەکێک لەوانە، ئایا قەت دەشێت[٣]
مەزنترین و بەناوبانگترین
کەسی سەرزەمین بکوژێت تەنیا،
بۆئەوەی لەسەر دز بکاتەوە؟
ئاخر چۆن دەشێت
ئا ئەو پەنجانە، لەکەدار کرێن[٤]
بە وەرگرتنی بەرتیلی کرێت.[٥]
یاخود ئەم پایە بڵندەی خۆمان
بگۆڕینەوە تەنیا بە هەندێک
سەرکۆزەرە کە

---

١. بەدەن؛ لەش، تەن.

٢. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ ناکەسە ئەوەی دەستی لە کەیسەر درێژ کرد و مەبەستی دادوەریی نەبووبێت.

٣. یەکێک لەوانە؛ یەکێک لەوانەی "کەیسەر"یان دایە بەر خەنجەر.

٤. ئەو پەنجانەی کە کێردەکانمان پێ گرت و "کەیسەر"مان پێ کوشت.

٥. کرێت؛ ناشیرین، دزێو، نەفرەتلێگیراو.

له چنگێکماندا جێی ببێتەوە؟
پێم خۆشتر دەبوو سەگێک بوومایە،
هەر خۆم بە تەنیا بوەڕیمایە
لە مانگ، لەوەی کە
"ڕۆمانی"یەکی ئاوا بوومایە.

کاسییەس:

بروتەس، توخوا، ئیتر بەسێتی
هێرش بەریتە سەر بوونەوەری
بەستراو ئاوا.[1]
بەسە، من ئەوەم پێ ناچێژرێت.
تۆ دیارە ئەوەت، لەبیر چۆتەوە
کە من سەربازم و
لە تۆ کۆنتر و بەتواناترم
بۆ هێنانەدی کار و کردەوە.

بروتەس:

نا، کاسییەس لە من، بەتواناتر نیت.
دە بڕۆ بڕۆ، بەرۆکم بەردە.

کاسییەس:

بەتواناترم.

بروتەس:

من پێت دەڵێم نا.

---

١. جاران گەمەیەکی ئاوا هەبووە؛ ئاژەڵێکی دڕندەیان بە گوریسێکی درێژ بە درەختێکەوە دەبەستەوە و سەگیان تێ بەردەدا. یاخود خۆیان، گەمەکەرەکان، بە خەنجەرەوە هێرشیان دەبردە سەری و دەیانکوشت. لێرەدا کاسییەس، دەڵێت من وەکو ئەو ئاژەڵە بەستراومەتەوە (چونکە لە هەڵوێستێکدا نییە بتوانێت لە کاتێکی ئاوادا پەیوەندی خۆی لەگەڵ "کاسییەس"دا تێک بدات).

کاسییەس:

من زیاتر لەوە، با توورە نەبم،
نەوەکو خۆمم لەبیرچێتەوە.
بیر لە ژیانی خۆت بکەرەوە،
نەوەکو شەیتان بێتە دڵمەوە.[١]

بروتەس:

نەگبەت، دە برۆ.

کاسییەس:

قەت دەشێت وابێت؟[٢]

بروتەس:

گوێ بگرە لە من، ئەوا پێت دەڵێم؛
تۆ وا دەزانی قیژە و هاواری
تۆ بە ئاسانی کار لە من دەکات؟
یاخود روانینی چاوی پیاوێکی
شێتی وەکو تۆ؟

کاسییەس:

خوایە گەورەکان، ئاخ، خوایەکانم،
پێوستە ئەمن،
ئەم هەمو دەردە تاڵە بچێژم؟

بروتەس:

ئەم هەمو دەردە؟
ئا لەوەش زیاتر دەبێت بچێژی.
دەی توورە ببە و خۆت گیف کەرەوە
هەتاکو دڵی بە شکۆ و سەربەرزت،

---

١. نەوەکو توورە ببم و بتکوژم.

٢. قەت دەشێت پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ یەکتریدا بگاتە رادەیەکی ئەوەندە نزم.

درز دەبا و دەشکێت. برۆ پیشانی
کۆیلەکانی خۆت، بدە کە چەند تۆ
توورە و ترۆیت تا
بیانترسێنی.
تۆ وادەزانی دەسڵەمێمەوە؟
یاخود تۆ بەوە ناچارم دەکەی
کە ڕێزت بگرم؟
یان لەبەرئەوەی هەندە سامناکی
چۆک دادەنێم و دەپاڕێمەوە؟
تاڵیی زراوی
خۆت، بەو خوایانە،
هەر خۆت بەتەنیا دەبێت بیچێژی.[١]
چونکە لەمەولا، بۆ رابواردنم
ئەم سەرگەرمییەت بەکار دەهێنم؛
پێت پێدەکەنم.

کاسییەس:

گەیشتینە ئەوە؟

بروتەس:

تۆ، بە من دەڵێیت کە سەربازێکی
باشتریت لە من. خۆهەڵکێشانی
خۆت، تۆ بە کردە دەبێت بنوێنی.
بەڵام لەبارەی، کاسییەس، خۆمەوە
ئەمەت پێ دەڵێم؛
هەردەم لە پیاوی خانەدانەوە،
پێم خۆشە فێری سەربازی ببم

١. جاران وایان دەزانی هۆی توورە بوونی مرۆڤ ئەوەیە کە زراو زۆر تاڵاوی دەردەکات.

کاسییەس:

بە هەموو جۆرێک تۆ هەر هەوڵ دەدەی
نادۆستی لەگەڵ مندا بنوێنی.
من کەی گوتوومە من سەربازێکی
لە تۆ باشترم.
پێم گوتی ئەمن لە تۆ کۆنترم.
گوتم باشترم؟

بروتەس:

ئەگەر بیشیڵێیت، من گوێی نادەمێ.

کاسییەس:

کەیسەر، کە هێشتا جارێ زیندوو بوو
قەت نەیدەوێرا، ئەو لەگەڵ مندا،
بەو جۆرە بدوێت.

بروتەس:

دە وسبە، وسبە!
قەت نەتدەوێرا، بیورووژێنی.

کاسییەس:

من نەمدەوێرا؟

بروتەس:

نەء نەتدەوێرا.

کاسییەس:

چۆن نەمدەوێرا بیورووژێنم؟

بروتەس:

ئا، لێی دەترسایت. قەت نەتدەوێرا.

کاسییەس:

زۆر پشتت بەوە تۆ قایم نەبێ،

که تۆم خۆش دەوێ.
ئەوەک شتێکم لە دەست دەربچێ،
کە لە دواییدا، پەشیمانی و سوێ
خۆراکی من بن.[1]

بروتەس:

تۆ تازە ئەوەت کردووە، ئەوەی
کە پێویستە تۆ
زۆر پەشیمان و خەفەتبار بکات.
لەم هەڕەشانەی تۆ، من ناترسم.
چونکە شەرەفم، من دەپارێزێت.
هەڕەشەکردنی تۆ وەک بایەکی
خاو، بەلامەوە دێ و تێپەڕ دەبێت.
گوێشی نادەمێ.
من داوای هەندێ زێڕم لێ کردی،
هیچت نەدامێ. من بە ڕێبازی
چەوت و ناڕەوا ناتوانم پارە
کۆبکەمەوە.
دە بە گەردوون من، پێم خۆشتر دەبێت
ئا ئەم دڵەی خۆم،
بکەم بە کارگەی دروستکردنی
پارە و لە خوێنی جەرگ و جگەرم،
کاتی پێویستی، نەختێک درەخما
من دروست بکەم
لەوەی لە دەستی زبری هەژارێک،
ئەو پارە کەمەی کە ئەو هەیەتی

١. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ نەوەکو بتکوژم و لە دواییدا پەشیمان بمەوە و خەفەتت بۆ بخۆم.

بە شێوەیەکی چەوت لێی بسەنم.
داوای ئاڵتوونم لێ کردیت تاکو
مووچە و خواردنی لەشکرەکانم
من پێ بدرێت. کەچی نەتدامێ.
ئەوە کاسییەس بوو، وای لەگەڵ کردم؟
وەڵامی "کایەس کاسییەس"م ئاخر
رۆژێک بەو جۆرە من دەدایەوە؟[1]
گەر هات و رۆژێک، مارکەس بروتەس،
هەندە رەزیل بێ لەگەڵ دۆستی خۆی،
کە پارەیەکی
ئەوەندە کەم و ریسوای نەداتێ،
رەببی خوایەکان برووسکەکانیان
ئامادەبن بۆ لەتلەتکردنی!

کاسییەس:
من نەمگوتووە پارەت نادەمێ.

بروتەس:
بەڵێ، گوتووتە.

کاسییەس:
من نەمگوتووە.
تەنیا ئەو کەسەی وەڵامەکەمی
هێناوەتەوە بۆت ریژگاو بووە.
بروتەس دڵی منی زۆر شکاند،
ئاخر دۆست دەبێت لە کەموکورتی
دۆستی ببوورێت. کەچی بروتەس،

---

١. ناوی تەواوی کاسییەس، "کایەس کاسییەس"ە. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ ئەگەر تۆ داوای پارەت لە من بکردایە قەت بەو جۆرە وەڵامم نەدەدایتەوە و بڵێم؛ نیمە.

هەڵەکانی من، گەورەتر دەکات.

بروتەس:

گەورەیان دەکەم گەر هەڵەکانی
خۆت، تۆ لە دژی من بەکاربهێنی.

کاسییەس:

منت خۆش ناوێت.

بروتەس:

نا، هەڵەکانی تۆم من خۆش ناوێت.

کاسییەس:

چاوی دۆست هەڵەی وا قەت نابینێت.

بروتەس:

هی مەراییکەر، نایبینێت ئەگەر
لە "ئۆڵیمپەس"یش گەورە و بەرزتر بێت.[1]

کاسییەس:

ئەنتۆنی وەرە، "ئۆکتاڤییەس"ی گەنج،
ئا دەی تۆش وەرە، "تۆڵە"ی ناو دڵتان،
تەنیا لە کاسییەس، بسەننەوە.
لەبەرئەوەی کە
بێزارە کاسییەس لە ژیانی خۆی؛
چونکە ئەوەی کە یاری دڵێتی،
رقی لێیەتی و براکەی جەرگی[2]
بریندار دەکا و
وەکو بەندەیەک تەماشای دەکا.
گشت هەڵەیەکی تێبینی دەکا و

---

١. ئۆڵیمپەس؛ ناوی شاخێکی بەرز و گەورەیە لە یۆنان.

٢. کاسییەس، مەبەستی ئەوەیە بە بروتەس بڵێت؛ من، تۆم خوش دەوێت، بەڵام تۆ رقت لە منە.

لە دەفتەرێکدا، تۆماری دەکا و
دەیخوێنێتەوە و لەبەریان دەکا
تا بیانکێشێت بە دانەکانما.
دڵم، ئێستاکە، ئارەزوو دەکا
خۆم لە پیاوەتی بخەم بە گریان. (خەنجەرەکەی خۆی لە کێلانەکەی هەڵدەکێشێت)
ها فەرموو ئەمە خەنجەرەکەمە، ٤,٣,١٠٠
ئا ئەمەش سنگە رووتەکەی منە،
لە نێوانیدا، دڵێک لێدەدا،
لام ئازیزترە لە "کان"ەکانی
"پلووتۆ" و گەلێک لام بەنرخترە[1]
لە زێڕی پەتی.
ئەگەر رۆمانی راست و تەواوی،
دەری بهێنە و بۆ خۆتی بەرە،
من، ئەوەی زێڕی، ئەوسا نەدایتێ،
ئەوەتا دڵی خۆیت دەداتێ.
دەی پیامدا بکە، ٤,٣,١٠٥
وەک چۆن کەیسەرت دایە بەر خەنجەر.
چونکە دەزانم، لەو کاتەی رقت
لێی هەڵسابوو زۆر، قەت ئەوەندە زۆر
رۆژێک تۆ ئەوت خۆش نەویستووە.
بروتەس:
دەی خەنجەرەکەی
خۆت بخەرەوە ناو کێلانەکەی.
تووڕەبە هەرچەند ئارەزوو دەکەی

١. پلۆوتۆ؛ بە پێی ئەفسانەی گریکی، خوای دەوڵەمەندییە،.

بێ ڕادە و سنوور.
ئەوەی دەتەوێ و ئارەزووی دەکەی
بیکە. ئەو کەسەی، ئەتۆ هاوکاری
لەگەڵدا دەکەی، مەڕێکە بۆ خۆی.[1]
کاسییەس، پەیوەندی مەڕ و تووڕەیی
وەک هی ئاگر و بەردەستێ وایە؛[2]
گەر بە شتێکی ڕەق وەکو پۆڵا،
بە بەردەستیدا ئەتۆ بکێشی
یەکسەر برووسکەی لێوە دەردەچێت.
دوای ئەوە ئیتر سارد دەبێتەوە.

کاسییەس:
ئاخر قەت دەشێت کاسییەس ژیانی
خۆی بەرێتەسەر بۆ ئەوەی کاتی
تووڕەیی ببێت بە ئامێرێک بۆ
گاڵتە و پێکەنین بۆ "بروتەس"ی؟[3]

بروتەس:
ئاخر ئەو کاتەی ئەوەم پێ گوتی
منیش تووڕە بووم.

کاسییەس:
تۆ دان بەوەدا بروتەس دەنێیت؟
دەستتم بەرێ!

بروتەس:
دڵیشم بەرە، کاسییەس، لەگەڵی.

---

١. مەڕێکە بۆ خۆی؛ مەبەستی لەخۆیەتی.
٢. بەردەستێ؛ بەردەئەستێ
٣. قەت دەشێت، کاسییەس تەنیا بۆ ئەوە بژێت، بۆئەوەی کاتێک کە تووڕە دەبێت، "بروتەس"ی خۆی پێی پێبکەنێت؟

کاسییەس:

ئاخ، ئاخ، بروتەس

بروتەس:

چییە مەسەلە؟

کاسییەس:

لەناو دڵتدا، نییە ئەوەندە
ئای، خۆشەویستی، تاکو بتوانی
دەردی تووڕەیی و هەڵچوونی سۆزم،
ئەوەی لە دایکم
بۆم ماوەتەوە، نەختێک بکێشی.

بروتەس:

دە باشە، کاسییەس، لەمەولا ئەگەر
لەگەڵ بروتەس، دەمەقاڵت بوو،
لێت عاجز نابم؛
بەسەر دایکتدا هەمووی دەهێنم.

(شاعیرێک دێتە ژوورەوە، لوسیلییەس و تیتینییەس و لوسییەس، بەدوایەوە دێن)

شاعیر:[١]

ڕێگام بدەنێ بڕۆمە ژوورێ،
ژەنەڕاڵەکان، ئەمن ببینم.
چونکە ناکۆکی کەوتۆتە ناویان؛
نابێت بە تەنیا بمێننەوە.

لوسیلییەس:

ڕێگات نادەینێ بچیتە ژوورێ.

---

١. بە پێی پلوتارخ، میژوونووسی بەناوبانگی گریکی، ئەم شاعیرە ناوی "مارکەس فایۆنیەس" بووە.

شاعیر:

هەر مەگەر مردن، ڕێ لە من بگرێ.

کاسییەس:

ها، چی قەوماوە؟

شاعیر:

ژەنەڕاڵەکان، دەک شەرمەزاربن!
ئێوە بەتەمای چین و چی دەکەن؟
با یەکتریتان ئێوە خۆش بوێ و
وەکو پێویستە ببن بە هاوڕێ.
گوێ لە من بگرن، چونکە بێگومان،
من لە هەردووکتان گەلێک پیرترم.

کاسییەس: (پێکەنینی دێت)

هاها، کابراکە، چەند شاعیرێکی
بێ سوود و کەڵکی.

بروتەس:

کابرا دە بڕۆ. بڕۆرە دەرێ.

کاسییەس:

لێی قبووڵ بکە، بروتەس، ئەمە
سروشتی وایە.

بروتەس:

لێم قبووڵ دەکرد ئەگەر کاتەکە
گونجاوتر بوایە.
لە کاتی جەنگدا، ڕێگە نادرێ
بە پیاوی گەلحۆ و هۆنەری ئاوا.[1]
فەرموو بۆ دەرێ.

---

١. هۆنەر؛ شاعیر

کاسییەس: (بە پاڵ دەیکاتە دەرەوە)

دە بڕۆ دەرەوە.

بروتەس:

دەی لوسیلییەس و تیتینییەس ئێوە،
فەرمان دەربکەن بۆ سەردارەکان،[١]
چادر هەڵبدەن؛
لێرەدا ئەمشەو دەمێنینەوە.

کاسییەس:

خۆشتان بۆ ئێرە بگەڕێنەوە
لەگەڵ خۆشتاندا،
خێرا مێسسالا، بێن بۆ لامان. (دەڕۆن)

بروتەس:

لوسییەس، ئا دەی، تاسەیەک بادە! (لوسییەس، دەڕوات)

کاسییەس:

من نەمدەزانی،
ئاوا بەجارێک تۆ تووڕە دەبی.

بروتەس:

کاسییەس، سوێداری
بەجارێک منی وێران کردووە.

کاسییەس:

فەلسەفەکەی خۆت، بەکار ناهێنی،
ئەگەر رێ بدەی تۆ بە بەدبەختی،
دڵ و دەروونی تۆ وا دیل بکات.[٢]

---

١. سەردارەکان؛ سەرداری هێزەکان

٢. بروتەس، باوەڕی بە فەلسەفەی "ستۆیێسزم Stoicism" هەبوو. ستۆیێسزم، فەلسەفەیەکی کۆنی گریکییە. ئەم فەلسەفەیە دەڵێت؛ ئەگەر مرۆڤ تووشی کێشەیەک بێت کە نەتوانێت خۆی لێ رزگار بکات، دەبێت دەردی ئەو کێشەیە بە ئارامەوە بکێشێت بێ ئەوەی زۆر خەفەت بخوات و باسی بکات.

بروتەس:

پیاو نییە، نییە، باشتر بتوانێت،
دەردی پەژارە باشتر بکێشێت؛
پۆرشیا، مردووە.

کاسییەس:

ها؟ پۆرشیا؟

بروتەس:

ئا، ئا، مردووە.

کاسییەس:

ئای، چۆن لە مەرگی بێگومان گیانی
من رزگاری بوو، کە تووڕەم کردی؟[1]
دۆڕاندنێکی، ئای، کە گرانە![2]
چ نەخۆشییەک ئەوی گرتبوو؟

بروتەس:

ئاە، نەیدەتوانی بە ئارامەوە
دەردی دووریێتی مێردی بکێشێت.
ئینجا کە بیستی
کە "ئۆکتاڤییەس"ی گەنج و ئەنتۆنی،
ئەوەندە خۆیان بەهێز کردووە،
پەژارە کوشتی.
چونکە هەواڵی مەرگی و ئا ئەوە،
هەردووک پێکەوە گەیشتنە گوێی من.
ئا ئەوە ژیریی لە گیاندا نەهێشت.[3]

---

١. لە کاتێکی وادا ئەگەر تووڕەت بکەم، حەقتە ئەگەر بمکوژی. باش بوو گیانم لە مردن رزگاری بوو.

٢. دۆڕاندن؛ لەکیس چوون.

٣. ئەوە؛ ئەوەی کە ئۆکتاڤییەس و ئەنتۆنی ئەوەندە خۆیان بەهێز کردووە و لەوە دەچێت جەنگەکە ببەنەوە.

که دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوت کەسی
لە لادا نەبوو، پشکۆیەک گڕی
هەڵدایە دەمی و یەکسەر قووتی دا.
کاسییەس:
هەر ئا ئاوا مرد؟
بروتەس:
بەڵێ، ئا ئاوا.
کاسییەس: (روو دەکاتە ئاسمان)
ئای خوایەکانم، نەمرەکانم! (لوسییەس، تاسەیەک بادە دەهێنێت و دەڕوات)
بروتەس:
با ئیتر باسی ئەو نەکەینەوە.
دەی جامێک بادە تێبکە و بمدەرێ. (دەیخواتەوە)
ئا بەمە، هەرچی هەمە ناکۆکی
لەگەڵتدا گشتی ئەمن دەنێژم.
کاسییەس:
تینووە دڵم ٤,٣,١٦٠
بۆ ئەو بەڵێنە جوانەی دەمدەیتێ.
لوسییەس، جامەکە لێواولێو پڕکە
لە بادە تاکو لەسەری دەچێ.
لە خۆشەویستی
بروتەس، من قەت تینووێتیم ناشکێ. (دەخواتەوە)
(لوسییەس دەڕوات. تیتینییەس و مێسسالا دەردەکەون)
بروتەس:
فەرموو تیتینییەس، وەرە ژوورەوە
"مێسسالا"ی بەڕێز، دەک بەخێر هاتی.
با دابنیشین لای ئەم مۆمەوە و

لەبارەی ڕێگە و پیلانەکانی
ئایندە بدوێین.
کاسییەس: (هەر بیر لە مردنی پۆرشیا دەکاتەوە)
ئاخر قەت دەشێت، پۆرشیا مردبێت؟
بروتەس:
ئیتر بەسێتی تکات لێ دەکەم. (ڕوو دەکاتە ئەفسەرەکانی خۆی)
چەند نامەیەکم من بۆ هاتووە،
مێسسالا، دەڵێن کە ئۆکتاڤییەسی
گەنج و ئەنتۆنی بە لەشکرێکی
گەلێک مەزن و بەدەسەڵاتەوە
کەوتوونەتە ڕێ بەرەو فیلیپپی.[١]
مێسسالا:
ئا، منیش نامەی وام بۆ هاتووە.
بروتەس:
هەواڵی ترت هیچ پێ گەیشتووە؟
مێسسالا:
با، ئۆکتاڤییەس و
ئەنتۆنی لەگەڵ لێپیدەس، بەبێ
یاسا و دادوەری
بڕیاریان داوە و هێنایانە دی
کە سەد سیناتۆر لەناو ببرێ.
بروتەس:
ئەو نامەیەی کە بە من گەیشتووە،
زۆر بە تەواوی

---

١. ناوی شارێکە لە مەکیدۆنیا. لە نزیک ئەو شارەوە جەنگی گەورە ساڵی ٤٢ پ ز لە نێوان مارک ئەنتۆنی و ئۆکتاڤییەس لە دژی بروتەس و کاسییەس ڕووی داوە.

ناگونجێت لەگەڵ ئەوەکەی تۆدا.
ئەوەی من دەڵێت؛ حەفتا سیناتۆر
لەناو براوە.
"سیسێرۆ"ش یەکێک لەوانە بووە.[1]

کاسییەس:

"سیسێرۆ"ش یەکێک لەوانە بووە؟

مێسسالا:

بەڵێ، سیسێرۆ، دەڵێن مردووە.
لە خاتوونەکەی خۆتەوە ئەرێ
هیچ نامەیەکت بۆ نەهاتووە؟

بروتەس:

نەخێر، مێسسالا.

مێسسالا:

ئەی لەو نامانەی بۆ تۆ هاتووە
لەبارەی ئەویان هیچ نەنووسیوە؟

بروتەس:

نا، هیچ، مێسسالا.

مێسسالا:

لام وایە ئەمە، هەندێک نامۆیە.

بروتەس:

بۆ لێم دەپرسی؟
لەوانەی تۆدا، باسی کراوە؟

مێسسالا:

نەخێر، سەروەرم.

---

١. سیسێرۆ، وەکو لەسەرەوە باسی کراوە، نووسەر و فەیلەسووف و وتاربێژێکی زۆر بەناوبانگی رۆمانی بووە. لە کاتی جەنگی ناوخۆدا لایەنگری پۆمپێی بووە لە دژی کەیسەر. ئەمجا لایەنگری بروتەس بووە لە دژی مارک ئەنتۆنی. لەبەر ئەوە مارک ئەنتۆنی دەیکوژێت.

بروتەس:

ئەگەر "رۆمانی"یت،
راستییەکەی چییە، ئەوەم پێ بڵێ.

مێسسالا:

کەوابێت دەبێت وەک "رۆمانی"یەک،
گەورەم بتوانی دەردی گرانی
ئا ئەم راستییەی لە من دەبیستی
ئەتۆ هەڵبگری.
پۆرشیا، بێگومان، گەورەم مردووە و
بە شێوازێکی گەلێک نائاسا.

بروتەس:

ئەسپەردەی خوابی، ئازیز پۆرشیا.
هەر دەبێت رۆژێک بمرین، مێسسالا.
کە من ئێستاکە
لە دڵی خۆمدا بیردەکەمەوە
دەزانم دەبێت هەر رۆژێک بمرێت،
باری گرانم سووک دەکەمەوە.

مێسسالا:

بەم جۆرە دەبێت، مرۆڤی گەورە،
دەردی گرانی
دۆڕاندنی وا گرنگ و گەورە،
هەردەم هەڵبگرێت.

کاسییەس:

منیش باوەڕم
بەو فەلسەفەیەی جەنابت هەیە،
بەڵام سروشتم،

وەک تۆ خەفەتی پێ هەڵناگیرێت.

بروتەس:

دە دەی با ئیتر بگەڕێینەوە
بۆ دنیای ژیان. ئەرێ دەڵێن چی،
گەر ئێستا یەکسەر
بکەوینە رێ بەرەو فیلیپپی؟

کاسییەس:

من ئەوە بە باش، بەخوا، نابینم.

بروتەس:

بۆچی، لەبەر چی؟

کاسییەس:

لەبەر ئا ئەمە؛ باشترە ئەگەر
بەشوێن ئێمەدا دوژمن بگەڕێت.
چونکە ئا ئەوە ناچاری دەکا
ئاو و خواردن و ئامێرەکانی
بەکار بهێنێ و سەربازەکانی
خۆی ماندوو بکا.
ناچاریش دەبێت خۆی هێرش بێنێت
بەسەر ئێمەدا. لەو کاتەی ئێمە،
بەبێ رەنجبەری و بزووتنەوە،
دەحەسێینەوە و
پڕین لە ورە کە باش بەرگری
لە خۆمان بکەین.

بروتەس:

بۆنەی باش هەردەم کاتی پێویستی
دەبێت رێ بدا، بە بۆنەی باشتر،

ئەو "هۆز"انەی کە دەژین لە نێوان[1]
ئێرە و فیلیپپی
هەر بە ناچاری وەک دۆست لەگەڵمان،
خۆیان دەنوێنن؛
چونکە یارمەتی ئێمەیان نەدا.
دوژمنەکانمان، گەر بە ناویاندا
بێن و تێپەڕبن، لەشکرەکانیان
ئا بەم هۆزانە گەورەتر دەکەن.
لە ناویشیاندا، دەحەسێنەوە و
ئازاتر دەبن.
گەر خۆمان بڕۆین بە پیریانەوە
بەرەو فیلیپپی و
ئێمە، لەوێدا بە بەرانگاری
ئەوان هەڵبستین، ئەوساکە ئەوان
لەم هۆزانە هیچ سوودێک نابینن؛
لە پشت ئێمەوە دەمێننەوە.

کاسییەس:

گوێ بگرە لە من، برا باشەکەم.

بروتەس:

ببوورە لە من.
پێویستە لەوەش بیربکەیتەوە،
لە دۆستەکانی خۆمان هەرچیمان
چاوەڕوان دەکرد،
بێ کەموکورتی هێنایانە دی.
وە دەسەڵاتی لەشکرەکانمان،

---

١. هۆز؛ تیرە، عەشیرە

گەیشتۆتە لووتکەی هەرە بڵندی.[١]
وە بەتەواوی
گەییوە ئەوەی هەوڵی بۆ دەدەین.[٢]
وە جگە لەوە، دوژمنەکانی
ئێمە رۆژ بە رۆژ بەهێزتر دەبن؛
بەڵام وا ئێمە، گەیشتووینەتە سەر
لووتکە و خەریکین، بەرەو خوارەوە،
بتلێینەوە.
لە ژیانیدا، پیاو تەنیا هەر جارێک
بۆی هەڵدەکەوێت
سواری شەپۆل بێ و بپەڕێتەوە،
گەر سواری نەبێت، هەموو ژیانی
لە تەنکاویدا دەمێنێتەوە و
غەم و کەساسی میوانی دڵی
داماوی دەبێت.
ئێستاکە ئێمە، لە دەریایەکدا،
لەسەر ئاو کەوتووین.
گەر بە چالاکی
سوود لە تەوژمی گوڕی وەرنەگرین
ئێمە، ئەم شانسە و هەموو شتێکی
تر، دەدۆڕێنین.

کاسییەس:

دە دەی با وابێت وەکو دەتەوێ؛

---

١. لەوە بەهێزتر نابین.

٢. ئەوەی کە ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین ئیتر لەوە زیاتر ناگەیێت. ئەگەر ئێستا نەکرێتەوە، دەکەوێت و دەگەنێت.

دەکەوینە ڕێ و لە لای فیلیپپی
دێین بەرەنگاریی ئەوانە دەکەین.

بروتەس:

ئەوا شەوێکی زۆر قووڵ و تاریک
خۆی خشاندووە بەسەر ئەم وتو-
وێژەی ئێمەدا و
"سروشت"یش بە پێی یاساکانی خۆی،
پێویستییەکانی خۆی داوا دەکا.
ئێمەش ڕەزیلی دەکەین لەگەڵی؛
"سرەوت"ێکی زۆر کورتی دەدەینێ.[1]
هیچی تر هەیە دەربارەی بدوێیت؟

کاسییەس:

نەخێر، دەی شەوباش.
سبەی بەیانی
زوو هەڵدەستین و بۆ ئەوێ دەچین.

بروتەس:

ئەرێ لوسییەس، ڕۆبەکەم بێنە!
"مێسسالا"ی بەڕێز، ئەسپەردەی خوابی.
شەوباش تیتینییەس.
"کاسییەس"ی گەلێک، گەلێک خانەدان،
شەوباش و سرەوت نۆشی گیانت بێت.

---

١. سرەوت؛ حەسانەوە. شەوەکە زۆر درەنگە و بروتەس، هەست بە ماندووبوونێکی زۆر دەکات. سروشتی مرۆڤیش ئەوەیە لە کاتی ئاوادا داوای نوستن دەکات. بەڵام لەبەر ئەوەی بڕیاریان دا بچن بۆ فیلیپپی بۆ بەرەنگاری کردنی دوژمنەکانیان، سبەینێ بەیانی دەبێت زۆر زوو لەخەو هەڵبستن. لەبەر ئەوە لەگەڵ سروشتدا دەبێت ڕەزیلی بکەن؛ سرەوتێکی زۆر کورتی بدەنێ (بۆ ماوەیەکی زۆر کورت دەنووین).

کاسییەس:

برای شیرینم!
سەرەتای ئەمشەو، ناخۆش و پەست بوو.
قەت جارێکی تر نابێت جیاوازی
بکەوێتە ناو گیانی من و تۆ.
بروتەس، ئاخر نەکەی بهێڵی. (لوسییەس رۆبەکەی بۆ دەهێنێت)

بروتەس:

هەمووی بە باشی کۆتایی پێ هات.

کاسییەس:

شەوباش، سەروەرم.

بروتەس:

دەی براکانم،
شەوێکی باشتان من بۆ دەخوازم.

تیتینییەس:
و مێسسالا

شەوباش، "بروتەس"ی زۆر خانەدانم.

بروتەس:

ئەسپەردەی خوابن. (هەموویان دەڕۆن. روو دەکاتە لوسییەس)
رۆبەکەم بەرێ. کوانێ عوودەکەت؟

لوسییەس:

گەورەم لێرەیە، لە چادرەکە.

بروتەس:

بە خەواڵووەوە دەدوێت لەگەڵم.
هەژار، ناتوانم من لۆمەت بکەم؛
کاتێکی زۆرە ئێشکگری دەکەیت.
برۆ "کلادیۆ" و

یەکێکی تریش لە پیاوەکانم،
بانگ بکە بۆ ئێرە. لە چادرەکەی
مندا، با هەردووک
لەسەر دۆشەکی راخراو بنوون.[١]

لوسییەس:

کلادیۆ و ڤارەس! (کلادیۆ و ڤارەس دێن بۆ ناو چادرەکە)

ڤارەس:

سەروەرم، بانگی ئێمەت کردووە؟

بروتەس:

تکا لە ئێوە دەکەم بەڕێزان،
کە ئەمشەو ئێوە،
لە چادرەکەی مندا بخەون.
دوورنییە لەخەو هەڵتان بستێنم،
بۆ لای "کاسییەس"ی
برام، من بەئیش ئێوە بنێرم.

ڤارەس:

ئارەزوو دەکەیت، بەگم ناخەوین،
رادەوەستین و هەر چاوەڕوانی
فەرمانەکانی جەنابت دەبین.

بروتەس:

نا، من پەسەندی ئا ئەوە ناکەم.
بنوون بۆ خۆتان، بەڕێزەکانم،
من زوو زوو بیر و رای خۆم دەگۆڕم. (ڤارەس و کلادیۆ پاڵ دەکەون بنوون)
لوسییەس، سەیربکە،
ئەو کتێبەیە کە بۆی دەگەڕام.

---

١. ئەوانەی تر، بێ دۆشەک دەنوون.

دیارە بە دەستی خۆم خستوومەتە
گیرفانی ئا ئەم کراسەی بەرم.
لوسییەس:
من هیچ گومانم نەبوو سەروەرم،
کە کتێبەکەت نەداوە بە من.
بروتەس:
کوڕی باش لە من، ئاخر ببوورە.
لەم دواییەدا زووزوو من شتم
لەبیر دەردەچێت.
ناتوانیت نەختێک، پێڵووی گرانی
دوو چاوەکانی خۆت بەرزکەیتەوە و
بە ئامێرەکەت یەک دوو ئاوازی
ناسک لێبدەی؟
لوسییەس:
ئەی چۆن، سەروەرم،
گەر تۆ بەڕاستی ئارەزووی دەکەی.
بروتەس:
هەست دەکەم گیانم ئارەزووی دەکات.
بەڵام زەحمەتت من پێ دەکێشم.
ئەمن دەزانم بۆمی لێدەدەی،
تۆ کوڕی باشی.
لوسییەس:
ئەوە، سەروەرم،
تەنیا ئەرکێکە لە ئەرکەکانم.
بروتەس:
ناتوانم ئەرکێک لە تۆ بخوازم

له ڕادەی توانای ئەتۆ دەربچێت؛
چونکە دەزانم تا چ ڕادەیەک
خوێنی گەنج بەشوێن
پەرژێک دەگەڕێت بۆ حەسانەوە.[١]
لوسییەس:
سەروەرم، نوستم.
بروتەس:
چاکت کرد نوستیت.
وە دیسانەوە بۆ نوستن دەچیت؛
زۆرت ڕاناگرم.
ئەگەر ژیانم من بۆ مایەوە
هەمیشە لەگەڵ تۆدا باش دەبم.
(لوسییەس، دەست دەکات بە ئاواز لێدان و گۆرانی بێژی تا وردە وردە خەوی لێ دەکەوێت)
ئەمە سازێکی نوستن هێنەرە.
ئای، خەوی بکوژ،
ئەرێ تۆ نەبوویت، هاتیت بە گورزی
"سرت"ی گرانت، کێشات بەسەری[٢]
کوڕەکەی مندا،
ئەوەی ئاوازی بۆ من لێدەدا،
بێهۆشت کرد و بۆ لای خۆتت برد؟
شەوت باش کوڕم.
کوڕە باشەکەم، ئەوەندە دڵم
ڕەق نییە تاکو کە من بتوانم،

١. پەرژ؛ هەل.
٢. سرت؛ قوڕقشم

له خەوی قووڵت، هەڵت بستێنم.
(بە هێواشی عوودەکەی لە دەست دەردەهێنێت)
نەوەکو کاتی نوستنت سەرت،
بنەوێتەوە و ئامێرەکەتت
بۆ بشکێنێت.
من، لەبەر ئەوە، لێتی وەردەگرم.
شەوت باش کوڕم. (دەست دەبات بۆ کتێبەکەی بیخوێنێتەوە)
دەی با بزانم، دەی با بزانم؛
ئەو لاپەڕەیە
نییە ئەوەی کە گەیشتمە سەری؟
با، ئەوەیانە وەکو بزانم. (تارمایی کەیسەر دەبینێت)
ئەری ئەوە کێیە؟
ئای کە رووناکیی کەمە ئەم مۆمە.
لام وایە کزیی
چاوەکانمە، وێنە و شێوازی
هەندە سامناکم بۆ دروست دەکا؟
بەرەو منەوە ئەوەتانێ دێ.
تۆ کێیت پێم بڵێ؟
جۆرە "خوا"یەکیت، یاخود فریشتەی،
یاخود ئەو خێوەی
کە خوێنی مرۆڤ سارد دەکاتەوە.[1]
دە لەگەڵمدا بدوێ و پێم بڵێ،
کابراکە تۆ کێی؟

تارمایی:

بروتەس، خێوە بەدکارەکەی تۆم.

---

١. گوایە لە ترسا، خوێنی پیاو سارد دەبێتەوە،

بروتەس:

ئەی بۆچی هاتووی؟

تارمایی:

تاکو پێت بڵێم کە لە فیلیپپی
سبەی دەمبینی.

بروتەس:

کەوابێت دیسان دەتبینمەوە؟

تارمایی:

ئا، لە فیلیپپی.

بروتەس:

دەی، لە فیلیپپی،
کەوابێت ئەمن دەتبینمەوە. (تارماییەکە ون دەبێت)
ئازابوومەوە دوای ئەوەی ون بوویت.
بینایی بەیووم،
دەمویست لەگەڵتدا من زیاتر بدوێم.
کوڕە لوسییەس، ڤارەس، کلادیۆ،
هەڵسن، راپەڕن!
کلادیۆ، کلادیۆ!

لوسییەس:

بەگ، "ژێ"یەکانی ئامێرەکەی من،[1]
شل بوونەتەوە.

بروتەس:

ئای، وادەزانێت هێشتا ئاوازم
بۆ لێدەدات و گۆرانی دەڵێت.

---

١. ژێ؛ وەتەر. لوسییەس لە خەویدا هەر ئامێرەکەی خۆیی لێدەدا و گۆرانیی دەگوت. کە بروتەس بانگی کرد وای زانی بروتەس پەسەندی ئاوازەکانی ناکات بۆیە بانگی دەکات.

لوسییەس، هەڵسە، چاو بکەرەوە!

لوسییەس:

هـا، چی، سەروەرم؟

بروتەس:

لوسییەس ئەرێ خەوت دەبینی،
بۆیە لە خەودا هاوارت دەکرد؟

لوسییەس:

گەورەم، نازانم، گەر من هاوارم
کردبێت یان نا.

بروتەس:

با، تۆ دەتقیژان.
شتێکی وات دی تا بقیژێنی؟

لوسییەس:

نەخێر، سەروەرم، من هیچم نەدی.

بروتەس:

دە باشە، لوسییەس، تۆ بنوورەوە. (کلاًدیۆ بانگ دەکات)
کوڕە کلاًدیۆ! (ئەمجا روو دەکاتە ڤارەس)
کابراکە، ئەرێ تۆ بەخەبەری؟

ڤارەس:

چیت گوت، سەروەرم؟

کلاًدیۆ:

بەگ، بانگت کردم؟

بروتەس:

بۆ هاوارتان کرد، بەڕێزەکانم؟

هەردووک:

بۆ، هاوارمان کرد، بەگی بەڕێزم؟

بروتەس:

ئا. هیچتان بینی؟

کلاَدیۆ:

من هیچم نەدی، بەگی بەڕێزم.

ڤارەس:

منیش، سەروەرم.

بروتەس:

دە بڕۆ بۆ لای "کاسییەس"ی برام
پێی بلێ سبەی زۆر زوو بەیانی،
سوپاکەی بەرێ و بکەویتە ڕێ.
ئێمەش ڕاستەوخۆ، جێپێی هەڵدەگرین.[1]

هەردووک:

هەر ئێستا دەچین،
گەورەم، پێی دەڵێین.

---

١. جێپێی هەڵدەگرین؛ دوای دەکەوین.

# پەردەی پێنجەم

## دیمەنی ٥,١

لە دەشتی فیلیپپی، ئۆکتاڤییەس و ئەنتۆنی و لەشکرەکانیان دەردەکەون.

ئۆکتاڤییەس:

ئەوا ئەنتۆنی، ئاواتەکەمان
جێبەجێ دەبێ.
تۆ وات دەزانی دوژمنەکانمان،
نایەنە خوارێ؛ لەسەر بەرزایی
چیا و گردەکان دەمێننەوە.
ئاوا دەرنەچوو؛ لەشکرەکانیان،
ئەوا لێرەدان. دیارە بەتەمان
کە بەرەنگاری لەشکرەکانمان
لێرەدا لەسەر دەشتی فیلیپپی
بکەن، پێش ئەوەی
بە زمانی خۆمان لێیان بخوازین.

ئەنتۆنی:

ئاخ، من دەتوانم
وێنای هەڵوێستیان بکەم بە روونی.
لەبەر ئەوە من،
دەزانم بۆچی هاتنە خوارێ.
پێیان هەر گەلێک
خۆشتر دەبوو گەر نەهاتنایە و
لە جێگەیەکی تردا بوونایە.
بەڵام ناچاری

ئاوای لێ کردن کە بە روویەکی
ئازا و دڵێکی پڕبەسامەوە،
بێنە خوارەوە.
بەڵکو بەو رووە، بمانترسێنن.[1]
بەڵام ئەوەیان بۆ دابین نابێت. (پەیامبەرێک دێتە ژوورەوە)

پەیامبەر:
ژەنەڕاڵەکان، ئاگاداربن، ها،
وا دوژمنەکان، بەرەو ئێرەوە
دێن و جوامێری بە روویانەوە
دیارە. وادیارە، خۆیان دەنوێنن.
ئالای خوێناوی جەنگیان ئەوەتا،
بەرز کردۆتەوە.
دەستبەجێ دەبێت شتێک بکرێت.

ئەنتۆنی:
ئۆکتاڤییەس، بڕۆ لەشکرەکانی
خۆت زۆر لەسەرخۆ،
بەرە بۆ دیوی چەپی "بەرە"کە.[2]

ئۆکتاڤییەس:
بۆ دیوی راستی
من دەچم و تۆ، بڕۆ بۆ چەپی.

ئەنتۆنی:
لە کاتی ئاوا گرنگ و سەختدا
بۆ بە وتووێژ خەریکم دەکەیت؟

---

١. بە ڕای ئەنتۆنی، بروتەس و کاسیەس، حەزیان نەدەکرد بەرەنگاری ئێمە بکەن. بەڵام سەربەرزییان ڕێگەی ناداتێ هەڕابکەن، لەبەر ئەوە بەناچاری هاتوون بۆ بەرەنگاریی ئێمە. بەڵکو بە نواندنی رووی ئازا بمانترسێنن و بمانبەزێنن.

٢. بەرە؛ بەرەی جەنگ (جبهە).

ئۆکتاڤییەس:

من بە وتووێژ خەریکت ناکەم.

من، ئەوە دەکەم، ئەوەی پێم گوتی.[1] (لەشکرەکانی خۆیان دەبەن و دەڕۆن)

(دەنگی دەهـۆڵ دێت. بروتەس و کـاسـییـەس بە لـەشکر و یاوەرەکـانیـانەوە دەردەکەون)

بروتەس:

لە جێی خۆیاندا، ئەوا راوەستان.[2]

لەگەڵ ئێمەدا،

دیارە ئارەزووی وتووێژ دەکەن.

کاسییەس: (روو دەکاتە لەشکرەکانی)

لە جێی خۆتاندا، گشت رابوەستن.

تیتینییەس، دەبێت

بچین لەگەڵیان، وتووێژ بکەین.

ئۆکتاڤییەس: (لە دیوی ئەولای مەیدانی جەنگدا)

ها، مارک ئەنتۆنی، ئەتۆ دەڵێیت چی

گەر ئاڵای جەنگین بەرز بکەینەوە؟

ئەنتۆنی:

نا، کەیسەر، ئێمە[3]

کەی هێرشیان کرد، ئەوسا وەڵامی

هێرشی ئەوان باش دەدەینەوە.

بڕۆ پێشەوە، ژەنەڕاڵەکان،

١. ئۆکتاڤییەس، کوڕێکی گەنجە، تەمەنی هەموو حەڤە ساڵە. بەڵام، ئەنتۆنی پیاوێکی بە تەمەنە و لە جەنگ دەزانێت و زۆر جار بەشداری تێدا کردووە. کە کەیسەر کوژرا، ئەنتۆنی وای دەزانی کە خـۆی جێگەکەی دەگرێت. بەڵام بە پێی وەسـێتنامـەکەی کـەیسـەر، ئۆکتـاڤییـەس جێگەی دەگـرێت. بەم جـۆرەی کـە ئۆکـتـاڤـییـەس دەدوێت، دەیـەوێت ئەنتـۆنی تێ بگەیێنێت کـە خـۆی سەرۆکە و کەسی تر نا.

٢. ئەنتۆنی و ئۆکتاڤییەس، راوەستان چونکە بە وتووێژکردنەوە خەریک بوون.

٣. ئۆکتاڤییەس ناوی "کایەس ئۆکتاڤییەس کەیسەر"ە

دیاره ئارەزووی وتووێژ دەکەن.

ئۆکتاڤییەس: (روو دەکاتە لەشکرەکانی)

نەجووڵێنەوە، تا ئاماژەتان

ها، بۆ نەکرێت.

(ئێستا ژەنەڕاڵەکانی دوو لەشکرەکە لە یەکترییەوە زۆر دوور نین. لە دوورەوە گوێیان لە هاواری یەکتری دەبێت)

بروتەس:

هاووڵاتییەکان، پێش شمشێر، وتە،

پێویستە بدوێت؟

ئۆکتاڤییەس:

لەبەر ئەوە نا، کە وەکو ئێوە،

ئێمە وتەمان زیاتر خۆش دەوێت.

بروتەس:

وتەی باش هەردەم، ئۆکتاڤییەس، لە شیر

وەشاندنێکی بێ کەڵک باشترە.[1]

ئەنتۆنی:

بروتەس، کاتی دواندنی باشت،

شیر وەشاندنت دڕ و غەددارە.

بزانە کونی چۆنت لە دڵی

کەیسەردا دەکرد،

لەو کاتەی کە تۆ هاوارت دەکرد؛

هەر بژی کەیسەر، هەر بژی کەیسەر.

کاسییەس:

ئەنتۆنی هێشتا، شیر وەشاندنی

تۆ، کەس نازانێت، چەند تاڵە تامی.

---

١. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ شیر وەشاندنی ئێوە بێ کەڵکە، کار لە ئێمە ناکات.

بەڵام زمانی ئەتۆ هەنگوینی
دیارە لە هەنگی هیبلا دزیوە؛[١]
هەنگەکانیانی
لەوێ بێ هەنگوین بەجێ هێشتووە.

ئەنتۆنی:
بەڵام بێ چزوو بەجێم نەهێشتوون؟[٢]

بروتەس:
بەڵێ، بێ "دەنگ"یش. ویزەویزەکەی[٣]
ئەوانیشت تۆ، دزیوە بۆیە
بە ویزەویزت هەڕەشە دەکەی.
وە زۆر چاک دەکەی؛
بەوە، نێچیرت ئاگادار دەکەی
پێش ئەوەی چزوو بەکار بهێنی.[٤]

ئەنتۆنی:
هەی ناکەسانە! ئێوە "کەیسەر"تان
ئاگادار نەکرد،
پێش ئەوەی کێردە ناکەسەکانی
خۆتان لە گیانی گیربکەن و تێیدا،
ڕێ لە یەکتری بگرن و گیربن.[٥]

١. هیبلا؛ ناوچەیەکە لە سقلیە، بەناوبانگە بە هەنگوینی باش و زۆر شیرین.
٢. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ ڕەنگە زمانم هەنگوینی لە هەنگ دزیبێت، بەڵام من "چزوو" شم هەیە. ئەی ئەوەم لە هەنگ نەدزیوە؟
٣. بێ دەنگیش بەجێت هێشتوون. دەنگیشت لێ دزیون.
٤. ویزەویز دەکەیت چونکە ناوێری پێوەی بدەیت. بەو هیوایەوە دەیکەیت بەڵکو بیترسێنێت و رابکات.
٥. وەکو دەزانین، ژمارەیەکی زۆر لە سیناتۆرەکان، پێکەوە هێرشیان بردە سەر کەیسەر و کوشتیان. ژمارەکەیان ئەوەندە زۆر بوو، کێردەکانیان لەناو گیانی کەیسەردا ڕێگەیان لە یەکتری دەگرت و لە یەکتری گیر دەبوون.

پێش ئەوە ئێوە ددانەکانی
خۆتان وەک مەیموون بۆ پیشان دەدا.
وە کلکەکانی
خۆتان وەکو سەگ، گشت بۆ بادەدا.
وە وەکو کۆیلە، دەنوشتانەوە
لەبەر دەمیدا و خۆتان هەڵدەدا
بۆ پێی هەتاکو بیلێسنەوە.
ئا لەو کاتەدا، "کاسکا"ی ڕووڕەشبوو،
هات لە پشتەوە
وەکو سەگی هار، خەنجەرێکی دا
لە ملی کەیسەر.
ئاخ، مەراییکەران!
کاسییەس: (ڕوو دەکاتە بروتەس)
مەراییکەران؟ بروتەس، ئێستا،
تۆ دەبێت تەنیا لۆمەی خۆت بکەی.
کاسییەس گەر ڕێگەی پێ بدرایە،
ئەمڕۆ، ئەو زارە، ئەو جنێوانەی
هەرگیز نەدەدا.
ئۆکتاڤییەس:
دە بەسە بەسە، بیبڕنەوە.
ئاخر وتووێژ،
تەنیا ئارەقمان پێ دەکاتەوە،
خوێنە ئەوەی کە
خوێنی کوڵومان سارد دەکاتەوە.
بڕوانن ئەوا
من شمشێرەکەی خۆمم هەڵکێشا،

وا دەزانن کەی بۆ کێلانەکەی
دەگەڕێتەوە؟
ناگەڕێتەوە هەتاکو تۆڵەی
ئەو سی و سێ برینەی
کەیسەر، بە باشی نەسەندرێنەوە،
یان "کەیسەر"ێکی تر بەشمشێری
ئەم خائنانە دەپڕژێت خوێنی.[1]

بروتەس:
کەیسەر، تۆ نامری بەدەستەکانی
ناکەس و خائن.
گەر لەگەڵ خۆتدا تۆ نەیانهێنی.

ئۆکتاڤییەس:
دەی، هیوادارم، کە نەهاتبم
بۆ ئەم دنیایە،
تا بە شمشێری بروتەس بمرم.

بروتەس:
گەر هەڵبژاردەی
تیرە بەڕێزە خانەدانەکەی[2]
خۆتانیت ئاخر، پیاوە گەنجەکە،
قەت مردنێکی
لەوە بە ئابڕوو و باشتر نابینی.

کاسییەس:
کوڕە گەنجێکی بێ مەژی ئاوا،
وەکو دەیبینی

١. "کەیسەر"ێکی تر؛ مەبەستی لە خۆیەتی. چونکە ناوی تەواوی ئۆکتاڤییەس، "ئۆکتاڤییەس جولییەس کەیسەر"ە

٢. تیرە؛ بنەماڵە، هۆز، خێڵ.

بووە بە دۆستی پیاوێکی خوێڕی،[1]
لە ژیانیدا، لە کەیف بەولاوە،
قەت لە شتی تر بیرناکاتەوە،
دەشێت شایانی
مەرگێکی هەندە بە ئابڕوو و ڕێز بێت؟

ئەنتۆنی:
ئای، "کاسییەس"ی پیر،
وەکو جارانت ماویتەتەوە!

ئۆکتاڤییەس:
دە دەی ئەنتۆنی، وەرە با بڕۆین. (ڕوو دەکاتە بروتەس و کاسییەس)
ئاخ، خائنەکان، ئامادەین بۆتان،
ئەوا لێرەدا چاوەڕوان دەکەین،
ئەگەر دەوێرن ئەمڕۆ بجەنگن، ٥,١,٦٥
وەرنە مەیدان.
ئەگەر ناوێرن،
کەی ئازایەتی و جوامێری خۆتان،
باش کۆکردەوە، ئەوساکە وەرن.
(ئۆکتاڤییەس و ئەنتۆنی و لەشکرەکانیان نەختێک دەگەڕێنەوە بۆ دواوە)

کاسییەس: (لەبەر خۆیەوە)
ڕەشەبا، هەڵکە.
ئا دەی هەورەکان، بئاوسێن و کۆببنەوە.
ئەوا ژیانمان،
کەوتە ناو دەستی قەدەر خۆیەوە.

بروتەس:
لوسییەس، ئەرێ
دەمەوێت هەندێ لەگەڵتدا بدوێم

١. خوێڕی؛ مەبەستی لە "ئەنتۆنی"یە. ئەنتۆنی هەمیشە حەزی لە کەیف و گەڕان دەکرد.

لوسییەس:

بەڵێ سەروەرم؟ (دەڕۆن بەلایکدا لەگەڵ یەکتریدا دەدوێن)

کاسییەس:

ئەرێ مێسسالا.

مێسسالا:

ژەنەڕاڵەکەی من چی دەخوازێت؟

کاسییەس:

مێسسالا، رۆژی
لەدایکبوونی منە ئەمڕۆکە،
ئا لەم رۆژەدا،
ئا ئەم کاسییەسە، هاتە دنیاوە.
دەستتم بەرێ توخوا، مێسسالا؛
تۆ، گەواهم بە؛
کە من لە دژی ئارەزووی دڵم،
بۆ ئێرە هاتووم.
هەر وەکو پۆمپەی، ناچارکراوم،[1]
هەموو سەربەستی خۆم و وڵاتم،
دابنێم لەسەر تاکە یەک جەنگین[2].
وەکو دەزانی هەتاکو ئێستا،
زۆر لایەنگری "ئێپیکوورەس" و[3]

---

١. پۆمپەی؛ وەک لەسەرەوە باسی کراوە، ئەو ژەنەڕاڵەیە کە لە کاتی خۆیدا، لە ناوچەی فارسالەس لە یۆنان، لە دژی کەیسەر جەنگی کرد و لە جەنگەکەدا شکا و رایکرد بۆ میسر.

٢. وەکو چۆن قومارچی، جاری وا هەیە، هەموو پارەکانی لەسەر یەک کارد دادەنێت؛ ئینجا یان دەیباتەوە، یان هەموو پارەکانی بەجارێک دەدۆڕێنێت و ماڵی وێران دەبێت. "کاسییەس"یش لەوە دەترسێت.

٣. ئێپیکوورەس (Epicurus 341-270 BC)؛ فەیلەسووفێکی گریکییە. باوەڕی بەوە نەبووە کە خوا ئەم دنیایە دەبات بەڕێوە و ئاسمان ئاگاداری کردەوە و کاری رۆژانەی ئێمەیە. لەبەر ئەوە باوەڕی بە ئاماژەی بەیووم و شتی خورافی نەدەکرد.

بیروباوەڕی ئازادیخوازی بووم؛
بیروباوەڕی خۆم ئێستا، گۆڕی؛
ئێستاکە هەندێک
باوەڕ بە هێما و ئاماژەی بەیووم
دەکەم لەو جۆرەی
کە زۆر جار گەردوون، بۆمان دەنێرێ
پێش ئەوەی شتی سامناک بقەومێ؛
لە "ساردیس"ەوە کە کەوتینە رێ
دوو هەڵۆی زل و بەهێزم بینی
دەفڕین بەسەر ئاڵا هەڵگرە–
کەی پێشمانەوە.
دەنیشتنەوە بەسەریا و هەردووک
دەنووکیان دەدا لەو خواردنانەی،
بەدەستیانەوە، بۆیان دەگرتن،
تا چیکڵدانی خۆیان پڕدەکرد.
لەگەڵماندا بوون
تاکو گەیشتینە دەشتی فیلیپپی.
ئەم بەیانییە فڕین و ون بوون.
داڵ و داڵاش و قاژوو لەباتی
ئەوان، ئەوەتا بەسەرمانەوە
هەر دەفڕن و دەخولێنەوە.
چاو دەبڕنە ئێمە هەر وەکو
سەیری نێچیرە
لەڕ و لاوازە بیمارەکانی
خۆیان لێرەدا بکەن ئاوایە.[1]

١. داڵەکان بە جۆرێک بەسەریانەوە دەفڕن و دەخولێنەوە، وەکو چاوەڕوانی ئەوە بکەن کە بکوژرێن و بێن بیانخۆن.

"سایە" بەیوومە کوشندەکانیان[١]
کە دەکەونە سەر سوپاکانمان
دیمەنی کەپری گۆڕستانەکان،
دەهێننە بەر چاوەکانی من.
مێسسالا:
بە شتی ئاوا، تۆ بڕوا مەکە.
کاسییەس:
بڕوام پێی هەیە من ئاوا، کەمێک.
بەڵام هەمیشە
پڕ لە جوامێری و زۆر سوورلەسەرم ٥,١,٩٠
کە بەرەنگاری گشت مەترسییەک
بەبێ سام بکەم.
بروتەس: (لەگەڵ لوسییەسدا لە دواندن دەبێتەوە)
وایە بەڕاستی.
کاسییەس:
ئێستاکە ئیتر،
خانەدانترین مرۆڤ، بروتەس،
ئەمڕۆ خوایەکان وا بە روویەکی
خۆشەوە سەیری هەردووکمان دەکەن؛
وەک چۆن لە کاتی ئاشتیدا ئێستا
دوو برادەری
گەلێک ئازیز و باشی یەکترین،
لە خوا دەخوازین؛ هەر وا بەم جۆرە
پەیوەندی ئێمە، بمێنێتەوە
تاکو ئەو رۆژەی تەواو پیردەبین.

---

١. سایە؛ سێبەر

لەبەرئەوەی کە
پیاو کاروباری بە دەست خۆی نییە و
نییە بتوانێت
پێشبینی رۆژی داهاتووی بکا،
ئێمە با وێنای هەرە بەدترین[1]
سیناریۆ بکەین.
گەر هات و ئێمە
شەڕەکەی ئەمرۆ، ئاخ، بدۆڕێنین؛
ئا ئەمە هەرە دواهەمینترین
دواندنمان دەبێت.
ها، تۆ بڕیاری چیت داوە بیکەین؟
بروتەس:
ئاخر من بە پێی ئەو فەلسەفەیەی
کە تۆ ئێستاکە لە بارەی دەدوێی،
من گەلێک لۆمەی "کاتۆ"م کردووە.[2]
ئەو خۆکوشتنەی، من بە کارێکی
ناڕەوا و هەندێک نەوێر دەبینم؛[3]
پیاو نابێ عومری خۆی کورت کاتەوە
لە ترسی ئەوەی نەوەکو تووشی
ناخۆشی ببێت؛
ئەوەی کە گەردوون بۆمی نووسیوە،
تاڵ بێت، شیرین بێت، بە ئارامەوە
دەبێت بیچێژم.

---

١. وێناکردن؛ تەسەورکردن
٢. کاتۆ؛ باوکی "پۆرشیا"ی ژنی بروتەسە. سەیری پەڕاوێزی دێڕی ٢,١,١٩٥
٣. نەوێر؛ ترسنۆک.

کاسییەس:

ئەتۆ کەوابێت
ئەم جەنگەی ئەمڕۆ گەر بدۆڕێنین،
ئامادەیت بەسەر شەقامەکانی
"ڕۆما"دا، وەک دیل، تۆ بگەڕێنن؟

بروتەس:

نا، نا، کاسییەس، نا.
قەت وانەزانی،
تۆ، ئەی ڕۆمانیی گەلێک خانەدان،
بروتەس، ڕۆژێک بە بەندەیەتی
بچێت بۆ ڕۆما؛ ئەو بیرەی لەناو[1]
دەروونی خۆیدا ئەو هەڵی دەگرێت،[2]
بەرزترە لەوە؛
ئەمڕۆ بروتەس، دەبێت کۆتایی
بهێنێت بەوەی لە ناوەڕاستی
مارت دەستی پێ کرد.[3]
بۆ جارێکی تر ئایا یەکتری
دەبینینەوە؟ ئەمن نازانم.
لەبەر ئەوە دەی بۆ دواهەمین جار،
با ماڵئاوایی لەیەکتری کەین؛
ماڵئاواییەکی هەتاهەتایی.
دەی کاسییەس، ئیتر،
ئەسپەردەی خوابی!

---

١. بیر؛ بیرکردنەوە، فکرە.

٢. ئەو؛ بروتەس

٣. "کەیسەر"یان کوشت بۆ ئەوەی ڕۆما لە دەست دیکتاتۆرییەت ڕزگار بکەن.

گەر جارێکی تر
هات و یەکتری ببینینەوە،
زۆر شادمان دەبین.
گەر نا، ئەوەتا، بە گەرموگوڕی
ماڵئاواییمان کرد لە یەکتری.

کاسییەس:

بروتەس، رەببی تا هەتا هەتا
خوا ئاگاداری تۆ و ژیانت بێت.
هات و یەکتری ببینینەوە،
هەردووکمان بەوە، زۆر شادمان دەبین.
گەر نا، ئەوەتا،
وەکو تۆ دەڵێیت، بەگەرموگوڕی
ماڵئاواییمان کرد لە یەکتری.

بروتەس:

دە دەی کەوابێت پێشمان بکەوە.[1]
خۆزگە دەمزانی چۆن کاروباری
ئەمڕۆ کۆتایی
پێ دێت پێش ئەوەی کە دەست بێ بکا!
باشە، هیچ نەبێت
کۆتایی ئەمڕۆ، هەر بە جۆرێک دێت؛
ئەوسا دەزانین چۆن کۆتایی دێت.[2]
دە دەی با بڕۆین.

---

١. پێشمان بکەوە بۆ مەیدانی جەنگ.

٢. بروتەس، لە مەراقێکی زۆر گراندایە. دەزانێت کە بەم شەڕەی ئەمڕۆ، کۆتایی بە هەموو شتێک دێت؛ یان دەمرێت یان سەردەکەوێت. ئەو کۆتاییە ئیتر هەرچۆنێک بێت، لەلای ئەو، لە چاوەڕوانکردن باشترە. لەبەر ئەوە حەزدەکات زوو بزانێت چۆن رۆژەکە کۆتایی پێ دێت.

## دیمەنی ٥,٢

دەنگی دەهۆڵ و بلوێر دێت. بروتەس و مێسسالا دەردەکەون.

بروتەس:

دەی، مێسسالا، زوو
سواربە، سواربە زوو،
ئەم فەرمانەی من،
دەی بە خێرایی زوو بگەیێنە
بە هێزەکانی دیوەکەی ئەوبەر (دەنگی دەهۆڵ بەرزتر دەبێتەوە)
پێویستە یەکسەر، هەڵکوتنە سەر
دوژمنەکانمان.
من هەست بە جۆرێ خاووخلیچکی
دەکەم لە نێوان سەربازەکانی
"باڵ"ی ئۆکتاڤییەس[1]
هێرشبردنی خێرا و کتوپڕ،
دەیانبەزێنێت.
دەی مێسسالا زوو، سواربە. با هەموو
بەجارێک یەکسەر بچن بە گژی
دوژمنەکاندا.

١. لە جەنگدا وشەی "باڵ" بە واتەی "دیو" بەکار دەهێنرێت. باڵی چەپ، واتە دیوی چەپی بەرەی جەنگ. باڵی ئۆکتاڤییەس؛ ئەو دیوەی کە ئۆکتاڤییەس سەرۆکایەتیی دەکات.

## دیمەنی ٥,٣

لە مەیدانی جەنگدا. کاسییەس و تیتینییەس دەردەکەون.

کاسییەس:

تیتینییەس، سەیربکە، دە تۆ سەیربکە،
خۆ ناکەسەکان لە جەنگ رادەکەن!
(ئاماژەی تەرمی چەند سەربازێک دەکات لە سەربازەکانی خۆی)
ئاخ، ناچار کرام ئەمن لە دژی
سەربازەکانی خۆم تێبکۆشم؛
ئا ئەم سەربازە،
ئاڵا هەڵگرەی خۆمم کە بینی
دەگەڕێتەوە،
بەو نیازەوە، کە لە مەیدانی
جەنگ هەڕابکات، ترسنۆکەکەم
کوشت و ئاڵاکەم، لەدەست کردەوە.

تیتینییەس:

ئاخ، ئاخ، کاسییەس،
زۆر بەداخەوە، بروتەس ئەمری
هەندێک زوو دەرکرد بۆ سوپاکانی؛
کە خۆیان بینی
پێش دەکەون و لەشکرەکانی
ئۆکتاڤییەس هەندێک
بەرەو پشتەوە دەکشێنەوە،

سەربازەکانی[١]
کەوتنە دزین و رووتکردنەوە.
لە کاتێکدا کە لەشکرەکانی
ئەنتۆنی دەوری ئێمەیان داوە.[٢] (پینداروس دەردەکەوێت)

پینداروس:
بکشێرەوە،
گەورەم زوو خێرا، بکشێرەوە![٣]
بەگ، مارک ئەنتۆنی،
لە چادرەکەی تۆدایە ئێستا.
لەبەر ئەوە زوو مەسافەیەکی
دوور بەرەو دواوە بکشێرەوە.

کاسییەس:
ئەم گردە، دوورە لە جەنگەکەوە.
تیتینییەس، ئەرێ توخوا بڕوانە!
ئەو ئاگرانە، لە چادرەکەی
منەوە ئایا بەرز دەبنەوە؟

تیتینییەس:
سەروەرم، بەڵێ.

کاسییەس:
ئەگەر تۆ نەختێ منت خۆشدەوێ،
سواری ئەسپەکەی من بە و ئاوزەنگی
وا تێ گیربکە؛ تاکو "مامزە"کەی،
دەشاریتەوە.[٤]

---

١. سەربازەکانی بروتەس.

٢. لەباتی ئەوەی بێن لەسەر ئێمە بکەنەوە، کەچی خەریکی دزێتی و رووتکردنەوەن.

٣. بکشێرەوە؛ ئینسحاب بکە.

٤. مامزە؛ بە نووکە تیژەکەی ئاوزەنگی دەوترێت "مامزە" . دەڵێت مامزەی ئاوزەنگییەکەی ئەوەندە توند لێ گیربکە تا هەمووی دەچێتە ناو لەشی ئەسپەکەوە و دیار نامێنێت.

بەو جۆرە برۆ بۆ ئەو لەشکرەی
ئەوێ و وەرەوە. تاکو پێم بڵێی؛
ئەوانە دۆستن یاخود دوژمنن.

تیتینییەس:

لە چرکەیەکدا[1]
دەڕۆم بۆ ئەوێ و دەگەڕێمەوە. (دەڕوات)

کاسییەس:

پیندارەس، برۆ بۆ سەر ئەو گردە،
من چاوەکانم هەندێک لاوازن،
زۆر باش نابینن،
بڕوانە و سەیری تیتینییەس بکە
هەندێک بە باشی.
بزانە چۆنە باری مەیدانی
جەنگەکە و خێرا بۆمی باس بکە.
(پیندارەس دەڕوات. کاسییەس بە تەنیا دەمێنێتەوە)
لەم دنیایەدا، ئا لەم ڕۆژەدا،
یەکەم هەناسەی خۆمم هەڵکێشا،[2]
پەرگاڵی زەمان وا دەورەیەکی[3]
تەواو تەواوی
کرد و بۆ جێگەی خۆی گەڕایەوە.
لەو "خاڵ"ەی دەستی پێ کرد ژیانم،
هەر لەو خاڵەشدا دەبڕێتەوە.[4] (ڕوو دەکاتە پیندارەس)
کوڕە لەوێوە، تۆ چی دەبینی؟

---

١. چرکە؛ سانییە، تاو،
٢. ئەمڕۆ ڕۆژی لە دایکبوونی "کاسییەس"ە.
٣. پەرگاڵ؛ ئامێرێکی ئەندازیارییە. شێوەی خڕی پێ ڕەسم دەکرێت.
٤. خاڵ؛ نوقتە. واتە ئەمڕۆ ژیانم دەبڕێتەوە.

پیندارەس: (لەسەر گردەکەوە)

گەورەم، داخەکەم، داخی گرانم!

کاسییەس:

چییە دەنگوباس؟

پیندارەس:

گەورەم، تیتینییەس دەوری گیراوە؛
لە هەر چوار لاوە، سوار دەوری داوە.
ئەوەتا هەوڵی گرتنی دەدەن.
ئەویش ئاوزەنگی
توندتر لە ئەسپی ژێری گیردەکات.
وا گرتیانەوە و لە ئەسپەکانی
خۆیان هەندێکیان ئەوا دابەزین.
ئەویش دابەزی. ئەوەتا گرتیان.
(لێی نزیک دەبنەوە و لە کەیفا دەست دەکەن بە قیژە و هاوارکردن)
گەورەم، گوێ بگرە! لە شادمانیدا،
دەنگ و هاواریان، دەگاتە ئێرە.

کاسییەس:

وەرە خوارەوە و ئیتر تۆ سەیری
ئەوانە مەکە.
ئای کە پیاوێکی ریسوا و نەوێرم
کە من بژیم و هەرە باشترین
دۆستم ببینم دیل بکرێت و
وەکو کۆیلەیەک، ریسوا بکرێت! (پیندارەس بانگ دەکات)
کوڕە، ئا وەرە. کە لە وڵاتی
فارس، تۆم بە دیلی
گرت، لەبیرت دێت،

سوێندت بۆ خواردم؛ ئەگەر نەتکوژم
ئەمن هەرچییەک لە تۆ بخوازم،
بێ وتووێژە، دەیهێنیتە دی؟
ئەو سوێندەی خواردت، گەر نەیشکێنی،
ئەوەی دەیخوازم، دەیهێنیتە دی.
وە خۆشت دەبی بە زەلامێکی
سەربەست و ئازاد.
ئا ئەم شمشێرە دڵسۆزەم، ئەوەی
چۆتە ناو سکی کەیسەر و گەدەی[1]
تێدا هەڵدڕی، بکە بێرەمدا
تاکو دەگاتە دڵم و ئەوپەڕی.
هانێ دەسکەکەی، دەی توند بیگرە.
نووکەکەی لەسەر ئێرەم چەسپ بکە،
کەی دیمەی خۆمم بەدەست داپۆشی (بە دەستەکانی رووی خۆی دادەپۆشێت)
ئا وەکو ئێستا، تۆ پیامدا بکە. (بە دەستەکانی رووی خۆی دادەپۆشێتەوە)
دەی پیامدا بکە. (شمشێرەکەی پێدا دەکات)
(روو دەکاتە ئاسمان، وەکو لەگەڵ گیانی کەیسەردا بدوێت)
کەیسەر، تۆڵەی خۆت، لێ سەندمەوە،
هەر بەو شمشێرەی کە پێی کوژرای. (دەمرێت)

پیندارەس:

ئەوەتانێ من، ئیتر ئازادم.
ئازاد نەدەبووم گەر بموێرایە،
من لە فەرمانی خاوەنم دەرچم.
ئاخ، کاسییەس، کاسییەس! (دەست دەکات بە گریان)
ئەوا پیندارەس،

---

١. گەدە؛ مەعیدە

ئا ئەم وڵاتە بەجێ دەهێڵێت،
بۆ جێگەیەکی وا دەچێت هەرگیز
قەت رۆمانییەک نەیبینێتەوە. (دەڕوات)
(تیتینییەس و مێسسالا دەردەکەون)
مێسسالا:
تیتینییەس، تەنیا گۆڕینەوەیە؛
ئۆکتاڤییەس، بەدەست لەشکرەکانی
بروتەس شکا. وەکو چۆن کاسییەس،
بەدەست ئەنتۆنی و سەربازەکانی.[1]
تیتینییەس:
ئەگەر هەواڵی بەرەی جەنگ وابێت،
ئای، کاسییەس، گەلێک
پێی شادمان دەبێت.[2]
مێسسالا:
لە کوێ بەجێت هێشت؟
تیتینییەس:
زۆر وروژابوو. لەسەر ئەم گردە،
لەگەڵ پیندارەس، کوڕە کۆیلەکەی.
مێسسالا :
ئەوە، ئەو نییە لەوێ کەوتووە؟
تیتینییەس:
لە زیندوو ناچێت. (دەیبینێت کە مردووە)
داخی گرانم، دڵم دەتەقێت.

١. ئەوان لایەکی لەشکرەکانی ئێمەیان شکاند، ئێمەش لایەکی ئەوان.
٢. هەواڵی بەرەی جەنگ باشە، ئەو خراپە نییە. ئەوانەی دەوراندەوری "تیتینییەس"یان دابوو، دۆست بوون، دوژمن دەرنەچوون. بەڵام پیندارەس لە دوورەوە وای دەزانی دوژمن و "تیتینییەس"یان بە دیلی دەبرد.

مێسالا:

ها، ئایا ئەوە؟

تیتینییەس:

مێسالا، ئەمە،
ئەو نییە بەڵام، تەرمەکەی ئەوە.
ئا ئەو "کاسییەس"ەی هەبوو نەماوە.
(سەری هەڵدەبڕێت و سەیری ئاوابوونی رۆژ دەکات کە سوور هەڵگەڕاوە)
ئاخ رۆژ، وەک چۆن تۆ،
هەردەم لە کاتی ئاوابوونتدا،
لە نێوان تیشکی سوورتدا، گوم دەبی،
ئاواش لە نێوان خوێنی سووریدا،
کاسییەس گەیشتۆتە کۆتایی رۆژی.
رۆژەکەی رۆما، تەواو، ئاوا بوو،
خۆشترین رۆژی ئەم ژیانەمان،
ئەوا بەسەر چوو؛
هەور و رەشەبا و وێرانی فەرموو
بۆ ئێرە وەرن؛
لەم ژینەدا هەوڵی خۆمان دا. (روو دەکاتە تەرمەکەی کاسییەس)
بڕوا نەکردن بە سەرکەوتنم،
ئەمەی پێ کردی.[١]

مێسالا:

بڕوانەکردن بە سەرکەوتنی

---

١. لە دێڕی ٥,٣,١٥، کاسییەس، کە تیتینییەس دەنێرێت بزانێت ئەو لەشکرانەی کە لە دوورەوە دیار بوون دۆستن یان دوژمن، دۆست دەرچوون. ئەوانەی دەوریان گرتبوو، کۆمەڵێک بوون لە پیاوەکانی بروتەس، هاتبوون بە پیرییەوە بەخێرهاتنی لێ بکەن. بەڵام پیندارەس لە دوورەوە وای دەزانی دوژمنن و گرتوویانە بە دیلی. لەبەر ئەوەی کاسییەس وای دەزانی تیتینییەس، سەرکەوتوو نەبووە لە ئەرکەکەیدا بۆیە خۆی کوشت. ئەگینا خۆی نەدەکوشت.

باش، وای لێ کردی.
ئای، هەڵەی دزێو، ڕۆڵەی دڵتەنگی،[1]
ئاخر تۆ بۆچی وا لە پیاو دەکەی؛
هەردەم دیمەنی درۆ و خەیاڵی
بە ڕەوا و ڕاستی بێتە بەر چاوی؟
ئای، هەڵە، تۆ زوو وەکو "ئاوڵەمە"[2]
دێیتە ناو گیانی مرۆڤ و هەرگیز
قەت بە شادمانی لە دایک نابی.
وە تۆ، ئەو دایکەی
لە دەروونیدا بەخێوت دەکا[3]
زۆر جار دەکوژی.

تیتینییەس:
ئەی پینداڕەس کوا؟ پینداڕەس، کوانێ؟

مێسسالا:
توخوا تیتینییەس، تۆ بۆی بگەڕێ،
تاکو دەچم و ئا ئەم هەواڵە
دەبەم و دەیکەم بە گوێچکەکانی
ئەم "بروتەس"ە خانەدانەدا.
وشەی "پیاکردن" بەکاردەهێنم،
چونکە لام وایە ئەگەر شووژنی
ژەهراوی بکەی بە گوێچکەکانی
ئەودا، ئازاری کەمتر دەبێت بۆی
لەوەی هەواڵی

١. دزێو؛ نەفرەتلێکراو، زۆر ئێسکگران. پیاو، زۆر جار، لە کاتی دڵتەنگیدا، بە هەڵە دەچێت.
٢. ئاوڵەمە؛ جەنین
٣. ئەو کەسەی بڕوات پێ دەکات، زۆر جار دەبیت بە هۆی مردنی.

ئا ئەم دیمەنە پەستەی بۆ بەری.

تیتینییەس:

باشە مێسسالا، کەوابێت برۆ
منیش راستەوخۆ، دەچم بزانم
بەڵکو پیندارەس بدۆزمەوە. (مێسسالا دەڕوات)
(تیتینییەس روو دەکاتە تەرمەکەی کاسییەس و لە گەڵیدا دەدوێت)
"کاسییەس"ی ئازا، ئاخر تۆ بۆچی
گەورەم، منت نارد؟
بۆچی من لەوێ، بە دۆستەکانی
خۆمان نەگەیشتم؟
وە ئەم "گوڵبەند"ەی زاڵبوونیان نەدا
بە من کە بۆتی، ئاخر بهێنم؟
ئەی گوێت لە دەنگی هاواریان نەبوو،
چەند بە شادییەوە،
بۆ بەرەوپیرم، گەورەم دەهاتن؟
داخی گرانم،
بە پێچەوانە هەمووی تێگەیشتی.
بەڵام تۆ نەختێک چاوەڕوان بکە.
(گوڵبەندەکە لە سەری خۆی دادەگرێت و دەیکاتە سەری کاسییەس)
ها، ئەم گوڵبەندە بکەرە سەرت.
"بروتەس"ی خۆت، گوتی بتدەمێ،
منیش ئەوەتا،
فەرمانەکانی دەهێنمە دی.
بروتەس، خێرا وەرە ببینە
چەند بەرزە رێزی
کاسییەس لەلای من.

(شمشێرەکەی کاسییەس لەخاک هەڵدەگرێت و روو دەکاتە تەرمەکەی)
به روخسەتی تۆ، (روو دەکاتە ئاسمان)
ئاخ، خوایەکانم، (نووکی شمشێرەکە دەخاتە سەر سنگی خۆی)
دەی شمشێرەکەی کاسییەس، دەی بڕۆ
دڵی تیتینییەس بدۆزەرەوە. (خێرا شمشێرەکە دەکات بە سنگی خۆیدا و دەمرێت)

(بروتەس و مێسسالا و "کاتۆ"ی گەنج و ستراتۆ، ڤۆلەمنییەس و لوسیلییەس دەردەکەون)

بروتەس:

له کوێ، مێسسالا؟
له کوێ تەرمەکەی ئەرێ کەوتووە؟[1]

مێسسالا: (بە پەنجەیەکی ئاماژە دەکات)

سەیربکە ئەوەتا لەوێ کەوتووە و
تیتینییەس بەسەر تەرمەکەیەوە
شینی بۆ دەکات.[2]

بروتەس:

تیتینییەس، سەیری سەرەوە دەکات.

کاتۆ:

ئای، کوژراوە!

بروتەس:

ئاخ، یولییەس کەیسەر،
هێشتا بەهێز و بەدەسەڵاتی،
رۆحی تۆ لێرە، بەسەر زەمیندا،
وەکو جارانی هاتوچوو دەکا،

---

١. تەرمەکەی؛ مەبەستی له تەرمەکەی "کاسییەس"ە
٢. مێسسالا؛ وای دەزانی تیتینییەس، کەوتووە بەسەر تەرمەکەی "کاسییەس"دا و بۆی دەگری.

شمشێرەکانمان بەرەو ناوجەرگی
خۆمان ئەوەتا ڕەوانە دەکا. (دەنگی بلوێرێکی دەنگ نزم دێت)

کاتۆ:

ئای "تیتینییەس"ی جوامێر و ئازا!
سەیربکە گوڵبەندی کردۆتە سەری
"کاسییەس"ی مردوو.

بروتەس:

هەتاکو ئێستا قەت دوو ڕۆمانی
وا هەڵکەوتووە؟ (ڕوو دەکاتە کاسییەس)
دواهەمینترین ڕۆمانی ڕاستی،
ئەسپەردەی خوابی!
قەت ئیتر ڕۆما،
پیاوێکی وەک تۆی بۆ هەڵناکەوێت.
هاوڕێیەکانم،
من گەلێک زیاتر فرمێسک وامداری
ئا ئەم مردووەم.
لەوەی دەمبینن من دەیدەمەوە.
کاتێک هەر دەبێت بدۆزمەوە،
کاسییەس، من کاتێک دەدۆزمەوە.[1]
دەی با لاشەکەی،
بۆ دوورگەی تاسۆس، ڕەوانە بکەین؛
لێرە نایننێژین، نەوەکو بەوە
ورەی ناو دڵی
سەربازەکانمان کەم ببێتەوە.

---

١. بروتەس، کاتی نییە دابنیشێت بۆ کاسییەس بگری. چونکە دەبێت زوو بگەڕێتەوە بۆ بەرەی جەنگ.

دەی با لوسیلییە، دە با "کاتۆ"ی گەنج،
بگەڕێینەوە بۆ مەیدانی ڕەنج.
لابیۆ و فلاقییەس، ئا دەی ئاماژەی
هێرشبردنی
نوێ بەرەو دوژمن بەرز بکەنەوە.
ڕۆمانییەکان،
ئێستاکە سەئات سێیە و پێویستە،
پێش ئەوەی ئەمڕۆ تاریکی دابێت،
بەختەوەریمان، لە گوژمەی دووەم[1]
جارماندا ئێستا، تاقی بکەینەوە. ٥,٣,١١٠

١. گوژمە؛ هێرشبردن بە گوژمەوە.

## دیمەنی ٥,٤

دەنگی بلوێر دێت. بروتەس و مێسساڵا و کاتۆ و لوسیلییەس و لابیۆ و فلاڤییەس دەردەکەون.

بروتەس:

هاووڵاتییەکان،
با سەرتان بەرز بێت، نەنەوێتەوە!
(مێسساڵا و لابیۆ و فلاڤییەس دەڕۆن)

کاتۆ:

هەیە ناکەسێک
بۆ دوژمن سەری کەچ بکاتەوە؟
کێ لەگەڵمان دێت؟
وا من دەڕۆم و لەناو مەیدانی،
جەنگدا ناوی خۆم ئاشکرا دەکەم؛
دەڵێم؛ خەڵکینە، من کوڕی "کاتۆ"م[1]
ئەوەی دوژمنی زۆردار بوو و دۆستی
وڵاتی خۆی بوو.
خەڵکینە کوڕی "مارکەس کاتۆ"م من.
(دەچێتە ناو سەربازەکانەوە و جەنگ دەکات)

لوسیلییەس:

منیش "بروتەس"م؛ مارکەس بروتەس.
باشترین دۆستی وڵاتەکەمم.

---

١. کاتۆ؛ مارکەس کاتۆ. باوکی "پۆرشیا"ی ژنی بروتەسە. کاتۆی گەنج برای "پۆرشیا"یە.

وابزانن من، كە "بروتەس"م. (كاتۆ دەكوژرێت)
ئای "كاتۆ"ی گەنج و گەلێک خانەدان،
ئاوا كوژرای؟
تۆش وەک تیتینییەس،
بە ئازایەتی و جوامێری مردی.
تۆ كوڕی "كاتۆ"ی؛
بە سەربەرزییەوە، وەكو ئەو مردی.
یەكەم سەرباز:
تەسلیم بە یاخود، ها، دەكوژرێیت.
لوسیلییەس:
من هەر تەسلیمی مردن خۆی دەبم.
(سەربازەكە لوسیلییەس دیل دەكات. لوسیلییەس كیسی پارەكەی خۆیی
دەداتێ و لێی دەپاڕێتەوە بیكوژێت)
ها، ئەوەش بۆ خۆت،
ئەگەر ئێستاكە تۆ من بكوژی.
دە دەی بروتەس، بكوژە و ئەوە،
تۆ بۆ خۆت بەرە.
یەكەم سەرباز:
ئەگەر خانەدان،
بەندبێت ناتوانین ئیتر بیكوژین. (ئەنتۆنی دەردەكەوێت)
دووەم سەرباز:
رێگای بدەنێ! زوو بە ئەنتۆنی
بڵێن بروتەس، گیرا بە دیلی.
یەكەم سەرباز:
من خۆم پێی دەڵێم.
فەرموو ئەوەتا ژەنەڕاڵەكە،

سەروەرم، ئەوا
بروتەس گیرا!
ئەنتۆنی:
کوانێ، لە کوێیە؟
لوسیلییەس:
ئەنتۆنی، بروتەس
لە جێی خۆیەتی و ساغوسەلیمە.
دەبێت بزانی و گومانت نەبێت،
کە "بروتەس"ی خانەدان هەرگیز
ناکەوێتە دەست هیچ دوژمنێکی.
خوا دەیپارێزێت لە شەرمەزاری
ئەوەندە گەورە!
کەی دۆزیتەوە،
بە مردوویی بێت یان بە زیندوویی،
بروتەس، چۆنە، وەک خۆی دەیبینی.[1]
ئەنتۆنی:
ئاخر، دۆستەکەم.
بروتەس، کوانێ ئەمە ئەو نییە.
بەڵام تۆ دەبێت گومانت نەبێت
کە دیارییەکی بە نرخە وەک ئەو.
ئاگاداری بە و باشبە لە گەڵی.
پێم خۆشە پیاوی
ئاوا، بە دۆستی خۆمی بزانم؛
نەک بە دوژمنم.

١. بروتەس، بەوە بەناوبانگە کە پیاوێکی باش و ئازا و قارەمانە. بروتەس، هەمیشە چۆن ناسراوە، بەو جۆرە دەیبینی.

دە بڕۆ بزانە بروتەس لە کوێ
دەدۆزیتەوە.
بیدۆزەرەوە، بە زیندوویی بێ ٥,٤,٣٠
یان بەمردوویی.
دوای ئەوە وەرە بۆ چادرەکەی
ئۆکتاڤییەس، لەوێ
تۆ هەرچیت زانی بە ئێمەی بڵێ. (هەموو دەڕۆن)

## دیمەنی ٥,٥

بروتەس و داردانییەس و کلیتەس و ستراتۆ و ڤۆلەمنییەس دەردەکەون.

بروتەس:

ئەوەتا ئێمە، ژمارەیەکی
کەم و پەرێشان
لە دۆست و هاوڕێ، ماوینەتەوە.
لەسەر ئەم بەردە با دابنیشین.

کلیتەس:

ستاتیلییەس، ڕووناکییەکی
پیشان دا بەڵام،
گەورەم، بۆ ئێرە نەگەڕایەوە.
دەبێت گیرابێت، یان کوژرابێت.[1]

بروتەس:

دە دابنیشە ئیتر کلیتەس،
کوشتن، کلیتەس، کردەوەیەکی
باوە ئێستاکە. گوێچکەتم بدەرێ. (بە گوێچکەیدا دەچرپێنێت)

کلیتەس:

چی دەڵێیت گەورەم؟
لە من دەخوازی؟
بە هەموو دنیا من ئەوە ناکەم.

---

١. "ستاتیلییەس"یان ناردووە بۆ جاسووسیکردن. لەوێوە ڕووناکییەکی پیشان دابوون واتە هەموو شتێک لە جێی خۆیەتی و ئەوا دەگەڕێمەوە. بەڵام، نەگەڕایەوە.

بروتەس: (پەنجەی خۆی دەخاتە سەر لێوەکانی خۆی)
دە باشە وسبە، دەنگت دەرنەچێت.
کلیتەس:
گەر خۆم بکوژم، پێم خۆشتر دەبێت.
بروتەس:
ئاخ، داردانییەس، گوێچکەتم بدەرێ. (بە گوێچکەیدا دەچرپێنێت)
داردانییەس:
لە من دەخوازی کاری وا بکەم؟
کلیتەس:
ئاخ، داردانییەس!
داردانییەس:
ئاخ، ئاخ، کلیتەس!
کلیتەس:
چ داخوازییەکی پەست و سامناکی
ئەرێ لێ خواستی؟
داردانییەس:
لێی داوا کردم کە من بیکوژم.
تۆ سەیری بکە، خۆی مات کردووە و
بێ دەنگ بە ماتی، بیر دەکاتەوە.
کلیتەس:
ئەو خانەدانە،
پەژارە و پەستی، کووپی ژیانی
پڕ کردۆتەوە و لەسەری دەچێت؛
لە چاوەکانی، ئەوە دەبینی.
بروتەس:
ئەرێ، ڤۆلەمنییەس، کوڕی باش وەرە.

هەر بۆ وتەیەک، گوێ لە من بگرە. (بە گویدا دەچرپێنێت)

ڤۆلەمنییەس:

بەگ، چی دەفەرموویت؟

بروتەس:

ئاخر ڤۆلەمنییەس،
تارمایی کەیسەر، نازانم بۆچی
ئەمە دوو جارە لەدوای تاریکی،
دێتە بەردەمم. یەکەمین جاری،
لە "ساردیس" بینیم
وە دوێنێ شەویش
لێرەدا، لەسەر دەشتی فیلیپپی؛
دەزانم ساتی مەرگم هاتووە.

ڤۆلەمنییەس:

وانییە، بەگم.

بروتەس:

نا، من گومانم نییە، ڤۆلەمنییەس.
تۆ خۆت دەبینی ئاخر ڤۆلەمنییەس،
دنیا بەرەو کوێ هەنگاو دەهێنێ؛
دوژمنەکانمان، ئێمەیان شکان،
هەڵمان دەدەنە ناو چاڵێکەوە.
بە ئابڕووترە،
هەر خۆمان بڕۆین بۆ ناو چاڵەکە،
لەوەی کە ئەوان بە پاڵ بمانبەن.
ڤۆلەمنییەس، دە دەی
ئاخر پیاوی باش،
تۆ لەبیرت دێت، کاتێ منداڵ بووین

بۆ "خوێندنگە"مان پێکەوە دەچووین.
هەر لەڕێی ئا ئەو خۆشەویستییەی
جاری جارانمان، تکات لێ دەکەم؛
تۆ تەنیا دەسکی شمشێرەکەمم
ئاوا بۆ بگرە.
من بە راکردن، بەرەو رووی تۆ دێم
خۆمی پیا دەدەم.
ڤۆلەمنییەس:
ئاخر سەروەرم،
قەت دۆست بە کاری ئاوا هەڵناستێت. (دەنگی بلوێر دێت)
کلیتەس:
سەروەرم، بڕۆ
نابێت بوەستی، دەربازبیت دەبێ.
بروتەس:
تۆ خۆت بڕۆ دەی، خوا بتپارێزێ،
ئەتۆش بڕۆ دەی.
ڤۆلەمنییەس، دەی تۆش.
ستراتۆ ئەتۆ،
هەموو کاتەکە خەوت دەبینی،
تۆش ئیتر بڕۆ خوا بتپارێزێ.
هاوولاتییە بەڕێزەکانم، شادمانە دڵم،
کە هەموو ئێوە، هەموو ژیانم،
دۆستی دڵسۆز و خۆشەویستم بوون.
من بە ئەم رۆژەی
کە ئەوا تێیدا جەنگ دەدۆڕێنم،
سەربەرزتر دەبم لە مارک ئەنتۆنی و

ئۆکتاڤییەس، بە ئەم
ڕۆژەی کە تێیدا، بە ناکەسێتی و
بە غەدرکردن، جەنگ دەبەنەوە.[١]
دەی ئیتر ئێوە،
بڕۆن مەوەستن، خواتان لەگەڵ بێت؛
چونکە زمانی بروتەس، ئەوا
گەیشتە کۆتایی مێژووی ژیانی.
ئەوا شەو دادێت
بەسەر گلێنەی چاوەکانمدا.
ئێسقانەکانم، سرەوت دەخوازن،[٢]
ئەوانەی هەموو بوون و ژیانم،
هەوڵیان بۆم دەدا و هەڵیان دەگرتم،
تا لە ئەنجامدا،
من بگەیەنن ئا بە ئەم ڕۆژە.
(لە ژوورەوەی شانۆکە دەنگ دێت؛ دەربازبە و بڕۆ، دەربازبە و بڕۆ!)

کلیتەس:

گەورەم، دە بڕۆ، لێرە مەمێنە.

بروتەس:

دە ئێوە بڕۆن، دواتان دەکەوم.
(کلیتەس و دادانییەس و ڤۆلەمنییەس دەڕۆن)
تکات لێ دەکەم، ستراتۆ ئەتۆ،
لەگەڵ سەروەرت، بمێنەرەوە.
تۆ هاوڕێیەکی گەلێک بەڕێزی؛

---

١. بروتەس، لە دوای کوشتنی کەیسەر، نەیهێشت خەڵکەکە ئەنتۆنی بکوژن و ڕێگاشی دایە کە بە ناشتنی کەیسەر هەڵبستێت و وتارێکیش بەو بۆنەیەوە پێشکەش بکات. بەڵام ئەنتۆنی ئەوەی بەکار هێنا کە خەڵکەکە لە دژیان بورووژێنێت.

٢. سرەوت؛ حەسانەوە.

هەردەم ژیانی تۆ بۆن و تامی
شەرەفی بەرزی لەناودا هەبوو،
شمشێرەکەمم، دەی توند بەم جۆرە
ئەتۆ بۆ بگرە و رووبکە بەولاوە.
من بە راکردن دێم لە دوورەوە و
خۆمی پیا دەدەم.
ستراتۆ، دە دەی، ئەوەم بۆ دەکەی؟

ستراتۆ:

لە پێشا دەستی خۆتم بدەرێ.
دە دەی سەروەرم، ئەسپەردەی خوابی.

بروتەس:

ئەسپەردەی خوابی، "ستراتۆ"ی ئازیز. (شمشێرەکەی پێدا دەچێت)
دەی کەیسەر ئیتر بحەسێرەوە،
ئەوەندەی ئێستا
ئارەزووم دەکرد کە خۆم بکوژم،
من نیوەی ئەوە، بەخوا ئارەزووم
نەدەکرد، کەیسەر، کە تۆ بکوژم. (دەمرێت)

(دەنگی بلوێر دێت. ئەنتۆنی و ئۆکتاڤییەس و مێسسالا و لوسیلییەس بە لەشکرەکانیانەوە دەردەکەون)

ئۆکتاڤییەس:

ئەو پیاوە کێیە؟

مێسسالا:[1]

پیاوی سەرداری سوپاکەمانە.
ئەرێ ستراتۆ، کوا سەروەرەکەت؟

---

١. دەبێت لە بیرمان نەچێت کە مێسسالا پیاوی بروتەس بوو، لە جەنگەکەدا دیل کرا.

ستراتۆ:

رزگاربوو لە ئەو بەندێتییەی کە،
مێسسالا، تێیدایت.
سەرکەوتووەکان، تەنیا دەتوانن
ئاگر لە لەشی مردووی بەربدەن.
چونکە بروتەس، تەنیا خۆی توانی
بەسەر دەروونی خۆیدا زاڵ ببێت؛
کەس بە کوشتنی ئەو سەربەرز نابێت.

لوسیلییەس:

بەڵێ بروتەس، تەنیا بەو جۆرە[1]
دەدۆزرێتەوە.
سوپاس، بروتەس.
ئەوەی لوسیلییەس، هەمیشە دەیگوت،
ئەوا داتچەسپان[2]

ئۆکتاڤییەس:

هەموو ئەوانەی دۆست و دڵسۆزی،
بروتەس بوون با،
لەگەڵ خۆماندا، بمێننەوە.[3]
هاوڕێیەکانم،
ها، لەگەڵماندا دەمێننەوە؟

ستراتۆ:

ئا، گەر مێسسالا،
بۆ جەنابی تۆ، پێشکەشم بکا

---

١. بەو جۆرە؛ بە مردوویی.

٢. لوسیلییەس دەیزانی کە بروتەس لەو جۆرە کەسانە نییە کە بە زیندوویی تەسلیمی دوژمن بێت. هەمیشە دەیگوت کە بروتەس بە زیندوویی ناگیرێت.

٣. لەگەڵماندا بمێننەوە و خزمەتی رۆما بکەن.

ئۆکتاڤییەس:

دە دەی مێسسالا، پێشکەشی بکە.

مێسسالا:

ئەرێ ستراتۆ،

سەروەرم، چۆن و بە چی کوژرا؟

ستراتۆ:

من شمشێرەکەم بۆ گرت و ئەویش،

زۆر بە گوڕ هات خۆیدا بە سەریا.

مێسسالا:

ئۆکتاڤییەس، بیکە بە لایەنگری

خۆت. لەبەر ئەوەی

ئەمە خزمەتی سەرداری منی

دەکرد هەتاکو

دواهەم داخوازیی بۆ هێنایە دی.

ئەنتۆنی: (لەسەر تەرمەکەی بروتەس وەستاوە)

خانەدانترین

پیاو لە ناویاندا، ئا ئەم پیاوە بوو؛

جگە لەم، هەموو پیلانگێڕەکان،[1]

بەو کارە هەڵسان،

لەبەرئەوەی کە

رەشکێکی زۆریان بە کەیسەر دەبرد.

ئەو هاتە ناویان، چونکە بەڕاستی،[2]

ئاخ، وای دەزانی

ئەو کردەوەیە، سوودێکی زۆری

---

١. جگە لەو؛ جگە لە بروتەس.

٢. ئەو؛ بروتەس.

دەبێت بۆ هەموو رۆما بەگشتی.
هەموو ژیانی خاوەن دڵێکی
نەرم و پیاوێکی رەوشت هێمن بوو؛
بووژەنەکانی بە نسبەتێکی[1]
وا لە ناویدا تێکەڵ کرابوون،
لە سروشت دەشێت، هەڵسێ و بە هەموو
جیهان ببێژێت؛ پیاو، ئا ئەمە بوو.

ئۆکتاڤییەس:
با بە پێی ئەوەی کە شایانیەتی؛
وەک خانەدانێک، زۆر بەڕێزەوە،
ماتەمینییەکی
شایستە و باشی بۆ رابگیرێت.
ئەمشەو، لاشەکەی لە چادری
من دابنرێت.
وە وەک سەربازێک با بنێژرێت.
فەرمان دەربکە با جەنگ بوەستێت.
ئێمەش با بڕۆین، بکەین بەشداری
لە کەیف و شادیی
ئەم رۆژە خۆشە پیرۆزەماندا.

١. بووژەن؛ مـاددە. جـاران وایان دەزانی کـە لە لەشـی مـرۆڤـدا چوار جـۆرە بووژەنی شل هەن. دووانیان لە زراو و پەنکریاسەوە دەردەچن. واشیان دەزانی کە باری دەروونی مرۆڤ ئعتیماد دەکاتە سەر نسبەتی ئەو چوار بووژەنە. ئەگەر نسبەتەکانیان باش بێت، باری دەروونی مرۆڤ باش دەبێت.

## پاشکۆکانی شانۆگەرییەکە

- پاریس و هەلێن و وێرانبوونی شاری تەروادە
- دیدۆ، دامەزرێنەر و یەکەم بانووشای قەرتاجنە و "ئێنییەس"ی یاری
- مارکەس سیسێرۆ

پاشکۆی ١

## پاریس و هەلێن و وێرانبوونی شاری تەروادە

"پاریس Paris"، یەکێک بووە لە کوڕەکانی "پرێیام Priam"ی شای تەروادە، لە ژنی یەکەمی، کە ناوی "هێکیوبا Hecuba" دەبێت. هێکیوبا، لەو کاتەی کە سکی بە پاریس پڕدەبێت لە خەویدا منالّی دەبێت. لەباتی منالّ، پشکۆ ئاگرێکی گەورەی لێوە دەردەچێت و هەموو شارەکە دەسووتێنێت و وێرانی دەکات. لە ترساندا لە خەو رادەپەڕێت و سام و نیگەرانییەکی زۆر دەیگرێت. کە خەوەکەی دەگێڕێتەوە؛ دوارۆژبینەکان و ئەوانەی لە مانای خەو تێدەگەن، کە یەکێکیان "کەساندرا Cas-sandra"ی خوشکە گەورەی پاریس خۆی دەبێت، لە ژنێکی تری پرێیام، هەموو پێی دەڵێن؛ ئەم خەوە مانای ئەوەیە کە ئەم منالّە، دەبێت بە هۆی وێرانبوونی شاری "تەروادە Troy". کە منالّەکە لە دایک دەبێت، هێکیوبا و مێردەکەی، بڕیار دەدەن بیکوژن؛ ئەیدەن بە یەکێک لە نۆکەرەکانیان بە ناوی "ئەگیلۆس Agelaus" کە بیبات بۆ سەر گردی "ئیدا Ida"[1] و لەوێدا بەجێی بهێڵێت بۆئەوەی لە برسا بمرێت. لە پاش پێنج رۆژ ئەگیلۆس، کە دەچێتەوە بۆ سەر گردەکە، سەیر دەکات ساواکە هەر وەکو خۆی زیندوو و جوان ماوەتەوە. کە بۆی دەردەکەوێت، ئەو پێنج رۆژە، دەڵە ورچێک شیری داوەتێ، زۆر بەزەیی بە ساواکەدا دێتەوە و بڕیار دەدات کە بیبات بۆ گوندەکەی و بیکاتە کوڕی خۆی.

پاریس، گەورە دەبێت و کوڕێکی پاڵەوان و گەلێک قۆزی لێ دەردەچێت. "ئۆینۆن Oenone"ی[2] پەری دەکات بە ژنی خۆی و لە گوندەکەدا دەمێنێتەوە شوانی دەکات. بەلاّم، زۆری پێ ناچێت پیشەکەی، دەیباتەوە بۆ تەروادە: رۆژێکیان، یەکێک لە پیاوەکانی شا، دەچێت بۆ گوندەکە، بەشوێن گایەکی بەهێز و چالاکدا بگەڕێت بۆ

---

١. ئیدا؛ گردێکی پیرۆزە، نزیکی "تەروادە"یە.

٢. ئۆینۆن، پەرییە، کچی (سێبرێن) ی خوای رووبارە، جادووگەر و دوارۆژبین بووە.

ئەوەی بەشـداری پێـشـبـڕکێـی پێ بکات لە ئاهەنگێکدا کـە بە بۆنەی لەدایکبـوونی یەکێک لە کوڕەکانی شا، کە دەمێکە مـردووە، دەکرێت. ئەو کوڕە تومـەز پاریس خۆی دەبێت.

پاریس، گــایەکی وای دەبێت. ئیـــتـــر لەگـــەڵ گــایەکــەدا خـــۆشـی دەچێت بۆ بەشــداریکردن. پاریس و گـایەکـەی، لـە هـەمـوو گـەمــەکـاندا دەیبــەنەوە. براکـانی "پاریس"یش لە گەمەکاندا بەشدارییان کردبوو، بەڵام هیچیان نەیانبردەوە.[1]

یەکـێـک لە براکـانی، ناوی "دیفـۆبەس"Deiphobus، دەبێت، بەوە زۆر تـووڕە دەبێت؛ شـیـر لە پاریس هـەڵدەکێـشـێت. پاریس، ناچار دەبێت پەنـا بەرێتـە بەر پەرستگایەکی "زیوس "Zeus.[2]

بە رێکەوت، "کـەسـانـدرا"ی خـوشکی، لەو کـاتەدا، لەوێ دەبێت. چـونکە کـەسـاندرا، وەکو باسـمـان کرد، لە جـادووگەری و دوارِۆژ بینیندا زانا بووە، دەیناسـێتەوە. زوو بە "هێکیـوبا"ی دایکی پاریس دەڵێت. ئیـتر ئەو دایکەی، ئەوەی کە کـاتی خـۆی بڕیاری دابوو بیکوژێت، کـوڕەکـەی خـۆی، لـە مـردن رزگــار دەکــات. پرێیـــام و هـێکیـــوبا هـەردووکیـان زۆر شـادمـان دەبن بەوەی کە پاریـس، نەمـردووە. لەمـاڵەوە، لای خـۆیان گلی دەدەنەوە. بەڵام پـاریس، هـەر وەکـو جـارانی، لەسـەر گردی ئیـدا، شـوانیی خـۆی دەکرد.

رۆژێکیـان، زیوس، پاریس هـەڵدەبژێرێت ببـێت بە دادوەر لە نێوان سـێ بانووخـوادا؛ هێـرا و ئـەسـینا و ئەفـرۆدیت، کـە بڕیار بدات؛ لەو سـیـانە کـامـەیان لە هـەمـوویان جوانترە.[3]

---

١. پرێیام، گوایە، پەنجا کوڕ و چواردە کچی هەبووە.

٢. زیوس؛ بە پێی ئەفسانەی یۆنانی، گەورەی هەموو خوایەکانە.

٣. " -هێـرا Hera"؛ بانـووخـوایە، یـەکـێـکە لە دوانزە خـوایە گـەورەکـانی یۆنان، ژنـی (زیوس) ە و بانووشای ئاسمانە.

– "ئەسینا Athena"؛ بانووخوایە و یەکێکە لە دوانزە خوایە گەورەکانی یۆنان، پاکیزەیە، شووی نەکردووە، بانووخوای جەنگە.

– "ئەفرۆدیت Aphrodite"؛ بانووخوایە و یەکێکە لە دوانزە خوایە گەورەکانی یۆنان، بانووخوای جوانی و ئەڤینە.

## دادوەریی پاریس

ئەم دادوەرییەی پاریس، دەبێت بە یەکەم هەنگاو بەرەو نانەوەی ئەو شەڕە گەورەیەی تەروادە: کە "تێتیس "Thetis، بانووخوای دەریا، شوو دەکات بە "پێلیوس Peleus"ی مرۆک،[1] هەموو خوایەکان بانگ دەکرێن بۆ زەماوەندەکە، جگە لە "ئێریس Eris"، بانووخوای ئاژاوە و ناکۆکی، چونکە کەس خۆشی نەدەویست. لەگەڵ ئەوەشدا ئێریس، هەر دێت بۆ زەماوەندەکە. کە دێت، دیارییەک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. دیارییەکە، سێوێکی ئاڵتوونیی زۆر جوان دەبێت. لەسەر سێوەکە دەنووسێت؛ "ئەم سێوە، بۆ هەرە جوانەکەتان" و هەڵی ئەداتە نێوان هێرا و ئەسینا و ئەفرۆدیت. هەر یەکەیان، چونکە خۆی لەوانی تر بە جوانتر دەزانێت، دەیەوێت سێوەکە بۆ خۆیی بەرێت، ئیتر زیوس، "پاریس"ی کوڕی شای تەروادە، لەو کاتەدا دەبینێت لەسەر گردی ئیدا، شوانی دەکات، دەینێرێت ببێت بە دادوەر لە ناویاندا. هەرسێکیان، جیا بە جیا، دێن بۆ لای بەرتیلی بدەنێ:

– هێرا، پێی دەڵێت؛ ئەگەر سێوەکە بدەی بە من، من شکۆداریت دەدەمێ.

– ئەسینا، پێی دەڵێت؛ من لە هەموو جەنگێکدا سەرکەوتنت دەدەمێ.

– ئەفرۆدیت، پێی دەڵێت؛ من ئەڤینی جوانترین ژنی دنیا، کە "هەلێن"ە،[2] ئەدەم بە تۆ.

پاریس، دوای ئەوەی هەندێک بیر دەکاتەوە، سێوەکە دەدات بە ئەفرۆدیت.

---

[1]. پێلیوس، مرۆکە (مرۆڤە)، دەمرێت، نە جنۆکەیە، نە پەرییە، نە خوایە؛ ئەوانە نەمرن.

٢. "هەلێن Helen" کچی "لێدا Leda"ی ژنی شای سپارتا دەبێت. لێدا، ژنێکی زۆر جوان دەبێت. "زیوس Zeus" گەورەی هەموو خوایەکانی یۆنان، حەزی لێ دەکات. بڕیار دەدات بچێت لەگەڵیدا بنوێت. بۆ ئەوەی "هێرا"ی ژنی و کەسی کەش پێی نەزانێت، زیوس، خۆی دەکات بە "قوو Swan"یەکی زۆر جوان و دەفڕێت بۆ ماڵی لێدا، بە جۆرێک دەفڕێت، وەکو لە دەستی هەڵۆ خۆی رزگار کردبێت و پەنا بەو ماڵە ببات. لە دوای ماوەیەک لێدا، لە باتی منداڵ هێلکەیەکی دەبێت. هێلکەکە هەڵدێت و هەلێن، لێیەوە دەردەچێت. هەلێن، ژنێکی ئەوەندە ناسک و جوان دەبێت، گوایە ئەوەتی دنیا هەیە، ژن لەو ناسکتر و جوانتر، نە بووە و نە دەبێت.

## چوونی پاریس بۆ سپارتا

پاریس، ئێستا، کوڕی شایە، دەتوانێت بچێت بە میوانی بۆ لای شای وڵاتەکانی تر. بڕیاردەدات بچێت بۆ ماڵی شای سپارتا. تاکو لەوێ، ئەوەی کە ئەفرۆدیت بەڵێنی پێ داوە، دەستگیری بکات. هەرچەند "ئۆینۆن"ی ژنی و "کساندرا"ی خوشکی، کە هەردووکیان دوارۆژبین دەبن، لێی دەپاڕێنەوە کە نەچێت، سوودی نابێت، هەر دەچێت. کە دەگاتە ئەوێ، شای سپارتا، "مێنێلۆس Menelaus" وەکو شازادەیەک پێشوازی دەکات و بۆ نۆ رۆژ ڕێزێکی زۆری دەگرێت. بۆ دەهەمین رۆژ، مێنێلۆس، باپیری دەمرێت. ئیتر ناچار دەبێت میوانەکەی لە ماڵەوە بەجێ بهێڵێت و سواری کەشتی ببێت و بچێت بۆ ناشتنی باپیری لە دوورگەی کرێت.

لەو چەند رۆژەدا ئەفرۆدیت، ئەڤینێکی وا زاڵ دەخاتە دڵی هەردووکیانەوە؛ شەیدایان دەکات بۆ یەکتری. چەند شەوێک پێکەوە ڕادەبوێرن. لە دواییدا بڕیار دەدەن کە پێکەوە رابکەن و بچن بۆ تەروادە. هەر کە دەگەنە تەروادە زەماوەندێکی گەورە دادەمەزرێنن و یەکتری دەهێنن.

## پاریس و هەلێن

### وەکو چۆن "روبێنس Rubens 1577-164 " رەسمی کردوون

کە مێنێلەس، دەگەڕێتەوە و دەبیستێت چی رووی داوە، زۆری پێ ناخۆش دەبێت. دەچێت بۆ لای "ئەگامینۆن "Agamenonی برای، کە شای دەوڵەتی مەسینای دەبێت. پێکەوە و بە یارمەتی چەند دەوڵەتێکی یۆنانی ترەوە، سوپایەکی زۆر گەورە پێکدەهێنن و سواری کەشتی دەبن و بەرەو تەروادە دەڕۆن. کە دەگەن، یەکسەر گەمارۆی شارەکە دەدن و دەبێت بەو شەڕە گەورەیەی کە دە ساڵ دەخایەنێت و بە کاولبوونی تەروادە و کوشتنی پاریس و باوکی کۆتایی پێ دێت. هەلێن دەبرێتەوە بۆ سپارتا. بەڵام چونکە هەلێن، کچی خوایە (کچی زیوسە)، کەس ناوێرێت ئازاری بدات یان دڵی بشکێنێت.

پاشکۆی ٢

## دیدۆ ، دامەزرێنەر و یەکەم بانووشای قەرتاجنە و "ئێنییەس"ی یاری

"ئەلیسا Elissa"، کچی "بێلەس Belus"ی شای فینیقییەکان دەبێت. "دیدۆ Dido" ناوە یۆنانییەکەیەتی. لە سەدەی نۆهەمی پ ز، شاری "سوور Tyre"ی ئێستای لوبنان، پایتەخی فینیقییەکان بووە. دیدۆ، کچێکی زیرەک و بە هونەر و زۆر جوان دەبێت. شوو دەکات بە "سیخایوس Sychaeus"ی مامی خۆی. کە پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند دەبێت. دوای شوو کردنەکەی بە ماوەیەک، باوکەکەی دەمرێت و "پیگمالیۆن Pygmalion"ی برای دەبێت بە شا. پیگمالیۆن، پیاوێکی زۆر ستەمکار و چاوبرسی دەبێت. تەماع دەکاتە موڵک و سامانەکانی سیخایوسی مامی. لەبەر ئەوە بە غەدر دەیکوژێت و هەموو موڵکەکانی داگیر دەکات. کە سیخایوس دەمرێت، نە دیدۆ، نە کەسێکی تر دەیانزانی گەنجینەی گەوهەر و ئاڵتوونەکانی لە کوێیە. ڕۆژێکیان تارماییەکەی سیخایوس، دێت بۆ لای دیدۆ و باسی کوشتنەکەی خۆیی بۆ دەگێڕێتەوە و شوێنی گەنجینەکەشی پێ دەڵێت. لەو کاتەدا دیدۆ، پەیمانی دەداتێ کە قەت ئیتر پیاوێکی تری خۆش نەوێت و قەت جارێکی تر شوو نەکاتەوە.

شەوێکیان دیدۆ بە نهێنی، گەنجینەکە لەگەڵ هەندێک لە پیاوەکانی خۆی دەبات و بە سوارپی کەشتییەک دەرباز دەبێت دەچێت، بۆ باکووری ئەفریقیا. لەوێدا، بەسەرهاتی خۆی بۆ شای ئەو ناوچەیە دەگێڕێتەوە و لەگەڵیدا ڕێک دەکەوێت کە خاکێکی پێ بفرۆشێت تاکو بتوانێت لەسەر ئەو خاکە، مەملەکەتێکی تازە بۆ خۆی دابمەزرێنێت. کە لێی دەپرسێت ئەو خاکەی تۆ دەتەوێت، دەبێت چەند گەورەبێت؟ دیدۆ دەڵێت؛ من لە پێستەی تاکە یەک گادا، دادەنیشم و سیرمە[1] دروست دەکەم، درێژایی ئەو سیرمەیە چەند دەرچێت، سنووری وشکی خاکی مەملەکەتەکەی منیش، کە حەزدەکەم لە شێوازی نیوبازنەییدا بێت، ئەوەندە درێژ بێت و دیوەکەی تری لەسەر دەریا بێت.

---

١. سیرمە؛ پەتێک لە چەرم دروستکرابێت پێی دەوترێت "سیرمە".

دیدۆ، ژنێکی جوان و خوێنگەرم دەبێت، لەبەر ئەوە شایەکە، خۆشی دەوێت و نەشیدەزانی کە دیدۆ، ژنێکی ئەوەندە زیرەک و بە هونەرە کە بتوانێت سیرمەیەکی ئەوەندە درێژ لە پێستەی تاکە یەک گا دروست بکات؛ دەڵێت باشە و پارەکەی لێ وەردەگرێت. زۆری پێ ناچێت، دیدۆ، بەو گەوهەر و ئاڵتوونانەی کە مابوویەوە، خۆی و یاوەرەکانی شارێکی گەورەی زۆر جوان لەسەر کەناری دەریاکە، بە ناوی "قەرتاجنە[١] "Carthage دروست دەکەن و دەیکەن بە وڵاتی خۆیان. دیدۆ، دەبێت بە یەکەم بانووشایان.

لەو کاتەدا "جەنگی تەروادە[٢] "Trojan war کۆتایی پێ دێت بە کاولبوونی شارەکە و سەرکەوتنی سوپای یۆنانی. ئیتر ئەوەی دەکوژرێت، لە بنەماڵەی شا و خانەدانەکانی تەروادە، دەکوژرێت و ئەوەی دەتوانێت خۆی رزگار بکات، دەرباز دەبێت. یەکێک لەوانە، "ئێنیەس Aenius" دەبێت.[٣]

***

ئەو کاتەی ئێنیەس بە رێگاوە دەبێت بەرەو ئیتالیا، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی رۆمانی، "ئەفرۆدیت"ی دایکی[٤]، بانووخوای جوانی و خۆشەویستی، دەبێت بە رابەری

١. کەلاوەکانی قەرتاجنە هێشتا هەر ماونەتەوە، لە توونسە.

٢. شەڕی تەروادە لە پاشکۆی (١)ی ئەم پەڕتووکەدا، باسی کراوە.

٣. ئێنیەس، یەکێک دەبێت لە خانەدانەکانی تەروادە. لە شەڕەکەدا، بریندار دەکرێت. خوای دەریا "پەسێیدۆن Poseidon"، لە ئاسمانەوە کە ئەوە دەبینێت زوو دێت بە فریادییەوە و دەیبات بۆ دەرەوەی مەیدانی شەڕەکە. ئەمە دەکات چونکە "یوپیتەر Jupiter، گەورەی خوایەکانی رۆمان، "ئێنیەس"ی هەڵبژاردبوو کە ببێت بە دامەزرێنەری دەوڵەتی رۆمانی لە ئیتالیا.

٤. باوکی ئێنیەس کە ناوی "ئەنخیسێس Anchises" بووە، یەکێک بووە لە بنەماڵەی شای تەروادە. گەنجێکی ئەوەندە کەشخە و جوان بووە تا ئەفرۆدیت خۆی، کە بانووخوای جوانی و خۆشەویستییە، حەزی لێ دەکات. رۆژێکیان لەو کاتەی کە ئەنخیسێس شوانی دەکرد لەسەر گردی "ئیدا Eda" دا، ئەفرۆدیت دێت بۆلای لە شێوەی کچێکی گەنجی زۆر جواندا. ئەنخیسێس حەزی لێ دەکات و ئەو شەوە پێکەوە لەناو جێگادا رادەبوێرن. بۆ بەیانییەکەی، ئەفرۆدیت، راستییەکە بە ئەنخیسێس دەڵێت؛ پیێ دەڵێت کە بانووخوایە. ئەنخیسێس، زۆر دەشڵەژێت و لەوە دەترسێت کە بیکوژێت. بەڵام، ئەفرۆدیت، پێی دەڵێت؛ مەترسە، من ئێستا سکم پڕە بە کوڕی تۆ. کەی لە دایک بوو، لێرەدا لەسەر گردی ئیدادا، فریشتەکانم بەخێوی دەکەن تا تەمەنی پێنج ساڵی. لە دوای ئەوە دەیهێننەوە بۆ لای خۆت. بەڵام، ها، نەکەیت رۆژێک باسی ئەوەی کە ئەم شەو لە نێوان ئێمەدا رووی دا بگێڕیتەوە بۆ کەس.

و دەبیات بەرەو قەرتاجنە بۆ لای دیدۆ. لەهەمان کاتدا خۆشەویستی بۆ "ئێنیەس"ی کوڕی، دەخاتە دڵی "دیدۆ"وە.

## دیدۆ و ئێنیەس کە یەکەمین جار یەکتری دەبینن

وەکو چۆن "ناتانیێل دانس هۆڵاند Nathaniel Dance Holland 1735-1811 " رەسمی کردوون لەو کاتەی کە ئێنیەس، باسی جەنگی تەروادەی بۆ دەگێڕایەوە، نەختە نەختە بە تەلیسمی ئەو جوانییەی کە هەیبوو، دڵی دیدۆ، بە تەواوی بەند دەکات.

رۆژێکیان، دوای ئەوەی کوڕەکەی بە پێج ساڵی دەهێننەوە بۆ لای ئەنخیسێس، بە سەرخۆشییەوە، باسی ئەو رووداوە دەگێڕیتەوە بۆ برادەرەکانی. زیوس، کە بە پێی ئەفسانەی یۆنانی، گەورەی هەموو خوایەکانە، یەکسەر برووسکەیەکی بۆ دەنێرێت شەلی دەکات. لەبەر ئەوە کە شەڕی تەروادە دەستی پێ کرد، ئەو نەچوو بۆ جەنگ، لە ماڵەوە مایەوە. لەباتی ئەو "ئێنیەس"ی کوڕی، کە ئێستا مێردی کچی شای تەروادەیە، دەبێت بە سەرۆک سوپایەک لە سوپاکانی تەروادە.

رۆژێکیان، بەیەکەوە دەچن بۆ ڕاو. لە ناکاودا، بارانێکی سەیر دەست پێ دەکات. لە بارانەکە رادەکەن دەچن بۆ ئەشکەوتێکی نزیک خۆیان بشارنەوە تا بارانەکە دەوەستێت. هەر لەوێدا دەبن بە ژن و مێرد. بەوە، دیدۆ، ئەو پەیمانەی کە دابووی بە مێردەکەی کە هەرگیز خۆی بە پیاوێکی تر نەدات، دەشکێنێت.

هەردووکیان، زۆر حەز لە یەکتری دەکەن. ئێنیەس ئەرکەکەی خۆیی هەر لەبیر دەچێتەوە. لەو کاتەدا پەیامبەر لە لایەن "یوپیتەر"ەوە دێت بۆ لای بیخاتەوە بیری کە دەبێت واز لە دیدۆ بهێنێت و بچێت بۆ ئیتالیا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی رۆمانی. هەرچەند دیدۆ دەگری و لێی دەپاڕێتەوە کە نەڕوات، سوودی نابێت. چونکە ئەو ئەرکەی کە یوپیتەر بۆی داناوە، بە ئارەزووی خۆی نییە، دەبێت بچێت و جێبەجێی بکات. ئێنیەس، دەڕوات. دوای ئەوە دیدۆ، دنیای لەبەرچاو دەکەوێت و شەو و رۆژ دەگریا.

دیدۆ، خوشکێکی دەبێت بە ناوی "ئاننا Anna". بە دیدۆ دەڵێت؛ بۆ ئەوەی "ئێنیەس"ت لە بیر بچێتەوە، با ئاهەنگێک بکەین و لەبەر چاوی خەڵکەکە ئاگرێکی گەورە بکەینەوە و هەرچییەک ئێنیەس بەجێی هێشتووە بیسووتێنین. دیدۆ دەڵێت باشە. دار و تەختەیەکی زۆر کۆدەکەنەوە و کۆمەڵێکی گەورەی لێ دروست دەکەن و

نەوتی بەسەرا دەکەن. ئینجا، دیدۆ، هەموو شتەکانی ئێنیەس کۆدەکاتەوە و بەدەستی خۆی دەیبات و سەردەکەوێتە سەر تەختە و دارەکان بۆ ئەوەی لەوێ دایانبنێت و ئینجا دابەزێت و گڕیان تێ بەربدات. لە نێوان ئەو شتانەی کە ئێنیەس، بەجێی هێشتبوون، شمشێرێک هەبوو. دیدۆ، هەموو شتەکان دادەنێت بۆ سووتاندن، بەڵام شمشێرەکە بە دەست خۆیەوە دەگرێت و گڕ لە دارەکان بەردەدات. لە ناو ئاگرەکەدا، خەڵکەکە دەیبینن، شمشێرەکەی ئێنیەس دەکات بە سنگی خۆیدا و دەکەوێت بەسەر ئاگرەکاندا و دەسووتێت.

***

ئێنیەس، لە دواییدا، کە ئەمە دەبیستێت، خەفەتێکی زۆر دەخوات و دەیەوێت بە جۆرێک بچێت بۆ لای دیدۆ، بۆ دنیای ژێر خاک، تاکو لەوێدا داوای لێبووردنی لێ بکات.

بە هۆی پیرێژنێکی جادووگەرەوە ئەوەی پێ دەکرێت. کە دەچێت، لە وێدا لە دوورەوە، یەکتری دەبینن. کە ئێنیەس، لە دیدۆ نزیک دەبێتەوە، دەبینێت لە برینەکەی سەر سنگییەوە هێشتا هەر خوێنی ئاڵی گەش دەردەچێت. کە دەچێت لێی نزیکتر ببێتەوە و داوای لێبووردنی لێ بکات، دیدۆ، ڕوودەکات بەولاوە و دەڕوات بەرەو سیخایوس، مێردە کۆنەکەی.

پاشکۆی ٣

## مارکەس سیسێرۆ*

رەنگە کەس ئەوەندەی سیسێرۆ[1]، کاریگەریی باشی نەبووبێت لەسەر زمانی لاتینی. پێش ئەو، لاتینی زمانێکی لاواز بووە. بگرە هەموو رۆشنبیرە رۆمانییەکان، زمانی "گریکی"یان بەکار دەهێنا بۆ نووسینی بەرهەمەکانیان؛ ئەوەی گریکیی نەزانییایە بە رۆشنبیر دانەدەنرا. لەبەر ئەوە، پێش ئەو، ژمارەی رۆشنبیرەکان لە ئیمپراتۆرییەی رۆمانیدا ئەو زۆرە نەبووە. سیسێرۆ، بە تایبەتی لە دوای ئەوەی کە دەستی کرد بە وەرگێرانی فەلسەفەی گریکی بۆ لاتینی، زمانەکەی زۆر بەهێز و دەوڵەمەند کرد. رێگەشی کردەوە بۆ هەموو خوێندەوارێکی رۆمانی بەرهەمی گەلێک لە ئەدیب و فەیلەسووفە گرنگەکانی یۆنان، بە لاتینی بخوێنێتەوە و بە زمانی خۆی بەرهەمەکانی خۆی بنووسێت و بڵاویان بکاتەوە. ئەمە، بوو بە هۆی بووژانەوەی زمان و ئەدەبی لاتینی و بڵاوبوونەوەیان.

سیسێرۆ، جگە لەوەی کە زمانزانێکی بێ هاوتای کاتی خۆی بووە، فەیلەسووف و وتاربێژ و شاعیر و نووسەرێکی زۆر دانا و بە توانا بووە؛ مەبەستەکانی خۆی بە شێوازێکی ئەوەندە کورت و روون و جوان دەربڕیوە، کە گەلێک لە رۆشنبیرانی ئەوسا و دوای ئەو، لاسایی شێوازی نووسینەکانی ئەویان کردۆتەوە. لەبەر ئەوە، ئەو شێوازە، کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر زمانی لاتینی. وە تاکو ئێستا پەیی ئەو شێوازە، بگرە، لە هەموو زمانە ئەوروپییەکاندا ماوەتەوە.

* بەشی زۆری ئەم زانیارییانەم لە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی (Encyclopaedia Britannica) و فەرهەنگی مێژووی دێرینەوە (Dictionary of Ancient History) وەرگرتووە.

١. سیسێرۆ (Marcus Cicero 106-43BC)؛ سیسێرۆ، ناوە ئینگلیزییەکەیەتی. ناوە رەسەنە لاتینییەکەی "کیکێرۆ Kikero "یە. بەڵام ئێستا، زۆرتر بە سیسێرۆ بە بەناوبانگە. لەبەر ئەوە، منیش، هەر "سیسێرۆ"ی ناودەنێم.

مەودای رۆشنبیریی ئەم بلیمەتە ئەوەندە بەرین بووە، بگرە هەموو جۆرە زانستییەکی ئەوسای گرتۆتەوە؛ فەلسەفە، مێژوو، رامیاری، یاسا، شیعر، ئەدەب، وتاربێژی. وە لە هەموویاندا، دەستێکی فرە باڵای هەبووە.

***

لە سەدەی چوارەمدا، دوای ئەوەی کڵێسە و حوکمی ئاینی دەستی بەسەر "رۆما"دا کێشا، بە فەرمانی قەشەکان، هەموو خوێندنگاکانی فەلسەفە داخران و هەرچی کتێبێک پەیوەندیی بە فەلسەفەوە هەبووە، سووتێنران. بەوە، چەرخی تاریکی بەسەر "ئەوروپا"دا داهات. ئەو چەرخە، هەزار ساڵێکی خایاند پێش ئەوەی لە سەدەی چواردەدا، وردە وردە، رۆژی فەلسەفە و زانستی سەرلەنوێ بەسەر "ئەوروپا"دا هەڵبداتەوە و گەلەکانی لە خەو راپەڕێنێت. کە چاوەکانی خۆیان هەڵگلۆفان و کردنیانەوە و بینییان لە چۆن چاڵێکدا ئەمە سەدەها ساڵە نوستوون، رێگا درایەوە بە فەلسەفە بگەڕێتەوە و جێگەی بڵندی شایستەی خۆی داگیربکاتەوە و ئەدەب و زانستی سەرلەنوێ ببووژێنەوە و چەرخی راپەڕین دەست پێ بکات.

***

لێرەدا، دەتوانین بڵێین؛ یەکێک لە هۆیە گرنگەکانی ئەو راپەڕینە، ئەوە بوو کە "پێترارخ"[1]، لە سەدەی چواردەدا، هەندێک لە نامەکانی "سیسێرۆ"ی، بە رێکەوت دۆزییەوە و بڵاوی کردنەوە.

بەو نامانەدا، کە هەزار و پێنجسەد ساڵێک پێش ئەوسا نووسرابوون، دەرکەوت کە فەلسەفە و زانستی لە سەدەی یەکەمی پ ز، چەند پێشکەوتبوون.[2] گەڕانەوەی

---

١. پێترارخ (Petrarch 1304-1374)؛ شاعیر و زانستخوازێکی ئیتالییە. شیعرەکانی، کە زۆریان دەکران بە گۆرانی، زۆر ویژدانی بوون؛ سەرنجی پیاویان رادەکێشا بەرەو بارودۆخی ژیانی مرۆڤی هەژار و بێ دەسەڵات. لەبەر ئەوە بە شاعیرێکی مرۆڤپەروەر دادەنرێت.

٢. لە سەدەی یەکەمی پ ز، زانستی ئەوەندە پێشکەوتوو بووە؛ زانیویانە کە زەمین گۆیە (خڕۆکە) و بە دەوری رۆژدا دەخولێتەوە. هەروەها زانیویانە قوتری زەمین چەند کیلۆمەترە و چەند لە رۆژەوە دوورە. کەچی لە سەدەی شانزەدا، کە لێکۆڵینەوەکانی "کۆپێرنیکەس Copernicus 1473-1543"، دەریانخست کە زەمین بە دەوری رۆژدا دەخولێتەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر، کۆپێرنیکەس، لە ترسی کڵێسە، نەیدەوێرا ئەو راستییانە بڵاو بکاتەوە. چونکە بە پێی بیروباوەڕی کڵێسە و ئایینی مەسیحی، زەمین تەوەرەی "کەون"ە و رۆژ و ئەستێرەکان بە دەوریدا دەخولێنەوە. کۆپێرنیکەس، لێکۆڵینەوەکانی خۆی دەکات بە کتێبێک. لە دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، =

سیسێرۆ بۆ سەر شانۆی رۆشنبیری، زۆر کەسی وریاکردەوە و وای لێ کردن کە بەشوێن بەرهەمی فەیلەسووف و زانستە دێرینەکانی گریکی و رۆمانییەکاندا بگەڕێن و بە مێشکێکی کراوەوە بیانخوێننەوە.

***

سیسێرۆ، ساڵی ١٠٦ پ ز، لە شارۆچکەیەکدا لە نزیک رۆما لە دایک بووە. ئەوسا، وەکو لەسەرەوە باسی کراوە، ئەو رۆمانییەی زمانی گریکی نەزانییایە بە رۆشنبیر دانەدەنرا. لەبەر ئەوە هەر لە منداڵییەوە فێری گریکی بووە و دەستی کردووە بە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەب و فەلسەفەی گریکی.

بە پێی پلۆتارخ،[١] سیسێرۆ، هەر لە منداڵییەوە زۆر زیرەک بووە و هەوەسێکی زۆری هەبووە لە فێربوون و خوێندنەوە. بەتایبەتی زۆر حەزی لە یاسا و رامیاری و فەلسەفە و وتاربێژی کردووە.

سیسێرۆ، بە گەنجێتی پارێزەرێکی زۆر سەرکەوتوو بووە. لە دواییدا دەستی داوەتە رامیاری و کارکردن بۆ دەوڵەت. تا دەکرێت بە فەرمانڕەوای "سلیسیا Cilicia"، کە ناوچەیەکە لە ئێستای "تورکیا"دا.

---

=لەدواییدا، پێش مردنی بە ماوەیەکی کەم، بڕیار دەدات بینێرێت بۆ چاپکردن و بڵاوی بکاتەوە. بەڵام بەداخەوە، کتێبەکەی بە چاپکراوی نابینێت. دوای مردنی بە چەند سەعاتێک کتێبەکەی لە چاپ دەردەچێت. بۆی دەهێنن و دەیخەنە ناو دەستە مردووەکانییەوە. دەڵێن گوایە، کۆپێرنیکەس، چاوەکانی خۆی کردۆتەوە، سەیرێکی کتێبەکەی کردووە و سەرلەنوێ دایخستوونەوتەوە و مردووە.

لە دوای کۆپێرنیکەس، بە پەنجا ساڵێک، قەشە و زانیست و فەیلەسووفی بەناوبانگی ئیتالی "جیۆردانۆ برونۆ Giordano Bruno1548-1600" لەسەر ئەوەی کە بەرگری لە بیروباوەڕەکانی کۆپێرنیکەس دەکرد، کە زەمین گۆیە و بەدەوری رۆژدا دەخولێتەوە، بە فەرمانی کڵێسە، ساڵی ١٥٩٢، دەیگرن. هەشت ساڵ لە بەندیخانەدا هەوڵی لەگەڵدا دەدەن و جۆرەها ئازار و چەوسانەوە دەچێژێت. بەڵام لە رای خۆی لانادات و تۆبە ناکات. ئیتر ساڵی ١٦٠٠، هەرچەندە "قەشە"ش دەبێت وەکو خۆیان، بە فەرمانی کڵێسە، لەبەر چاوی هەزاران کەسدا لە مەیدانێکدا لە شاری "ڤێنیس Venice"، بە ستوونێکەوە دەیبەستنەوە و دەیسووتێنن. ئێستا لەو مەیدانەدا، لەو شوێنەی کە سووتانیان، پەیکەرێکی جوانی بۆ دانراوە.

١. پلۆتارخ (Plutarch 46-120) مێژوونووس و فەیلەسووفێکی بەناوبانگی گریکییە. لەبارەی مێژوو و ژیانی ٦٤ کەسایەتی مێژوویی گرنگی نووسیوە. سیسێرۆ، یەکێکە لەوانە.



سیسێرۆ بە منداڵی. دانیشتووە دەخوێنێتەوە. وەک چۆن "ڤینسێنزۆ فۆپپا Vincenzo Foppa 1427-1515" رەسمی کردووە

ئەوسا رژێمی حوکم لە رۆما، کۆماری بووە؛ خانەدانەکان بە هۆی پەرلەمانەوە لەناو خۆیاندا دوو کەسیان هەڵدەبژارد، پێیان دەگوتن "کۆنسوڵ Consul". ئەو دووانە پێکەوە بۆ ساڵێک فەرمانڕەوایی وڵاتەکەیان دەکرد. هەرچەندە سیسێرۆ، لە چینی خانەدانان دانەدەنرا، بەڵام لەبەر ئەوەی کە رامیارێکی رۆشنبیر و دانا و زۆر دڵسۆزی رژێمی کۆماری دەبێت، ساڵی ٦٣ پ ز، هەڵی دەبژێرن کە ببێت بە کۆنسوڵ. ساڵی ٦٢ پ ز، لەو کاتەی کە ماوەی "کۆنسوڵ"ی سیسێرۆ، کۆتایی پێ دەهات، پۆمپەی بە سەرکەوتوویی لە جەنگ دەگەڕێتەوە و خۆی پێشکەش دەکات بۆ هەڵبژاردن کە بکرێت بە کۆنسوڵ. بەڵام خانەدانەکان، "پۆمپەی"یان[1] دەناسی و دەیانزانی کە لە سروشتیدا رەگی دیکتاتۆرییەت هەیە.

لەبەر ئەوە هەڵیان نەبژارد. ئیتر ساڵی ٦٠ پ ز، بە بیانووی ئەوەی کە رۆما لە حوکمی چینی خانەدانان رزگار بکەن و خزمەتی هەژار و بێدەسەڵاتەکانی وڵاتەکە

١. پۆمپەی (Pompey 106-48BC)؛ ژەنەراڵێکی زۆر سەرکەوتوو و بەدەسەڵات و دەوڵەمەندی رۆمانی بووە. ساڵی ١ی پ ز، لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا، لە ئیسپانیا، کە بەسەرکەوتوویی لە جەنگ دەگەڕێتەوە، بگرە، خانەدانەکانی رۆمای ناچارکرد کە هەڵی بژێرن بە کۆنسوڵ بۆ ساڵی ٧٠ ی پ ز. بە پێیێ یاسا، پێش ئەوەی مافی هەبێت کە ببێت بە کۆنسوڵ، دەبوایە فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی کردبووایە و ئەندامی پەرلەمان بووایە و تەمەنی لە ٤٢ ساڵ کەمتر نەبووایە. ئەم مەرجانە هیچیان "پۆمپەی"یان نەدەگرتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە زۆری خۆی کرا بە بە کۆنسوڵ.

بکەن،[1] پۆمپـەی و کراسـەس[2] لەگەڵ "کـەیسـەر"دا[3] ڕێک دەکەون کـە بە زۆر خـۆیان بکەن بە کۆنسوڵ و پێکەوە فەرمانڕەوایی وڵاتەکە بکەن.

کەیسەر، سیسێرۆ بانگ دەکات کە ببێت بە چوارهەمینیان. بەڵام، سیسێرۆ، لەبەر ئەوەی کە دژی دیکتاتۆرییەت دەبێت، بە هیچ جۆرێک هاوکارییان لەگەڵ ناکات.

پۆمپەی، بۆ ئەوەی پەیوەندی خـۆی لەگەڵ "کەیسەر"دا پتەو بکات، "جولیا"ی کچی دەهێنێت. لە دوای ماوەیەک، کەیسەر دەچێت بۆ جەنگ بۆ ناوچەی "گۆڵ Gaul"، کە فرەنسا و بەلجیکا و بەشێکی هۆڵەندەی ئێستە دەگرێتەوە.

"جولیـا"ی کچی کەیسەر، کە ئێستا هاوسەری "پۆمپەی"یە، زۆری پـێ ناچێت، دەمرێت. کراسەس"یش، ساڵی ٥٣ پ ز، دەمرێت. لە دوای مردنی ئەو دووانە، پەیوەندیی پۆمپەی لەگەڵ کەیسەردا تێک دەچێت و وردە وردە دوژمنایەتی دەکەوێتە ناویان.

کـەیسـەر، لە جـەنگەکـانیدا زۆر سـەرکـەوتوو دەبێت و ڕۆژ بە ڕۆژ لەشکرەکـانی بەهێزتر و گەورەتر دەبوون. پۆمـپەی و پەرلەمـان، لەوە دەترسان کـە کـەیسـەر بە لەشکرەکانییەوە بگەڕێتەوە بۆ ڕۆما و داگیری بکات. لەبەر ئەوە پەرلەمان فەرمانی دەرکرد کە کەیسەر لە سەرۆکایەتی لەشکرەکە لابەرێت. بێگومان، کەیسەر، هەر گوێشی نەدایە فەرمانەکەیان. ساڵی ٤٦ پ ز، دێت بۆ ڕۆما و پەرلەمان داگیر دەکات

---

١. هەژاری بێ دەسەڵات، چونکە مافی خوراوە، زوو هەڵدەخەڵەتێنرێت؛ هەرچ دیکتاتۆرێک بڵێت من لایەنگری هەژارم، بڕوای پێ دەکەن و دوای دەکەون. لەبەر ئەوە بەشێکی زۆر لە گەلەکە لایەنگری ئەم سێ دکتاتۆرە بوون.

٢. کراسەس (Marcus Crassus 115-5)، ئەو ژەنەڕاڵە ڕۆمانییەیە، ئەوەی کە ساڵی٧١ پ ز، شۆڕشی "سپارتاکەس Spartacus " و کۆیلەکانی ڕۆمای دامرکانەوە. لە دواییدا، ٧٠ ی پ ز، خۆی و پۆمپەی دەبن بە کۆنسوڵ.

٣. یولییەس کەیسەر(Julius Caesar 100-44BC) ژەنەڕاڵێکی ڕۆمانی زۆر بەناوبانگە. ساڵی ٤٦ پ ز، خۆی دەکات بە دیکتاتۆری ڕۆما. ساڵی ٤٤ پ ز، کۆمەڵەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان، بە سەرۆکایەتی بروتەس، لە پەرلەماندا هێرش دەبەنە سەری و دەیکوژن. ئەوە دەبێت بە هۆی ئەوەی کە شەڕی ناوخۆ دەست پێ بکات. لە دوای ئەو، هەموو ئیمپڕاتۆرێکی ڕۆمانی ناوی خۆی دەنا کەیسەر. تا وشەی (کەیسەر) بە مانای ئیمپڕاتۆر بەکار دەهێنرێت. عەرەبەکان، "کەیسەر"یان کردووە بە (قەیسەر). ئینگلیزەکان کردوویانە بە (سیزەر)، ڕووسەکان بە (تسار). ئەڵەمانەکان، هەر وەکو خۆی هێشتوویانەتەوە بە (کەیسەر).

و خۆی دەکات بە دیکتاتۆر.

کەیسەر، جگە لەوەی کە ژەنەراڵێکی زۆر وریا و تێگەیشتوو بووە، رامیارێکی زۆر دانا و رۆشنبیر بووە؛ زوو بریاری دا کە لە هەموو دوژمنەکانی خۆی ببوورێت و بهێڵێت هەر کەس لەسەر کاروباری خۆی بمێننەوە. سیسێرۆ، یەکێک دەبێت لەوانە. لێبووردنی کەیسەر قبووڵ دەکات، بەڵام واز لە رامیاری دەهێنێت و خۆی بە نووسین و فەلسەفەوە خەریک دەکات.

***

ساڵی ٤٤ پ ز، کە کەیسەر دەکوژرێت و شەڕی ناوخۆ لە نێوان مارک ئەنتۆنی و ئۆکتاڤییەس لە لایەکەوە و بروتەس و کاسییەس[1] لە لایەکی ترەوە، دەست پێ دەکات، سیسێرۆ لایەنگری بروتەس دەبێت و لە پەرلەمان دەخوازێت کە مارک ئەنتۆنی بە دوژمنی گەل دابنێت و فەرمانی کوشتنی دەربکات. لەبەر ئەوە کە شەڕەکە بە سەرکەوتنی مارک ئەنتۆنی و ئۆکتاڤییەس کۆتایی پێ دێت، مارک ئەنتۆنی، بریار دەدات سیسێرۆ بکوژێت. سیسێرۆ، کە ئەوە دەبیستێت. سواری کەشتییەکەی خۆی دەبێت و هەوڵ دەدات دەرباز ببێت. دوای ئەوەی کەشتییەکە مەسافەیەک لە کەناری دەریاکەوە دوور دەکەوێتەوە، رەشەبایەک هەڵدەکات و کەشتییەکەی دەگەڕێنێتەوە. ئیتر بریار دەدات بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی و دەڵێت؛ دەی باشتر، با بۆ خۆم لەو وڵاتەدا بمرم، ئەوەی هەموو ژیانم خۆشم دەویست و خزمەتم دەکرد. ئەو کاتە

---

١. مارک ئەنتۆنی و ئۆکتاڤییەس و بروتەس و کاسییەس:

- مارک ئەنتۆنی (Mark Antony 83-30BS)؛ ژەنەراڵێکی رۆمانییە. بە (ئەنتۆنیۆ) بەناوبانگە. لایەنگری کەیسەر دەبێت. پێکەوە خۆی و ئۆکتاڤییەس، لە دژی بروتەس و کاسییەس جەنگ دەکەن و شەڕەکە دەبەنەوە. لە دواییدا خۆی دەکات بە یاری کلیۆپاترە، بانووشای میسر، و پێکەوە لە دژی ئۆکتاڤییەس جەنگ دەکەن. کە شەڕەکە دەدۆڕێنن، هەردووکیان، ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە، خۆیان دەکوژن.
- ئۆکتاڤییەس (Octavius 63BC-14AD)؛ کوڕی کەیسەرە بە تەبەننا. دەبێت بە یەکەمین ئیمپراتۆری رۆما.
- بروتەس (Marcus Brutes 85-42BC)؛ سیناتۆرێکی رۆمانییە. پێکەوە لەگەڵ کاسییەس، بۆ ئەوەی رۆما لە دەست دیکتاتۆر رزگار بکەن، بریاری کوشتنی کەیسەر دەدەن. لە دواییدا کە شەڕی ناوخۆ دەست پێدەکات و شەڕەکە دەدۆڕێنن، هەردووکیان خۆیان دەکوژن.
- کاسییەس (Gaius Cassius)؛ ژەنەراڵێکی رۆمانییە.

سیسێرۆ، پیر دەبێت؛ نەیدەتوانی بە ئاسانی بە پێیەکانی خۆی بڕوات. لەبەر ئەوە، لەو کاتەدا ژمارەیەک لە کۆیلەکانی خۆی بە دەستەبەر هەڵیان گرتبوو.

کە سەربازەکانی ئەنتۆنی دەگەنە سەری، سەری خۆی لە دەستەبەرەکەوە دەردەهێنێت و یەخەی کراسەکەی لادەبات و دەڵێت؛ سەربازەکان، ئێوە بە کارێکی بەد و ناڕەوا هەڵدەستن. بەڵام، دەی، مادام هەر دەبێت بمکوژن، فەرموون.

ئەوانیش بە پێی فەرمانی ئەنتۆنی سەر و دەستەکانی[1] دەبڕن و دەیانبەن بۆ ڕۆما و لەوێ هەڵیان دەواسن. گوایە، دوای ئەوەی "فولڤیا Fulvia"، هاوسەرەکەی ئەنتۆنی، دەنبووسێک لە قژەکانی خۆی دەکاتەوە و دەیکات بە زمانی "سیسێرۆ"دا و دەڵێت؛ دەی، ئێستا هەڵی بواسن؛ ئیتر ناتوانێت بدوێت.

١. دەستەکانی دەبڕن، چونکە بەو دەستانەی، لە دژی ئەنتۆنی و دیکتاتۆرییەت، وتاری دەنووسی.

## پێڕست


وتەی وەرگێڕ ... 5
لەبارەی شێکسپیرەوە ... 8

یولییەس کەیسەر و ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە ... 15
کلیۆپاترە ... 16
کوشتنی کەیسەر ... 19
پیلانی کوشتنەکەی ... 20
یولییەس کەیسەر ... 27

کەسایەتییەکانی شانۆگەرییەکە ... 29
پەردەی یەکەم ... 33
پەردەی دووەم ... 89
پەردەی سێیەم ... 141
پەردەی چوارەم ... 199
پەردەی پێنجەم ... 245

پاشکۆکانی شانۆگەرییەکە ... 287
پاشکۆی ١: پاریس و هەلێن و وێرانبوونی شاری تەروادە ... 289
پاشکۆی ٢: دیدۆ، دامەزرێنەر و یەکەم بانووشای قەرتاجنە و "ئێنییەس"ی یاری ... 293
پاشکۆی ٣: مارکەس سیسێرۆ ... 297